# قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا

لێکۆڵینەوەیەک لە سەر
بنەما ئوستوورەیی و جادووییەکانی قورئان

گوڵاڵە کەمانگەر

چاپی دووهەم

**پێشکەشە بە**
**هاوڕێ و هاوسەری خۆشەویستم جەمیل کولاهی**

## پێرست

**پێشەکی**.......................................................................................١٠
**دین** ........................................................................................ ٢٥
روانین لە ناوەوە(کەلام)..........................................................................٢٥
روانین لە دەرەوە..................................................................................٢٦
پێناسەی دین.......................................................................................٢٦
باوەڕی دینی.......................................................................................٢٧
جیاوازی نێوان باوەڕی دینی و باوەڕەکانی دیکە...............................................٣٠
سەرچاوەی بیری دینی............................................................................٣٠
١- گیان پەرستی (ئانیمیسم).....................................................................٣١
٢- سروشت پەرستی...............................................................................٣٤
٣- تووتێمیسم.......................................................................................٣٥
وشەی تووتێم.......................................................................................٣٦
پێناسەی تووتێمیسم................................................................................٣٦
یاسا دینییەکان(تابۆ)..............................................................................٣٧
تابۆی خواردن.....................................................................................٣٨
تابۆی سێکسی.....................................................................................٤٠
رۆڵی سێکس وەک کردەوەیەکی پیرۆز لە ئوستوورەو دیندا..................................٤٢
دین و دەسەڵات.....................................................................................٤٣

پێکهاتەی دینی و دەسەڵاتی ژن-خوداکان........................................................٤٦
گواستنەوەی دەسەڵات لە ژن-خودا بۆ خودایەکی نێر.........................................٤٨
رۆڵی ژن-خودا وەک سەچاوەی خراپە لە ئوستوورەو دیندا....................................٥٠
ئیسلام و قورئان.....................................................................................٥٢
قوورئانناسی لە رۆژئاوادا..........................................................................٥٦
ئایینی حەنیف.......................................................................................٦٠

**جادوو و کردەوەی جادوویی لە قورئاندا**

جادوو.................................................................................................. ٦٥
مرۆڤ بۆچی رووی لە جادوو کردووە؟.............................................................٦٧
جۆرەکانی جادوو.....................................................................................٧٠
جادووی سەمپاتیک..................................................................................٧١
جادووی هۆمیۆپاتیک................................................................................٧١
پێوەندی نێووان دین و جادوو.......................................................................٧٤
کەرەستەکانی جادووگەر..............................................................................٧٦
وشەی جادوویی......................................................................................٧٨
موعجیزە و جادوو.....................................................................................٨١
نەبی و جادووگەر......................................................................................٨٢
جادوو لە ئیسلام و قورئاندا........................................................................ ٨٥
حەج.................................................................................................... ٨٥
١- رەجمی شەیتان ..................................................................................... ٨٥
٢- سەرتاشین.......................................................................................... ٨٦
بۆچی قژ برین جۆرێک لە قوربانی دێتە ئەژمار؟............................................... ٨٧
٣- سەفا و مەروە.......................................................................................٨٨
٤- جلی حەج........................................................................................... ٨٩
٥- تێکەڵ بوونی ژن و پیاو............................................................................ ٩٠
نزا و نەفرین........................................................................................... ٩٢
ناوی خودا بۆ سەرژێ کردنی ئاژەڵ............................................................ ٩٣

گرینگی نزا........................................................................................ ٩٥
تەشکگۆڕان(مەسخ)............................................................................... ٩٩

**بنەما ئوستوورەییەکانی قورئان**

ئوستووره.......................................................................................... ١٠٥
جیاوازی نێوان ئوستوورەو ئەفسانە.............................................................. ١٠٦
پێناسە جۆراوجۆرەکانی ئوستورە.................................................................. ١٠٧
کاری ئوستوورە.................................................................................... ١٠٩
ئوستوورە سەرەکییەکان و نموونەکانیان......................................................... ١١١

ئوستوورەی ئافراندن............................................................................... ١١٢
١- ئوستوورەی ئافراندنی زەردەشتی.............................................................. ١١٣
٢- ئوستوورەی ئافراندنی بابێلی................................................................... ١١٥
٣- ئوستوورەی ئافراندنی تەوراتی................................................................. ١١٥
٤- ئوستوورەی ئافراندنی تەلموودی............................................................... ١١٦
٥- ئوستوورەی ئافراندنی میسری.................................................................. ١١٧
٦- ئوستوورەکانی ئافراندن لە قورئاندا.......................................................... ١١٨

ئوستوورەی زاوزێ.................................................................................. ١٢٣
١- ئوستوورەی زاوزێی بابێلی (ئیشتار و تەمووز)............................................... ١٢٤
٢- ئوستوورەی زاوزێی میسری (ئۆزیس و ئیزیریس).............................................. ١٢٥
٣- ئوستوورەی زاوزێی فریگییە (ئاتیس و سیبەل)................................................ ١٢٦
٤- ئوستوورەی زاوزێی یۆنانی (دمتر و پێرسێفۆنە).............................................. ١٢٧
٥- ئوستوورەی زاوزێی ئێرانی (سیاوەش و سوودابە)............................................. ١٢٨
ئوستوورەی عیساو پێوەندییەکانی لە گەڵ ئوستوورەی زاوزێدا............................... ١٢٩
١- ناوی عیسا........................................................................................ ١٣٠
٢- چیرۆکی باراباس................................................................................. ١٣١
٣- کریسمەس و سانتاکلاوز.......................................................................... ١٣٢
٤- دایکی پیرۆز........................................................................................ ١٣٣

ئوستوورەی زاوزێ له قورئاندا.......... ١٣٥
سرووتی قوربانی.......... ١٣٨
١-قوربانی ئاژەڵ (بەران).......... ١٤٢
٢- خەتەنە.......... ١٤٥
قوربانی کردنی مانگا.......... ١٤٧

ئوستوورەی له ناوچوون.......... ١٥٢
١- ئۆستوورەی له ناوچوونی سوومەری.......... ١٥٢
٢- ئوستوورەی لەناوچوونی بابێلی.......... ١٥٣
٣- ئوستوورەی له ناوچوونی تەوراتی.......... ١٥٤
٤- ئوستوورەی لەناوچوونی ئاڤێستایی.......... ١٥٤
٥- ئوستوورەی لەناوچوون له قورئاندا.......... ١٥٥

ئوستوورەی دەرباز بوون.......... ١٥٨
ئوستوورەی پاڵەوان.......... ١٦٣
١- له دایک بوونی پاڵەوان هەڕەشەیه بۆ ستەمکاران.......... ١٦٤
٢- پاڵەوان به دەستی ئاژەڵێک پەروەردە دەبێ.......... ١٦٤
٣- پاڵەوان ئەرکی ئەژدیها کوژیی له ئەستۆدایه.......... ١٦٥

چیرۆکه ئوستوورەییه سەربەخۆکانی قورئان.......... ١٦٩
١- چیرۆکی یارانی ئەشکەوت(اصحاب کهف).......... ١٧٠
٢- چیرۆکی یوونس.......... ١٧٣
٣- پیرۆزایەتی ئاگر.......... ١٧٦
٤- جندۆکەکان.......... ١٧٩
٥- خودا مێینەکان.......... ١٨٣
٦- بەهەشت و دۆزەخ.......... ١٨٨

## پێشەکی

ئایا قورئان نووسراوەیەکی ئاسمانییە؟ ئایا هیچ کتێبێک دەتوانێ لە ئاسمانەوە و لە لایەن بوونەوەرێکی دیکەوە هاتبێ؟ سەرچاوەی ئەو چیرۆکانەی کە لە قورئان و کتێبە ئایینییەکانی دیکەدا هەیە، لە کوێدایە؟ چییەتی راستەقینەی دەقی ئایینی کامەیە؟ ئاکامی بە ئاسمانی زانینی دەقی قورئان لە دنیای ئەمڕۆدا چییە و چی لێدەکەوێتەوە؟

ئەمانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە کە ساڵانێکە نووسەریان سەرقاڵ کردووە، هەوێنی سەرەکی نووسینی ئەم کتێبە بوون کە ئێستا لە بەردەستی ئێوەی خوێنەری بەڕێزدایە. لە هەموو ئەم ساڵانەدا کە نووسەر بە دوای باسە تیئۆرییەکاندا بوو, بەردەوام وەک تاکێکی کۆمەڵگەی ئیسلامی و خەڵکێکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها کوردستان، بەردەوام لە گەڵ رووداو و کارەساتی دڵتەزێن و جۆراوجۆر بەرەوڕوو دەبوو کە زۆربەیان دەبوون بە لایەنی پراکتیکی ئەو شتەی کە لە کتێبخانەکاندا بە ناوی ئیسلام و باوەڕی ئیسلامی بە سەدان و هەزاران قەفەزەی کتێبیان پڕ کردۆتەوە. شرۆڤە و تەفسیری قورئان، سیرە، وتەی گەورەکانی دین، مێژووی ئیسلام، ئاخافتنی ئیسلامی و دەیان جۆر کتێبی دیکە کە هەموویان سەبارەت بە ئیسلام و بە مەبەستی بتەو کردنی باوەڕی خەڵک و وەڵام دانەوە بە پرسیارە ئایینییەکانن. بەڵام کتێبە دینییەکان تایبەتمەندییەکیان هەیە کە رێگری خوێنەرن بۆ ئەوەی بتوانێ لە ناخی چییەتی بابەتەکە تێبگات، ئەو تایبەتمەندییەش بریتییە لە بێگومان بوون و دڵنیایی بە نیسبەت ئاسمانی بوونی دەقی قورئان و رەوایی بێ ئەملاوئەولای ئیسلام. هەر بەو هۆیەوە هیچکام لەو پرسیارانەی سەرەتا باسم کرد بە داخەوە لە زۆبەی کتێبخانەکانی ئیسلامدا وەڵام نادرێنەوە.

لە لایەکی دیکەوە هێندێک نووسراوە و کتێب هەن کە ئەگەرچی ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام نووسەرەکانیان تێکۆشاون تا لە روانگەیەکی دیکەوە چاو لە دینی ئیسلام بکەن و ئەو پێشمەرجە سەرەکییە کە باسم کرد، بەلاوە نێن و ئازادانە لە گەڵ ئەم بابەتەدا بەرەوڕوو بن. بەڵام زۆربەی ئەوانەش لە باسی مێژووی ئیسلام تێناپەڕن و تەنیا باسی ئەو راستییە مێژووییانە دەکەن کە لە لایەن زانایانی ئاینییەوە بە ئەنقەست شاردراونەتەوە و حاشایان لێدەکەن. لێکدانەوەی مێژووی راستەقینەی ئیسلام ئەگەرچی کارێکی بەنرخە و لایەنی شاراوەی دین و بەتایبەت ئیسلام دەردەخات، بەڵام هێشتا وەڵامدەری هێندێک پرسیاری بنەمایی خوێنەر نیە و ناچێتە سەر باسی لۆژیکی، هەر بۆیە مێشکی بەربێژ لە گەڵ قووڵایی دیاردەیەک بە ناوی دین ئاشنا ناکات.

لە کۆمەڵگەیەک کە بیری چەق بەستووی دینی زاڵە، نووسەرانی لەو چەشنە بە زووترین کات دەکەونە بەر تانە و هێرش و هەڕەشەی بەڕێوەبەرانی دین ، بۆ ماوەیەک هەرایەک ساز دەبێت، بەڵام بەهۆی کەم ئەژمار بوونی ئەو نووسەر و لێکۆڵەرانەی کە دڵەڕاوکەی راست و ناڕاستی بابەتی دینیان هەیە، ئەو باسە دوای ماوەیەک کەمرەنگ دەبێتەوە و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ سەر رەوتی هەمیشەیی، دیسانەوە رۆشنبیران کۆڕوکۆبوونەوەی جۆراوجۆر پێکدێنن بۆ باس کردن لە سەر بابەتە رۆشنبیرییەکان، چالاکانی سیاسی کۆڕوکۆبوونەوە پێکدێنن بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکانی لەرزۆک بوونی دیموکراسی و پەرەسەندی توندووتیژی، ئاکادێمیسییەنەکان بە هەمان شێوە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی چەمکە زانستییەکانی پێوەندیدار بە مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و بابەتی لەو چەشنە.

توێژی بیرمەندی کۆمەڵگە سەرقاڵی بابەتەکانی خۆی دەبێت و خەڵکانی کۆمەڵگەیش درێژە بە رەوتی هەمیشەی ژیانیان دەدەن.

مەودای نێوان توێژی رۆشنبیرو خەڵکی ئاسایی رۆژ لە دوای رۆژ قووڵتر دەبێتەوە، لە گەڵ ئەوشدا دەبینین کە دنیای نەریتیی پشتبەستوو بە دین و دنیای ئەمڕۆیی، لە کەش و هەوایەکی هاوبەشدا هەناسە دەدەن. ئەم دوو دنیایە ئەگەرچی هەڵگری تایبەتمەندیگەلێکی پێکناکۆک و دژی یەکن، بەڵام لە کۆمەڵگەگەلێک وەک کوردستاندا، بە شێوەی هاوتەریب و تارادەیەکی زۆر بێدەنگانە لە تەنیشت یەکدا دەژین. لەم نێوەدا هێندێک لە رۆشنبیران بە هەڵە پێیان وایە ئەوە بە مانای هەمان پێکەوە ژیان و لێکحاڵی بوون و چارەسەری کێشەکانی نێوان دین و دنیای ئەمڕۆیە، لە حاڵێکدا کێشەکان هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و

هێچ هەوڵێک بۆ چارەسەر کردنیان نەدراوە. بێدەنگی نێوان دین و دنیای مۆدێرن لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، بێدەنگییەکی باش نیە و بە پێچەوانە زۆریش ترس خولقێنە. دین لەم کۆمەڵگەیانەدا بەردەوام خاوەنی پۆتانسیەلی روو کردن لە توندووتیژییە. واتە بە هۆی نەبوونی دیالۆگ و ئاخاوتن لە نێوان رۆشنبیری باوەڕمەند بە عیلمانیەت و دینداری پەیڕەوی مزگەوت، مەودایەکی قووڵی نامۆیی و یەکتر نەناسین لە نێوان ئەم دو لایەنەدا پێک دێت و هەرکات هەلێ بڕەخسێ لەوانەیە کێشەی جیددیش لە نیوانیاندا سەرهەڵ بدات، بەو شێوەیە کە: کۆمەڵگەیەک کە پشتبەستوو بە دینە و دین وەک بابەتی پیرۆز و ئاسمانی چاو لێ دەکات، بەڵام حکوومەتێکی سێکولار و عیلمانی هەیە، بە هۆی نەبوونی ئەزموونی دەسەڵاتدارییەتی ئیسلامی، بەردەوام ئایدیالێکی ئایینی لە مێشکی گشتیدایە و نۆستالۆژیایەکی بە نیسبەت ئیسلام و حکوومەتی ئیسلامی هەیە، ئەو نۆستالۆژیا حەوتوویەک جارێ لە کۆبوونەوەی گشتی موسڵماناندا (واتە نوێژی هەینی)، لە رێگای گێڕانەوەی چیرۆکی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی سەرەتاکانی ئیسلامەوە بتەوتر و بە هێزتر دەبێت، بەو شێوەیە بوونی دەسەڵاتێکی ئایدیالی ئیسلامی دەبێت بە بەشێک لە باوەڕی خەڵک، ئەو بەکگراوندە لەوانەیە هەرکات هەلێک بڕەخسێ کاریگەری خۆی دابنێت و حکوومەتە سێکولارەکان هەڵپێچێت و خولیای دەسەڵاتداری بۆ بەڕێوەبەرانی دین دەستەبەر بکات. بۆیە تا کاتێک کە باسی دین و ئایین بە گشتی و ئیسلام و قورئان بەتایبەت، بە شێوەی جیددی نەبێت بە باسی رۆژی لێکۆڵینەوە و رەخنە و ناسین، سەقامگیری دیموکراسی و جێبەجێ بوونی مافی مرۆڤ هەمیشە لە مەترسیدایە.

کۆمەڵگەی نەریتی سەبارەت بە دین پێویستی بە دیالۆگی بەردەوام هەیە، پێویستی بە روونکردنەوە و مشتومڕ و گفتووگۆ هەیە. پێکهێنانی کەشووهەوای دیالۆگی لەو چەشنەش زیاتر لەوەی کە ئەرکی دڵسۆزانی دین بێت، ئەرکی رۆشنبیرانە، کە بە هێنانە بەرباسی لایەنە جیاوازەکانی دین و ئیسلام و شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانستی، زانایانی ئیسلامیش بهێننە ناو بازنەکە تا بۆ چاکسازی دینی و گونجاندنی دین لە گەڵ دنیای ئەمڕۆدا هەوڵ بدەن. دوورەپەرێزی رۆشنبیران لە بیاڤی رەخنە و لێکۆڵینەوەی دینی دەبێتە هۆی ئەوەی کە زانایانی ئایینیش هیچ هەوڵێک بۆ شرۆڤەی مرۆیی و ئەمڕۆیی دین نەدەن. بەشێک لە ناچەوازی و بەستراویی بیری ئیسلامی بەرهەمی کەمتەرخەمی رۆشنبیرانە. تایبەتمەندی سەرەکی رۆشنبیر، هەست بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە کۆمەڵگە و بایەخەکانیەتی، رۆشنبیر هەوڵ دەدات تا جلی دووپات بوونەوە و ئاسایی

بوون، له بەر هەموو بابەتەكان و دیاردەكان دابكەنێت و خەڵكی خۆی هان بدات تا سەر له نوێ شتەكان ببینن و بیری لێ بكەنەوە، رۆشنبیر نه دڵەراوكەی دەسەڵاتی هەیە و نه دڵەراوكەی خۆشەویست بوون له ناو خەڵكدا، تەنیا دڵەراوكەی رۆشنبیر زانیاری بەخشین و زانینە، له قامووسی رۆشنبیردا هیچ بابەتێک بڤە نیە. ئەو ئازادانە هەموو بابەتەكان دەخاتە بەر نەشتەری شەفابەخشی رەخنە و بەو شێوەیە كۆمەڵگە له خەمۆكی بیر و هزر رزگار دەكات. رۆشنبیر بەشی پرسیاركەر و وشیاری مێشكی گشتی كۆمەڵگەیە كە تێگەیشتن و بەرەوپێش چوونی كۆمەڵگە پێوەندی راستەوخۆی بە ئەوەوە هەیە. دەتوانین بڵێین تایبەتمەندی سەرەكی رۆشنبیر چاوەدێری بە سەر ئاستی تێگەییشتوویی كۆمەڵگەدایە، و هەر بەو هۆیەش ناتوانێ هەرگیز له كۆمەڵگە داببڕێت و وەك ئاكادێمیسییەنێک تەنیا له كتێبخانەكاندا و له باری تیۆرییەوە ئیش بكات. ئەو هاوكات له گەڵ وەبەرچاو گرتنی رەوتی جیهانیی بابەتە رۆشنبیرییەكان، بەردەوام هەموو شتێک له گەڵ پێداویستییەكان و كەم و كورییەكانی كۆمەڵگەی خۆیدا هەڵدەسەنگێنێ و جێگە و پێگە و تایبەتمەندییەكانی وەڵاتی خۆی دەبینێت و له پێداویستییەكانی ئاگادارە، بۆ نموونە ئەگەر له وڵاتێكدایە كە كێشەی رەنگی پێستی تێدا هەیە و ئەو كێشەیە بووە بە كێشەیەكی زاڵ و سەرەكی، ئەو بەردەوام له سەر ئەو بابەتە بیر دەكاتەوە و دەنووسێت و بەئاگا هێنانەوەی خەڵک بە نیسبەت ئەو كێشەیە بە ئەركی سەرەكی خۆی دەزانێ. ئەوە تایبەتمەندی رۆشنبیر له هەموو دنیادایە و وڵاتە موسڵمانەكانیش دەگرێتەوە.

نزیک بە سەدەیەكە كە رۆژهەڵاتی ناڤین له گەڵ دنیای دەرەوە پێوەندی گرتووە و بایەخە مرۆییەكانی تا رادەیەک پەسەند كردووە و بەردەوام له هەوڵی سەقامگیر كردنی دیموكراسی و چەمكە بەستراوەكانی، وەک سەرەكیترین بایەخی دنیای ئەمڕۆدا بووە. بەڵام وێرای ئەو هەموو هەوڵە ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەو كێشەیە بە تەواوی چارەسەر نەكراوە و مەودای نێوان دنیای نەریتی و دنیای مۆرێرن هەر قووڵ و كێشە خولقێنە.

ئەگەرچی زۆر هۆكار وەک دەستێوەردانی دەرەكی و ئاژاوەگێری لایەنە توندرەوەكان، لەو مەسەلەیەدا كاریگەرییان هەبووە، بەڵام ئایا رۆشنبیرەكانیش ئەركی خۆیان لەو بارەیەوە بە باشی جێبەجێ كردووە؟ رۆشنبیری رۆژهەڵاتی ناڤین تا چەندە بە نیسبەت رووداوەكانی دەورووبەری خۆی بەرپرسیارانە جووڵاوەتەوە و گرینگی پێداون؟ له پۆلێنبەندی گرینگی دان بە بابەتەكاندا، ئایا گرینگی سەرەكی بە كۆمەڵگەی خۆی داوە یان

رەوتی رۆشنبیری جیهانی؟ رۆڵی دین وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی بیری خەڵکی ئەم ناوچەیە تا چەندە بۆ رۆشنبیرەکان هەستیار و گرینگ بووە؟

چاو خشاندنێک بە سەر باسە رۆژەڤەکان لە ناو رۆشنبیرانی ئەم ناوچەیەدا، دەرخەری ئەوەیە کە ئەم رۆشنبیرانە لە چاو دەورێک کە دین دەیگێڕێت، زۆر کەم روویان لەو باسانە کردووە و بەردەوام خستوویانەتە پەراوێز و بە دوای ناساندنێکی تازە لەم دیاردەیە نەبوونە. رۆشنبیر و بیرمەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بابەتێک بە ناوی دینی لە کاتێکدا بەرەڵا کردووە کە دین لە ناو خەڵکەکەیدا بوونی زیندو و رۆژانەی هەیە. رۆشنبیری ئێمە رۆژێ پێنج جار گوێی لە دەنگی بانگی نوێژ بووە، کەچی خۆی لەو راستییە کەڕ کردووە کە ئەو دەنگە دەڵێ ئێرە وڵاتێکی جیاوازە. دڵیان بە حکومەتە سێکولارەکان و رووکەشی جوانی مۆدێرن بوون خۆش کردووە و لە بیریان کردووە کە ئەو هەموو منارە قیت کراوە، باسی ناکۆکییەکی بنەمایی و چارەسەر نەکراو دەکەن. ناکۆکییەک کە بە هۆی نەبوونی کەشوهەوای دیالۆگ و نەبوونی مەجالێک بۆ رەخنە گرتن و خستنە بەرباسی زانستییانەی هەردوو بابەتی دین و دیموکراسی، کۆمەڵگە بەرەو ناسینێکی سەقەت لە هەردووی ئەم بابەتانە دەبەن و دەبنە هۆی سەرگەردانی خەڵک لە نێوان بایەخە ئینسانی و ئاسمانیەکاندا.

مێژووی دین لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا دوو رەوتی بە تەواوی جیاوازی هەبووە. رۆژئاوا هەر لە سەرەتای رێنێسانسەوە باسی لە سەر دین و چەمکە پێوەندیدارەکانی دەستپێکرد و بە دەیان بیرمەندی دینی گەورەی هەبوو کە چەمکە دینییەکانیان دەخستە بەرباس. ریفۆرمخوازی دینی کە لە مارتین لۆتێر و کالۆنەوە دەستی پێکرد، بە باسە فەلسەفییەکانی کانت و دواتر شلایرماخر و ویلیام جێمزو ....هتد درێژەی پێدرا و بیاڤی دین وەک هەموو بیاڤەکانی دیکەی زانستی مرۆیی هەرگیز لە بیرمەندی گەورە چۆڵ نەبوو. ئیلاهیاتی مەسیحی بەرەبەرە لق و پۆپی جۆراوجۆری لێ جیا بووەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی دین لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی کلێسا بێتە دەرەوە و بەشێک لە ژیانی بچێتە ناو زانکۆ و ببێتە بابەتی زانستی. بەو شێوەیە وانەگەلێک وەک مێژووی دینەکان، فنۆمنۆلۆژی دین و هێرمۆنۆتیک توانییان جێگای خۆیان لە زانکۆکاندا بکەنەوە.

هەمووی ئەمانە بووە هۆی ئەوەی کە ناسینی مرۆڤی رۆژئاوایی لە دین لە گەڵ جیهانبینیی گشتی ئەودا هاوساز بێت و بەشێک بێت لەو جیهانبینیەی کە دیموکراسی وەک بایەخێکی سەرەکی دەناسێنێ.

ئەو شتە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی موسڵماندا رووی نەدا. رەوتێک کە بە ناوی چاکسازی ئیسلامییەوە لە چەند سەدە لەمەوپێشەوە چرۆی کردووە، بە کاریگەری وەرگرتن لە پرۆتستانیزم کە دروشمە سەرەکییەکەی گەرانەوە بۆ دەقی کتێبی پیرۆز بوو، دروشمی گەرانەوە بۆ "نص" (دەقی قورئان)ی هەڵبژارد و لە واقیعدا سەلەفیگەری یەکەم بزوتنەوەی چاکسازی لە ئیسلامی دوای رینێسانسدا بوو. ئەم جۆرە چاکسازییە زیاتر لە خانەی زیندووکردنەوەدایە و مەسەلەکەی ئەوەیە کە ئیسلام لە رەوتی مێژوودا بە لارێدا چووە و دەبێ مۆسڵمانەکان بگەرێنەوە بۆ سیرەی سەلەفی سالّح. (مەبەست لە سەلەفی سالّح خولەفای راشدین، سەحابەی کیبار، تابعین و ئیمامانی چوار مەزهەبی ئیسلامی و بەتایبەت ئەحمەدی حەنبەل، جوەینی، غەزاڵی و ابن جەوزی و هتدە.) بزوتنەوەی چاکسازی ئیسلامی دوو باڵی لێ کەوتەوە: یەکەم، باڵی نوێی ئیعتزالی کە سەید جەماڵی ئەسەدئابادی و محەممەدی عبدە و ئیقباڵی لاهوری نوێنەری بوون. دووهەم، باڵی نوێی ئەشعەری کە محەممەد عەبدولوەهاب و محەممەد رەشید رەزا نوێنەری بوون و پێرەوییان لە ئەحمەدی حەنبەل و ئەشعەری دەکرد. ئەو بزووتنەوە بە هەردوو باڵەکەیەوە، گەرانەوە بۆ ئیسلامێکی رەسەن و ئایدیالیان، بە ئەرکی خۆیان دەزانی و قەت بە دوای ناسینی ئیسلامەوە نەبوون. واتە رەوتێکی زانستی ئیسلام ناسی هەرگیز لە ناو خۆدی موسڵمانەکاندا پێک نەهات و ئیسلام ئەگەرچی سەری لە زانکۆشەوە دەرهێنا، بەڵام ئەوە بە واتای خوێندنەوەی زانستی لە ئیسلام و باسی رەخنەگرانە لە سەر چەمکە جەوهەرییەکانی ئەم دینە نەبوو. ئیسلام لە زانکۆکانی وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەمان ئیسلامی مزگەوت و لە خزمەتی مزگەوتدایە. واتە باسەکان و وانەکان زیاتر شرۆڤە و ئاخافتنی ئیسلامییە کە خوێندکارەکان بۆ پاراستنی هەرێمی پیرۆزی دین پەروەردە دەکات، نەک ناسینی دین.

لەم زانکۆیانەدا پیرۆزیی دین و حەق بوونی دین، وەک مەرجێکی سەرەکی بێ ئەملاو ئەولاو سەلماو چاوی لێ دەکرێ و ئەمە لە گەڵ چییەتی جەوهەری زانکۆ کە بنەمای لە سەر خوێندنەوەی هزری و دژە پیرۆزی دامەزراوە، نایەتەوە.

روانگەیەک کە زانکۆ لە وڵاتانی موسڵمان بەرانبەر بە ئیسلام هەڵی بژاردووە، روانگەیەکە کە حەق بوون و راست بوونی دین و پیرۆزی دەقی دینی، لە پیشەوە قەبووڵ کردووە و لە خزمەتی دیندایە. بەڵام ئەو کارەی کە لە زانکۆ دەبێ لە سەر دین بکرێ ناسینی دین بە بێ لایەنگرییە، ئەم جۆرە خوێندنەوە پشتبەستوو بە روانگەیەکە کە دین

وەک بابەتێکی ناسین چاو لێدەکات و دڵەراوکەی سەلماندنی حق و ناحەق و راست و درۆی دینی نیە. لەم روانگەیەدا دین بە گشتی دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و رەخنە.
بەڵام ئەو شتەی کە سەبارەت بە رەخنەی دینی لە دنیای ئیسلامدا (بەتایبەت ئەمڕۆکە) کێشە خولقێن و زۆر جار رێگرە، چەکدار بوونی ئیسلامە، ئیسلام وەک تەنیا دینێک کە فەرمانی کوشتن تێیایدا بەتەواوی کاناڵیزە کراوە، هەمیشە ئامادەیە تا کوشتنی دژبەرانی خۆی نە تەنیا پاساو بداتەوە، بەڵکوو وەکو ئەرکێکی ئایینی پێناسەی بکات. بەناو زانا دینییەکان کاتێک کە لە گەڵ رەخنە بەرەو روو دەبن، لە جیاتی بیرکردنەوە و خوێندنەوە و وەڵام دانەوە، پەنا دەبەنە بەر هەڕەشە و دەکەونە بیر ئەو چەکەی کە لە نوێژی هەینیدا لە دەستیاندایە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دینی ئیسلام وای لەم دینە کردووە کە رەوتە چاکسازییەکانیشی (کە سەرەکیترینیان سەلەفی گەرییە) دوا مەنزڵیان ببێت بە پێکهێنانی دام و دەزگای کوشتن و خوێن رشتن و تەقینەوە. رەوتی چاکسازی سەلەفی کە هەوڵی بۆ گەڕانەوە بۆ ئیسلامی رەسەن دەدا، وەک یەکەم هەنگاوی خۆی جەخت و پێداگری لە سەر دەقی قورئان کرد و لە پەراوێزەکانی ئیسلام دووری گرت، بۆ سەلەفییە قورئان گرینگترین بەشی ئیسلامە، دوای ئەوەش سوننەت و ئیجماع و لە ئاکامدا ئیجتیهاد، کە دواهەمینەکەیان واتە ئیجتیهاد لە ئیسلامی شیعەوە خزایە ناو بزووتنەوەی چاکسازی ئیسلامی، ئەو بزوتنەوەیە ناوی سەلەفی گەری لە سەر خۆی دانابوو. بەرچاوترین گۆڕانێک کە بزووتنەوەی چاکسازی ئیسلامی لە ئاستی فیقهیدا باسی لێکرد و کاریگەری تایبەتیشی لە سەر رواڵەت گۆرانی ئیسلامدا هەبوو، هەمان باسی ئیجتهاد بوو کە کاریگەریی راستەوخۆی لە گۆڕانی رۆڵی مەلای موسوڵماندا هەبوو. ئاکامی ئەم رەوتە چاکسازییە بریتی بوو لەوەی کە رۆڵی مەلا گۆڕا بە رۆڵێکی عورفی کە خوازیاری رێبەریی کۆمەڵگە بوو.
بەڵام بە داخەوە ئەو تێکۆشانە و ئەو رێبەرییە بۆ نزیک کردنەوەی دین لە مرۆڤ نەبوو، بەڵکوو ئیسلامی لەوە کە بوو، بەرتەسکتر دەکردەوە. جیاوازی ریفۆرمی دینی مەسیحی لە گەڵ چاکسازی ئیسلامی ئەوە بوو کە پرۆتستانیزم ئەو بەشەی دینی زەق دەکردەوە کە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا دەهاتەوە، بەڵام دڵەڕاوکەی رەوتی گەرانەوەی ئیسلامی مافی خودا بوو، نەک مافی مرۆڤ. بۆیە ئیسلامێکی رادیکاڵی لێ کەوتەوە کە ئامادە بە دانیشتن و ئاڵوگۆری بیرو ڕا لە گەڵ هیچ لایەنێکدا نیە و بەردەوام تەکفیر و ئیرتیدادە کە لە لایەن عالمانی دینەوە بەرانبەر بە هەر بیرێکی جیاواز دێتە دەرەوە.

ئەو جۆرە هەڵسووکەوتەی زانایانی دین و هەروەها دوور کەوتنەوەی رۆشنبیران لە واقعییەتی کۆمەڵگەی خۆیان، بووەتە هۆی پێکهاتنی مەودایەکی قووڵ و دوور لە نێوان دین و دنیای ئەمرۆدا، بە شێوەیەک کە دوو ریزی جیاواز لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێکهاتوە. ریزێک پارێزەری مافی خودا، چەمکە پیرۆزەکان و داب و نەریتە ئایینیەکان. ریزێکیش پارێزەری مافی مرۆڤ و بایەخەکانی دنیای مۆدێرن. ریزبەندییەک کە بووەتە هۆی سەرگەردانی خەڵک.

بۆ چارەسەری بنەمایی ئەم کێشە پێویستە بیرمەندان و دیندارانی ناوچەکە ئاورێکی تایبەت لە دین بدەنەوە و ئەو شتانەی باسی لێ نەکراوە بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و رەخنە، بۆ ئەوەی بتوانن پارادۆکسەکانی بەرەورووبونی کۆمەڵگەی دیندار، لە گەڵ بایەخەکانی دنیای ئەمرۆدا چارەسەر بکەن.

رۆژهەڵاتی ناوەراست ناوچەیەکە کە لەو کاتەوە کە لە گەڵ دنیای مۆدێرن رووبەروو بووەتەوە تا کوو ئەمرۆ، بەردەوام بینەری کێشەی نێوان نەریت کە دین نوێنەریەتی لە گەڵ مۆدێرنیتە بووە. ئەوە لە سیاسەتی ئەم وڵاتانەشدا کاریگەری هەبووە و بە راستی کێشەکە زیاتر لەوەی ئاکامی تێکهەڵچوونی بۆچوونەکان بێ، دەسکردی شەڕ کردن لە سەر دەسەڵات بووە. بێدەنگی بیرمەندانی وڵاتە موسڵمانەکان و بێ توانایی ئەوان لە وروژاندن و وەڵامدانەوە و خستنە بەرباسی بەردەوامی پرسی دین و کەمتەرخەمی لەم بارەوە، بوو بە گرێیەک لە دەروونی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا و سەرهەڵدانی ئیسلامی توندئاژۆی لێ کەوتەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم رەوتە، پەسیڤ بوونی کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئیسلامی لە بەرانبەر رۆژئاوادا بوو. ئەزموونی شکست هێناوی حکومەتی ئێران وەک حکومەتێکی ئیسلامی، بێ توانایی ئەم حکومەتە لە پێوەندی گرتن لە گەڵ دنیای دەرەوە، هەروەها بێ توانایی لە خزمەتگوزاری خەڵکەکەی خۆی و بەرێوە بردنی سەرکەوتوانەی وڵاتەکەی، هەروەها ئەزموونی ئیسلامی سەلەفی و تاڵیبان و ئەلقاعیدە کە سیمایەکی نوێیان لە ئیسلام نواند کە لەودا خوێنرشتن بە ئەرکی ئایینی و کردەوەیەکی پیرۆز دەهاتە ئەژمار، هەموو ئەمانە بووە هۆی پێکهاتنی رەوتێک بە ناوی ئیسلامی نێوەنجی کە نایهەوێ ئەزموونی ئێران و ئەفغانستانی تاڵیبان دووپات بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە سێکولاریزمی پەیرەو و پەسیڤ و گوێ لە مستی موبارەک و هاوبیرەکانی بێزارە. ئەم رەوتە نوێیە کە ئەزموونی حیزبی داد و گەشەی تورکیەی کردووەتە مۆدێلی باڵای خۆی، ئەگەرچی بە رواڵەت شتێکی باشە و لە لایەکەوە چییەتی

دینیی کۆمەڵگەکەی لە بەرچاو گرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە خۆی لە ئیسلامی چەقبەستووی تاڵیبانی پاراستووە، بەڵام ئەگەر خۆی لە بواری تیۆریکەوە دەوڵەمەند نەکاتەوە و نەبێت بە سەرەتای ریفۆرمێکی دینی و لە بواری هزرییەوە نەتوانێ بەرهەمی زۆر و بەرچاوی بۆ کۆمەڵگە بێت، نە تەنیا کارێکی ئەوتۆی نەکردووە بەڵکو بە شێوەی نا راستەوخۆ ئیسلامی توندئاژۆی قەڵەوتر کردووەتەوە.

بە تایبەت ئێستا کە ئەو رواڵەتە نیوە مۆدێرن و نەرم و نیانەی ئیسلامی تورکیە لە وڵاتانی دەراوسێیدا بە تایبەت لە کوردستاندا، بووە بە رێگە خۆشکەری ئیسلامی توندئاژۆ کە مەترسییەکی جیددی بۆ نەتەوەی کورد دێتە ئەژمار. نەتەوەیەک کە خەریکە یەکەم ئەزموونەکانی خۆی وەک نەتەوەی سەربەخۆ کە خاوەنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیەتی، تێدەپەڕێنێ. ئەگەرچی دەسەڵاتی کوردی ساڵانێک تا رادەیەک بێدەنگ و هێمن بە سەر دەبا، بەڵام لە ژێر پێستی ئەم هێمنایەتییەدا رەوتێک خەریکە بەهێز دەبێتەوە کە زیاتر لە هەر شتێک و لە پلەی یەکەمدا دەتوانێت یەکپارچەیی کورد وەک نەتەوە بخاتە مەترسییەوە.

هەواڵی مەرگی لاوانی کورد لە ئاکامی تەقینەوەی خۆکوژی لە ئەفغانستان یان لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراقدا، جەرەسی مەترسییەکە بۆ کوردستان سەبارەت بە پەرە سەندنی ئیسلامی توندئاژۆ کە لە بۆشایی و نەبوونی لایەنێک یان بیرمەندانێک کە روون کردنەوە و دەرخستنی راستییەکانی ئایینی ئیسلام بە ئەرکی گرینگی خۆیان بزانن، خەریکە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێت، رەوتی ئیسلامی توندئاژۆ لە کوردستاندا بە کەمترین بیانوویەک بە خۆی ئەو مافە دەدات کە خۆ پیشاندانی دژە مرۆیی و لە ژێر دروشمی پێویستی کوشتندا پێک بێنێت و ماڵی خەڵک ئاور تێبەردات و تەقینەوە بکات. بۆ نموونە دواهەمین جووڵەی ئەم رەوتە هێرش بۆ سەر پارلەمانی کوردستان لە ژێر ئاڵای لا اله الا اللە‌دا بوو.

ئەم رەوتە کە رۆژ لە دوای رۆژ بە هێزتر دەبێت و تەنانەت خەریکە رواڵەتی شارەکانی کوردستانیش بەرە بەرە دەگۆڕێت، لە ئاکامدا لاواز بوونی گوتاری نەتەوەیی و لە پەراوێز کەوتنی ئەو گوتارەی بەدواوەیە. لە ئەگەری گەشە کردن و زاڵ بوونی ئەم گۆتارە دژە نەتەوەییە کە بۆ پێکهێنانی ئۆممەتی یەکگرتووی ئیسلامی تێدەکۆشێ، پێدەچێت ئاوات و خولیا دوور و درێژەکانی نەتەوەی کورد راست لەو کاتەدا کە دەتوانێ بە ئاکامێک بگات، دیسان بکەوێتە ناو شاڵاوی نەهامەتی و لە هەستیارترین ئان و ساتی مێژووی خۆیدا ببێتە

قووربانیی شەهوەتی خوێنڕشتنێکی ئایینی. ئەم دیاردە نامۆیە کە بەناوی ئیسلامی توندئاژۆ لە کوردستاندا خەریکە زاڵ دەبێت، ئەگەرچی لە گەڵ گشتییەتی هزری کوردیدا (کە شادی و دنیایی بوون لە سروشتیدایە) نایەتەوە، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا کە راگەیاندن و تەکنۆلۆجیا جگە لە خێرا کردنی رەوتی ژیان و رووداوەکان، جۆرێک لە ئاڵۆگۆڕی خێرای بیروڕایش لە گەڵ خۆی دێنێت، بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە کە بەرەی نوێی دوور کەوتوو لە خەباتی نەتەوایەتی، لە کۆمەڵگەی نەریتیی کوردیدا بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییە هزری و سیاسی و ئابوورییەکان، وە داوی وەها دام و دەزگاگەلێک بکەوێت و ببێتە قوربانیی بیرێک کە نە تەنیا بۆ نەتەوی کورد هێچ بەرهەمێکی نەبووە، بەڵکوو خەساری هەرە گەورەشی بۆی هەبووە، هەر لەو سەردەمە کۆنانەوە کە سەردارانی کورد پۆل پۆل رێگای فەلەستینیان دەگرتە بەر و گەورەترین فەیلەسووفی کوردی دنیای ئیسلام واتە شهابەدینی سوهرەوەردی بە تاوانی بیرکردنەوە کوژرا، تاکۆ ئەو کاتەی کە لە سەردەمی ئیمپراتووری عوسمانیدا شەڕی شیعە و سوننە بە کورد کرا و لە ئاکامدا وڵاتی کوردان بوو بە قوربانی و خوێن بەسی شەڕی ئایینی سەفەویەکان و عوسمانیەکان و هتد، ئەو مەسەلەیە بەردەوام کوردی تووشی شەڕ و پێکدادانی نەخوازراو کردووە کە هیچ دەسکەوتێکیشیان بۆی نەبووە. ئێستاش دیسان ئەو دەعبایە خەریکە باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت و هۆکارە سەرەکییەکەشی نەبونی زانیاری لە نێوان خەڵکدایە و بێئاگایی ئەوان بە نیسبەت ئەو شتەی کە باوەڕیان پێیەتی. باوەڕێکی قووڵ، بەڵام بێ بنەما کە مرۆڤ و بەتایبەت توێژی لاو بەو قەناعەتە دەگەیەنێت کە خۆکوشتن و هاوکات لە گەڵ ئەوە کوشتنی دەیان و سەدان مرۆڤی سڤیلی دیکە، کردەوەیەکی باش و ئەخلاقییە و بەختەوەری هەتا هەتایی بەدواوەیە.

ئەم کتێبە ئەگەر بتوانێت خوێنەری خۆی بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە چەند چرکەیەک بیر لە باوەڕەکانی خۆی بکاتەوە و بە پێوەرێکی جیاواز لەوەی تاکو ئێستا ناسیویە، دەقی قورئان پێوانە بکات، ئەو سەرکەوتنەی کە نووسەر چاوەڕوانی دەکات دەستەبەر بووە و ئەرکی خۆی بە باشی بەجێ هێناوە.

باسی ئەم کتێبە هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە لێکۆڵینەوە لە سەر بنەما ئوستوورەیی و جادووییەکانی قورئانە، نووسەر بە شێوەیەکی زانستی لەم کتێبەدا، باسی ئەوە دەکات کە لە پشتەوەی کردەوەکانی دینی ئیسلامدا چ گێرانەوەگەلێک یان چ عەقڵییەتێک هەیە؟ چیرۆکەکانی قورئان لە کوێوە هاتوون؟ ئەو کتێبەی کە ئەوەندە بە توندی حاشا لە

ئوستوورەیی بوونی خۆی دەکات، تا چ رادەیەک لە ژێر کاریگەری ئوستوورەکاندایە؟ و شوێن پێیەکانی جادوو لە قورئاندا کامانەن؟

بۆ ئەو مەبەستە لە بەشی یەکەمدا بە پێی پێویست پەرژاومەتە سەر باسی دین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە، لەم بەشەدا پاش پێناسەی دین و شی کردنەوەی سەرچاوەی بیری دینی، یەکەم بیچمی دەزگای دینی کە کەرەستەی خاوی زۆری بە دەزگا دینییەکانی پاش خۆی داوە، خراوەتە بەر باس. ، هەر لەم پێوەندییەدا رۆڵی خودایانی نێر و مێ و هۆکاری دەسەڵاتداری ئەوان یان لەناوچوونیان باسکراوە، پاشان بە هۆی ئەوەی کە بابەتی کتێبەکە قورئانە، ئاورێکی کورت دراوەتەوە لە رەوتی قورئانناسی لە رۆژئاوادا و هەروەها کەش‌وهەوای عەرەبستان لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلام و کاریگەری ئایینی حەنیف لە سەر ئەم ئایینە.

لە بەشی دووهەم و سێهەمدا کە باسە سەرەکییەکان لەوێدا پێشکەش کراوەن، بنەما ئوستوورەیی و جادووییەکانی قورئان بە وردی باس کراون، ئەو ئوستووره سەرەکییانە کە لە زۆربەی دەقە دینیەکاندا هاتوون، هەروەها سەرچاوەکانی ئەم ئوستوورەگەلە و سرووتە پیوەندیدارەکانیان باسکراون و چۆنیەتی گواستنەوەی ئەوانە و هەروەها گواستنەوەی سرووتەکانیان بۆ ناو دین وەکو باوەڕ و کردەوەی دینی و ئایینی، روون کراوەتەوە. لەم کتێبەدا بە هۆی ئەوەی کە باس باسی دەقی قورئانە، نووسەر لە هیچ گێرانەوەیەکی دیکە و تەنانەت لە تەفسیرەکانیش کەڵکی وەر نەگرتووە، بەڵکو تەنیا خودی قورئانی خستووەتە بەر رەخنە و نموونەشی تەنیا لە قورئانەوە هێناوەتەوە، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو راستییانەی کە باسی دەکات، حاشا هەڵنەگر بێت.

گێرانەوەی هاوڕێیانی محەممەد یان شرۆڤە و تەفسیرەکان، هەمیشە ئەگەری بە هەڵە بوونیان یان کەوتنە بەر حاشای باوەڕمەندانیان هەیە، بەڵام دەقی قورئان بۆ هێچ باوەڕمەندێک جێگای گومان نیە و حاشای لێ ناکرێت. هەر وەک باسم کرد بانگەشەی زۆربەی لایەنە ئیسلامییەکان بە توندئاژۆ و میانەڕەوەوە، گەڕانەوە بۆ دەقی قورئانە و هەر کام و بۆ خۆیان دەقی قورئان بە شێوەیەک پێناسە دەکەن. ئەو پێناسە جۆراوجۆرانە هەرشتێک کە هەبن هیچ لە چییەتی دەقی کتێبی دینی ئیسلام ناگۆڕن، واتە ئەو کتێبە هێندێک سووره و ئایەتی هەیە کە بە ئاشکرا جەوهەری ئوستوورەیی و جادوویيان هەیە. ئەو سووره و ئایەتانە وەک بنەمای لێکۆڵینەوە لە بەرچاو گیراون و پاشان بە کەڵک

وەرگرتن لە زانستی ئوستوورەناسی mythology و مرۆڤناسی anthropology شرۆڤە و شیتەڵ کراونەتەوە، کە کۆی ئەوانە دەرخەری ناوەرۆکی رەسەنی قورئانە.

نوسەر لەو باوەڕەدایە لە کاتێکدا کە هەموو لایەنە ئیسلامییەکان گەڕانەوە بۆ "نصی" دین (واتە دەقی قورئان)، بە شانازی هەرە گەورە و خاڵی بەهێزی خۆیان دەزانن، ناسینی خودی ئەو کتێبە گرینگییەکی تایبەتی هەیە، واتە دەبێ بزانین ئەو دەقەی کە گەڕانەوە بۆ ئەو، وەک خاڵێکی پۆزتیڤ دەبیندرێ، لە واقێعدا چییە. بە بێ ناسینی ناوەرۆکی رەسەنی ئەو کتێبە تەنیا لە بازنەی پیرۆزایەتییەکی ساختەدا دەخولێینەوە کە لە بەرانبەر ئەو پرسیارەی کە دەڵێ: پیرۆزایەتی قورئان لە کوێوە هاتووە؟ وەڵام دەداتەوە: خودا گوتوویەتی! . کە پرسیار دەکرێ خودا لە کوێدا ئەوی گووتوە؟ دەڵی: لە قورئاندا!! واتە بەڵگەی پیرۆز بوون و ئاسمانی بوونی قورئان دەگەڕێتەوە بۆ ناو خۆدی قورئان! و دیارە ئەمە لە باری لۆژیکییەوە بازنەیەکی پووچەڵە.

یەکێک لە ئاواتەکانی نووسەر درێژە پێدانی باسگەلی لەم چشنە، لە لایەن قەڵەم بەدەستان و نووسەرانی دیکەوەیە بۆ ئەوی لە کەش‌وهەوایەکی رەخنەگرانەدا، دەقی پڕ قسە و باسی قورئان بکەوێتە بەر ناسین و خوێندنەوەی نووسەرانی کورد، چونکو هێنانە بەرباسی بەردەوامی بابەتەکان و چەمکە دینییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەهۆڵی ناچەوازی ئەم ئایینەش وردە وردە بتوێتەوە و بتوانێ پەیرەوانی خۆی بۆ ژیانێکی باشتر لەم سەردەمەدا تەیار بکات.

دیارە بەشداری لایەنگرانی دین لە وەها دیالۆگێکدا نە تەنیا ئەوان لە تاوانی هێرشی هەمیشەیی و هەڕەشە، تا رادەیەک پاکانە دەداتەوە، بەڵکوو دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێت بۆ پێکهێنانی ریفۆرمێکی راستەقینە لە ئایینی ئیسلامدا.

هەر بۆیە نووسەری ئەم کتێبە پێشوازی لە هەر چەشنە نووسینێک دەکات کە بە شێوەی زانستی ناوەرۆکی کتێبەکە بخاتە بەر رەخنە و لێدوانەوە. لە کۆتاییدا هیوادارم لایەنگرانی دین بتوانن لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، هزری خۆیان بکەنە پێوەر و بە بێ دەمارگرژی و بە شێوەی زانستی هەوڵ بۆ وەڵامدانەوە و ئاخافتن بدەن، چونکو کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر لە هەموو شتێک پێویستی بە دیالۆگ و قسە کردن هەیە.

گۆلاڵە کەمانگەر

کۆیە- بەهاری ٢٧١٢

# دین و سەرچاوەی دین

# دین

وشەی ئینگلیزی religion لە ریشەی لاتینی religio گیراوە کە بە مانای ترس یان خۆفێکە کە مرۆڤ لە کاتی بەرەوڕوو بوون لە گەڵ رۆحێک یان یەکێک لە خودایان، توشی دەبێت.
وشەی **"دین"** لە زمانی ئاڤێستاییەوە هاتووەتە ناو عەرەبی. لە ئایینی مەزداییدا ناوی ژن-خودای پارێزەری زەوی و کچی ئەهوورامەزدایە و هێمنایەتی ژنان دەپارێزێ. بیست و چوارەمین رۆژی مانگ بە ناوی ئەم ژن-خودایەیە و شازدەهەمین یەشتی ئاڤێستاش بە ناوی ئەو واتە دین یەشتە.[1] ئەم وشەیە دواتر بە مانای هەر جۆرە یاسا و فەرمانێکی ئاسمانی کە لە لایەن خودایانەوە دێت، کەڵکی لێی وەرگیراوە.
دین دیاردەیەکی نەوەستاوە (رەوان) کە پێناسەی جۆراوجۆر و تەنانەت هێندێک جار دژ بەیەکی هەیە تا ئەو رادەیە کە باس کردن لە سەر روانگە جیاوازەکان سەبارەت بە پێناسەی دین، خۆی دەرفەتێکی تایبەتی دەوێ. بەڵام لە پۆلێنبەندییەکی گشتی دا، روانگە پێوەندی دارەکان بە دینەوە دەتوانین بە سەر دوو روانگەدا دابەش بکەین:

## ١- روانین لە ناوەوە (کەلام)

لەم روانگەیەدا پێناسەی دین پاڵی داوەتە بەر خودی دینەوە و ئەوانەی ئەم پێناسەیە دەخنە بەردەست زیاتر بەڕێوەبەرانی دینن و تێدەکۆشن تا راستی دینەکەی خۆیان بسەلمێنن. ئەم جۆرە خوێندنەوە، خوێندنەوەی دیندارانەیە، هەر بۆیە پێداگری لە سەر راستیی و پیرۆزایەتی دین دەکات، لە کۆمەڵگەی دینیشدا ئەم خوێندنەوەیە باوە، هەر وەک لە کۆمەڵگە

[1] ـ اوستا ، گزارش جلیل دوستخواه، تهران: نشر مروارید ١٣٧٩ ص ٩٨٩

موسڵمانەکاندا وایە. لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا زۆربەی نووسینە دینییەکان تەنانەت لەم سەردەمەشەدا درێژەی کەلامی ئیسلامین و راستی و پیرۆزایەتی ئیسلامیان وەک مەرجێکی سەرەکی قەبووڵ کردووە.
دیارە ئەم شێوە خوێندنەوە ناتوانێت بێلایەن بێت و چاوەڕوانیی دەرکەوتنی راستییە رەسەنەکان لە چوارچێوەی وەها بیرێکدا، چاوەڕوانیەکی بێ ئاکامە.

## ٢ـ روانین لە دەرەوە

بە پێچەوانەی روانگەی پێشوو، لەم روانینەدا لێکۆڵەر، دین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان بابەتێکی هزری و فەلسەفی چاو لێدەکات، بۆیە را و بیر و بۆچوونی خۆی و هەستەکانی خۆی بەرانبەر بە دین دەرنابڕێت و دڵەڕاوکەی سەلماندنی راستیی دینەکەی نیە. لەم شێوەدا دین وەک هەر دیاردەیەکی دیکە بابەتێکە بۆ لێکۆڵینەوە. لە لێکۆڵینەوەکانی بیاڤی زانستی مرۆییدا، ئەم روانگەیە بایەخی پێدەدرێ و دەسکەوتەکانی بەهای زانستییان هەیە. لەم شێوەدا بە پێی نەریتی باوی زانستی، هیچ شتێک لە پێشەوە نە رەت کراوەتەوە و نە قبووڵ کراوە، بەڵکوو رەت کردن یان قەبووڵ کردنی شتەکان بەستراوی ئاکام و دەستکەوتەکانی لێکۆڵینەوەکەن. لێکۆڵەر ئەوەی وەدەستی هێناوە بە بێ دەمارگرژی دەیخاتە بەر پێوانەی هزری خوێنەر یان بیسەر.
لێرەدا بە لە بەرچاو گرتنی روانگەی دووهەم چەند پێناسە لە دین دەخەمە بەر دەست و لە ئاکامدا پێناسەیەکی تا رادەیەک گشتگیرتر کە لە گەڵ بابەتی ئەم کتێبەدا بێتەوە، دەهێنمەوە.

## پێناسەی دین

دورکیم بۆ پێناسەی دین دەڵێ: دین بریتییە لە دەزگایەکی پێکەوە بەستراوی پێکهاتوو لە باوەڕ و کردەوەی پێوەندیدار بە شتە ئاسمانی یان لاهوتییەکانەوە، ئەم باوەڕ و کردەوگەلە، هەموو ئەو کەسانەی کە پێرەویی لێ دەکەن، لە کۆمەڵەیەکی مۆراڵی یەکە بە ناوی کلێسا یان ئوممەتدا کۆ دەکاتەوە.[١]

---

[١] ـ دورکیم، امیل، صور بنیانی حیات دینی، ترجمە: باقر پرهام، تهران: نشر مرکز ١٣٨٣، ص ٦٣

له شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

دین سیستمێکی تا رادەیەک ناروونە کە پێکهاتووە لە ئوستوورەکان، باوەڕەکان و رێورەسم و نەریتەکان. دین گشتییەتێکە کە تەنیا لە رێگای ناسینی بەشە جیاوازەکانییەوە دەناسرێ. هەر بۆیە دەبێ بۆ ناسینی دین سەرەتا سروشتی ئەو دیاردە بنەماییانەی کە پێکهێنەری گشتییەتی دینن، بناسین.

گرینگی ئەم شێوە لەوێوە دێت کە هێندێک دیاردەی دینی بوونیان هەیە کە بەستراوی هیچ دینێکی تایبەت نین (بەشێک لەو دیاردەگەلە ئەوانەن کە پێکهێنەری فەرهەنگی خۆماڵی و فۆلکلۆرن و لە جەوهەری خۆیاندا بەکگراوندی ئایینیان هەیە، بەڵام ئێستا لە هیچ دینێکدا نەماونەتەوە)، ئەم دیاردەگەلە پاشماوەی دینگەلێکن کە خۆیان لە ناو چوونە. هێندێک جار دینەکان ئەو پاژە پرش و بڵاوانەیان لە خۆدا کۆ کردووەتەوە و رواڵەتێکی دینییان پێداوە و سەرلەنوێ بە پێی ئەو دینە نوێیە پێناسەیان کردووە.

مەسیحییەت لە ئۆرووپادا ئەو کارەی کردووە و زۆر شتی ئەم دینە هەمان دیاردە دینییەکانی پێش لە مەسیحییەتن کە رەنگ و بۆنی دینی مەسیحییان پێدراوە[1]

ئێسپنسێر دەڵێ دینەکان بریتین لە باوەڕ هێنان بە بوونی هەمیشە ئامادەی شتێک کە هزری ئێمە توانای ناسینی ئەوی نیە.[2]

فرەیزر دەڵی دین واتە هێمن کردنەوە و رازی کردنی هێزە مێتافیزیکییەکان کە کۆنترۆڵی سروشت و مرۆڤیان لە دەست دایە. بە رای فرەیزر دین پێکهاتووە لە دوو بەشی تیئوری و پراکتیک کە بە ناوی ئیمان و کردەوە دەناسرێ، بەو تێبینیەوە کە ئیمان هەمیشە لە سەرەوەی کردەوەدایە.[3]

یۆسف فەزایی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دینە سەرەتاییەکان دەڵێ: " چەمکی دین لە قۆناخە سەرەتاییەکانیدا لە باری تیئورییەوە بریتی بوو لە جیهانبینی گشتی مرۆڤی سەرەتایی و لە باری کۆمەڵایەتی و پراکتیکەوە بریتییە لە کۆی هەموو پێوەندییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، فەرهەنگ و شارستانییەت، ئوستوورە دینییەکان و رێورەسم و سرووتە تایبەتەکان کە تێکەڵ بە هێندێک یاسا و تابۆ بوونە. بەڵام لە سەردەمی تاکخودایی‌دا، دین بریتییە لە باوەڕ هێنان بە هێزە ئاسمانی و مێتافیزیکییەکان

---

[1] - دورکیم، هەمان سەرچاوە، ص ٤٧
[2] - دورکیم، هەمان سەرچاوە، ص ٣٢
[3] - فریزر، سر جیمز، شاخه زرین، ترجمه: کاظم فیرزمند، تهران: انتشارات آگه ١٣٨٦، ص ١١٨

و پاراستن و جێبەجێ کردنی هێندێک یاسای مۆراڵی و بەرێوە بردنی رێورەسمی پەرەستنی خودا و خۆ نزیک کردنەوە لە ئەو. "[1]

بەڵام یەکێک لە تەواوترین پێناسەکان پێناسەی ئەلەکساندر کراپە کە دەڵێ:" دین بە مانای تایبەتی وشەکەی بریتییە لە کۆی ئەو باوەڕ و یاسا و پەیرەوگەلە کە وێڕای بێ ئەملاوئەولا بوونیان پێوەندیی نێوان مرۆڤ و هێزی باڵا دیاری دەکەن. کەوابوو هەموو دینەکان هەڵگری چوار تایبەتمەندی هاوبەشن:

١- چەمکی خودایی (ئولوهیت)

٢- ئوسوڵی باوەڕمەندی یان ئیدئولوژی

٣- ئوستوورەکان

٤- رێوڕچە و سرووتەکان "[2]

هەر وەک فرەیزر و کراپ و ئەوانی دیکە بە دروستی باسیان کردووە، دین یان دیاردە دینییەکان بەشێوەیەکی گشتی بە دوو بەش دابەش دەکرێن، ئەو دوو بەشە بریتین لە باوەڕەکان و سرووتەکان.

سرووتەکان کردەوەگەلێکی تایبەتن و بیروباوەڕەکانش بریتین لە ئەو جیهانبینییە گشتییە کە زۆرجار بۆ سرووتەکان پاساو دەهێنێتەوە، جیاوازی نێوان ئەم دوو بەشە هەمان جیاوازی نێوان بیرکردنەوە و جووڵانەوەیە.

بۆ ناسینی دین دەبێ تایبەتمەندی سرووتەکان بناسین و تایبەتمەندی سرووتەکانیش بەستراوی بیرووباوەڕەکانن.

## باوەڕی دینی

دەتوانین بڵێین: بیر و باوەڕەکان کۆی ئەو بۆچوونانەن کە تاک لە راست بوونی ئەوان و حەق بوونیان دڵنیایە.[3]

کرچفلید سەبارەت بە باوەڕ دەڵێ: باوەڕ بریتییە لە پێکهاتەیەکی سەقام گرتوو لە ناسین و تێگەییشتنی تاک بە نیسبەت بیاڤێکی دیاری کراوەوە.[4]

---

[1] - فضایی، یوسف، بنیانهای اجتماعی ادیان ابتدایی، تهران: انشارات پویان١٣٨٤ ،ص ١٦٦

[2] - کراپ، الکساندر، جهان اسطوره شناسی؛ ترجمه جلال ستاری، چاپ دوم، تهران: مرکز،١٣٨١ .ص ٣

[3] - پارسا، محمد، زمینه روانشناسی نوین، تهران: بعثت، ١٣٨٣. ص٣١٢

[4] - روبشلاو، آن ماری و بورفیون، ادیل: روانشناسی اجتماعی، سیدمحمد دادگران، تهران: انتشارات مروارید، ١٣٧١. ص١٢٤

باوەڕ دەتوانێ هێندێک تایبەتمەندی بگرێتە خۆ، باوەڕ ئەگەر بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن و خەملاندن، باسی بەهامەندی و بێ بەهایی دێتە ئاراوە، بۆ نموونە باوەڕ بە مەرگ هێنەر بوونی دووکەڵی جگەرە لە کاتی هەڵسەنگاندندا باوەڕێکی بەهامەند نایەتە ئەژمار، بەڵام باوەڕ بە حەوت قات بوونی ئاسمان باوڕێکی بەهامەندە. تایبەتمەندی باوەڕی یەکەم ئەوەیە کە ئەگەرچی لە باری زانستییەوە سەلماوە و شتێکی بێئەملاو ئەولایە بەڵام پێداگرییەکی وای لە سەر ناکرێت و گرینگییەکی وای لە باری بەهامەندییەوە نیە، بەڵام باوەڕی دووهەم تەنانەت ئەگەر بە راشکاوی و روونی رەت کرابێتەوە (کە وایەو رەت کراوەتەوە) دیسان تاکی باوەڕمەند بەدوای رێگایەکدا دەگەرێت تا بە شێوەیەک بۆ ئەو شتە پاساو بهێنێتەوە.

لێکدانەوەی ئەم دوو نموونە سانایە بەرەو ئەو ئاکامە رێنوێنیمان دەکات کە باوەڕ لە خۆیدا بەهامەند یان نابەهامەند نیە، بەڵکوو پێوەندی ئەو لە گەڵ باوەڕەکانی دیکەدایە کە ئەوە دیاری دەکات. باوەڕی بەهامەند بەستراوی هێندێک باوڕی دیکەیە کە دەرکەوتنی ناڕاستی ئەو باوەڕە یان بەگومان کەوتن لە ئەو، گشتییەتەکە دەخاتە بەر گومانەوە و تۆکمەییەکەی دەخاتە مەترسییەوە، دەتوانین بڵێین باوەڕ هەمیشە جۆرێک لە گرینگیدان و دڵنیایی سەبارەت بە دروستی (و هێندێک جار پیرۆزایەتی) بابەتێکی لە گەڵدایە. لە چوارچێوەی هەر باوەڕێکدا پاراستنی ئەو بابەتەی کە گرینگی پێدراوە و پیرۆز هاتووەتە ئەژمار، لە سەرەوەی هەموو شتێکدایە. هەر بۆیە هەر شتێک کە تێکدەری ئەو پیرۆزایەتییە بێت یان پێگە و گرینگیی ئەو بخات مەترسییەوە وەک دوژمن پێناسە و چاوی لێدەکرێت.

ئەمە لە بارەی هەموو باوەڕێکەوە وایە، بۆ نموونە ئەو کەسەی کە باوەڕی بە خاک و نیشتمانی خۆی هەیە چەشنێک لە پیرۆزایەتی بە خاک یان ئاڵای وڵاتەکەی و شتانی وەک ئەمانە دەبەخشێت و پاراستنی ئەمانە بە ئەرکی خۆی دەزانێت و لەبەرانبەر هەر هەرەشەیەکدا رادەوەستێت. رەنگە ئەو راوەستانە توند و بە ئاشکراش نەبێت، بەڵام رادەیەک لە لایەنگری و دەمارگرژی تێدایە. کە باسەکە دێتە سەر باوەڕی دینی، بە هۆی ئەوەی کە باوەڕی دینی پێوەندی لە گەڵ قودسییەت و ئاسمانی بوون و ترس لە هێزی سەرەوە هەیە، هەستیاری شتەکان بۆ تاکی باوەڕمەند زۆر زیاتر دەبێت. چەندە کۆی باوەڕە دینیەکان و سیستمی پێوەندی نێوان ئەوانە ئاڵۆزتر و چڕو پڕتر بێت پیرۆزایەتی و لە هەمان کاتدا دەمارگرژی باوەڕمەندان بەو دینە زۆرتر دەبێتەوە.

بەڵام باوەڕە دینییەکان چ سانا بن و چ ئاڵۆز بە هەموویانەوە تایبەتمەندیگەلی دیاریکراوی هاوبەشیان هەیە: ئەم باوەڕگەلە هەمیشە جۆرێک لە پۆلێنبەندی بۆ شتەکان (راستەقینە یان خەیاڵی) دەخەنە بەردەست کە مرۆڤ بە پێ ئەو پۆلێنبەندییە شتەکان دەخاتە ناو دوو گرووپی دژوازەوە و لە ژێر ناوی ئاسمانی و زەمینیدا (لاهوتی و ناسوتی) پێناسەیان دەکات.[1]

## جیاوازی نێوان باوەڕی دینی و باوەڕەکانی دیکە

دابەش کردنی دنیا بە سەر دوو بیاڤدا کە یەکێکیان هەموو شتە ئاسمانی و باڵاکان و ئەوی دی هەموو شتە زەمینی و خوارووەکان دەگرنە خۆ، ئەو هێڵەیە کە باوەڕی دینی لە باوەڕەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

باوەڕی دینی بریتییە لە ئەو ئوستوورە، ئەفسانە و خولیاگەلەی کە دەرخەری جەوهەری شتە ئاسمانییەکانن. مەرج نیە ئەو دیاردەیە کە بە لاهووتی یان باڵا دەناسرێ بەڕاستی نادیار و ئاسمانی بێت، بەڵکوو بەرد، دار، کانی و هەرشتێکی دیکەش دەتوانن خاوەنی جەوهەرێکی لاهوتی بن.[2]

کردەوەکان و رێورەسمەکانیش دەکرێ جەوهەری باڵا و لاهوتییان هەبێ. تەنانەت دەڵێن هیچ کردەوەیەکی دینی بوونی نیە کە تا رادەیەک ئاسمانی و باڵا نەبێ. وشەگەلێک هەن کە تەنیا کەسانێک دەتوانن بیڵێن کە کەسانی لاهوتی بن. تەنانەت کردەوەگەلێکیش هەن کە بە هەمان شێوە تەنیا کەسانی لاهوتی (واتە دینکاران) بۆیان هەیە بیکەن.[3]

## سەرچاوەی بیری دینی

هەموو دینەکان هێندێک تایبەتمەندی هاوشێوەیان هەیە کە وا لە بیرمەندان دەکات بەدوای سەرچاوەیەکی هاوبەش بۆ هەموو دینەکاندا بن، لەو بارەیەوە دوو بۆچوونی جیاواز هەیە. یەکێک لەوانە بیردۆزی ئانیمیسم (گیان پەرستی) و ئەوی دیکە بیردۆزی ناتۆریسم (سروشت پەرستی). "هێندێک کەس دەڵێن ئانیمیسم (گیان پەرستی) یەکەمین دینی سەرەتاییە کە سروشت پەرستی تەنیا لقێک لەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە هێندێک کەسی

[1] - دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٨
[2] - دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٩
[3] - دورکیم، هەمان سەرچاوە، ص ٤٧

دیكه‌ به‌ پێچەوانەوه‌ لەو باوەڕەدان كه‌ سروشت پەرستی پێش له‌ گیان پەرستی بوونی هەبووه‌. ئەم دوو بیردۆزه‌ تاكوو ئەمڕۆ تەنیا بیردۆزگەلێكن كه‌ كەوتوونەته‌ بەر ڕوونكردنەوەی هزریی سەرچاوەی دینەكان"[1] بیردۆزێكی سێهەمیش هەیه‌ كه‌ كەسانێك وەك مەك لێنان و دوركیم وەك سەرچاوەی یەكەم دام و دەزگای دینی پێناسەی دەكەن و ناوی تووتێمیسمه‌. تووتێمیسم به‌ واتای ڕیز گرتن له‌ هەر بوونەوەر، گیا یان هەر شتێكه‌ كه‌ له‌ هۆزێكدا ڕادەیەك له‌ پیرۆزایەتی پێدەبەخشرێت و وەك پارێزەری هۆز دێته‌ ئەژمار. لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری خوێنەر دەپەرژێمه‌ سەر ئەو سێ باسه‌.

## ١- ئانیمیسم (گیان پەرستی)

چواچێوه‌ سەرەكییەكانی بیردۆزی گیان پەرستی به‌ دەستی تایلۆر دیاری كرا و سپێنسریش درێژەی پێدا. لەم بیردۆزەدا باوەڕ هێنانی مرۆڤ به‌ بوونی گیان (رۆح)، له‌ دیاردەیەكی ئاسایی ژیانی مرۆڤەوه‌ هەڵگیرساوه‌. دیاردەیەك كه‌ دوو ژیانی جیاواز و هاوتەریب بۆ مرۆڤ دەخولقێنێ و ناوی **"خەون"**ه‌. مرۆڤی سەرەتایی به‌ ئەو شتانەی له‌ خەوندا دەیان بینێ، هەر ئەوەنده‌ بایەخ دەدا كه‌ بەو شتانەی له‌ بەخەبەربووندا دەیبینێت، ئەو وادەزانێ ئەوانەی له‌ خەوندا ڕوودەدەن ڕاسته‌. بۆ نموونه‌ ئەگەر له‌ خەودا بۆ شوێنێكی دوور بڕوات وادەزانێ بەراستی ئەو سەفەرەی كردووه‌، ئەوەش ڕوو نادا مەگەر ئەوەی كه‌ بوونێكی دوو لایەنەی هەبێ، لایەنێك ئەو جەستەیه‌ كه‌ له‌ شوێنی خۆیدا خەوتووه‌ و لایەنێكیش ئەوەی كه‌ بۆ هەر شوێنێك كه‌ بیهەوێ دەڕوات. له‌ باوەڕی ئەودا ئەم لایەنه‌ دووهەمه‌ زۆر له‌ جەستەی مرۆڤ دەچێ، بەڵام هێندێك تایبەتمەندی هەیه‌ كه‌ جیاوازی پێ دەبەخشێ، یەكێك لەوانه‌ چالاكتر بوونییەتی، چونكوو دەتوانێ زۆر خێراتر له‌ لەش بجووڵێتەوه‌ و مەوداكان تێپەڕێنێت، تایبەتمەندی دیكەی چەوازی و نەرمییەتی، چونكوو بۆ دەرچوون له‌ جەسته‌ له‌ كونه‌ چووكەكانی جەسته‌ وەك لوت و زار كەڵك وەردەگرێ. ئەم دانیشتوەی جەسته‌ هەمان گیان یان ڕۆحه‌ كه‌ وەك وێنەیەكی هاوچەشنی جەسته‌ هاتووەته‌ ئەژمار.

تەنانەت وایاندەزانی كه‌ هەر كەموو كوڕییەك له‌ جەستەدا (وەك برین یان ئازار) به‌ هەمان شیوه‌ له‌ گیانیشدا هەیه‌.

[1] - دوركیم، هسەرچاوەی پێشوو، ص ٦٥

خەڵکناسەکان بینیویانە کە هێندێک لە خەڵکی ئوسترالیا دوای کوشتنی دوژمنەکەیان، قامکە گەورەی دەستی راستی دەبڕن تاکوو گیان یان رۆحەکەشی لەو ئەندامە بێبەش بێت و نەتوانێ تیر بهاوێژێ و تۆڵە بکاتەوە.[1]

هێندێک رووداوی پزیشکی وەک جەڵتە و بێهۆشی و سپاسمی ماسوولکەکان و هەرشێوە سڕ بوونی کاتی، مرۆڤی سەرەتایی بەرەو ئەو ئاکامە رێنوێنی دەکرد کە هێزی ژیان هێندێک جار بە شێوەی کاتی جەستە بە جێ دەهێڵێ. ئەو هێزی ژیانە هەر ئەو شتەیە کە ئەو بە ناوی گیان یان رۆح دەیناسێ.

بیری بوونی شتێک بە ناوی گیان لە جەستەدا و دەرچوونی ئەم گیانە لە کاتی خەودا و گەڕانەوەی، ئەو بیرەی بۆ مرۆڤی سەرەتایی دروست کرد کە مەرگیش شتێکی هاوشێوەی خەوە، بەڵام بە بێ گەڕانەوەی گیان. کاتێ کەسێک دەمرد و گیانی دەردەچوو، ئەو گیانە پاش دارزانی جەستە ئیتر بێگومان نەیدەتوانی بگەڕێتەوە و سەرگەردان دەبوو. ئەژماری ئەم گیانە سەرگەردانگەلە هەمیشە لە زیاد بووندا بوو ، تا ئەو رادەی کە مرۆڤ پێی وابوو کۆمەڵێک رۆح هەمیشە لە دەوری مرۆڤە زیندووەکاندا دەخولێنەوە. لەم باوەڕەدا ئەم رۆحگەلە پێداویستیگەلی هەستیارانەی وەک مرۆڤەکانیان هەیە و حەز دەکەن تێکەڵی ژیانی مرۆڤە زیندووەکان بن. هێندێک جار بۆ یارمەتیدانیان و هێندێک جاریش بۆ ئازار و خەسار گەیاندن بەوان. ئەم رۆحگەلە دەتوانن تەنانەت بڕۆنە ناو جەستەی زیندووەکانەوە و هەرچەشنە دەستێوەردانێک بکەن.

بەم شێوەیە هەر جۆرە رووداوێکی جیاواز و ناوادە لە رێگای باوەڕ بە رۆحەوە پاساو دەدرایەوە، ئەگەر کەسێک تووڕەیی و توندووتیژی لە رادەبەدەری بوو، ئەوە بە بۆنەی رۆحێکی خراپ بوو یان ئەگەر زۆر باش بوو رۆحێکی باش کاری تێکردبوو. لە وەها دنیایەکدا دەسەڵاتی رۆح ئەوەندە بەرین دەبێ کە لە ئاکامدا مرۆڤ خۆی لە بەندیخانەی خەیاڵێکدا دەبینێتەوە کە خۆی خولقاندوویەتی و بەرهەمی نەناسینی خۆی بووە.

دیارە دیاردەیەک کە ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێ و نەخۆشین و لەشساغی و چاکە و خراپەی مرۆڤی لە کۆنترۆڵدا بێ، دەبێ بە شێوەیەکی باش لە گەڵیدا هەڵسووکەوت بکرێ، بۆ ئەوەی کە تووڕە نەبێت و رەوتی ژیان تێک نەدات. بە پێی بیردۆزی ئانیمیسم هەموو ئەو نەزر و نیاز و قوربانی کردنانەی دینەکان لێرەوە سەرچاوە دەگرن.[2]

---

[1] - فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣١٤
[2] - دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، صص ٦٤ ـ ٧٠

بە پێی ئەو شتانەی کە بیردۆزی گیان پەرستی دەری دەخات، زۆر ئاساییە کە یەکەمین ئایینی مرۆڤ ئایینێک بێت بۆ پەرستنی گیانی مردووەکان و لەو رێگایەشەوە یەکەم رێورەسم و سرووتە دینیەکان دەبێ پێوەندییان بە چۆنیەتی ئەسپەردەکردنی مردووەکانەوە هەبێ و یەکەم قوربانییەکانیش هەر بۆ هێمن کردنەوەی رۆحی مردووەکان بێ.

ئاسەوارە مێژووییەکان تا رادەیەکی زۆر ئەو شتە پەسەند دەکەن، رێورچە و سرووتی تایبەت بۆ ئەسپەردە کردنی مردوو لە سەردەمی مرۆڤی نێئاندێرتاڵەوە بوونی هەیە، واتە مێژوویەک زیاتر لە ٦٠ هەزار ساڵی هەیە.[١]

مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی سەرەتایی هەموو شتەکان بە پێوانەی بوونی خۆی دەپێوێ، کەوابوو کاتێ بوونی گیانێکی جیاواز و بەهێزی بۆ خۆی سەلماند و باوەڕی پێهێنا، هەمان شیوە سەبارەت بە هەموو گیانلەبەرەکان و تەنانەت هەموو جیهان دەگرێتە بەر، واتە بۆ هەر شتیک جگە لە جەستە (ئەو بەشە کە دیارە و دەیبینێ) رۆحێکی نادیاریش دەخولقێنێ. لەم پێناسەیەدا هەر دیاردەیەکی سروشتی دوو لایەنی هەیە ئەوەی دەبیندرێ جەستە و ئەوەی نابیندرێ گیانیەتی. بۆ نموونە کانی یان رووبار جەستەیە و خودای ئاو رۆحی ئەو جەستەیە، یان خاک جەستەیە و خودای خاک، رۆح. لە رێگای ئەم رۆحە سروشتیانەوەیە کە هەموو جووڵانەوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی سروشت وەک شین بوونی رووەک یان جێگۆڕکێی ئەستێرەکان و زیادبوونی گیانلەبەرەکان پاساو دەدرێتەوە.

بیردۆزی ئانیمیسم یان گیان پەرستی بەو شێوە سەرچاوەیەک بۆ بیری دینی دیاری دەکات کە ریشەی لە خەو و خەیاڵدایە، ئەگەرچی هێندێک لە بیرمەندان وەک دورکیم ناتوانن ئەوە قبووڵ بکەن کە دەزگایەکی گەورە و بە تەمەن بە ناوی دین لە خەیاڵە نارِوونەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت و ئەو باسەی تایلۆر بە دروست نازانن، بەڵام ئەگەر تەمەنی بوونی مرۆڤ لە سەر زەوی لە بەرچاو بگرین کە زۆر کۆنە[٢]، دەتوانین بڵێین ئەو شتەی تایلۆر دەیڵێ دەتوانێ تووی سەرەکی ئەم دارە گەورەیە بێت کە ئەمرۆ ناوی دینە و بە دەیان و بەڵکوو سەدان و هەزاران لق و پۆپی لێ جیا بووەتەوە .

---

[١] - گاربارینو، مروین؛ نظریه های مردم شناسی؛ ترجمه عباس محمدی اصل، تهران: مؤسسه انتشارات آوای نور، ١٣٧٧. ص ٦٢

[٢] - جۆری نێئاندێرتال ٦٠ هەزار ساڵ لە سەر زەوی ژیاوەو پێش لەو جۆرەش جۆرەکانی دیکە کە سەلەفی مرۆڤی ئەمڕۆیی دێنە ئەژمار بوونیان هەبووە کە تەمەنی ژیانی مرۆڤ دەگەیەنێت بە چەند ملیۆن ساڵ

## ٢ـ سروشت پەرستی

جیاوازییەکی قووڵ هەیە لە نێوان شێوەی کاری بیرمەندانی باوەڕمەند بە گیان پەرستی کە زیاتر مرۆڤناسەکان بوون و سەرچاوەی کاریان مرۆڤی سەرەتایی و هۆزە بە دوور لە شارستانییەتەکان بوو، لە گەڵ بیرمەندانی باوەڕمەند بە سروشت پەرستی کە بنەمای کاری خۆیان لە سەر ناسینی شارستانییەتە گەورەکانی ئۆروپا و ئاسیا داناوە. بیردۆزی سروشت پەرستی وەک سەرچاوەی بیری دینی قەرزداری ناسینی ئوستوورە هیندوئورووپییەکان و بەتایبەت دۆزینەوەی دەقی وێداکان veda و دەقە دینییەکانی هیندییەکان بوو. دوای خوێندنەوەی ئەو دەقگەلە، بۆ ئوستوورەناسەکان دەرکەوت کە لێکچوونێکی ئێجگار زۆر و سەرسوڕ هێنەر لە نێوان ئوستوورەکان و تەنانەت وشەکانی هیندیی و ئورووپیدا هەیە. ئەو وێکچوونانە بوو بە بەردی بناغەی بیردۆزێک کە ماکس موولێر گەورەترین نوێنەری بوو.

موولێر بە پێچەوانەی باوەڕمەندان بە ئانیمیسم سەرچاوەی بیری دینی لە خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤدا نازانێت و پێی وایە دین لە سەرەتاوە خۆی وەک ئەزموونێکی دیاریکراوی تایبەت ناساندووە و دەڵێ: دین دەبێ وەک هەر ناسینێکی دیکەی مرۆڤ لە ئەزموونێکی هەستیارانەوە سەرچاوەی گرتبێ. موولێر بە پاڵپشتی دروشمی کۆنی فەلسەفەی ئەزموونی دەڵێ: هیچ شتێک لە هزری ئێمەدا بوونی نیە کە پێش لەوە لە هەستی ئێمەدا نەبووبێ، ئەو دروشمە سەبارەت بە دینیش بەکاردەهێنێت و دەڵێ: هیچ شتێک لە ئیمانی ئێمەدا نیە کە پێش لەوە لە هەستی ئێمەدا نەبووبێ.

بەڵام ئەو هەستەی کە پێکهێنەری بیری دینییە کامەیە؟ ماکس موولێر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە روو لە دەقی وێداکان دەکات و روونی دەکاتەوە کە ناوی خودایان لە دەقە وێداییەکاندا زیاتر ناوگەلیکی گشتین و ئاماژە بە دیاردەگەلی سروشتی دەکەن. بۆ نموونە "ئاگنی" ناوی یەکێک لە خودایانی هیند، لە سەرەتادا بە واتای خودی ئاگر بووە، ئەو ناوە لە زمانەکانی لاتینی ئیسلاوی و زۆرینەی زمانە ئورووپییەکاندا بە گۆڕانێکی کەمەوە بە هەمان مانای ئاگر ماوەتەوە. ماکس موولێر لەم دیاردەیە بەو ئاکامە دەگات کە ئەم وشە جیاواز و هاوریشەگەلە دەرخەری بوونی خوداوەندییەتێکی هاوبەشن کە نەتەوە هیندووئورووپییەکان پێش لە دابڕانیان لە یەکتر، هەر بەو ناوە ناسیویانە. دیائوسی سانسکریت هەمان زیئوسی یۆنانیە کە گەورەترین خودایە، دیائوس لە سانسکریتدا بە

واتای ئاسمانە، باوەڕماندان بە سروشت پەرەستی بە پاڵپشتی ئەم نموونەگەلە (کە زۆر زۆریشن) دەڵێن هێزەکان و دیاردەکانی سروشت لە لای ئەو نەتەوەگەلە کە باسیان لێوە دەکرێ (واتە نەتەوە خاوەن شارستانییەتەکان) یەکەم شتانێک بوونە کە هەستی دینییان لە مرۆڤدا دروست کردووە.

موولێر دەڵێ: بینین و چاو کردن لە سروشت بۆ سەرهەڵدانی بیری دینی لە مێشکی مرۆڤدا بەسە و پێی وایە بۆ مرۆڤی سەرەتایی هیچ شتێک بە قەدەر خودی سروشت سەر سووڕهێنەر و لە هەمان کاتدا خۆفناک نەبووە. سروشت بۆ مرۆڤ موعجیزەیەکی بەردەوام بووە کە بۆ دەستەمۆ کردن یان رازی کردنی هێزەکانی، رووی لە دەزگای دین کردووە.

مرۆڤ بۆ روونکردنەوەی ئەو هەستە ئاڵۆزە کە بەرانبەر بە سروشت هەیبووە ناچار بووە لە سەر ئەو چەمکانە بیر بکاتەوە. بەڵام هیچ چەمکێک بە بێ وشە مانای نیە. زمان تەنیا پێستێکی دەرەکی بۆ هزر نیە، بەڵکوو ئێسکیەتی. مرۆڤ لە رێگای وشەکانەوە جیاوزی لە نێوان شتەکان و دیاردەکاندا دادەنێت و دەتوانێ هەستەکانی خۆی و بیرەکانی پۆلێنبەندی بکات. هەر بۆیە زمان لە لای موولێر رۆڵێکی یەکجار گرینگی هەیە و ئەم بیرمەندە دینناسی و ئوستوورەناسییەکەی خۆی دەبەستێتەوە بە زمانناسییەوە و لە رێگای وێکچوونی ریشەی وشەکانەوە، دیاردە دینییەکانی نەتەوە جیاوازەکان پێناسە و شرۆڤە دەکات. لەم روانگەیەدا هەستی دینی بەستراوی دیاردەکانی سروشت و بیری دینی بەستراوی زمانە.[1]

## ٣- تووتێمیسم

ئەگەرچی ئانیمیسم و سروشت پەرستی هەرکامیان وەک سەرچاوەی بیری دینی لە لایەن هێندێک لە دینناسان و لێکۆلەرانی بواری دینەوە دەناسرین بەڵام هیچکام لەوانە پێکهاتە یان دامەزراوەیەکی دینی (بەو پێناسەیە کە لە دین کرا) نایەنە ئەژمار، چونکوو یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دین واتە کۆکردنەوەی مرۆڤەکانیان تێدا نیە. دەتوانین بڵێین ئانێمیسم و سروشت پەرستی یەکەم ئەزموونەکان و یەکەم هەنگاوەکانی مرۆڤ بەرەو پێکهێنانی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت، بە ناوی دین بوون. بەڵام تووتێمیسم کە

[1] - دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، صص ٩٧ - ١١٢

ئێستا باسی لە سەر دەکەم هەڵگری هەموو ئەو تایبەتمەندیگەلەیە کە دینێک دەبێ هەبێتی و بە واتایەکی دیکە یەکەم رواڵەتی دین لە شێوەی تووتێمیسمدا دەرکەوتووە و ئەو دامەزراوەیە کاریگەری زۆر و بەرچاوی لە سەر دینەکان و ئایینەکانی پاش خۆی هەبووە.

## وشەی تووتێم

تووتێم وشەیەکە کە تاکەکانی هۆزی ئۆجیبوی[1] بۆ پێناسەی ئەو جۆرە لە گیانلەبەر یان گیا یان هەرشتێکی سروشتی دیکە کە هۆز بەناوی ئەوەوە دەناسرێ کەڵکیان لێ وەردەگرت.[2]

لە دەستەواژەی مرۆڤناسیدا تووتێم بە واتای شتی پیرۆز و جێگای ریزەو تووتێمیسم واتە رێزگرتن و ئیمانی تایبەتی هەموو تاکەکانی هۆز بەرانبەر بە هێندێک گیانلەبەر یان گیا کە بە باوەری ئەوان پشتیوانی هۆزە.[3]

دورکیم لەو بارەیەوە دەڵێ ئەو شتانەی کە بۆ دیاری کردنی شوناسی بە کۆمەڵی هۆز یان خێل کەڵکی لە وەردەگیرێ پێی دەڵێن تووتێم.[4]

## پێناسەی تووتێمیسم

تووتێمیسم بە پێی ئەوەی کە کۆنترین دامەزراوەی کۆمەڵگەی مرۆییە، کۆنترین سیستمی دینیش دێتە ئەژمار. مەک لێنان لە وتارێک بە ناوی پەرستنی گیانلەبەران و گیاکان رایدەگەیەنێ کە تووتێمیسم قۆناخێکی سەرەتایی لە دیندایە کە هەموو دینە سەرەتاییەکان تێیانپەراندووە و لە ئاکامدا دەڵێ کە تووتێمیسم هەمان بت پەرستییە[5] ئەو نە تەنیا دین بوونی تووتێمیسمی روونکردەتەوە بەڵکوو دەرخەری ئەوەش بوو کە کۆمەڵێک لە باوەر و کردەوە لەم دینەوە خزاوەتە ناو دەزگا دینیە پێشکەوتووەکانەوە.

---

[1]- خێڵی ئۆجیبوا خێڵێکی سورپێست لە ناوچەی گۆلە گەورەکانی ئەمریکای باکور بووە. ئەم خێڵە لە ٥ هۆزی تووتێمی پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە ١- ماسی ٢- قورینگ ٣-سۆنە ٤-ورچ ٥- کەڵی باکوور (وایزمن، بوریس؛لوی استروس(قدم اول)؛ ترجمە نورالدین رحمانیان، ١٣٧٦. ص٣٨)

[2]- دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣٥

[3]- زمردی، حمیرا؛ نقد تطبیقی ادیان و اساطیر؛ تهران: زوار،١٣٨٢. ص ٣٢١

[4]- دورکیم، هەمان سەرچاوە، ص ٢١٢

[5]- مقصودی، منیژە؛ انسان شناسی خانوادە و خویشاوندی؛ تهران: شیرازە،١٣٨٦ص ٢٣٥

مەک لێنان یەکەم کەس بوو کە بە دڵنیاییەوە تووتێمیسمی وەک پێکهاتەیەکی دینی و سەرچاوەی هەموو سرووتە دینییەکان پیناسە کرد، ئەگەرچی هێندێک جار زێدەڕۆیی کردووە بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە هێندێک لە سرووتە دینییەکانی دینە پێشکەوتوەکان بێگومان بۆنی تووتێمیسمیان لێوە دێت،( پێشینەی تووتێمیی قوربانی کردن نموونەی ئەو شتەیە کە لە هەموو دینە گەورەکاندا مێژووی هەیە). "تووتێمەکانی هەر هۆزێک هەمان رۆڵیان گێراوە کە دواتر گوازراوەتەوە بۆ خوداکان"[١]

بەڵام پێوەندی نێوان تاک و تووتێم هەرگیز لە پێوەندی نێوان دیندار و خوداکەی ناچێ، بەڵکوو پێوەندییەکی هاوسەنگ و هاوتەرییە، "ئەمە هەڵەیەکی بنەمایيە کە کاتێ باس لە تووتێم دەکەین وەک خودا پێناسەی بکەین و پیمان وابێ کە لە لایەن هۆزەوە پەرەستوویانە. لە هەر شوێنێکدا نموونەی پەرەستنی تووتێم هەبێ بێشک ئەوە نیشانەی لە ناو چوونی تووتێمیسمی راستەقینەیە."[٢]

واتە هەرکات لە گەڵ پەرەستنی گیانلەبەر، گیا یان هەر دیاردەیەکی سروشتی بەرەوڕوو دەبین، دەبێ بزانین کە لە تووتێمیسم زۆر دوور بووینەتەوە، چونکوو ئەگەرچی تووتێمیسم سیستمێکی تا رادەیەک دینی و هەڵگری زۆربەی تایبەتمەندییەکانی سیستمی پیرۆز یان موقەدەسە، بەڵام هێزی رەهای مێتافیزیکی بەناوی خودا لەم سیستمەدا بوونی نیە.

لە هۆزێکی تووتێمیدا، تووتێم هاوخوێن و تەنانەت هاورەگەزی تاک دێتە ئەژمار و هەرچەندەش پیرۆز و جیاواز بێت، بەڵام ناتوانێ پێگەی خواوەندی هەبێ. تووتێم باپیری هۆزە و ریزگرتن لە ئەو لە شیوەی ریزگرتن لە سەرۆکی هۆزە. بەڵام بوونی هێندێک سرووت و رێورەسمی ئایینی و هەبوونی هێندێک تابۆی رەها لە گەڵ پیرۆزی و ریزگرتن لە تووتێم، هەموویان پێکەوە سیستمێک پێک دێنن کە دینی دەنوێنێ.

## یاسا دینییەکان ( تابۆ)

تابۆ ناوێکە بۆ هەر چەشنە قەدەغەیەکی دینی و ئایینی، تابۆ بەرانبەری وشەی **"حەرام"**ی عەرەبییە، بە هەمان تایبەتمەندییەوە. واتە هەم بۆ شتانی پیس و سپڵۆت و نەگەتیڤ بەکار دەچێت، هەم بۆ شتانی پیرۆز. لە عەرەبییدا کردەوەی حەرام وەک خواردنی گۆشتی بەراز یان خوێن و شتانی دیکە بە "حەرام" دەناسرێت و لە هەمان کاتدا مسجدالحرام یان مانگە

[١] - دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١٠
[٢] - رید، اولین، انسان در عصر توحش؛ ترجمە محمود عنایت؛ تهران: انتشارات هاشمی، ١٣٦٣.ص ٧٤

حەرامەکانیش هەیە، ئەوە دوولایەنە بوونی وشەی حەرام نیشان دەدات کە رێک وەک وشەی تابۆ وایە.

تابۆ سەرەکییەکانی پێکهاتەی دینی بە دوو بەش دابەش دەکرێن. بەشێکیان پێوەندییان بە خواردنەوە هەیە بەشێکیشیان پێوەندییان بە کردەوەی سێکسییەوە هەیە. لە هەموو دینەکاندا ئەوەی وەک تابۆ دێتە ئەژمار لەم دوو بەشە بەدەر نیە. لێرەدا هەر کام لەم دوو تابۆ سەرەکییە دەخەمە بەرباس.

## تابۆی خواردن

بۆ ئەوەی کە بزانین تابۆی خواردن لە کوێوە هاتووە دەبێ، بگەڕێنەوە بۆ یەکەمین و کۆنترین دامەزراوەی دینی لە مێژووی مرۆڤدا، کە هەمان توتێمیسم یان توتێم پەرستییە. توتێم پەرستی یەکەم یاسا کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە سەر چۆنیەتی هەڵسووکەوت لە گەڵ توتێم (کە زیاتر گیانلەبەرێک بوو) دانا. لەم یاسایەدا کوشتن و خواردنی گیانلەبەری توتێمی تابۆیەکی نەگۆڕە. ئەم جۆرە یاساگەلە سەرەڕای لایەنی ئایینی، رۆڵێکی بەرچاویان لە جیاوازی بەخشین لە نێو هۆزەکان و خێڵەکاندا هەبوو.

بە باوەڕی ئێڤلین رید پێکهاتەی کۆمەڵگەی توتێمی و ئەو سنوورگەلەی کە هۆزێکی توتێمی لە دنیای دەورووبەری خۆی جیادەکەنەوە، هەمان یاسا پێوەندیدارەکان بە تابۆی خواردنن کە بە مەبەستی سنووردانان لە نێوان ئەو شتانە کە خوراردنیان قەدەغەیە لە گەڵ شتانی دیکە کە خواردنیان رەوایە، پەسەند دەکرێن. ئەوانەی کە لە یەک هۆز یان خێڵ بوون و لە یەک گرووپدا دەژیان، خزم، واتە مرۆڤ بوون و کوشتنیان قەدەغە بوو، بەڵام ئەوانەی دەرەوەی هۆز بێگانە بوون و هەربۆیە بە مرۆڤ نەدەهاتنە ئەژمار و کوشتن و خواردنیشیان رەوا بوو. [1]

بە پێی یاسای توتێمی راو و کوشتن و خواردنی توتێم تابۆیەکی یەکجار جیددی و توندە کە لادان لەو تابۆیە هێندێک جار سزای کوشتنی بەدواوە بووە. بەڵام هەمان کردەوە (واتە کوشتن و خواردنی توتێم) ئەگەر بە شیوەی ئایینی و بە کۆمەڵ بێ رەوا و تەنانەت پێویستە.

[1] - رید، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٠٣

یاسای قەدەغە بوونی گۆشتی گیانلەبەری تووتێمی لە رەوتی مێژوودا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر رواڵەتی خۆی گۆڕی، بەڵام هەرگیز بەتەواوی لە ناو نەچوو و هاتە ناو پێکهاتەی دینەکانی دیکەشەوە.

لە ئایینەکانی یەهوود و ئیسلام و هیندوودا هێندێک گیانلەبەر هەن کە خواردنیان قەدەغەیەکی جیددییە. لە کن هیندووەکاندا کوشتن و خواردنی کەڵەگا قەدەغەیە و لە لای موسڵمانان و یەهوودییەکاندا خواردنی گۆشتی بەراز هەر بەو شێوە تابۆیەکی جیددی دێتەئەژمار.

قەدەغە بوونی کەڵەگاو هەروەها بەراز پێوەندییان بە ئایینە کۆنەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە. لە ئایینی پەرەستنی ئیزیس لە میسردا کەڵەگا گیانلەبەری پیرۆز و تابۆیە و لە ئایینی پەرەستنی ئاتیس لە فریگیە (تورکیەی ئەمرۆ و بەشێک لە سوورییە)دا بەراز وەها رۆڵێکی هەبووە[1]. پەیرەوانی ئایینی ئاتیس لە فریگیەدا گۆشتی بەرازیان نەدەخوارد، چونکوو بەرازیان وەک خودی ئاتیس دەبینی. لە شاری گەورە و دینیی هیرۆپۆلیس (حەلەب) لە کەناری فوراتدا، بەراز قوربانی نەدەکراو نەدەخورا و ئەگەر کەسێک دەستی لێ بدایا پیس دەبوو. هێندێک کەس دەیانگوت نابێ بخورێت و دەستی لێ بدرێت چوونکو ناپاک و پیسە، هێندێکی دیکە دەیانگوت ناخورێ چونکوو پیرۆزە. لە لای یەهوودیەکانیش هەروایە بەراز ناخورێت و لە هەمانکاتیشدا نابێ بکوژرێت. واتە بە روونی دیار نیە ئەو گیاندارە لە لایان پیرۆز بووە یان پیس.[2] بەڵام دیارە هەموو گیانلەبەرەکان کە ئێستا وەک پیس یان سپڵۆت دەناسرێن لە سەرەتادا پیرۆز بوونە.

بۆ مرۆڤی سەرەتایی جیاوازی نێوان پیرۆز و سپڵۆت زۆر نەبووە. پیس ئەو مانایە کە ئێستا لە پێناسەی پاک و خاوێنیدا هەیەتی نەیبووە، بەڵکوو بەستراوی چەمکی پیرۆزی بووە. شت یان کەسی پیرۆز لە باوەڕی مرۆڤی کۆندا هێزێکی تایبەتی هەیە کە دەتوانێ ببێتە هۆی مەرگ و لەناو چوونی مرۆڤی ئاسایی. روانینی راستەوخۆ بۆ پاشا، بەکارهێنانی ئەو کەرەستەی خواردنە کە ئەو بەکاری هێناوە، یان دەست سوان بە ئەودا دەبێتە هۆی نەخۆشین یان تەنانەت مەرگی مرۆڤ. شاردنەوەی پاشا یان شتە پیرۆزەکانیش لەوێوە هاتووە و بۆ پاراستنی مرۆڤی ئاسایی لە مەرگ بووە. پاشا لەو دیوی پەردەوە لە

---

1- لە بەشی ئوستوورەدا بە شێوەیکی چڕ و پڕ پەرژاوەمەتە سەر ئەو ئایینگەلە

٢ - فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٣٠

گەڵ خەڵکدا دەدوێ بۆ ئەوەی روانین لە روخساری ئەو دەبێتە هۆی مەرگی مرۆڤی ئاسایی.

لە هێندێک لە وڵاتەکان(بۆ نموونە لە یابان)دا ئەو قاپەی پاشا(میکادۆ) تێدا خواردن دەخوا لە گڵێنە دروست دەبێ و دوای هەر ژەم دەبێ بشکێ و لەناو بچێ و بۆ ژەمی دیکە قاپی نوێ دروست بکرێ![1] ئەوە ئاکامی ئەو ترسەیە کە لە هێزی لەناوبەرو رووخێنەری پاشا هەبووە. ئەو ترس و خۆپاراستنە لە پیرۆزایەتی بەتایبەت سەبارەت بە گیانلەبەرە پیرۆزەکان بووەتە هۆی خۆ پاراستن لەو شتانە کە دواتر ئەو خۆ پاراستنە مانای پیس بوون یان سپڵۆت بوونی گرتووە.

لەم روانگەیەدا هەم سپڵۆت بوون و هەم قەدەغە بوونی گیانلەبەرێک وەک بەراز لە بنەڕەتدا بنەمای پیرۆزایەتی هەیە و قۆناخی پاش پەرەستنی ئەو گیانلەبەرەیە. بەراز بە هۆی ئەوەی لە لای باوەڕمەندان بە ئاییني ئاتیسەوە پیرۆز بووە، هەر وەک پاشای یابان پارێزی لێکراوە و بە هۆی یاسا تووتێمییەکان خواردنی قەدەغە بووە، دواتر ئەو پارێز و قەدەغەیە وەک سپڵۆت بوون و حەرام بوون مانا کراوەتەوە.

لە واقیعدا قەدەغەبوونی هێندێک گیانلەبەر لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان یاساگەلی تووتێمی کە بەرە بەرە گوازراوەتەوە بۆ ئایینە کۆنەکان و لەوێشەوە هاتووەتە ناو دینە تازەکان. بەڵام هەر ئایینێک، خوێندنەوە و پاساودانەوەیەکی جیاوازی بۆ ئەو قەدەغەگەلە هەیە، واتە کردەوەکە هەر وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئوستوورە پێوەندیدارەکەی رواڵەتی گۆڕاوە و ئەو کردەوەیە لە چوارچێوەی بیرێکی دیکەدا و بە شێوەیەکی دیکە هەناسە دەدات.

## تابۆی سێکسی

تابۆی هەرە گرینگی دیکەی کۆمەڵگەی سەرەتایی کە گوازراوەتەوە بۆ چوارچیوەی دینەکان تابۆی سێکسی و یاسا پیوەندیدارەکان بە جووت بوون و هاوسەر گیرییە. هەر وەک لە بەشی تابۆی خواردندا باس کرا تابۆی سێکسیش یەکەم رەنگدانەوەی لە کۆنترین پێکهاتە دینییەکان واتە تووتێمیسدایە.

لە کۆمەڵگەی تووتێمیدا ئەندامانی هەر خێڵێک کە تووتێمی هاوبەشیان هەیە خزمی نزیک و هاوخوێن و ئەندامی بنەماڵەیەک دێنە ئەژمار و ژنان و پیاوانیان بۆیان نیە لە

[1] - فریزر، هەمان سەرچاوە، ص ٢١٦

گەڵ یەک نە هاوسەر بن و نە بە هیچ شێوەیەک پێوەندی سێکسییان هەبێ. یاسای هاوسەر گیری لە دەرەوەی خێڵی هاو تووتێم ئەوەندە گرینگ بووە کە لادان لەو یاسایە زۆر جار سزای مەرگی بەدواوە بووە.

تابۆ سێکسییەکان سەرەتا بەو بۆنەوە پێکهاتن کە لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا هاوسەرگیری و بنەماڵە بەو شیوەیە کە ئەمڕۆ دەناسرێ، بوونی نەبوو و هەموو خێڵ پێکەوە دەژیان و پێداویستییەکانی ژیانیان پێکەوە دابین دەکرد و کاری پەروەردەی منداڵیش کارێکی هاوبەش بوو کە ئەرکەکەی لە ئەستۆی هەموان بوو. پیاوان زۆربەی کات منداڵی خۆشکەکانی خۆیانیان بەخێو دەکرد و رۆڵی برای ژن، رۆڵێکی گرینگ لە ژیاندا بوو و کارەکانی گەورەی خێڵ واتە ژن سالاریش، لە لایەن براکانیەوە جێبەجێ دەکرا.

لە وەها کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر یاسای قەدەغە بوونی هاوجووتی لە گەڵ هاوخێڵەکاندا نەبوایە ژنان بەردەوام هەڕەشەی دەستدرێژی و ئازاریان لە سەر بوو، بۆیە کۆمەڵگەی سەرەتایی کە کۆمەڵگەیەکی ژن سالار بوو، ئەو یاسایەی بۆ پاراستنی ئاسایشی ژنان دیاری کرد.[1]

لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی کێشەی جۆراوجۆر و ئەگەری هەمیشەیی شەڕ و پێکدادان، بوونی پێوەندی و یەکگرتوویی بۆ خێڵە دراوسێکان شتێکی گرینگ و هەستیار بوو. ئەو خێڵگەلەی کە پێوەندی هاوسەرگیرییان پێکەوە بوو، زۆر بە دەگمەن دەبوون بە دوژمنی یەکتر و لە کاتی تەنگانەدا دۆست و هاوپەیمان دەهاتنە ئەژمار. هەر بۆیە یاسای هاوسەرگیری لە دەرەوەی خێڵ، پەرەی بە پێوەندییەکانی خێڵ دەدا و هێزی بەرگری بتەو دەکردەوە. کۆی ئەو خێڵگەلە کە پێکەوە پێوەندی هاوسەرگیرییان هەبوو پێکهێنەری هۆز بوون و هەرچەندە ژماری ئەو خێڵگەلە زیاتر بوایە هۆز گەورەتر و دیارە بە هێزتریش دەبوو. هۆزەکانیش بەهەمان شێوە، واتە لە ریگای هاوسەرگیری لە نێوان دوو هۆز (بەتایبەت لە نێوان سەرکردەکانی دوو هۆز)دا بەرەیەک پێک دەهات کە بۆ هەردوولایەن قازانجی هەبوو و دەبووە هۆی پەرەسەندنی پێوەندیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاسایشی زیاتر بۆ هەردوو لایەن و بەهێز بوونی هێزی بەرگری لە کاتی بەرەورووبوون لە گەڵ دوژمنێکی دەرەکیدا.

ئەو یاسا و قەدەغە سێکسییە کە بەستراوی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەی سەرەتایی بوو، بە هێندێک جیاوازییەوە هاتە ناو پێکهاتەی دینە تازەکان، ئەو دینگەلەی کە لە کاتی

[1] ـ رید، اولین، انسان در عصر توحش، ترجمه محمود عنایت؛ تهران: انتشارات هاشمی،١٣٦٣

سەرهەڵدانیاندا شێوەی پێکهێنانی بنەماڵە گۆڕا بوو و ئەم بنەماڵە ناوکییەی ئێستا لە جێی بنەماڵە گشتی و گەورەکانی سەردەمی مێوەجاغی سەقامگیر ببوو. لە دینی یەهووددا پیاو بۆی نیە ژیانی هاوسەری لە گەڵ دایک و خۆشک و برازا و خۆشکەزا و پوور و نەوەی خۆیدا پێک بێنێ. دیارە پێش لەو یاسایە و بە پێی دەقی تەورات هاوسەری نێوان خۆشک و برا شتێکی باو و ئاسایی بووە[١] . بەڵام دواتر لە دینی یەهووددا ئەوە قەدەغە کراوە. ئەگەرچی ئەو قەدەغەگەلە لە بەردەم پیاوانی یەهوودیدا دانرا, بەڵام پێش بە زۆر بوونی پێوەندی سێکسی پیاو نەگیرا و پیاو لە دینی یەهووددا دەتوانێ بەدەر لەوانەی کە گوترا هەرچەندە پێی خۆشە هاوسەری هەبێ.

## رۆڵی سێکس وەک کردەوەیەکی پیرۆز لە ئوستووره و دیندا

یاسا توند و تۆڵەکانی دین بە نیسبەت سێکسەوە دەرخەری گرینگی سێکس وەک هێزی زیاد بون و ژیان، لە پێکهاتەی دین و ئاییندایە، لە زۆربەی هەرەزۆری دینەکاندا کردەوەی سێکسی رۆڵی گرینگ و بەرچاوی هەیە. لە سەردەمی هەبوونی ژن-خوداکاندا ئەو ئەرکە واتە ئەرکی زیادکردن و پیت بەخشین بە ژیان، لە ئەستۆی ژناندا بوو، لە سەردەمی پێغەمبەرەکانی ئیسرائیل کە بەردی بناغەی تاک پەرەستی و پیاوسالارییان دانا ئەو ئازادی و بەرەڵاییەی ژنە پیرۆزەکان(کە لە شوێنی خۆی دا بە وردی ئاماژەی پێدەدەم) دەگوازرێتەوە بۆ پیاوە پیرۆزەکان(واتە پێغەمبەرەکان) هەر لەو رێگاشەوە دەگات بە پێغەمبەری ئیسلامیش. دەقی تەورات لێوانلێوە لە بەرەڵایی و ئاڵۆش پەرەستی پێغەمبەرانی یەهوود.

ئەو شتە زیاتر لەوەی کە هەوەسبازی پیاوەکانی ئیسرائیل نیشان بدات، دەرخەری رۆڵی سێکس لە پێکهاتەی دیندایە. ئەگەرچی خۆدی دین هەرگیز دان بەوەدا دانانێ و بە کردەوەیەکی شەیتانی دەیناسێنێ، بەڵام لە کۆی ئەو دەقگەلەی کە ناوی دەقی دین یان شرۆڤەی دینیان لە سەرە، بەردەوام باسی هێزی سێکسی پیاوە پیرۆزەکان دەکرێ، بۆ نموونە یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی پێغەمبەری ئیسلام کە سیرە نووسەکان

---

[١] سارەی هاوسەری ئیبراهیم خۆشکیەتی و هەروەها لە ناو ئایینی زەردەشتیش دا هاوسەریی نێوان خۆشک و برا قەدەغە نەکراوەو پاشاکانی ئێران زۆربەیان لە گەڵ خۆشکانی خۆیان هاوسەرییان کردووە پێیان وا بووە کە بەو شێوە خوێنی پاشایەتی خاوێن دەمێنێتەوەو تێکەڵ بە خوێنی بێگانە نابێت . لە پاشاکانی ئێران کە خۆشک و هاوسەرێکی ناودار و بەتوانای هەبووە داریووشە کە لە گەڵ پرۆشاتی خوشکیدا هاوسەری کردووە

باسیان لێوە کردووە هێز و توانای سەرسووڕ هێنەری محەممەد لە باری سێکسیەوەیە. ئەوە دەرخەری بەکگراوندی پیرۆزیی کردەوەی سێکسی لە ئایینە کۆنەکاندایە.
دین گێرانەوەیەکی دیکە لەو ئایین و ئوستوورەگەلەیە، ئەو ئوستوورەگەلەی کە چۆنیەتی پێکهاتنی دنیا و بەڕێوەچوونی باس دەکەن. ئینسانی سەرەتایی بۆی دەرکەوتووە کە هەرشتێک کە چێ دەبێ، لە تێکەڵ بوونی دوو شتی دیکە پێک دێت. واتە خولی ژیان و ڕەوتی سروشت کە لە سەر هاتنە دنیا و لە ناوچوونی بەردەوامی گیانلەبەرەکان بنیات نراوە، لە ڕەوتی زیادبوونەکەیدا هەمیشە پێویستی بە تێکەڵ بوون هەیە. تێکەڵ بوونی دوو هێزی نێر و مێ کە بوونەوەرەکانی ئەم زەمینە بەرهەمی ئەو تێکەڵ بوونەن. هەر بۆیە بۆ شرۆڤەی چۆنیەتی پێکهاتنی دنیا بەردەوام باسی تێکەڵ بوونی ئەو دووهێزە دەکات و جووت بوونی دوو مرۆڤ یان دوو خودا قسەی یەکەمی هەموو ئوستوورەکانە. هەر بۆیە جووت بوون بۆ مرۆڤ وێڕای گرینگ بوونی بە هۆی پاڵنەرە فیزیولۆژیکییەکانیەوە، گرینگی جەوهەری هەیە و پێوەندیی نزیکی لەگەڵ مانەوە و ژیانی ئەودا هەیە.
ئوستوورە و دین ناتوانن لە داستانی جووت بوونی خوداکان و مرۆڤەکان بەتاڵ بکرێن، چونکوو ئەوە بنەمای پێکهاتن و بەردەوامیی ژیانە. بەڵام ئەو شتەی کە لە چوارچێوەی دین و ئاییندا ڕوو دەدات و دەبێت بە خاڵێکی نگریس و ڕەش لە سەر ڕوومەتی مێژووی مرۆڤ، ئەوەیە کە سێکس و جووت بوون دەبێت بە ئامرازی هەوسبازی کەسانیک( وەک پیاوە پیرۆزەکان و پەیغەمبەرەکان و دوای ئەوانیش پیاوانی ئاسایی) کە ئازاری کەسانی دیکەو چەوسانەوەی ئەوانی بەدواوەیە.

## دین و دەسەڵات

پێوەندیی دین لە گەڵ دەسەڵاتدا پێوەندییەکی جەوهەرییە و دین بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە و بە هۆی ئەوەی کە یەکەم دامەزراوەیەکە کە دیسیپلین و نەزم بۆ کۆمەڵگە دیاری دەکات، ناتوانی خۆی لە سەرەکیترین ڕۆڵی کۆمەڵگە و ئەو نەزمەی خۆی پێکیهێناوە واتە بەڕێوەبەری و سەرۆکایەتی بێبەش بێت. بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە هێندێک لە سێکولارەکان یان دیندارە سێکولارەکان دەڵێن، دین و دەسەڵات لە ناخی خۆیاندا لێک جیا نابنەوە و پێوەندی قووڵیان هەیە و دین تەنیا کاتێک لە دەسەڵات جیا دەبێتەوە کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی توابێتەوە و لە فۆرمی ڕەسەنی خۆی کەوتبێ، یان بوونی بە گشتی بێمانا بووبێت. کۆمەڵگەی مرۆیی ئەگەرچی لە سەر بنیاتی دینە

سەرەتاییەکان دامەزرا، بەڵام پاش ئەوەی کۆمەڵگە گەشەی کرد و ئیمپراتوورییە گەورەکان سەریان هەڵدا، رۆڵی دین وەک بەردی بناغەی پێکهاتنی کۆمەڵگە کەمرەنگ بوو و دامەزراوەی حکوومەت جێگای دامەزراوەی دینیی لە باری رێکخستنی کۆمەڵگەوە گرتەوە و دین کەوتە پەراوێزی حکوومەتەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دینکاران دەماری کۆمەڵگەیان لە رێگەی هەست و ترسە دینییەکانەوە گرتبووە دەست، حکومەتەکان هیچکات بە تەواوی هەوڵی سڕینەوەی ئەوانیان نەدا و دامەزراوەی دین هاوتەریب لە گەڵ دامەزراوەی حکوومەتدا پێگەی خۆی هەبوو و پیوەندیی زۆر و بەرچاوی لە گەڵ حکوومەتدا پێکهێنا بوو.

ئەو پێوەندییە بەو شێوەیە بوو کە دینکار رەوایی بە دەسەڵاتی پاشا دەبەخشی و ئەویش لە بەرانبەردا پشتیوانی ئابووری لێدەکرد و بۆ سڕینەوە و سەرکوتی دژبەرانی یان بەربەرەکانی لە گەڵ دینەکانی دیکە کە دەیانویست سەر هەڵبدەن، یارمەتی دەدا.

دامەزراوەی دینی و دامەزراوەی سیاسی ئەگەرچی هیچکامیان هیچکات لەو هاوکارییە ناچارە بە تەواوی رازی نەبوون و کێشەی زۆریان پێکەوە هەبوو و زۆرجار دەستتێوەردانی کاری یەکتریان بە مەبەستی بەرتەسک کردنی هێزی یەکتر دەکرد، بەڵام ژیانی هاوبەشیان هەتا سەردەمی رێنێسانس درێژەی هەبوو. لەو سەردەمەدا و پاش گۆڕانکارییە بنەماییەکانی بیری مرۆڤ بوو، کە رێگای دین و دەسەڵات لە یەک جیا بووەوە، گەشەی خێرای زانستی مرۆڤ و گۆڕانکاری قووڵ لە بیر و باوەڕی ئەودا و جووڵانەوەی مەزنی ناسینی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و لەوانە دین، بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کارتە براوەی کە بە درێژای مێژوو لە دەستی دیندا بوو، واتە دەستداگرتن بە سەر هەستی مرۆڤ و کۆنترۆڵی ئەو لە رێگای ترس وەبەرنانی دینییەوە، لە دەستی دەربچێت و ئەو پێگەی پێشووی نەمێنێ.

سەرەڕای هەوڵەکانی لایەنگران و دڵسۆزانی دین کە هەوڵیان دەدا لە رێگای رێفۆرمی دینیەوە وای بنوێنن کە دین دەتوانێ هێشتا لە کۆمەڵگەدا رۆڵی خۆی و کاریگەری پۆزیتیڤی خۆی هەبێت و سەرەڕای هەموو خۆگونجاندنی دینکاران لە گەڵ دنیای نوێدا، رووداوێکی حاشا هەڵنەگر روویدا بوو کە بریتی بوو لە چۆکدادانی دین لە بەرانبەر زانستدا.

ئەو ئوستوورەگەلە کە دین لە سەریان دامەزرابوو، رەوایی خۆیان لە دەست دابوو، چیدی کەس بڕوای بە پێکهاتنی دنیا لە شەش رۆژدا نەبوو، کەس باوەڕی بە دروست بوونی پیاو

لە خۆڵ و پاشان دروست بوونی ژن لە جەستەی ئەو نەبوو، زانستە سروشتییەکان ئەوەیان دەسەلماند کە ئاسمان بە پێچەوانەی ئەوەی دین دیگوت نە لە ئاسن و شتی وا دروست بووە و نە حەوت قاتە و ئەستێرەکان چراگەلێکی هەڵکراو تەنیا بۆ جوانکاری ئاسمان نین، لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤناسان و دیناسانیش سەرچاوەی کۆنی دینەکان و بەستراو بوونی ئەوان بە ئوستوورەکانی کۆنی مرۆڤی دەرخستبوو و پیرۆزایەتی و تەقەدوسی ئەوانی تێکدابوو.

لە وەها هەلوو مەرجێکدا بوو کە کۆتایی بە ژیانی هاوبەش و ناچاری دین و دەسەڵات هات و دەسەڵات لە جیاتی دین پاڵی بە زانستی مرۆییەوە دا، کە جێگای دینی لە باری بیروباوەڕەوە بە باشی گرتبووەوە، هەربۆیە دەسەڵات، زانستی لە باتی دین کرد بە سەرچاوەی رەوایی وەرگرتن. ژیانی دین پاش رێنێسانس و مۆدێرنیتە هەرگیز وەک ژیانی پێش لەوە نەبوو. گوتاری دینی لە بەرانبەر گوتاری زانستیدا ئەوەندە لاواز بوو کە قەت نەیدەتوانی لەگەڵیدا بەربەرەکانێ بکات، بۆیە ئەوەی لە کۆمەڵگەی رۆژئاوادا بەناوی دابڕانی دین و دەسەڵات باسی لێدەکرێ نەک بە واتای جیاکردنەوەی دوو دامەزراوەی بەهێز و پاشەکشەی دڵخوازانەی دین لە بواری سیاسەت و دەسەڵات، بەڵکوو بەمانای لاوازبوونی دامەزراوەی دینی و لە دەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوە کە بووەتە هۆی لە پەراوێز کەوتنی.

واتە ئەوە خەیاڵێکی خاوە کە پێمان وابێ تایبەتمەندییەکانی دینی مەسیح یان یەهوودییە کە بووەتە هۆی ئەو پاشەکشەیە، ئینجا لەو رێگایەوە وای بۆ بچین کە ئیسلام تایبەتمەندییەکی دیکەی هەیە (واتە دینێکی سیاسییە) کە بە هۆی ئەوەوە ناکرێ لە دەسەڵاتدا بەشداری نەکات.

بەشداری کردن یان نەکردنی دین لە دەسەڵاتدا پێوەندی راستەوخۆی لە گەڵ پێگەی دین لە کۆمەڵگەدا هەیە. هەرکات گۆڕانی راستەقینە لە باوەڕی کۆمەڵگەدا پێک بێت و تاکەکانی ئەو کۆمەڵگە چیتر بۆ ئوستوورە دینییەکان وەک بابەتی پیرۆز و موقەدەس نەڕوانن و دینکار نەتوانێ لە رێگای ترس وەبەرنانەوە (کە نەریتی هەمیشەی دینە) کاریگەریی لە سەر هەستی ئەواندا هەبێ، ئەو کاتەیە کە دین بە هۆی لەناوچوونی هێز و ئوتۆریتەی کۆمەڵایەتییەوە بەناچار لە دەسەڵات پاشەکشەدەکات و واز لەو خولیایە دێنێ.

بەڵام مادام دین ئەو هێزە بۆ خۆی دەبینێ، هەرچشنە باسێک لە جیاوازی نێوان دین و دەوڵەت و بێبەش کردنی دینکاران لە دەسەڵات بێ ئاکام و بێ بنەمایە.

دین تا ئەو کاتەی رەوایی لە ناو کۆمەڵگەدا هەبێ و توانای رێکخستنی بۆ مابێ و خەڵک بە ئوستوورە و خوێندنەوەکانی باوەڕیان هەبێ، هەرگیز لە دەسەڵات پاشەکشەی نەکردووەو ناکات و بە پێی هەلوومەرج بەشی خۆی لە دەسەڵات داوادەکات و هەرکاتیش بۆی برەخسێ هاوبەشی لە مێژینەی خۆی واتە حکوومەتی سیاسەتکارەکان لەناو دەبات و خۆی دەست بەسەر هەموو پێکهاتەی حکومەتداریدا دەگرێ.

باسی دین و دەسەڵات خۆی باسێکی دوور و درێژە کە لەم مەجالەدا ناگونجێ و هەر بۆیە کۆتایی بەم باسە دێنم و ئێستا کە پێوەندی بنەمایی دین وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی لە گەڵ دەسەڵاتمان بە روونی بۆ دەرکەوت دەچمە سەر باسی یەکەم شێوەکانی دەسەڵاتی دینی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا.

## پێکهاتەی دینی و دەسەڵاتی ژن-خوداکان

به هۆی ئەو پێوەندییە بنەماییەی نێوان دین و دەسەڵاتی حکوومەتداری کە باسی لێ کرا و هەروەها بە هۆی رەواییەک کە سیستمی دین بە پێکهاتەی حکوومەتی دەبەخشێ، دەتوانین بڵێین جیهانبینیی دینی و ئەو شێوەی دابەش بوونی هێزە کە دین لە رێگای رۆڵ و پێگە و کاریگەری خوداکانەوە وێنای دەکات، مۆدێلێک و باشقەیەکە بۆ واقیعی کۆمەڵگە و چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان بکەرانی بیاڤی حکومەتداریدا.

بوونی بەربڵاوی ئاسەواری پەیکەری ژن-خودایان و هەروەها رۆڵی گرینگی ژن لە هەموو ئوستوورە کۆنەکانی ژیانی مرۆڤدا سەلمێنەری ئەو راستییەن کە ژن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خاوەنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی زۆر بووە.

یەکەمجار ژنان بوون کە یەکەمین دامەزراوەی دینی کۆمەڵایەتی واتە توتێمیسمیان بنیات نا و خۆیان وەک دارێژەری ئەو سیستمە لە سەرەوەی هەموو کەس دەسەڵاتی بەڕێوەبەری سیستمەکەیان گرتە ئەستۆ و یاسای جۆراوجۆریان بە مەبەستی پاراستنی گیان و بەرژەوەندی خۆیان و کۆرپەکانیان، پەسەند کرد. " ژنان بە هۆی دایک بوونیان بەرانبەر بە مانەوە و ژیانی مرۆڤ لە سەر زەویدا بەرپرسیار بوون و وارسکەی دایکی، ئەوانی ناچار دەکرد تا لە پێناو پاراستنی گیانی رۆڵەکانیاندا پەلەقاژە بکەن و بێوچان لە تێکۆشاندا بن، پەروەردەکردنی منداڵان بە شیوەی هاوبەش کە لە دنیای گیانلەبەرانی دیکەشدا هەیە،

بووە هۆی هەنگاو هەڵگرتنی ژنان بەرەو بنیاتنانی سیستمی هۆزی دایکبنەچە. "[1]
مێژووی وەها تێکۆشانێک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن کە بە سەردەمی مرۆڤی نێئاندێرتاڵ دەناسرێ، ئەو جۆرە لە مرۆڤ کە پێش لە مرۆڤی ئەمڕۆیی بۆ ماوەی شەست هەزار ساڵ لە سەر ئەم زەوییە ژیا و خاوەنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، شارستانییەت، جل و بەرگ و تەنانەت بیر و باوەڕی دینی بوو. ژنانی ئەم جۆرە کۆمەڵگە مرۆییە بەردەوام سەرقاڵی کۆ کردنەوەی خواردەمەنی و پەروەردە کردن و پاراستنی منداڵەکانیان بوون و پیاوانی نێئاندێرتاڵ تەنیا بۆ هاوجووتی و زا و زێ دەهاتنە ناو کۆمەڵگەی ژنانە. هێندێک لە توێژەرەکان پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە پیاوە نێئاندێرتاڵەکان راوچییانی بێ ماڵ و بێ شوێن بوون کە دوور لە ژنان و منداڵەکانیان دەژیان و پێداویستییەکانی بنەماڵەیان دابین نەدەکرد. چۆنیەتی ماسولکەکانی جەستەی ژنانی نێئاندێرتاڵ دروستی ئەم روانگەیە دەسەلمینێ. ژنانی نێئاندێرتاڵ رێک بە قەدەر پیاوەکان لەباری جەستەییەوە بەهێز بوونە، ئەوە نیشان دەدات کە ئەوان بۆ دابین کردنی خۆراک و بەرگری لە کۆرپەکانیان بەردەوام لە چالاکیدا بوونە. [2]

بۆیە باس کردن لەوەی کە ژنان یەکەم داریژەرانی سیستمە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە ژێر ناوی بنەماڵە، هۆز یان خێڵ بوونە، نە تەنیا ئیددیعایەکی بێ بنەما نیە، بەڵکوو ئاشکراترین و هزرمەندانەترین پایەیەکە کە لە رێگای ئەوەوە دەتوانین رەوتی مێژوو و شارستانییەتی مرۆیی لە سەرەتاییترین سەردەمەکانەوە بخەینە روو و شرۆڤەیان بکەین. ئەو بیرمەندانەی کە رۆڵی کاریگەری ژن و هەبوونی سیستمگەلی دامەزراو لە سەر بنەمای دایکسالاری رەت دەکەنەوە یان گومانیان لەوەدا هەیە، لە کاتی شرۆڤە کردن و پاساو هێنانەوە بۆ زۆر شتی پێوەندیدار بە دنیای کۆن و ئوستوورەکان و بەتایبەت دین و ئایینە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە تووشی سەرلێشێوان دەبن. رێکس وارنێر ئوستوورەناسی ئینگلیزی دەڵێ " کۆنترین رەنگدانەوەی بەناوبانگی خودا بە شێوەی ژنە و ئەمە لە راستیدا پرسێکە کە وەڵامێکی روونی بۆ نیە."[3] وارنێر سەرەڕای ئەوەی کە بە تەواوی گومانی هەیە لە سەر دروستی بیردۆزی پشتبەستوو بە دایکسالار بوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان،

---

[1] - رید، ائولین؛ فمنیسم و مردمشناسی؛ ترجمه افشنگ محمودی، تهران: نشر گل آذین،١٣٨٤. ص ٢٠٥
[2] - نتسلی، پاتریشیا؛ عصر حجر؛ ترجمه عسگر بهرامی، چاپ سوم، تهران: نشر ققنوس،١٣٨٤
صص ٧٥-٧٧
[3] - وارنر، رکس؛ دانشنامه اساطیر. ترجمه: ابوالقاسم اسماعیل پور، تهران: نشر اسطوره، ١٣٨٦. ص٣٤

بەڵام دان بە بوونی ئوستوورەگەلێک سەبارەت بە دەسەڵات و زاڵ بوونی ژناندا دا دەنێت.[1]

ئاشكرایە كە ژن-خوداكان هەرگیز ناتوانن بەرهەمی روانگەی پیاوسالارانە و دژە ژن بن، روانگەیەک كە ژن وەک بوونەوەرێكی پلە دوو و سەرچاوەی هەموو خراپەكان پێناسە دەكات.

پەرستنی دایک-خودا لە مێژووی هەموو شارستانییەتەكانی دنیادا چ سەرەتایی بن و چ پێشكەوتوو، هەیە. لە كۆنترین كۆمەڵگەكانی چیندا تا هەزارەی یەكەمی پێش لە زایین چینییەكان باوەڕیان بە پەرستنی رۆحی دایكەكان بوو و ژنە رێسەمانەكانی ئەم سەردەمە گرینگی كۆمەڵایەتی زۆریان هەبوو. لەو سەردەمەدا چینییەكان پێیان وا بوو كە تەنیا رۆحی دایكەكانە كە شایانی پەرستنە. پاش ئەم سەردەمە بوو كە پەرستنی خودای نێری ئاسمان پەرەی سەند و ژن-خودای زەوی بەهای پێشینی خۆی لە دەست دا و لە باری كۆمەڵایەتیشەوە پیاوە ئاسنگەرەكان بە سەر ژنە رێسەمانەكاندا زاڵ بوون.[2]

لە ئوستوورەكانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا كە هێندێک جار بە ئوستوورەگەلی سامی ناویان دەبەن، ژن-خوداگەلی گەورە و بەرچاو وەک ئینانا لە سوومەردا، ئیشتار لە بابێلدا و هەروەها ئانات لە كەنعاندا بوونیان هەیە كە هەمیشە نوێنەری دایک-زەوی و خودای سەرەكی گیا و رووەكن. دوو تایبەتمەندی بەرچاوی ژن-خودای سامی بریتییە لە: "یەكەم ئەوەی كە ئەم ژن-خودایە هەمیشە لە گەڵ پیاوێكدا پێوەندی هەیە كە كوڕ، برا یان هاوسەر و خۆشەویستی دێتە ئەژمار. بەناوبانگترینی سیمای ئەو پیاوە تەمووز (دوموزی سوومەری)یە. دووهەم ئەوەی كە ئەم ژن-خودایە پاش رۆشتنی بە دوای هاوسەر یان كوڕی خۆی لە دنیای ژێر زەویدا، كە دنیای مردووەكانە، لە كاتی گەڕانەوەدا هەموو بوونەوەرە ئەهریمەنی و شەڕئەنگێزەكان لە گەڵ خۆیدا دێنێتە سەر زەوی."[3]

## گواستنەوەی دەسەڵات لە ژن-خودا بۆ خودایەكی نێر

ئەو سیما پیاوانەی كە لە ئوستوورە سوومەرییەكاندا لە گەڵ ژن-خوداكاندایە و پێوەندیی بەوانەوە هەیە لە واقیعدا دەرخەری تایبەتمەندییەكی كۆن لە سیستمی دایكسالاریدایە كە

[1] - وارنر، هەمان سەرچاوە، ص ٣٥
[2] - مشكور، محمد جواد؛ خلاصه ی ادیان؛ چاپ پنجم، تهران: انتشارات شرق، ١٣٧٧ ص ٣٧
[3] - وارنر، هەمان سەرچاوە. ص ٤١

بریتییە لە ڕۆڵی برای ژن (خاڵۆ) لە بنەماڵەی دایکبنەچەدا. لە سیستمی دایکسالاردا هەر وەک باسم کرد ئەرکی هەر پیاوێک دابین کردنی خۆراک و خزمەت کردن بە بنەماڵەی خوشکی خۆیەتی. زۆربەی ئایینەکان و سرووتەکانی ناو هۆزیش بە یارمەتی ئەم براگەلە بەرێوەدەچێ.

"لە گرووپگەلی دایکبنەچەدا سەرۆکی خێڵ بەتەمەنترین ژنی خێڵە کە ڕێزی زۆری لێ دەگیرێ، بەلام ئەو کەسەی کە بەرپرسی پاراستنی شتوومەکە دینییەکان و بەڕێوەبردنی سرووتە دینییەکانە گەورەترین برای ئەم ژنەیە."[1] بنەماڵە و بەستراوەیی خوێنی لە گرووپێکی دایکبنەچەدا لە پشتی ژنانەوە دیاری دەکرێ، بەڵام لە کردەوەدا سەرۆکایەتی گرووپەکان لە دەستی کوڕەکانی ئەو ژنەدایە. (نابێ لە بیری بکەین کە ڕۆڵی برا لە خێڵی دایکسالاردا پێوەندی بەو دەورانەوە هەیە کە دایکسالاری لە بیچمی سەرەتایی خۆی کە لەودا خێڵ لە ژنان و منداڵەکانیان پێکدەهات، زۆر دوور کەوتبووەوە.) پیاوان پاش پێوەست بوونیان بە خێڵ و هۆزە دایکسالارەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆڵی زیاتریان دەگرتە ئەستۆ و لە ژێر چاوەدێری دایکسالاردا، بەشگەلێک لەو بەرپرسایەتییەی کە پێشتر لە ئەستۆی ژناندا بوو، قەبووڵ دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە بونی پیاوان کە لە رووی جەستە و توانایی جەستەییەوە بە هێزتر لە ژنان بوون، لە بواری بەرهەمهێنانەوە بووە هۆی گەشەکردنی خێراتری کۆمەڵگەی سەرەتایی. بە هاتنی پیاوان بۆ ناو پیشەی وەرزێری کە ئیشی سەرەکی ژنان دەهاتە ئەژمار، وەرزێری رووماڵی ژنان گۆڕا بە ورزیری قووڵکەنە و "کاری وەرزێری بە شێوەی نوێ و لەوانە کێڵانی زەوی کەوتە ئەستۆی پیاوان، کێڵانی زەوی پێویستیی بژارکردنی بەردەوامی ( کە ئیشی هەمیشی ژنان بوو) کەم کردەوە. هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی وەرزیری قووڵکەنەدا ژنان بۆ یەکەمجار لە بازنەی بەرهەمهێناندا کەوتنە پەراوێزەوە."[2] دوای زیادبوونی ڕۆڵی پیاوان لە بەرهەمهێناندا، ڕۆڵی ژن و دایکسالار بەرە بەرە بوو بە ڕۆڵێکی ڕواڵەتی.

---

[1] - بتیس، دانیل- پلاگ،فرد؛ انسان شناسی فرهنگی؛ ترجمە محسن ثلاثی، چاپ سوم، تهران: انتشارات علمی، ١٣٨٥. ص٥٤١

[2] - کتاک، کنراد فیلیپ؛ انسان شناسی(کشف تفاوت های انسانی)؛ ترجمە محسن ثلاثی، تهران: انتشارات علمی، ١٣٨٦. ص ٦٣٥

لە لایەکی دیکەوە شێوەگەلی تازەی وەرزێری و گەشە و بەرەو پێش چوونی شارستانییەت، بووە هۆی زیادبوونی ژماری حەشیمەت و ئەوەش خۆی یەکێک لە هۆکارە ناچارەکان بوو بۆ تێپەڕاندنی سیستمی دایکسالار بەرەو باوکسالاری. "سیستمگەلی دایکسالار و دایکبنەچە لە کۆمەڵگەگەلێکدا بە دی دەکرێن کە زەختی حەشیمەت بۆ سەر سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیان لە کەمترین ئاستدا بێت."[1] هاوکات لە گەڵ زیادبوونی حەشیمەت و کەم بوونی سەرچاوە خۆراکییەکان، خێڵەکان و هۆزەکان ناچار بوون روو لە بەربەرەکانێ و تەنانەت شەڕ لە گەڵ یەکتر بکەن[2]. ئەو شتە پێویستی بە هێزی شەڕکەر، واتە پیاوانی زیاتر دەکرد.

هەربۆیە لە درێژەی بیچم بەخشی بە هێزێکی تۆکمە و شەڕکەردا کە بتوانێت خۆراکی خێڵ لە نیوان شەڕ و بەربەرەکانێ لە گەڵ خێڵەکانی دیکەدا دابین بکات، باوکسالاری و باوکبنەچەیی بەرەبەرە جێگای دایکسالاری گرتەوە.

ئەو گۆڕانە بەناچارە، بێگومان لە گەڵ خۆڕاگری لە لایەن سیستمی پێشوو کە مێژوویەکی دووروو درێژو نەریت و ئایینی تایبەت بە خۆی هەبوو بەرەوڕوو بوو، بەڵام پاش بەربەرەکانێیەکی درێژماوە لە ئاکامدا سیستمی دایکسالار بەتەواوی رووخا و هەموو هێماکان و ئایینەکان و بایەخەکان لە سیستمی نویی باوکسالاردا سەرلەنوێ پێناسە کران.

## رۆڵی ژن وەک سەرچاوەی خراپە لە ئوستوورە و ئاییندا

لە پێناسە نوێیەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالاردا زۆربەی ماکە پیرۆزەکانی سیستمی دایکسالار جێی خۆیان دا بە شتە دژوازەکانیان و ژن خۆی لە خوداوە گۆڕا بە بوونەوەرێک کە سەرچاوەی خراپە و کردەوەی شەیتانییە. لە ئوستوورەکانی سوومەردا هەروەک بینیمان ژن-خودا شتە شەیتانییەکان لە دنیای ژێرەوە دێنێتە سەرەوە. لە چرۆکێکی هاوشێوە لە ئوستوورەکانی یۆناندا هێفائێستووس ئاسنگەری خودایان بە پێی فەرمانی زێئووس مێینەیەکی جوان و شەیتانی لە ئاو و خاک چی دەکات، ئاتێنا فێری

[1] ـ کتاک، هەمان سەرچاوە، ص٦٢٨

[2] ـ لە هەموو ئەو ئوستوورەگەلەی کە باسی تووفانی گەورە دەکرێ، هەمیشە زیادبوونی حەشیمەت و خواستی خودایان بۆ کەم کردنەوەی حەشیمەت و راگرتنی ژمارێکی کەم لە مرۆڤی چاکەکار و لەناو بردنی بەشێکی گەورە لەوان هۆکاری تووفانەکەیە. زیادبوونی حەشیمەت و کەم بوونی سەرچاوەکان کە مرۆڤ ناچار بە بەربەرە کانی دەکات لە چوارچێوەی وەها ئوستوورەگەلێکدا رەنگی داوەتەوە.

دوورینی دەکات و هێرمس بیرێکی بێشەرم و فێلکاری پێدەبەخشێ. ئەم بوونەوەرە ناوی پاندۆرایە و بە هێنانی سندووقی پڕ لە دێو و درنج، خەراپە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە.[1]
ناوی پاندۆرا بە واتای "بەخشێنەری هەموو شتێک"ە و لە بنەمادا ناوی ژن-خودای زەوی بووە.[2] ئەو شتانەی کە لە سیستمی هێمن و دوور لە شەڕ و تێکهەڵچوونی دایکسالاردا پیرۆزییان پێدەبەخشرا و ریزیان لێ دەگیرا، لە کەشوهەوای پڕ لە شەڕ و پێکدادانی سیستمی باوکسالاردا، هەر ئەو شتانە بوون کە خۆیان سەرچاوەی شەڕەکە بوون. زەوی لە سەردەمی دایکسالاریدا، دایکێکی بەخشێنەر و دڵسۆز بوو کە خۆراکی بە رۆڵەکانی خۆی (واتە بوونەوەرانی سەر زەوی) دەدا، بەڵام لە کاتی کەم بوونەوەی سەرچاوە خۆراکییەکاندا هەر ئەو زەوییە خۆی هۆکاری شەڕ بوو، هۆزەکان بۆپاراستنی هەرێمی خۆیان و یان بۆ دەستداگرتن بە سەر زەوی هۆزەکانی دیکە و وەدەست هێنانی سەرچاوەی خۆراکی زیاتر، ناچار بوون لە گەڵ یەکتر بە شەڕ بێن[3]. ئەم شەڕە درێژماوە کە سەدان و بەڵکوو هەزاران ساڵی خایاندووە بێگومان سیمای زەوی و هێما پێوەندی دارەکان بە زەوی لە بیری مرۆڤدا دەگۆڕێ. مرۆڤی ئوستوورەیی لە تەنیایی خۆیدا و ماندوو لەو هەموو شەڕە کە بۆ مانەوەی خۆی دەیکا، ژن-خودای زەوی دەخاتە بەر لۆمەو ئەو بە بەرپرسیاری ژیانی سەختی خۆی دەزانێ.
سیمای پارادۆکسیکاڵی زەوی و ژن لە ئوستوورەدا بەرهەمی رەوتێکی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە شەڕ و پێکدادانی شارستانییەتی مرۆییە کە تەنانەت تا ئەمڕۆش ماوەتەوە و لە راونگەی پێشینیانی ئێمە بە نیسبەت دنیادا خۆ دەنوێنێ. شوبهاندنی دنیا بە ژنێکی فریوکار کە هەم بەخشەندەیە و هەم جوان و لە هەمانکاتدا بێ وەفایە، لە بنەمای خۆیدا دەرخەری نارەزایەتی مرۆڤ لە نەبوونی ئاسایش و هێمنایەتییە.
بە وتەی رێکس وارنێر پەرستن و ریزگرتن لە سیمای دایک-خودا دەرخەری پێویستی قووڵی مرۆڤ بە هێمنایەتی لە دنیادایە.[4] و دایک-خوداکان وەبیر هێنەری سەردەمانی دووری هێمنی و ئاسایشن.

[1] - گرین، راجر لنسلین؛اساطیر یونان؛ ترجمە عباس آقاجانی، تهران: سروش، ١٣٦٦. ص ٥٨
[2] - وارنر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧
[3] - لە هێندێک لە گێرانەوەکان و شرۆڤەکانی تەوراتدا هاتووە کە شەڕی هابیل و براکەی لە سەر خۆشکەکەیان کە ناوی ئیقلیما (واتە هەرێم) بوو روویدا. ئەوە وەبیر هێنەری یەکەم تێکهەڵچوونەکانی مرۆڤ لە سەر زەوییە کە بە هۆی پێوەندی لە گەڵ هێماسازی ژنانەوە لە سیمای ژنێکدا رەنگی داوەتەوە
[4] - وارنر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٣

دایکسالاری و هەبوونی ژن-خودایان، ئەگەرچی مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زۆر کۆنی ژیانی مرۆیی و کاتی بیچم گرتنی شارستانییەت و وەرزێری کە لە سەردەمی نوێیەردیدا و دواتر لە ڕەوتی شەڕە درێژ خایەنەکان و لە ژێر کاریگەری سیستمی زاڵی پیاوسالاردا کەوتە پەراوێز و لە دەفتەری مێژوو سڕایەوە، بەڵام کاریگەری ئەو سیستمە لە سیمای ژن-خودایانی بە هێز وەک "ئەرەدویسوورە ئەناهیتا" لە ئێراندا، "ئیشتار" لە بابێلدا، "هێرا" و "ئاتێنا" لە یۆناندا، "ئافرۆدیت" و "سیبەل" لە فریگییەدا، "سەرەسواتی" و "پریتیڤی" لە هیند دا و هتد مایەوە و تەنانەت خزایە ناو چوارچێوەی دینە بەتەواوی پیاوسالارەکانیش[1]

پاش ئەم باسە گشتییانە سەبارەت بە خۆدی دین و سەرچاوەکانی بیری دینی و ڕەوتی گۆڕانی هێما دینیەکان و هتد کە هەمووشیان بۆ چوونەناوی باسی دەقی دین پێویستە و بە بێ زانیارییەکی گشتی سەبارەت بە گشتییەتی دین، باسی دینێکی تایبەت جۆرێک لە هەڵواسراوەیی دێنێتە گۆڕێ، ئێستا پێویستە ئاورێک لە دینی ئیسلام بدەمەوە و ئەو تایبەتمەندیگەلەی کە لە باری ئوستوورەناسییەوە جیاوازی بەم دینە و دەقە پیرۆزەکەی (واتە قورئان) دەبەخشێ بە کورتی بخەمە بەر باس، بۆ ئەوەی کە خوێنەر بتوانێت بە بەرچاوڕوونیەوە بڕواتە سەر باسە سەرەکییەکان کە باسی ئوستوورە و جادوویە.

## ئیسلام و قورئان

کاتێ باسی پێوەندی نێوان ئوستوورە و ئایین دەکەین جگە لە باسی هاتنەناوی مووتیڤە ئوستوورەییەکان بۆ ناو دەقی دین کە لە هەموویاندا هەیە، باسێکی دیکەش دێتە گۆڕێ کە بریتییە لە ڕادەی ڕاست بوونی هەر دینێک و کەسایەتی و ڕووداوەکانی ئەو دینە، لە بەشی ئوستوورەدا بە شێوەیەکی چڕوپڕ پەرژاومەتە سەر ئەو بابەتە و بەڵگە و نووسراوەی دینناسانم خستووەتە بەردەست کە باس لە ناروون بوونی سەرچاوەی دینەکان و ئاڵۆز بوونی کەسایەتی ئەنبیا دەکەن. هەر ئەو ئاڵۆز بوونەشە کە مۆڵەتی خولقاندنی چیرۆکی مۆعجیزەی سەیر و سەمەرە بە باوەڕمەندان دەدات، لە ئوستوورەناسی ئایینی مەسیحدا دەردەکەوێت کە تاکێک بە ناوی عیسا و بەو تایبەتمەندیگەلەی کە باس دەکرێ لە

[1] - لەو پێوەندییەدا دەتوانم ئاماژە بە ڕۆڵی دایکی پیرۆز لە ئایینی مەسیح و هەروەها ڕۆڵی فاتمە لە ئیسلامدا بکەم کە لە ژێر کاریگەری ئاناهیتا کە ژن-خودای ئاوە، ئەویش پێوەندی چەند لایەنەی لە گەڵ ئاودا هەیەو تەنانەت لە گێرانەوەی شیعەدا مارەیی فاتمە ئاوە

بنەمادا بوونی نەبووە و لانیکەم بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەتوانین بڵێین یەک کەس نەبووە و چیرۆکی عیسا تێکەڵێکە لە چەندین ئوستوورە و چیرۆکی جیاواز. لە بارەی مووساشەوە هەمان شت هەیە و کەسایەتی مووسا وەک ڕێبەری نەتەوەی ئیسرائیل گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە تا وەک پێغەمبەرێک بناسرێ.

لەم نێوانەدا چیرۆکی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی چیرۆکێکی بە تەواوی جیاوازە، ئیسلام تەنیا دینێکە کە بە پێچەوانەی دینەکانی دیکە لە بیاڤی مێژوودا هەناسە دەدات و کەسایەتییەکانی کەسایەتی مێژوویی و راستەقینە و ڕووداوەکانیشی ڕووداوی دیاری مێژوویی و تۆمارکراون. هۆکاری ئەو مەسەلەیەش کە محەممەد وەک پێغەمبەری ئەم دینە هیچ موعجیزەی نەبووە هەر ئەوەیە، واتە مێژوویی بوونی محەممەد دەرفەتی ئەو چیرۆک ساز کردنانەی بە دینباوەڕان نەداوە، دەقی قورئان ئەگەرچی حەفتا ساڵ پاش محەممەد تۆمارکرا و عوسمان هێندێک دەستێوەردانی لەو کتێبەدا کردووە و نووسراوەکان و نوسخەکانی دیکەی ئەو کتێبەی لەناو بردووە، بەڵام ڕەوتی کۆ کردنەوەی قورئان لە کاتی ژیانی خۆدی محەممەدەوە دەستی پێکردبوو و دژبەرانی محەممەدیش ئاگایان لە ڕووداوەکان بوو و هەر بۆیە نووسەران نەیاندەتوانی بە ئاسانی شتێک وەک ڕوودانی موعجیزە لە دەقی ئەو کتێبە زیاد کەن یان بە درۆ محەممەد بە خاوەنی موعجیزەی جۆراوجۆر پێناسە بکەن.

بەم پێیە محەممەد وێڕای چاوەڕوانی زۆری بۆ موعجیزە، هەرگیز نەبووە خاوەنی و هەر بۆیە هەموو موسڵمانەکان، دەقی قورئان بە موعجیزەی محەممەد ناودەبەن و بەو شێوەیە ڕەوایی بە ئیددیعای محەممەد دەبەخشن و دینەکەی واتە ئیسلام بە دینێکی ئاسمانی دەناسێنن.

ئیسلام بە پێچەوانەی دینەکانی دیکە لە وڵاتێکدا سەری هەڵداوە کە شاعێری و شێعر خوێندنەوە لەودا زۆر باو بووە، واتە ژمارەی خەڵکانی خوێندەواری ئەو وڵاتە کەم نەبووە و زۆرێک لە مرۆڤە ئازادەکان (واتە ئەوانەی نۆکەر و خزمەتکار و کۆیلە نەبوونە) خوێندەوار بوونە، گرینگترین چالاکی هونەری و فەرهەنگی لە لای عەرەبی ئەو کاتەدا شێعر بووە و کاریگەری ئەو فەرهەنگە لە سەر قورئانیش بە ڕوونی دیارە، ئەو بەشەی قورئان کە لە مەککەدا و پێش لە ڕۆیشتنی محەممەد بۆ مەدینە نووسراوە لە باری ئەدەبییەوە زۆر جوانە و دیارە توانیویە لە ڕکەبەرایەتی لە گەڵ زۆربەی شاعێرەکانی سەردەمی خۆیدا، تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بێت، ستایلی جیاوازی نووسین لەم

بەشەدا و نۆرم شکێنی محەممەد لە باری زمانییەوە دەقی قورئانی لە شێعرەکانی ئەو سەردەمە کە زۆربەیان قەسیدە بوون جیا کردووەتەوە، لە لایەکی دیکەوە بەکار هێنانی مانای جیاواز و روو کردنی لە چەمکە ئابسترەکت و میتافیزیکییەکان لە جیاتی گێڕانەوەی چیرۆکی حەماسەت و خۆشەویستی، هۆکاری دیکەی سەرنج ڕاکێش بوونی نووسراوە و وتەکانی محەممەد لەو سەردەمەدا بوو.

بەڵام بەداخەوە لە مەدینەدا کۆتایی بە تەمەنی هونەری محەممەد هات و ڕواڵەتی نووسینەکان بە گشتی گۆڕا و هونەری ئەو شاعێرە بوو بە قوربانی سیاسەت و دەسەڵاتداری. ئەو بەشەی قورئان کە لە مەدینەدا نووسراوە بە تەواوی لە دەقی تەورات دەچێت، نووسینێکی سارد و سڕ کە زۆر جار توورەیی و بێزارییەکی زۆریشی تێدایە. لەم بەشەدا ئەگەرچی هێندێک جار هەستی هونەری محەممەد جووڵاوە و چەند ڕستەیەکی جوانیشی نووسیوە بەڵام بە گشتی لە بەراوەرد لە گەڵ ئەو بەشەی کە لە مەککەدا نووسراوە، ئاستی هونەری کتێبەکە بە تەواوی دابەزیوە و خوێنەر چیدی ناتوانێ لە خوێندنەوەی چێژ وەرگرێت.

گۆڕینی هەست و بیر و دەروونیاتی محەممەد لە ماوەی ژیانی لە مەدەینەدا بە ڕوونی لە دەقی قورئاندا دیارە. ئەگەرچی عوسمان لە کاتی کۆ کردنەوە و دارشتنی سەرلەنوێی قورئان، بە جێگۆڕکەی سوورەکان ڕەوتی سروشتی ئەو کتێبەی کە دەرخەری ڕەوتی گۆڕانی محەممەدە، تێکداوە بەڵام سەرەڕای ئەوە بە چاوخشاندنێک بە سەر چۆنیەتی سوورە مەککییەکان و سوورە مەدەنییەکان ئەو گۆڕانکارییە قووڵە دەردەکەوێت، لەوانەیە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسانە و زانستی لە سەر دەقی قورئان زۆر شتی شاراوە سەبارەت بە ژیان و کەسایەتی محەممەد بخاتە بەر دەست. لێرەدا نە دەرفەتی ئەو کارە هەیە و نە بابەتی ئەم کتێبە ئەوەیە، بەڵام هەر ئەوەندە دەبێ بزانین کە ئەو قورئانەی کە محەممەد بە تاکە موعجیزەی خۆی ناوی دەبات، ئەگەرچی لە کاتی ژیانی لە مەککەدا لە باری هونەرییەوە زۆر سەرکەوتوو بوو ( و ئەوە دەتوانێت تەنیا لایەنی جیاوازی ئەم کتێبە بێت، کە وەک هەر شێعرێکی ڕاستەقینە مرۆڤ لە شتە ئاساییەکان دادەبڕێت و لە بێ کێشی دنیای خەیاڵدا ونی دەکات) بەڵام لە مەدینەدا ئەوەشی نەماو تاکە لایەنی سەرسووڕ هێنەری قورئان کە کاریگەری دانانی وشەکانی لە سەر هەستی مرۆڤەکان بوو، قوربانیی جیهاد و تاڵان و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسکەوتەکانی تاڵان و چۆنیەتی قامچی لێدان و ڕەجم و جۆرەکانی دیکەی سزادان کرا.

باسی ئاسایی بوونی نووسراوەکەی محەممەد هەر لە کاتی خۆیشیدا هەبوو و ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئاسمانی بوونی ئەو کتێبە نەبوو وەک شێعر ناودێریان دەکرد و محەممەد لە بەرانبەر ئەو بۆ چوونانەدا بوو کە شاعێرەکانی بە گومڕا ناو دەبرد و بەو شێوەیە خۆی لە ریزی ئەوان دەردەهێنا، یان داوای دەکرد لەوانەی کە حاشایان لە ئاسمانی بوونی قورئان دەکرد، سوورەیەک یان ئایەتێکی هاوسەنگ و هاوتەریبی قورئان بهێنن. دیارە کەسانێک چ لە کاتی بانگهێشتەکەی محەممەددا و چ پاش ئەوە، ئەو کارەیان کردووە، تەنانەت دەڵێن کتێبی "الفصول والغایت" ی "ابوالعلای معری" بەو مەبەستە نووسراوە و مەبەستەکەشی باش پێکاوە. بەڵام ئەو بانگهێشت کردنە، ئەو باوەڕەی بۆ موسڵمانەکان دروست کردووە کە بەڕاستی هیچ تاکێک لە مرۆڤ هیچ کات ناتوانێت وەها شتێک بنووسێت. لە حاڵێکدا هەموو شاعێرە گەورەکانی دنیا بە عەرەب و غەیری عەرەبەوە خاوەنی هەمان موعجیزە، واتە شاعێر بوونن و هەموویان پێغەمبەرانی دنیای ئەدەبن. هەر شێعرێکی راستەقینەش ئەگەرچی تەنیا یەکجار دەخولقێت و کەس هەمان شێعر دووبارە ناکاتەوە، بەڵام ئەمە بە واتای ئاسمانی بوونی هیچ شێعرێک نیە و هیچ شاعێرێک ناتوانێ بەو هۆیەوە ئیددیعای پێغەمبەر بوون لە دنیای راستەقینەدا بکات.

موسڵمانان کاتێک کە باسی موعجیزە بوونی قورئان دەکەن زۆر جار پێداگری لە سەر نەخوێندەوار بوونی محەممەد دەکەن و دەڵێن کابرایەکی نەخوێندەوار چۆن دەتوانێت وەها شتێک بنووسێت. بەڵام باسی نەخوێندەوار بوونی محەممەد، لە مێژووە تۆمارکراوە کۆنەکاندا رەت کراوەتەوە. سەرچاوە مێژووییەکان دەرخەری ئەوەن کە محەممەد جگە لە خوێندن توانای نووسینیشی هەبووە. کتێبی "تاریخ طبری" کاتێ باسی رێککەوتنی حودەیبییە دەکات، دەڵێ: لەو رێککەوتن نامەیەدا، کە محەممەد وتوویە و عەلی نووسیویە، محەممەد وەک پێغەمبەری خودا پێناسە کراوە، خەڵکی مەککە گوتیان کە ئێمە تۆ بە پێغەمبەر نازانین، تۆ محەممەد کوڕی عەبدوڵڵای. محەممەد بە عەلی گوتی کە وشەی پێغەمبەری خودا لە رێکەوتننامەکە بسڕێتەوە، بەڵام عەلی گوتی من ناوی تۆ ناسڕمەوە، هەر بۆیە محەممەد خۆی ریکەوتننامەکەی لە عەلی وەر گرت و خۆی وشەی پێغەمبەری خودای سڕیەوە و وشەی محەممەدی نووسی.[١]

---

١ - طبری، محمد بن جریر، . تاریخ طبري (تاریخ الرسل و الملوك). ترجمەي ابوالقاسم پاینده. تهران: انتشارات اساطیر،١٣٦٥. ج ٣، ص ١١٢٥

یەکێک لە رەخنەکانی دیکە کە لە سەردەمی خودی محەممەددا بە نیسبەت دەقی قورئان هەبووە، باسی سەرچاوەکانی ئەم کتێبە بووە، کە زۆر جار وەک ئوستوورە و چیرۆکی پێشینیان باسی لێ کراوە. لە قورئاندا ٩ جار ئەو شتە باس کراوە[١]و هەموو جارێکیش لە لایەن محەممەدەوە رەت کراوەتەوە. بە هۆی هەڵویستی روون و راشکاوانەی محەممەد بە نیسبەت باسی ئوستوورەیی بوونی قورئان، ئەو باسە لە نێو موسڵمانەکاندا بەو شێوەیە نەورووژاوە و لە دەقە مێژووییە کۆنەکاندا (وەک الملل و النحلی شهرستانی) تەنیا تا رادەیەک ئاماژە بە سەرچاوەی تەوراتی و یەهوودی قورئان کراوە.
رەوتی لێکۆڵینەوە لە سەر قورئان و سەرچاوەکانی بە شێوەی جیددی لە لایەن لێکۆڵەرانی رۆژئاواییەوە دەستی پێکرد و خودی موسڵمانان لەم بوارەدا هەوڵێکی کەمیان داوە.

## قورئانناسی لە رۆژئاوادا

مێژوو قورئانناسی بە شیوەی ئاکادمیک لە نێو رۆژهەڵات ناسەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدەی رابردوو، بە درێژای ئەم دوو سەدەیە لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر و ئاکادمیک سەبارەت بە قورئان و سەرچاوەکانی کراوە. بەڵام یەکەم هەوڵەکان بۆ ناساندنی قورئان بە رۆژئاوا، لە سەردەمی شەڕی سەلیبییەوە دەستی پێکرد. رۆحانییەکی فیرقەی کلۆنی بە ناوی پیتری بەڕێز peter the renereble قورئانی وەرگێڕایەوە بۆ سەر زمانی لاتینی و کۆی هەوڵەکانی ئەو بۆ ناساندنی قورئان بوو بە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئیسلام لە رۆژئاوادا[٢]
باسی ناسینی سەرچاەکانی قورئان لە سەدەی ١٩دا سەری هەڵدا و لە درێژەی لێکۆڵینەوە زانستییانەکانی ئەو سەردەمە سەبارەت بە دینەکان و ئایینەکاندا بوو، ناسینی خێڵەکان و هۆزەکانی ئەفریقا و ئوسترالیا دەسپێکی لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسانە و پێکهاتنی زانستێک بە ناوی مرۆڤناسی بوو کە لە چوارچێوەی ئەودا، فەرهەنگ و باوەڕ و ئایینەکانی خەڵکی ئەم وڵاتانە کە خاوەنی ژیانێکی سەرەتایی و بە دوور لە شارستانییەت بوون، ببوو بە بابەتی لێکۆڵینەوە. ناسینی دین و ئایین و باوەڕی ئەو خەڵکە و دیتنی لێکچوونی ئەوانە لە

[١] - لە سوورەکانی (ئەنعام-٢٥)،(ئەنفال-٣١)،(نەحل-٢٤)،(مۆئمێنوون-٨٣)،(فورقان-٥)،(نەمل-٦٨)،(ئەحقاف-١٧)،(قەلەم-١٥)
[٢] - سی، مارتین، پیشینەی مطالعات اسلامی در غرب، آیینەی پژوهش، شمارە ٥٤، بهمن و اسفند ١٣٧٧

گەڵ دینەکانی باو لە ئۆرووپا و ئاسیادا، بووە هۆی خوێندنەوەی بەراوەردکارانەی هەموو دینەکان بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانیان.

لەم نێوانەدا قورئانیش وەک دەقێکی دینی کەوتە ناو ئەم بازنەیە و یەکەم کاری لەم چەشنە لە لایەن ئابراهام گایگرەوە لە ساڵی ١٨٩٦ لە هینددا بڵاو کرایەوە. کتێبەکەی گایگر کە ناوی "یەهوود و ئیسلام"ی لە سەر بوو باسی کەڵک وەرگرتنەکانی قورئان لە ئایینی یەهوود دەکات.[١]

تیئودۆر نۆلدکە زماناسی بەناوبانگی ئاڵمانیاییش لە سەر ئەو باوەڕەیە کە "سەرچاوەی سەرەکی ئەو شتەی کە بە ناوی وەحی بۆ پێغەمبەری ئیسلام هاتووە بێشک نووسراوە یەهوودییەکانە." یەکێک لەو نموونەگەلەی کە نۆلدکە بۆ سەلماندنی وتەی خۆی دەیهێنێتەوە رستە "لا الە الا الله"یە کە لە کتێبی سمۆئیلی دووهەم وەرگیراوە (٣٢، ٢٢/١٨)

رۆژهەڵات ناسی ئوتریشی بە ناوی ئالویس ئیشپرینگر یەکێکی دیکە لە ئیسلامناسەکانی سەدەی نۆزدەیە کە وتاری "وشە بێگانەکانی قورئان"ی لە ساڵی ١٨٥٢ بڵاو کردەوە و لەودا ئاماژەی بە ریشەی وشەکانی قورئان کرد، بۆ سەلماندنی کەڵک وەرگرتنی قورئان لە دەقەکانی دیکە.[٢]

ئالفۆنس مینگانایش لە وتارێک بە ناوی "کاریگەری زمانی سوریانی لە سەر قورئان" درێژە بە باسەکەی ئیشپرینگر دەدات و دەڵێ:" لە کۆی وشە بێگانەکانی قورئاندا دەتوانین بڵێین پێنج لە سەدی ئەوانە حەبەشی، دە لەسەدی عیبری، دە لە سەدی یۆنانی-رومی، پێنج لە سەدی فارسی و نزیکەی سەدا حەفتای سوریانی- ئارامییە "[٣]

هەوڵەکان بۆ ناسینی سەرچاوەکانی قورئان هەروا درێژەی بوو و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ویلیام کلر تیزدال کتێبی بەناوبانگی" سەرچاوە رەسەنەکانی قورئان"ی نووسی، لەم کتێبەدا تیزدال بە چڕو پڕی باسی کاریگەری ئایینەکانی یەهوود، مەسیحییەت، زەردەشت و هەروەها رەوتی حونەفا و فەرهەنگی عەرەبستان لە سەر قورئان دەکات.

کتێبەکەی تیزدال وەڵامگەلێکی لە لایەن موسڵمانەکانەوەی بە دواوە بوو. مەولەوی محەممەد عەلی لە پاکستانەوە کتێبی "سەرچاوەی خودایی قورئانی کەریم"ی لە جوابی

١-Abraham .i. katash, judism and islam biblical and talmudis backgrownds of the Quran, new york univ, press, ١٩٤٥, p١٧
٢-A.springer, foreign words occurring in the Quran,jornal of the Asiatic society of Bengal ٢١, ١٨٥٢,pp ١٠٩-١١١
٣-A. mingana,syriac influence on the style of the Koran, in ibn warraq, ed. What the Koran really say. Amherst: Prometheus books, ٢٠٠٢, pp ١٧٤-١٧٥

کتێبەکەی تیزدالدا نووسی و هەروەها ئیمان فەخرولئیسلام کتێبی "بیان الحق و الصدق المطلق"ی هەر لەو پێوەندییەدا بڵاو کردەوە بەڵام تیزدال بە نووسینی کتێبی "ئاخافتنێک لە گەڵ بیرمەندان و بەرگرییەک لە سەرچاوەکانی ئیسلام" وەڵامی رەخنەکانی ئەوانی دایەوە.

لە یەکەم ساڵی سەدەی ٢١دا یەکێک لە دواهەمین بیردۆزەکان سەبارەت بە قورئان ناسی لە لایەن لێکۆلەرێکی ئاڵمانیایی بە ناوی خوازراوی کریستۆف لۆکسێنبێرگ، خرایە بەردەستی خوێنەرانی ئەم بیاڤە. ئەم نووسەرە باسەکەی خۆی لە کتێبی "خوێندنەوەی سوریانی-ئارامی قورئان" لە ساڵی ٢٠٠٠دا پێشکەش کرد و باسی ئەوەی کرد کە رەستەکان یان وشە ناروونەکانی قورئان نابێ بە پێی مانایان لە زمانی عەرەبیدا شرۆڤە بکرێن، بەڵکوو دەبێ ئەو وشەگەلە بە پێی رۆڵیان لە زمانی سوریانی-ئارامیدا لێکبدرێنەوە.

باسەکەی لۆکسێنبێرگ لە لایەن خاتوو نۆیۆرت کە لە گەڵ هاوکارەکانیدا پرۆژەیەکی قورئان ناسییان لە زانکۆی برلین بەرێوەدەبرد، لە ساڵی ٢٠٠٧دا کەوتە بەر رەخنە و خاتوو نۆیۆرت سەرکەوتوویی کتێبەکەی لۆکسێنبێرگی قەرزداری رووداوی یازدەی سێپتامبر زانی.[1]

دواهەمین کتێب لەم چوارچێوەیەدا زنجیرە وتارێکە کە گابرییەل رەینۆلدز لە ژێر ناوی"بەستێنی مێژووی قورئان" کۆ کردووەتەوە کە بریتییە لە دوازدە وتار سەبارەت بە قورئان.

دیارە ئەو هەوڵە ئاکادمیکە کە لە رۆژئاوادا سەبارەت بە قورئان دراوە لە ناو خۆدی موسڵمانەکاندا یان نەبووە یان زۆر کەمرەنگ بووە. لێکۆلەرە موسڵمانەکان لە کاتی لێکۆڵینەوە لە سەر قورئان، زیاتر هەوڵی خۆیان تەرخانی زمان و بەلاغەتی قورئان کردووە، یان هێندێک لە چیرۆکەکانی قورئانیان شرۆڤە کردووە و یان گەڕاونەتەوە بۆ هەمان باسەکانی سەدەی سێ و چوار کە لە نێوان ئەشاعیرە و موعتەزیلەدا بووە، وەک حادیس یان قەدیم بوونی قورئان و ناسخ و مەنسوخ و هتد. واتە باسەکان زیاتر کەلامی بوونە تا ئاکادمیک. نووسەرە ئاکادمیسیەنەکانیش زیاتر پەرژاونەتە سەر هێرمێنۆتیکی قورئان و زمانناسی نوێ لە قورئاندا و بابەتی لەو چەشنە، بەڵام بە شێوەی ئاکادمیک باسێکی ئەوتۆیان سەبارەت بە سەرچاوەکانی قورئان، نەکردووە و هەر هەوڵێکیان لەو

[1] ـ آنجلیکا نۆیۆرت، قران پژوهی در غرب، مجله هفت آسمان، تابستان ١٣٨٦، شماره ٣٤

بیاڤەدا دابێ بۆ سەلماندنی ئاسمانی بوونی ئەو کتێبە بووە، دیارە لێکۆڵینەوەیەکیش کە لەودا لێکۆڵەر باوەر و ئیمانی خۆی تێکەڵ بە کارەکەی بکات لە دنیای زانستدا شەرعییەتێکی ئەوتۆی نیە.

لەوانەیە هۆکاری دروست بوونی ئەو بۆشاییە لە نێو موسڵمانەکاندا ترس لە تەکفیر بوو بێت کە بەڕێوەبەرانی دین بەردەوام وەک ئامرازێک بە دژی هەرچەشنە جیابیرێک بەکاری دەهێنن. ئاسمانی بوون یان نەبوونی قوورئان ئەگەرچی لە سەدە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا بە راشکاوی باسی لە سەر دەکرا، بەڵام پاش زاڵ بوونی فیرقەی ئەشعەری کە ئیمام محەممەدی غەزالی گەورەترین و بەناوبانگترین نوێنەری ئەو رەوتە بوو، ئەو باسە بە تەواوی هەڵپێچراو باسی مرۆیی بوونی قورئان بوو بە تابۆیەکی جیددی کە زانایانی ئیسلامی وەک هێڵی سوور چاوی لێدەکەن.

ئەم کتێبە ئەگەرچی تەرخان نەکراوە بە دۆزینەوەی سەرچاوەکانی قورئان بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هەوڵدەدات شوێنە پێی ئوستوورەکان و جادووەکان لە قورئاندا بدۆزێتەوە و لەو رێگایەوە هێندێک لە سەرەکیترین سرووتەکان و کردەوەکانی ئیسلام شرۆڤە بکات، لە خۆوە دەکەوێتە ناو باسی سەرچاوەکانی قورئانیشەوە.

هەر وەک باسم کرد هێندێک لە رۆژهەڵات ناسەکان دەڵێن قورئان لە ژێر کاریگەری تەورات و تەلموود و ئینجیلدا بووە، هێندێک باسی حونەفا دەکەن و هێندێک باسی کاریگەری فەرهەنگی عەرەبی ئەو سەردەمە و سابئین و هتد دەکەن، لەم کتێبەدا نووسەر دوای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی هاوتەریبی دەقە دینییەکان و دەقی ئوستوورەکانی ناوچەکە هەوڵی داوە تا پێوەندی نێوان ئوستوورە و دەقی دین بۆ خوێنەر روون بکاتەوە، کاریگەری ئوستوورەکان نە تەنیا لە دەقی قورئان، بەڵکوو لە دەقی تەورات و ئینجیلیشدا بەرچاوە و دیارە زۆربەیان لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ دەقی قوورئان.

واتە کاریگەری وەرگرتنی قورئان لە تەورات بەو مانایە نیە کە قورئان نووسراوەی محەممەدە کە بە لاسایی لە کتێبێکی ئاسمانی بە ناوی تەورات نوسراوە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە هەم تەورات و هەم ئینجیل و هەم قوورئان هەموویان بەستراوی هێندێک ئایینی بەربڵاو لە ناوچەکەدان کە ئوستوورەی جۆراوجۆری پێوەندیداریان بۆ پێکهاتووە و مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژای مێژووی، جلی تازەی وە بەر ئەو ئوستوورە کۆنانەدا کردووە و ئایینی ئیسلام دواهەمین جلە کە وە بەر بەشێک لەم ئوستوورە و سرووتگەلەدا کراوە. هەر بۆیە لە مرۆڤی ئەمڕۆ نزیکترە و لایەنی ئوستوورەیی بە

نیسبەت دینەکانی دیکە شاراوەترە و تەنانەت خوداکەشی جیاوازی لە گەڵ زۆربەی خوداکاندا هەیە.

خودای قورئان بە پێچەوانە دینەکانی دیکە لایەنی ئابسترەکتی زۆرترە و رواڵەتی خودا لەم دینەدا جیاوازە لە گەڵ رواڵەتی خودا لە دینە تاک خوداکانی دیکەدا. لە ئیسلامدا خودا ئەگەرچی لە باری هەڵسوکەوت و خوو و خدەوە هەمان خودای تەوراتە کە زۆر توورە دەبێت و تۆڵە ئەستێن و ستەمکار و جەببارە، بەڵام ئەم خودایە بوونی جەستەیی نیە و وەک خودای تەورات راستەوخۆ لە گەڵ پێغەمبەرەکەیدا بەرەوڕوو نابێت، ئەو تایبەتمەندییەش دیارە لە ئایینی حەنیفەوە هاتووە، واتە ئەو ئایینەی کە پێش لە ئیسلام لە ناو بەشێک لە عەرەبەکاندا باو بووە و ئایینێکی تاک خودا هاتووەتە ئەژمار. لێرەدا ئەگەرچی مەجالی باسی چڕ و پڕ لە سەر ئایینی حەنیف نیە، بەڵام بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی ئەم ئایینە لە گەڵ ئیسلام و کاریگەری حەنیفییەکان لە سەر محەممەد باشتر دەرکەوێت، ئاماژەیەکی کورت بە ئایینی حەنیف دەکەم.

## ئایینی حەنیف

حەنیف لە زمانی عەرەبیدا بە واتای رووکردن لە شتێک هاتووە، مانای هەڵگەران لە دینی خۆو چوونە ناو دینی تازەشی هەیە، لە عیبری و سوریانیدا بە واتای شەل بووە و دواتر بە شێوەی ناراستەوخۆ بەو کەسانە گوتراوە کە دەستیان لە ئایینی خۆیان واتە ئایینی بت پەرەستی هەڵگرتبوو. لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینی و بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام بەشیک لە عەرەب بەتایبەت چەند کەسی بەرچاو بە ناوەکانی "وەرەقە" "زەید بن عەمر" "عوبەیدوللا"و "عوسمان" کە لە ئایینی باپیرانی خۆیان کە پەرەستنی بوتەکان بوو وەرگەڕابوون، بە شێوەیەکی رەمزاوی پێکەوە پەیمانیان بەست کە دینێک دابمەزرێنن کە بنیاتی لە سەر پەرەستنی تەنیا یەک خودا بێت[1]. ئەگەرچی زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە حەنیفەکان لە بەردەستدا نیە بەڵام دیارە لە ژێر کاریگەری ئایینی زەردەشت و مانی دا بوونە.

بێ گومان عەرەبی پێش لە ئیسلام ئایینی زەردەشتیان ناسیوە، هێندێک گێڕانەوەی ئیسلامی هەیە کە باسی بوونی زەردەشتییەکان و مانەوییەکان لە عەرەبستاندا دەکەن. ئەوانە بەتایبەت لە حیرە و یەمەن و حیجازدا بوونە. "ابن قتیبە" دەڵێ: مەجووسییەت

[1] ـ غفاری، اصلان، پذیرش اسلام در ایران، دالاس، تگزاس، ۱۹۹۰ ص ٦٧

(ئایینی زەردەشت) لە بەنی تەمیمدا بوو و زەندەقە (ئایینی مانی) لە قورەیشدا بوو کە لە حیرە گرتبوویان[1] لەوە دەچێت کە مەبەست لە زەندەقەی قورەیش هەمان پەیرە و کردنی ئایینی حەنیف بێت چونکوو حەنیفەکان لە باری باوەڕەوە زۆر لە مانەوییەکان نزیک بوون، تەنانەت باوەڕ بە هاتنی رزگاریدەرێک بە ناوی محەممەد یان ئەحمەد لە رێگای مانەوییەکانەوە هاتبووە ناو عەرەبستان، ناوی دواهەمین رزگاریدەر لە ئایینی مانەویدا "ئەستوت ئەرتە" واتە پاک و پەسن گوتراوە کە لە عەرەبیدا هەمان محەممەد یان ئەحمەدە، لە واقێعدا چیرۆکی پێشبێنی هاتنی کەسێک بە ناوی محەممەد نە لە ئایینی مەسیح، بەڵکوو لە ئایینی حەنیفدا باسکراوە.

محەممەد پێش لەوەی کە ئیددیعای پێغەمبەری بکات لە گەڵ بیری حەنیفییەکاندا ئاشنا بووە و تێکەڵاوی لەگەڵیاندا بووە، دوورەپەرێزی لە خەڵک و چوونەناو ئەشکەوت کە خۆی رەنگی زەردەشتی و میترایی بە ئاشکرایی پێوە دیارە، هۆکاری ئاشنایی محەممەد لە گەڵ ئەو کەسانەدا بووە. مێژوونووسان دەڵێن کە محەممەد لەم دانیشتنانەی خۆی لە حەرادا زەیدبن عەمری ناسیوە و بەرە و لای ئایینەکەی ئەو و هاورێکانی کە بە ناوی ئایینی حەنیف ناسراوە ، کێشراوە، زەید بن عەمر پێنج ساڵ پێش لەوەی محەممەد ئیددیعای پێغەمبەری بکات مرد بوو.

وەرەقە بن نۆفەل ئامۆزای خەدیجە و هاورێی نزیکی محەممەد، یەکێکی دیکە لە باوەڕمەدان بە ئایینی حەنیف بوو. وەرەقە لە نێوەرۆکی کتێبەکانی یەهوود و مەسیحییەت ئاگادار بوو، هەروەها بەشێک لە ئینجیلی وەرگێرا بووە سەر زمانی عەرەبی.[2] لە سیرەکاندا هاتووە کە محەممەد یەکەمجار کە هەستی بە شتێکی نائاسایی کرد، بە گومان بوو لەو شتەی کە رووی دابوو، هەر بۆیە لە گەڵ خەدیجەی خیزانی بۆ لای وەرەقە رۆیشت و ئەو دوای ئەوەی کە چەند پرسیاری لێکرد، دڵنیای کردەوە کە نابێ بترسێت و دەبێ بزانێت کە بۆ کاری پێغەمبەری هەڵبژێردراوە. واتە حەنیفییەکان و لە سەرەوەی ئەوان وەرەقە ئەو باوەڕەیان لە محەممەد دا دروست کرد کە دەتوانێت پێغەمبەر بێت. بیری دواهەمین پێغەمبەر بوونیشی هەر لەو رێگایەوە هاتبو، محەممەد خۆی بە هەمان رزگاریدەری ئایینی حەنیف (مانی) کە ناوی ئەحمەد بوو، دەزانی.

[1] ـ آذرتاش آذرنوش، راههای نفوذ فرهنگ فارسی در فرهنگ و زبان جاهلی، انتشارات توس، ١٣٧٤، ص ١٧١

[2] ـ طبري، سەرچاوەی پیشوو . ج٣ صص ٨٤٨ و ٨٤٩

بەڵام ئەوانەی کە لە گەڵ وەرەقە و لە سەر ئایینی حەنیف بوون هەموویان باوەڕیان بە محەممەد وەک پێغەمبەر نەبوو. "امیه بن ابوصلت" کە خەڵکی تائیف و لە هۆزی بەنی سەقیف بوو، پوورزای محەممەد بوو و یەکێک لە پیاوە گەورە و بەناوبانگەکانی حونەفا دەهاتە ئەژمار و بەردەوام خەڵکی بۆ تاک پەرەستی بانگهێشت دەکرد، ئەو بەردەوام لە سەفەردا بوو و لە گەڵ زانایانی ئایینی یەهوود و مەسیحییەت گفتووگۆی دەکرد. "ابوصلت" لە گەڵ محەممەدیشدا دیداری کرد، بەڵام باوەڕی پێنەهێنا و کاتێک کە گەڕایەوە بۆ تائیف بە هاوڕێکانی خۆی گوتی: من زیاتر لە محەممەد لە قسە و باس و کتێبەکانی نەتەوەکان ئاگادارم و زمانی عیبری و ئارامیش بە باشی دەزانم، کە وا بوو ئەگەر باسی پێغەمبەری بێت من لەو کارامەتر و باشترم.[1]

یەکێکی دیکە لە باوەڕمەندانی حەنیف کە هەر لەکاتی دەسەڵاتداری خودی محەممەدا ئیددیعای پێغەمبەری کرد و بەتەما بوو محەممەد دەسەڵاتی خۆی لەگەڵیدا دابەش بکات، موسەیلەمە ناوێک بوو. محەممەد کەسێک بە ناوی رحالی بۆ لای موسیلەمە نارد، بەڵام ئەو کەسە بوو بە دواکەتەی موسەیلەمە و لە ئیسلام وەرگەڕا[2]. موسەیلەمە پاش مەرگی محەممەد و لە لایەن ئەبووبەکرەوە سەرکوت کرا.

کاریگەری ئایینی حەنیف لە سەر محەممەد و دینەکەی زۆرە و تەنانەت سەرهەڵدانی دینێک بە ناوی ئیسلام تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی ئەو باوەڕەیە. باوەڕێک کە بە لاسایی لە ئایینی زەردەشتی و مانەوی چاوەڕوانی رزگاریدەرێک بوو کە وەرگێرانی ناوەکەی هەمان ناوی محەممەد بوو. دیارە بوونی ئەو شتە و هەروەها هاوڕێەتی محەممەد لە گەڵ کەسانێک وەک وەرەقە و سەردانی بەردەوامی ئەشکەوتی حەرا و دوورەپەرێزی و عیبادەت لەوێدا هەموویان رۆڵی گرینگیان لە باوەڕی محەممەد دا هەبووە.

---

٢- مسعودي، مروج الذهب و معادن الجوهر، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب ، ١٣٥٦ ص ٢٦

[2]- زندگانی پیامبر اسلام (ترجمه سیرة النبویة ابن هشام ) ترجمه سید هاشم رسولی ، کتابفروشی اسلامیه ، تهران: ١٣٦٤ ج٢ صص ١٠٢٦- ١٠٢٧

# جادوو و کردەوەی جادوویی لە قورئاندا

# جادوو

دەتوانین بڵێین جادوو دایکی ئایینە و زۆربەی هەرە زۆری ئایینە مرۆییەکان لە سەر بنەمای جادوو دامەزراون، هەر ئایینێک بنەمایەکی جادوویی هەیە، بەڵام لە چۆنیەتی ئەو بنەمایە و میکانیزمی کاریگەریی جادوو، تەنیا جادووگەرە کە ئاگادارە (یان خۆی پێی وایە ئاگادارە). ئەو جادووە کە لە لای جادووگەرەوە کردەوەیەکی مانادار و کاریگەریدانەرە، کاتێ لە لای خەڵکەوە و بە بێ ئاگاداری لە میکانیزمەکەی جێبەجێ دەکرێ، ناوی ئایینی لە سەر دادەنرێ. واتە مرۆڤی ئاسایی کاتێ کارێکی ئایینی دەکات بە دوای ئەوەدا نیە کە ئەو کارە بە چ مەبەستێک دەکات و زۆرجار هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە، بەڵکوو تەنیا بە هۆی ئەوەی کە ئایینەکە وایە، وەک ئەرکێک جێبەجێی دەکات. نموونەی ئەو جۆرە کردەوانە رۆژانە لە هەموو شوێنێکدا و سەبارەت بە هەموو نەریت یان کردەوەیەکی باوی دینی و غەیری دینی دەبینین. خەڵکانێکی زۆر کە هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە بۆچی بۆ نموونە دەبێ لە رۆژێکدا پێنج جار نوێژ بکەن؟[1] بۆچی ئەوە دوو جار یان شەش جار نیە؟! بۆچی دەبێ حەج بکەن یان بۆچی دەبێ جلی تایبەت بۆ ئەو کارە لەبەر بکەن؟[2] سەبارەت بە زۆر شتی غەیری ئایینیش ئەو پرسیارگەلە هەیە، بۆچی

---

[1]- فەلسەفەی پێج جار بوونی نوێژ دەگەرێتەوە بۆ ئایینی زەردەشت و لە زەردەشتیشدا ریشەکە لە میترائیسم و پەرەستنی خۆرەوە هاتووە. کاتەکانی نوێژ هەموویان پێوەندییان بە شوێنەکانی خۆرەوە هەیە، واتە کاتی هەڵاتنی، ئەو کاتەی لە لووتکەدایە، هاتنە خوارەوەی، ئاوا بوونی و بە تەواوی رۆشتنی. ئەم پێنج جارە کە پێنج جاری پەسن لە ئایینی زەردەشتدایە بریتین لە: هاوەنگا(بەری بەیان)، رپیسوینگا(نیوەرۆ)، ئەزیرینگا(ئێوارە)، ئویسروسریمگا(خۆرئاوا) و ئۆشهینگا(شەو). ئەم پێنج کاتەی پەسن گوتنە تایبەتە بە خۆر، مێهر، مانگ، ئاو و ئاگر. پەسنی خۆر ١٩ رەستەیە، پەسنی مێهر ١٧ رەستە، پەسنی مانگ ١٢ رەستە، پەسنی ئاو ١١ رەستە و پەسنی ئاگر ٢٠ رەستەیە (بۆ زیناری زاتر بڕوانن بۆ ئاڤێستای بچووک بەشی پێنج پەسن و پێنج گاه (پێنج کات))

[2]- لە بەشی حەجدا بە وردی پەرژاوەمەتە سەر ئەم باسە

لە بەرانبەر ئاڵای وڵاتەکەیان دەبێ ڕابوەستن و خودی گرینگی ئاڵا چیە؟[1] نموونەی ئەو پرسیارگەلە یەکجار زۆرە، پرسیارگەلێک کە بە دەگمەن بە مێشکی مرۆڤەکان دەگات و کاتی بەرەورووو بوون لە گەڵ وەها پرسیارگەلێکیشدا، بە سەر سوورمان لە تەواو نەبوونی ئاوەزی پرسیارکەر و بە دڵنیاییەکی تەواوەوە دەڵێن: ئەی چۆن؟! ئەبێ وا بێ!!

دڵنیایی ئەو حەشیمەتە کە زۆرینەی خەڵکانی ئەم دنیایە پێکدێنن، گەرەنتی مانەوە و ژیانی ئایینەکان، دینەکان و ڕێورەسم و نەریتەکانی مرۆڤە. سەرچاوەی سەرەکی ئەو دڵنیاییە تایبەتمەندییەکی گرینگی مرۆڤ، واتە لاسایی کردنەوەیە. مرۆڤ هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕێگای دین، ئایین و نەریتەوە پێی گەیشتوون، بە بێ ئەوەی بزانێت لە کوێوە هاتوون و مانایان چییە، بە وردی و هێندێک جاریش بە دەمار گرژییەکی سەیرەوە لاسایی دەکاتەوە و تەنانەت یەکجاریش بە خۆی ناڵێ بۆچی؟

لە بنەمادا مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی لە بیرکردنەوە دەرباز بکات، ئیزن دەدات کە کەسانی دیکە لە جیاتی ئەو بیر بکەنەوە، لە جیاتی ئەو فێر بن، لە جیاتی ئەو سەردانی خوداکان بکەن و لە ئاکامدا تەنیا پێڕستێک لە ئەرکی کردەوەیی (با قورسیش بێت بەڵام پێویستی بە بیر کردنەوە نەبێ!) بۆ ئەو دیاری بکەن، دیارە دەبێ ئەویش ئەو ئەرکە دیاری کراوانە بە بێ ئەملا و ئەولا جێبەجێ بکات و لە هەمان کاتدا ناوی خۆی بنێتە بوونەوەری بیرمەند!

باسی جیاوازی وردی ئایین و جادووم دەکرد؛ جادوو ئەو بنەمایەیە کە دوای ئەوەی کە لە کۆمەڵگەدا بوو بە شتێکی باو، بەرەبەرە ڕواڵەتە جادووییەکەی لە بیر دەچێت و بە تێپەڕینی کات، کردەوەکە دەبێت بە ئایین و بە درێژای مێژوو دووپات دەبێتەوە. واتە جادوو بنەمای هۆیی ئایینە و هەر ئایینێک بە جۆرێک پاڵی بە جادووە داوەتەوە.

دوای ناسینی جۆرەکانی جادوو ئەو بنەماگەلە دەردەخەم و باسیان لە سەر دەکەم. بنەمای جادوویی ئایینەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە جادوو بەر لە ئایین پێوەندی بە ئوستوورەوە گرتووە، زۆربەی ئەو ئوستوورەگەلەی کە ئەمڕۆکە تەنیا وەک ئوستوورە دەیانناسین، کاتی خۆی بەشی جادوویشیان لە گەڵ بووە. واتە ئەو شتەی کە بە زمانی وێنا کردن و مێتافۆر (ئوستوورە) دەگوترا، لە ڕێگای جادووەوە هەقیقەتی پێدەبەخشرا و کاردانەوەی لە دنیای واقێعدا هەبوو. ڕێورەسمەکان و جادووەکان (بە هۆی دژایەتی دامەزراوەگەلێک وەک دین) لەناو دەچن یان بیچم دەگۆڕن، بەڵام ئوستوورە بە بوونی خۆی درێژە دەدات.

---

[1]- باسی ئاڵاش باسێکی زۆر دوورو درێژە کە پێوەندی بە بابەتی ئەم کتێبەوە نیەو بۆ خۆی پێویستی بە مەجالی تایبەت هەیە، هەر بۆیە لێرەدا لەوە دەگەڕێم.

هەربۆیە لێکۆڵەر دەبێ ڕێورەسمەکانی پێوەندیدار بە هەر ئوستوورەیەک و پاشان بنەما جادووییەکانی ئەو ڕێورەسمانە بدۆزێتەوە و بیانخاتە یەک. بۆ چوونە ناو باسی جادوو و ڕۆڵی جادوو لەم پرسیارەوە دەست پێدەکەم کە :

## مرۆڤ بۆچی ڕووی لە جادوو کردووە ؟

هێندێک ڕووداو لە سروشتدا ڕوو دەدەن کە نەتەنیا هۆکارەکانیان بۆ مرۆڤی بێ زانست دیار نیە، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆر، نەخوازراو و تێکدەری ڕەوتی ئاسایی ژیانی ئەون. تۆفان، لافاو، بوومەلەرزە، بارانی ناوادە، لەناو چوونی بەروبووم و هتد، خەساری جیددی بە ژیانی مرۆڤ دەگەیەنن. بۆیە مرۆڤ هەوڵ دەدات بە شێوەیەک لە شێوەکان سروشت دەستەمۆ بکات و لە گەڵ خۆیدا بیگونجێنێ و پێش بە خەسارەکانی بگرێ. دەستەمۆ کردنی سروشت و کۆنترۆڵ کردنی خەسارەکانی بۆ مرۆڤی ئێستا دەستەبەر بووە. مرۆڤی سەردەمی نوێ لە ڕێگای تەکنۆلۆجیاوە پێش بە خەسارەکانی زۆربەی ڕووداوە سروشتییەکان دەگرێت و دەتوانین بڵێن بە سەر سروشتدا زاڵە.

بەڵام بۆ مرۆڤی کۆن ئەو شتە بە شێوەیەکی دیکە دەبوو دابین بکرێت، مرۆڤی کۆن کە هێزی ڕاستەوخۆی کۆنترۆڵی سروشتی نەبوو، ڕووی لە هێزی نادیاری جادوو کرد، ئەو هێزەی کە ئەگەرچی مرۆڤ لە بارەی مێکانیزمەکەیەوە هیچ نازانێت، بەڵام پێی وایە دەتوانێت هەموو ڕووداوێک لە دنیادا بگۆڕێت. جادوو بەرهەمی نارازی بوونی مرۆڤ لەو دۆخەیە کە تێیدایە و هەوڵی ئەوە، بۆ گۆڕینی شتەکان. لە ژیانی تاکە کەسیدا بێتوانایی لە بەرەورووبوونی ڕاستەوخۆ لە گەڵ دوژمن و لە ناو بردنیدا، مرۆڤی نائاگا بەرەو جادوو هان دەدات. بۆیە لە بواری گشتیشەوە هەمان بێتوانابیە کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی جادوو لە ناو خەڵکدا. بەڵام ئەم جارەیان زیاتر، بێتوانایی لە بەرەو ڕوو بوون لە گەڵ سروشتدایە (ئەگەرچی بە نیسبەت دوژمنی گەلیشەوە زۆر جار لە جادوو کەڵک وەرگیراوە، بەڵام بە گشتی سەرچاوەکە هێزی دەستەمۆ نەکراوی سروشت و بێتوانایی مرۆڤە).

جادوو قۆناخی پێش لە دینەو تەمەنێکی زۆر زۆرتریشی هەیە:" مرۆڤ پێش لەوەی دەستەو داوێنی خودا توورە و هەوەسبازەکان بێت و هەوڵ بدات بە نەزر و نیاز و قوربانی دڵیان نەرم بکا، تێدەکۆشا تەنیا بە هێزی تەلیسم و جادوو سروشت لە گەڵ داخوازییەکانی

خۆیدا هاودەنگ بکات."[1] لەو ڕێگایەوە هەوڵی دەدا پێش بە بارانی ناوادە بگرێت یان بە پێچەوانەوە بە هەمان شێوە دەیهەویست بیبارێنێ. هەوڵی دەدا هێزی زەوی بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمی وەرزێری باشتر، زۆرتر بکات. پێش بە بوومەلەرزە و لافاو و هتد بگرێت. بەڵام کاتێ بینی کە خۆی ناتوانێ سروشت کۆنترۆڵ بکات، لە هێزی خۆی ناهومێد بوو و بەو ئاکامە گەییشت کە هێندێک بوونەوەری متافیزیکی کۆنترۆڵی سروشتیان لە دەستدایە[٢]. لەو کاتەوە بوو کە پەرەستنی خودا خەیاڵییەکان دەستی پێکرد، هەر دیاردەیەکی سروشتی لە باوەڕی ئەودا خودایەکی نادیاری هەبوو کە کۆنترۆڵی ئەو بەشەی لە دەستدا بوو. بۆ نموونە ئاو خودایەکی بوو کە کۆنترۆڵی باران، لافاو، هەڵتۆقینی رووبار و دەریای لە دەستدا بوو. پەسنی ئەو خودایە و رازی کردنی ئەو دەبووە هۆی ساڵێکی باش و هێمن، بەپێچەوانەوە تووڕە کردنیشی دەبووە هۆی خەسار و نەهامەتی. لە رەوتی مێژوودا ئەو شتە بەرەبەرە گۆڕانی بە سەردا هات. باوەڕی مرۆڤ لەو بارەیەوە لە پەرستنی خودای سروشتی گۆڕدرا بە پەرەستنی خودای نادیار. خودا نادیارەکانیش لە رەوتی مێژووی دیندا و بە هۆکارگەلی کۆمەڵایەتی و هزری جۆراوجۆر (کە بە هێندێک لەو هۆکارگەلە لە بەشی دیندا ئاماژەم کرد) جێی خۆیاندا بە خودایەکی تاکی نێر کە دەسەڵاتی هەموو شتەکانی دنیای لە دەستدایە. ئێستاشی لە گەڵ بێت بەشێکی بەرچاو لە خەڵکانی دنیا بە هۆی ئەوەی کە هێشتا دەست هەڵگری جادووەکان نەبوونە، دەست هەڵگری ئەو خوداگەلەش کە چێکراوی دەستی خۆیان و بەرهەمی سەردەمی نەزانییانن، نابن و رازی کردن ئەوان بە گرینگترین ئەرکی خۆیان دەزانن.

ئێستاش نەتەنیا واز لەو خولیا بێبنەمایە ناهێنێن، بەڵکوو لە سەر ئەو وەهمە، بە هەزاران هەزار مرۆڤ لە رەوتی مێژوودا کوژراون و ئەو رەوتە هەر بەردەوامە. باسی حەق و ناحەق و دابەش کردنی دنیا بە سەر دوو بەرەی خێر و شەڕ، مۆڵەتی ئەو کوشت و بڕە بە دین دەدات. بۆ وێنە لە ئیسلامدا ئەو شتە بە روونی دیارە. هەر کەس باوەڕی بە خودای ئیسلام هەبێ، لە بەرەی خێرە. بە پێی ئایەتەکانی قورئان ژن، ماڵ و گیانی لایەنگرانی بەرەی شەڕ (بە واتای قورئان) بۆ لایەنگرانی بەرەی خێر واتە مۆسڵمانەکان حەڵاڵ کراوە. بۆیە مۆسڵمانی راستەقینە دەبێ باوەڕی بە جیهاد، واتە کۆشتنی کافرەکان بۆ رازی کردنی خودای ئیسلام هەبێ.

---

1- فریزر، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٢٤

٢- هەمان، ص ١٢٧

**"فقاتل في سبيل الله لا تكلف إلا نفسك وحرض المؤمنين عسى الله أن يكف بأس الذين كفروا والله أشد بأسا وأشد تنكيلا"**

تۆ لەسەرتە لە ڕای خودا شەڕ بکەی تۆ هەر ئەرکی خۆت لەسەرە دنە و هانەی باوەڕدارەکانیش بدە! شایەت خودا لە بەدفەڕی و زەبروزەنگی خوانەناسان بووپاریزێ. خودا لەوان بەگوڕترو ئازاترەو لە بەڵا بەسەرهێنانیش لەوان بە دەست وبردترە. (نسا-٨٤)

**"الذين آمنوا يقاتلون في سبيل الله  والذين كفروا يقاتلون في سبيل الطاغوت فقاتلوا أولياء الشيطان  إن كيد الشيطان كان ضعيفا"**

ئەوانەی خاوەن باوەڕن شەڕ لە رای خودا دەکەن. ئەوانەش کە خوانەناسن لە ڕێگەی تاغووت شەڕ دەکەن. دەسا ئێووە بچنە شەڕی ئەوانەی دۆستی شەیتانن. فێڵی شەیتان زەبوون و بێ هێزوپێزە. (نسا-٧٦)

**"إن الله يحب الذين يقاتلون فى سبيله صفا كأنهم بنيان مرصوص"**

خودا ئەوانەی خۆش دەوێ کە لە ڕێگای ئەودا شەڕ دەکەن و ڕێز دەبەستن، ئێژی دیواری قوڕقوشمەن.(سەف-٤)

لە قورئاندا دەیان جار **"قاتلو فى سبيل الله"** دووپات دەبێتەوە، کە هەر جار لە هەمان ئایەت یان ئایەتەکانی پاشی دەڵێ ئەو کوشت و کوشتارە دەبێتە هۆی خێر و خۆشی و دەستەبەر کردنی بەهەشت بۆ جیهادگەران و ڕازی بوونی خودا.
گرینگی وەدەست هێنانی ڕەزای خوداکان (تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەزامەندییە لە گرەوی کوشتنی مرۆڤەکانی دیکەدا بێت) لەوەدایە کە مرۆڤ ئەوان بە هێزی دەسەڵاتداری دنیا دەزانێ کە هەموو شتێکیان لە دەست دایە و دەتوانن هەر چەشنە ئازارێک تووشی بوونەوەرەکان بکەن.
مرۆڤ بە هۆی بێتوانایی خۆی (یان باشتر ئەوەیە بڵێین بە هۆی نەناسینی تواناکانی خۆی) ڕووی لە جادووی هێزە نادیارەکان و خودا وەهمییەکان کردووە و بە ئافراندنی بوونەوەرێکی نادیار کە هەمووشتی دنیا لە دەستی ئەودایە، ڕووداوەکانی سروشت، هەر

وەها نەریت و سرووتەکانی خۆی و کوشتنی مرۆڤەکانی دیکە پاساودەداتەوە. ئەو بوونەوەرە وەهمییە دەکات بە دەسەڵاتدارێکی سەرەڕۆ و خۆی دەبێ بە کۆیلەی وەهمی خۆی!

کۆی بێتوانایی مرۆڤ لە کۆنترۆڵی دەورووبەری خۆی و هەروەها تایبەتمەندی مێشکی ئەو کە توانایی بیر کردنەوە و خەیاڵ پەروەری زۆر زۆرە، بووە هۆی رووکردنی ئەو لە جادوو و پاش ئەوەش روو کردن لە ئایین و دین. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دین لە سەر بنەمای جادوو دامەزراوە، سەرەتا پێویستە جادوو بە باشی بناسین و مێکانیزم و جۆرەکانی شی بکەینەوە. پاشان ئەو پێوەندییانە کە باسی دەکەین، دەردەکەون.

## جۆرەکانی جادوو

ئەگەر بنەما هزرییەکانی جادوو لێک بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە جادوو بە دوو بەش دابەش دەکرێ:

یەکەم ئەوەی کە دەڵێ هەرشتێک دەتوانێ وەک خۆی چێ بکات، یان ئەوەی کە هەر بەرهۆیەک لە هۆکاری خۆی دەچێت.

دووهەم ئەوەی کە ئەو شتانەی کە پێوەندییان پێکەوە هەبووە یان لێکسواون، دوای پچڕانی پێوەندییەکەش لە دوورەوە کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە. بنەمای یەکەم دەتوانین وەک یاسای لێکچوون ناو ببەین و بنەمای دووهەم وەک یاسای لێکسوان[١]

جادووگەر لە بنەواشەی یەکەم، واتە یاسای لێکچوون بەو ئاکامە دەگات کە دەتوانێ هەر بەرهۆیەک لە رێگای لاسایی کردنەوەوە بەرهەم بهێنێت. لە بنەواشەی دووهەمیش بەو ئاکامە دەگات کە هەر ئیشێک لە گەڵ هەر کەرەستەیەکدا بکات، کاریگەرییەکی هاوشێوە لە سەر ئەو کەسەی کە سەردەمانێک، پێوەندی بەو کەرەستەوە هەبووە دادەنێت. تەلیسمی چێکراو لە سەر بنەمای یاسای لێکچوون ناوی جادووی هۆمیۆپاتیک یان لاسایی کەرانەوەی لە سەر دانراوە و تەلیسمی چێکراو لە سەر یاسای لێکسوان بە جادووی پەتا ناودێر کراوە[٢]

---

1- فریزر، سەرچاوەی پێشوو،ص ٨٧

٢- هەمان، ص ٨٨

### جادووی سه‌مپاتیک

هه‌ردوو جۆره‌كانی جادوو، واته‌ جادووی هۆمیۆپاتیک‌و جادووی په‌تا ده‌توانین وه‌ک جادووی سه‌مپاتیک ناو ببه‌ین. چونكه‌ هه‌ردووی ئه‌مانه‌ ده‌ڵێن شته‌كان له‌ رێگای سه‌مپاتییه‌كی رازاوی، له‌ دووره‌وه‌ كاریگه‌ری له‌ سه‌ر یه‌كتر داده‌نێن و پاڵنه‌ره‌كانی هه‌ركامیان بۆ ئه‌وی دیكه‌ ده‌گوازرێته‌وه‌[1]

### جادووی هۆمیۆپاتیک

لاسایی كردنه‌وه‌ ریشه‌یه‌كی زۆر قووڵی له‌ ناخی مرۆڤدا هه‌یه‌و كاریگه‌ریی زۆری له‌ سه‌ر گۆڕان‌و بێچم گرتنی دین‌و هه‌روه‌ها هونه‌ر هه‌بووه‌. ئه‌و سه‌ماو دمامک له‌ روخسار نانه‌ی خه‌ڵكانی دوور له‌ شارستانییه‌ت ته‌نیا یاری و شانۆ نیه‌، به‌ڵكوو لاسایی كردن له‌ روخسارو كرده‌وه‌ی بوونه‌وه‌رانی باڵایه‌ كه‌ به‌ باوه‌ڕی ئه‌وان پیت و به‌خته‌وه‌ری به‌ ژیانی مرۆڤ ده‌به‌خشن. واته‌ مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی له‌م شانۆگه‌رییه‌ كه‌ بنیات و بنه‌مای تراژێدی و كۆمیدی له‌ شارستانییه‌تی ئه‌مرۆدان، وه‌ده‌ست هێنانی هێزێكی متافیزیكییه‌ بۆ به‌خته‌وه‌ری گشتی[2] ناسراوترین شێوه‌ی به‌كارهێنانی جادووی لاسایی كه‌رانه‌ یان هۆمیۆپاتیک كه‌ بنه‌مای له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ دامه‌زراوه‌ كه‌ هه‌رشتێک ده‌توانێ وه‌ک خۆی چێ بكات، شێوه‌ هه‌وڵدانی سه‌یری مرۆڤی سه‌ره‌تایی (ته‌نانه‌ت ئیمڕۆییش!) بۆ له‌ناو بردنی دوژمنه‌. له‌م شێوه‌یه‌دا بۆ له‌ناو بردن یان خه‌سار و ئازار گه‌یاندن به‌ دۆژمن، له‌ وێنه‌ی دوژمن كه‌ڵک وه‌رده‌گیردرێ. چونكه‌ پێیان وایه‌ له‌ رێگای ئازار گه‌یاندن به‌ وێنه‌، خودی ئه‌و كه‌سه‌ش ئێش و ئازاری پێده‌گات[3] .

زۆرمان بیستوه‌ كه‌ نووشته‌نووس له‌و كه‌سه‌ی كه‌ بۆ له‌ناو بردنی دوژمنه‌كه‌ی سه‌ردانی ده‌كات، داوای وێنه‌ یان موو و جل و نینۆكی دوژمنه‌كه‌ی ده‌كات. به‌ پێی ئه‌و بیرو باوه‌ڕه‌، هه‌ركام له‌وانه‌ كه‌ره‌سته‌یه‌كه‌ كه‌ له‌ رێگای جادووی هۆمیوپاتیكه‌وه‌ كاریگه‌ری هاوچه‌شن له‌ سه‌ر كه‌سی پێوه‌ندیدار داده‌نێت. نموونه‌ی ئه‌م شێوه‌ جادووه‌ له‌ نێوان خه‌ڵكی ئه‌مریكای باكووردا هه‌یه‌. ئه‌وان پێیان وایه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر وێنه‌ی كه‌سێک له‌ سه‌ر خاک بكێشرێ یان

---

[1]- فریزر، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ص٨٨

[2]- هه‌مان، ص ٦٧٦

[3]- هه‌مان، ص ٨٩

شتێک لە جیاتی جەستەی ئەو کەسە دابنرێو پاشان ئەو شتە بە کەرەستەیەکی نووک تیژ کون بکرێ، ئەو کەسەی کە مەبەستە، خەساری هاوچەشن دەبینێ. بە هەمان شێوە خەڵکی هۆزی ئوجیب وەی، کاتێک کە دەیانهەوێت خەسار بە کەسێک بگەیەن، پەیکەرێکی چێوی چووکە لەو کەسە چێ دەکەن و دواتر دەرزییەک بە سەر یان دڵی پەیکەرەکەدا دەچەقێنێن، خەڵکەکە پێیان وایە دوژمنەکەیان هەر ئەو کاتەدا لەو شوێنەی جەستەیدا تووشی ئازاری توند دەبێ. بەڵام ئەگەر بیانهەوێ دوژمنەکەیان بکوژن، دەبێ پەیکەرەکە یان بسووتێننو یان لە ژێر خاک بینێژن[1].

بەو شێوە ئازاری لە ناکاوی سەر یان دڵ یان هەر شوێنێک لە لەشی مرۆڤ کە هێندێک جاریش دەبنە هۆی جەڵتە و مردنی ئەو، لەو رێگایەوە پاساو دەدرێتەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە پێیان وایە یەکێک لە دوژمنانی ئەو کەسەی کە تووشی جەڵتە بووە، پەیکەری ئەوی لەناو بردووە و لە رێگای جادووەوە ئەوی کوشتووە. ئەو کەسەی کە لەو شێوە جادووە کەڵک وەردەگرێ، دەبێ هاوکات لە گەڵ کون کردن یان سووتاندنی پەیکەرەکەدا هێندێک وشەی جادوییش بە کار بهێنێت تا بە بڕوای ئەو، جادووەکە کاریگەر بێ. بۆ نموونە بڵێت: "چێو نیە کە دەیسووتێنم، بەڵکوو دڵو جەرگـو هەناوی فلان کەسە کە دەیسووتێنم " یان بڵێ " من نیم کە دەینێژم، بەڵکوو ئیزرائیلە کە دەینێژێ" بەو شێوەیە جادووگەر بڕوای وایە کە جادووەکە کاریگەر دەبێ و ئەو کەسە دەمرێ، بە بێ ئەوەی تاوانی کۆشتنی بکەوێتە ئەستۆی جادووگەر و بەو هۆیەوە لە لایەن هێزە نادیارەکان(واتە رۆحی مردووکان)ەوە سزا بدرێت. لە باوەری جادوگەردا، رۆحی ئەو کەسەی کە کوژراوە دەتوانێ بگەرێتەوە و تۆڵەی خۆی بکاتەوە، هەر بۆیە کاتێک دەڵێ ئیزرائیلە کە دەینێژێ، رۆحی مردوو هیچی پێناکرێت و کوشەندەکەی لێ تێکدەچێت و بەو شێوەیە جادووگەر تووشی ئازار نابێ.

جادووی هۆمیۆپاتیک تەنیا بۆ مەبەستی خراپ و کۆشتن و خەسار گەیاندن کەڵکی لێ وەر ناگیردرێت، بەڵکو هێندێک جارو ئەڵبەت بە دەگمەن بە مەبەستی کارئاسانی بۆ کارێکی دژواریش کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بۆ نموونە بۆ منداڵ بوونی ژنان یان دەرمانی ژنانی نەزۆک. " لە ئۆسترالیادا جادووگەر بۆ ئاسان کردنی منداڵ بوونی ژنێک کە تووشی ئازاری توند بووە، لە ژوورێکی دیکەدا بەردێکی قورس بە سکی خۆیەوە دەبەستێ و

---

[1]- فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٩

لاسایی ژنی زاوەر دەکات. پاشان بۆ ئەوەی کە منداڵەکە لە سکی دایکیدا بسووڕێ و لە دایک ببێ و دایکەکەش رزگاری ببێ، جادووگەرەکە بەردەکە بە دەستی خۆی دەسووڕێنێت."[1]

بە کار هێنانی جادووی هۆمیۆپاتیک بۆ دەرمانی ژنانی نەزۆک لە کوردستانیشدا هەیە، لە شوێنێک لە هەورامانو لە نزیکی پاوەدا گۆڕێک هەیە کە خەڵک پێیان وایە گۆڕیی ئیمام زادەیەکە و بە کۆسەی هەجیج بەناوبانگە، لەوێدا دارێک لە تەنیشت گۆڕەکەدا هەیە کە ژنانی نەزۆک پەڕۆیەکو دوو چڵی چووکە دەکەن بە شتێک وەک لانکی کۆرپە و دەیبەستن بە چڵی دارەکەوە، ژنەکان پێیان وایە ئەگەر لەو ماوەیەدا کە لەوێن، شتێک بکەوێتە ناو لانکەکە، ئەوە منداڵیان دەبێت. بەڵام دەبێ ئەو شتە کە کەوتۆتە ناو لانکەکە بیخۆن، ئیتر گرینگ نیە ئەو شتە چڵ، گەڵا، مێشوولە، سیسرک یان هەرشتێکی دیکە بێ. نموونەی ئەم جۆرە جادووگەلە لە هەموو دنیادا و لە کوردەواریشدا ئەوەندە زۆرە کە هێنانەوەی هەموویان کتێبێکی تایبەتی دەوێ. نموونەیەکی دیکە لەم جادووە ئەوەیە کە لە کرماشاندا تا ٣٠ ساڵ لەمەو پێشیش هەر هەبووە، بەو شێوەیە کە لە کاتی نەورۆزدا ژنانی بنەماڵە، بژی(سەموون)یان دروست دەکردو لە هەویری بژییەکە دوو پەیکەری چووکەی ژن و مێردیان چێ دەکرد، پاشان تۆزقاڵێک لە ناو رۆندا سووریان دەکردەوە و ئینجا لە دەرەوە دایان دەنا تا قاڵاو و مریشک بیخۆن و پێیان وا بوو بەو شێوە نەخۆشین و کارەسات تا ساڵی دیکە لە بنەماڵە دوور دەکەوێتەوە.

ئەو جۆرە جادووگەلە هێندێک جار لە رێگای نەریتەوە و هێندێک جاریش لە رێگای ئایینو دینەوە دەمێننەوە و درێژە بە ژیانیان دەدەن. بەڵام جیاوازییەک هەیە لە نێوان جادووی نەریتی وەک ئەوانەی لە سەرەوە باسم کرد لە گەڵ جادووی پشتبەستوو بە دین. جیاوازییەکەش ئەوەیە کە جادووی نەریتی بە لای خەڵکەوە پیرۆزی پێنابەخشرێ، بەڵکوو تەنانەت وەک خورافە زۆر جار پارێزی لێ دەکرێ. بەڵام جادووی دینی نە تەنیا پیرۆزە، بەڵکوو تەنانەت دەرخستنی سەرچاوەی جادوویيشی بۆ کەسانی باوەڕمەند بە دین، گرژیو ئالۆزی لێ دەکەوێتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە ئەوە فەرمانێکە کە لە لای خوداوە هاتووەو خودا زۆر بیری لێ کردۆتەوەو حیکمەتی سەیرو سەمەرەی

1- فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص٩١

زۆری تێدایە، هەر بۆیە کاتێ بۆیان دەردەکەوێ کە وا نەبووە و ئەوە تەنیا پاشماوەی جادوویەکی کۆنە، ناهومێد و تووڕە دەبن.
لێرەدا سەرەتا کورتەیەک سەبارەت بە پێوەندی جادوو و دین دەخەمە بەر دەستی خوێنەر و پاشان دەپەرژێمە سەر ئەو جادووگەلە کە لە رێگای دینەوە ماونەتەوە و پیرۆزییان پێ بەخشراوە.

## پێوەندیی نێوان دین و جادوو

هەروەک لە پێشدا باسم کرد جادوو قۆناخی پێش دین و هەروەها سەرەتاییترین شێوەی پێوەندی گرتن بە هێزە مێتافیزیکییەکانە و دەتوانین بڵێین باپیری دینە. بەو شێوەیە کە جادوو لە رەوتی مێژوودا گۆڕاوە بە ئایین و کۆی ئایین و ئوستوورەش گۆڕاون بە دین. لێکچوویی جادوو و دین ئەوەندە زۆرە کە هێندێک لە بیرمەندان و لە سەرەوەی هەموویان "سێر جێمز فرەیزر" بەو ئاکامە گەیشتوون کە جادوو هەمان دینە. ئەو بە هێنانەوەی نموونەی زۆر لە ئایینە جۆراوجۆرەکانی دنیا بنەمای جادوویی هەموو ئەوانە کە زیاتر پاڵیان داوە بە جادووی هۆمیۆپاتیکەوە دەسەلمێنێ و تەنانەت باس لە بنەمای جادوویی دینی مەسیحیش دەکات (ئەگەرچی ئەو شتە راستەوخۆ باس ناکات و دەیخاتە ناو پەردەی گومان و بۆ دەرباز بوون لە لۆمەی دینباوەڕان وەک ئەگەرێک باسی دەکات). لە تاووتوێ کردنی کۆی ئەو بەڵگە مرۆڤناسانەگەلەی کە فرەیزر دەیخاتە بەردەست، بۆمان دەردەکەوێ جادوویش هەر وەک دین پێکهاتووە لە کۆی باوەڕەکان و رێورەسمەکان. جادوویش هەمان ئوستوورە و هێڵە سوورانەی هەیە، بۆ خۆی رێورەسمی قوربانی، پاک بوونەوە، نەوا، سرووت و سەمای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو هێزگەلەی کە جادووگەر بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەی هانایان بۆ دەبا، نە تەنیا لە گەڵ هێزەکانی یاریدەری کاهین و پێغەمبەر لە جەوهەردا هاوبەشن، بەڵکوو هێندێک جار هەر بە تەواوی یەکێکن. کاهین و جادووگەر هەردووکیان لە لای خەڵکدا پیرۆزییان هەیە و دین و جادوو وەک دوو لایەنی رەش و سپی یەک بابەت پێناسە دەکرێن. "لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا، پاشا هەم جادووگەرە و هەم کاهین. لە واقێعدا ئەو بە هۆی شارەزایی لە هونەری رەش (جادوو) و هەروەها هونەری

سپی (دین) دەسەڵاتی پێدەبەخشرێ."[١] جادووگەر و کاهین لە یەک هێز بۆ کاری خۆیان یارمەتی دەخوازن.

بۆ نموونە رۆحی مردووەکان لە هەمان کاتدا کە پیرۆز دێنە ئەژمار و کاهین یاری دەدەن، لە جادوویشدا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕن.

لە لای زۆربەی نەتەوەکاندا لە ئۆستراليا تا ملانێزی، یۆنانی، مەسیحیو موسڵمان ، رۆحی مردووان و ئێسک و مووەکانیان و هەر شتێک کە لەوانەوە بەجێمابێ، بۆ جادووگەر بەکەڵکن و ئەو وەک پردی پێوەندی کەڵکیان لێ وەردەگرێ.[٢]

سەرەڕای هەموو لێکچوونەکانی دین و جادوو ئەوەی کە زۆر زەقە، دژایەتی هەمیيشەیی نێوان ئەم دوو دیاردەیەیە، دین هەمیشە بێزاری خۆی بە نیسبەت جادوو دەربڕیوەو جاددوویش دوژمنیی خۆی لە گەڵ دیندا نەشاردۆتەوە. جادوو سوورە لە سەر ئەوەی کە بیسەلمێنێت شتە لاهوتیەکان هیچ پیرۆزایەتییەکیان نیە، هەرشتێک هەیە بەستراوەی ئەم دنیا و سروشتەیە. ئەم بابەتە یەکێک لە جیاوازییەکانی دین و جادووە.

جادووگەر پاڵ بە هێزی خۆیەوە دەدات و دەیهەوێ دنیا وا لێ بکات کە بە خواستی ئەو بجووڵێت. بەڵام "نەبی" یان کاهین ئەو رادە لە لەخۆبایی بوونی نیە، کاهین ملکەچی هێزە مێتافیزیکییەکانە و لەوان دەپارێتەوە.

جادووگەر بنیاتی کاری خۆی لە سەر بنەمای هۆیی و بەرهۆیی دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە هەر کردەوەیەک ئاکامێکی دیاری کراوی هەیە کە ئەگەر بە چاکی جێبەجێ بکرێت، ئەو ئاکامە ناچارە رووبدات. بۆیە نە تەنیا خۆی بە ملکەچی هێزە ناسروشتییەکان نازانێت بەڵکوو ئەوان لە رێگای هێندێک کردەوەوە ناچار دەکات تا خواستەکانی جێبەجێ بکەن. ئەم جیاوازییە جەوهەرییە لە نێوان دین و جادوودا بەو ئاکامە رێنوێنیمان دەکات کە ئەگەرچی جادوو پێوەندیی قووڵی لە گەڵ دیندا هەیە، بەڵام باوەڕێک کە بە یاسای هۆیی و بەرهۆیی هەیەتی، رێگای لە دین جیا دەکاتەوە و بە زانستەوە پێوەستی دەکات.

هەروەک دەزانین پیشەی "کیمیاگەری" کە لە نێوان جادوو و زانستدا هەنگاوی هەڵدەگرت و لە ناو بیرمەندە ئیسلامییەکانی سەدەی دە و یازدەی زایەنیشدا باو بووو[٣]، ئەو

---

[1]ـ فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٥

[٢]ـ دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٦و ٥٧

[٣]ـ لە فەیلەسووفە گەورە ئیسلامییەکان کە رووی لە کیمیاگەریش کردبوو یەکێکیان فارابی بوو، بەڵام ئەوانی دیکەش زۆرجار لە سەر کیمیاگەری دەدوان و یان کاریان لەسەر دەکرد، ئەبووعەلی سینا نەبێ کە بە هێچ شیوە باوەڕی بە کیمیاگەری نەبوو. کاری کیمیاگەر گۆڕینی جۆری فلێزەکان و چێ کردنی ئالیاژی

ئیشە واتە کیمیاگەری دواتر بوو بە باوکی زانستی کیمیا. بۆیە دەتوانین بڵێین جادوو، زانستی بوونێکی تێدایە. بەڵام دین بە هۆی رەت کردنەوەی یاسای هۆیی و بەرهۆیی و گەراندنەوەی هەموو شتێک بە خواست و مەیلی خودا لەوە بێبەشە.

جیاوازییەکی گرینگی دیکەی نێوان دین و جادوو ئەوەیە کە دین هەمیشە بریتییە لە کۆی باوەڕەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو کە شانازی بە قبووڵ کردنی دینەکەیان و بەڕێوەبردنی ئەرکە دیاریکراوەکانی دەکەن. تاکەکانی پێکهێنەری گرووپێکی دینی تەنیا بە هۆی باوەڕی هاوبەش، هەست بە یەکگرتوویی دەکەن و ناوێکی تایبەت لە سەر خۆیان دادەنێن ( ناوێک وەک ئومەتی ئیسلامی کە موسڵمانەکان لە خۆیان ناوە). سەبارەت بە جادوو ئەو شتە بەتەواوی دەگۆڕێت، باوەڕ بە جادوو ئەگەرچی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بوونی هەیە، بەڵام رۆڵی ئەو باوەڕە کۆ کردنەوەی خەڵک بۆ یەکگرتوویی ئەوان و پێکهێنانی شتێک وەک ئوممەت نیە. کەسانێک هەن کە بەدوای جادووگەر دەکەون، بەڵام ئەوانە ئوممەتی ئەو نین، ئەو کەسانە یەکتر ناناسن و هیچ پێوەندییەکیان لە رێگای جادووەوە پێکەوە نیە. پێوەندی نێوان تاک و جادووگەر هاوشێوەی پێوەندی نێوان نەخۆش و پزیشکە و لەوە درێژخایەنتر و بەربڵاوتر نیە.[1] دەتوانین بڵێین جادووگەر هەمان پزیشکی سەردەمی کۆنە.

## کەرەستەکانی جادووگەر

بە هۆی نزیکی جادوو بە زانست و هەروەها بە هۆی ئەو باوەڕە کە جادووگەر بە یاسا سروشتییەکان هەیەتی، هەرگیز حاشا لە رۆڵی ئەو شتانە کە دەبێ بە کاریان بهێنێ ناکات. جادووگەرێک کە کاری کیمیاگەری دەکات هەرگیز بە تەمای ئەوە نیە کە بە بێ بەکار هێنانی هیچ کەرەستەیەکی سەرەتایی، زێر بەرهەم بێنێت، بەڵکوو ئەو لە زۆر شت بە شێوەی تایبەت کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی بە مەبەستی خۆی بگات، ئەو شتانە ئەگەرچی زۆر جار سەیرن و بە دەگمەنیش دەست دەکەون، بەڵام جادووگەر زۆر بە جیددی و بە وردی وەدوای ئەوانە دەکەوێت. جادووگەر تا هەموو کەرەستەکانی لە بەردەستدا نەبێت دەست بۆ کاری جادوو نابات.

---

جۆراوجۆر بوو، بەڵام ئاواتی گەورەی هەموو کیمیاگەرەکان یەک شت بوو، ئەویش گۆڕینی مس بە زێر بوو.

[1]- دورکیم، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٨-٦٠

کاری جادوو دەبێ زۆر بە وردیو بە چاکی جیبەجێ بکرێ تا بە ئاکامی خوازراو بگات. بۆ نموونە " لە جادوویەکی مالاکایی سەبارەت بە کوشتنی دوژمن لە دوورەوە، دەبێ وردەی نینۆکـو تاڵی قژو برۆی دوژمن لە گەڵ مۆمی کەندوویەک کە هەنگ بەجێی هێشتبێ، تێکەڵ بکرێ، ئینجا هەموویان بلکێنن بە ئەو پەیکەرە چێوینەوە کە نوێنەرایەتی دوژمن دەکات، پاشان بۆ ماوەی حەوت شەو پەیکەرەکە لە سەر ئاگر وردە وردە بسووتێنن."[1] ئەگەرچی ئەو کەرەستەگەلە کە جادووگەر بە پێویستی دەزانێ، لە بەرچاو مرۆڤی بەئاگای ئەمڕۆوە زۆر بێ مانان، بەڵام بۆ خودی جادووگەر ئەوانە رۆڵی کەرەستەی سەرەتایی زانستی کیمیا یان هەر زانستێکی دیکە دەگێڕن، کە بۆ گەییشتن بە مەبەست دەبێ بوونیان هەبێ. تا ئێرە کاری جادوو لە باری جەوهەرییەوە(نەک لە باری هزری و عەقڵانیەوە) لە کاری زانست دەچێ، واتە هەردووکیان لە سەر بنەمای باوەڕ بە یاسا سروشتییەکان(بە تایبەت یاسای هۆیی و بەرهۆیی) دامەزراون، بەڵام جیاوازییەکی جیددی لێرەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کاری جادووگەر تەنیا بە جێبەجێ کردنی بەرنامەیکار کۆتایی پێنایەت، بەڵکوو لە ئەنجامدا بەستراوی ئەو وشەگەلەیە کە بەکاری دەهێنێت.

جادووگەر لە کاتی جادووکردندا هێندێک وشەی تایبەت بەکار دێنێ کە زۆربەشیان مانایەکی روونیان نیە، یان لانیکەم ماناکەیان بۆ مرۆڤی بێئاگا لە جادوو ون و نادیارە، جادووگەر وا دەنوێنێ کە ئەو وشەگەلە لە فەرهەنگۆکی جادوودا مانای خۆیان هەیە و وشەی زمانێکی رەمزی و شاراوە لە ناو خودی جادووگەرەکاندان، کە نابێ ماناکەیان بدرکێ، چون ئەگەر بدرکێ کاریگەری خۆیان لەدەست دەدەن. وشەی جادوویی هێندێک جار وەک کلیل کار دەکاتو گرێکانو درگا بەستراوەکانو هەرشتێکی بەستراوی دیکە دەکاتەوە.

لە کاری جادوودا بەستن و گرێدان و هەروەها کردنەوە و هەڵوەشاندنەوە رۆڵی گرنگیان هەیە، بۆیە لە کەرەستە سەرەکییەکانی جادووگەر پەت، گورێس، قفڵ و شتی لەو چەشنەن. جادووگەر لە کاتی تەلیسم کردندا پەتێک گرێ دەدات و هاوکات وشە تایبەتەکانی جادوو بەکار دەهێنێت و فووی تێدەکات، لە قورئاندا ئەو مەسەلەیە و هەروەها ترسێک کە

---

[1]- فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٥

هەیانبووە باس کراوە. دەڵێ: **"و من شر النفاثات فی العقد" (فەلەق ٤)** پەنا دەبەمە بەر خودا" لە تووشی جادووگەرانێک کە پف دەکەنە چەند گرێیەک".
ئەو فوو کردنەش هەمان رۆڵی وشە تایبەتەکان دەگێڕێ و کاریگەری کاری جادوو لەوەدایە، لەو لاشەوە جادووگەر هەرکات بیهەوێ تەلیسمی جادووگەرێکی دیکە هەڵبوەشێنێتەوە، پەتی گرێدراو دەکاتەوە و لەو کاتەشدا دیسان وشە جادووییەکان بۆ کردنەوەی تەلیسمەکە دەڵێتەوە.

## وشەی جادوویی

گرینگی وشە لە جادوودا لەوێوە دێت کە سەرەڕای گرینگ بوونی لە کاریگەر بوونی جادوودا، کاری جادووگەریی تایبەت دەکات بەجادووگەر و بەو شیوە کەسانی ناشارەزا ناکەونە بیر ئەوەی کە بە لاسایی کردنەوەی کارەکانی جادووگەر، خۆیان وەک جادووگەر بناسێنن، واتە ئەو وشەگەلە کاری جادوو لە دەستی توێژی دیاریکراوی جادووگەردا، دەهێڵێتەوەو پێش بە زۆر بوونی جادووگەر دەگرێ.
کاریگەری جادووی وشە، ئەمڕۆکەش دەبیندرێ و بەشێکی زۆر لە خەڵکی دنیاو بە تایبەت خەڵکی ناوچەی خۆمان باوەڕیان پێیەتی. ئەو شتەی کە بەناو نزا و نەفرین دەیناسین، لە راستیدا هەمان کەڵک وەرگرتن لە تایبەتمەندییە جادوویەکانی وشەیە. لە دەقە دینیەکانیشدا، زۆر جار دەبینین کە پێغەمبەرەکان روو لە نەفرین و نزا کردن دەکەن. واتە بۆ لە ناو بردنی دوژمنەکانیان لە کەرەستە و فێرکاری سەلەفی خۆیان(جادووگرەکان) کەڵک وەردەگرن.
وشە لە بەرچاوی مرۆڤی کۆندا شتێکی رەمزاوی و خاوەنی هێزی تایبەتە. رەنگە ئەو باوەڕە بە هۆی پێکهاتەی ئاڵۆز و سەرسووڕ هێنەری زمانەوە دروست بووبێ. وشە بۆ مرۆڤی کۆن شتێکی ئاسایی و مرۆیی نیە، بەڵکوو لە لایەن خوداوە هاتووە. هەر بۆیە هێزێکی لە سەروەی مرۆڤی تێدایە. لە کتێبی دینی مەسیحدا هاتوە کە "سەرەتا وشە بوو" واتە وشە بەر لە هەموو شتێک لە لای خودادا بوونی هەبوو. لە قورئانیشدا سەبارەت بە ئادەم و ئیبراهیم باس لە قۆناخێکی گرینگ دەکرێت کە لەودا نەبی فێری هێندێک وشە دەبێت و بەو هۆیەوە سەروەری پێدەبەخشرێ.

**"و علم آدم الأسماء كلها ثم عرضهم على الملائكة فقال أنبئونى بأسماء هؤلاء إن كنتم صادقين"**

خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد، ئەوسا هەموو شتەکانی لە بەر فریشتەکان راناو گوتی: ئەگەر راستی بۆچوون ناوی ئەوانەم بۆ هەڵدەن. (بەقەرە- ٣١)

**و إذ ابتلى إبراهيم ربه بكلمات فأتمهن قال إنى جاعلك للناس إماما قال و من ذريتى قال لاينال عهدى الظالمين**

ئەوسا خودا بە چەند وشە ئەزموونی ئیبراهیمی کرد، پێکی هێنان. گوتی دەتکەم بە رێبەری خەڵکی دنیا. (بەقەرە- ١٢٤)

دیارە ئەو وشەگەلە زۆر گرینگن و بە هۆی ئەوانەوەیە کە ئەنبیای ئیسرائیل مافی دەسەڵاتداری هۆزیان بە خۆیان داوە، ئەو وشەگەلە هەمان وشە تایبەتەکانی جادووگەرن کە مرۆڤی ئاسایی لەوانە بێ ئاگایە و هێزی تایبەتی جادووگەر دێتە ئەژمار. خودا بۆ خۆشی لە قورئاندا تەنیا بە بەکار هێنانی وشەیەک هەرشتێک بیهەوێ دروست دەکات **"إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون."** (یاسین-٨٢). کاری خودا لێرەدا راست هەمان کاری جادوگەرە بە یەک جیاوازییەوە، ئەو جیاوازییەش پێکهێنەری مەودای قووڵی نێوان جادوو و دین و هەروەها زانستو دینە.

گوتمان کە جادووگەر بۆ جێبەجێ کردنی جادوو و تەلیسمەکانی پێویستی بە دوو شت هەیە؛ یەکەم کەرەستەی جادوو و (واتە کەرەستەی سەرەتایی) دووهەم وشەی جادوویی. بە بێ هێچکام لەمانە کاری جادووگەر جێبەجێ نابێ. ئەو دوو شتە، جادوو لە لایەکەوە بە زانست و لە لایەکی دیکەوە بە دینەوە گرێ دەدەن.

بەشی یەکەم بەکار هێنانی کەرەستە پێویستەکانە. بنیاتی ئەم بەشە لە سەر باوەڕمەندی بە یاساکانی سروشت و پێوەندییە هۆیی و بەرهۆییەکانە کە جادوو بە زانست پێوەست دەکا. بەشی دووهەم واتە گرینگی دان بە رۆڵی وشە جادووییەکانە کە جادوو پێوەندی دەدات بە دینەوە. دین بە پێچەوانەی جادوو هەموو هێزی دنیا تەرخان دەکات بۆ خودایانی نادیار، ئەو خودایانەی کە لە سەرەوەی یاساکانی سروشت دەجووڵێنەوە. دیارە هەر بەو هۆیەشە کە پێویستیان بە هیچ کەرەستەیەکی خاوی سەرەتایی نیە و تەنیا بە وشە هەموو کارێک

جێبەجێ دەکەن، بۆ نموونە خودای ئیسلام بە وتنی وشەی "کن فیکون" هەموو بونەوەرانی دنیا پێکدێنێ.

دین و زانست هەردووکیان بەشی خۆیان لە دایکی یەکەمیان واتە جادوو وەرگرتووە. ئەوەی کە بوو بە بەشی زانست، پێشکەوتنی مرۆڤ و داهێنانی جۆراوجۆری مرۆڤی بەدواوە بوو، ئەوەش کە بوو بە بەشی دین، بوو بە هۆی سەرەڕۆیی خودایان و گوێ لەمستی و کۆیلەیی مرۆڤ.

دین لە ڕێگای بێمانا نواندنی یاسا سروشتییەکان و لە سەرەوەی هەموویان یاسای هۆیی و بەرهۆیی، دنیای لە چاوی مرۆڤدا، کرد بە دنیایەکی ئاڵۆز کە لەودا هیچ دڵنیاییەک بە دی ناکرێ. لە دنیای دیندا هەموو شت بەستراوەتەوە بە مەیل و هەوەسی خودایانەوە. هەرکات بیانهەوێ سەروەری و پاشایەتی دەدەن بە مرۆڤ و هەرکاتیش بیانهەوێ لێی وەردەگرنەوە. سەرەڕۆیی خودایان لە هەموو دینەکاندا هەیە، بەڵام لە دینی یەهوود و بەتایبەت لە ئیسلامدا گەیشتووەتە لووتکە. ئەمە ڕستەیەکی زۆر ئاشنایە کە دەڵێ: **" و الله فضل یوئتیه من یشاء"** یان دەڵێ **" یهدی من یشاء و یضل من یشاء"** ئەو " من یشاء"ە زۆر جار لە قورئاندا دووپات بووەتەوە و ڕەنگە زۆر کەس هەرگیز بیریان لە قووڵایی ماناکەی نەکردبێتەوە. بەڵام ڕوونترین مانای "من یشاء" سەرەڕۆییەکی تەواوە کە بە خودا دراوە و مرۆڤی کردووە بە بوونەوەرێکی کۆیلە و بێدەسەڵات. باسی ئەو کۆیلایەتیەی کە دین بۆ مرۆڤی بە دیاری هێناوە زۆرە و دەرفەتی جیاوازو تایبەتی دەوێ. لێرەدا هەر ئەوەندەی کە پێوەندی بە بابەتی ئەم کتێبەوە هەیە دەیخەمە بەردەستی خوێنەر.

بە گشتی دەتوانم بڵێم لە کاری جادووگەردا هەمیشە پێویست بە بەکارهێنانی هاوتەریبی کەرەستە و وشە بوو، بە پێچەوانە لە دیندا بە خستنە پەراوێز و لەناو بردنی لایەنی کەرەستەیی، پێداگری لە سەر ڕۆڵی وشە و بێ بایەخ بوونی یاساکانی سروشت کرا. ئەو پێداگرییە لە سەر بێبەها کردنی هەرچشنە یاسایەکی هۆیی و بەرهۆیی، خولقێنەری دنیایەک بوو کە لەودا هەموو شتەکان دەگەڕایەوە بۆ مەیل و خواستی خودایان، دیارە لە وەها دنیایەکدا باشترین کار سەردانەواندنی بەردەوام بۆ خودایان و پێشکەش کردنی قوربانی و نەزر و نیاز بۆ ڕازی کردنی ئەوانە.

## موعجیزه‌ و جادوو

خاڵی هاوبەشی دیکەی دینو جادوو موعجیزەیه‌. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، جادووگەر له‌ دنیای کۆندا رۆڵێکی هاوشێوەی رۆڵی پزیشکی بوو (زۆرجار زانیاریی پزیشکی باشیشی هەبوو و دەرمانه‌ جۆراوجۆرەکانی دەناسی و ئەگەرچی ئەو شیوه‌ دەرمانەی ئەو دەینواند تایبەت و جیاواز بووه‌ بەڵام زۆر جار کاریگەری هەبووه‌[1]) مرۆڤ بۆ هەرچەشنه‌ گرفتێک رووی تێدەکرد و ئەو هێندێک جار له‌ رێگای دەرمانو هێندێک جار له‌ رێگای تەلیسمه‌ جۆراوجۆرەکانەوه‌ یارمەتی دەدا. ئەو کارەی که‌ جادووگەر دەیکرد، بۆ مرۆڤی ئاسایی جێبەجێ نەدەکرا، جادووگەریش زۆرجار له‌ فێڵی تایبەت بۆ دەرخستنی هێز و توانا جیاوازەکانی خۆی کەڵکی وەردەگرت. ئەو شتانەی که‌ دواتر له‌ پێکهاتەی دیندا ناوی موعجیزەیان له‌ سەر دانرا، له‌ واقیعدا هەمان کاری جادووگەرەکان یان درێژەی ئەوه‌ بوو. بۆ نموونه‌ ئەو شتانەی له‌ بارەی عیسا له‌ ئینجیل و قورئاندا دەگوترێ، پێش له‌ عیسایش له‌ لایەن جادووگەرانی دیکەوه‌ جێبەجێ کراوه‌.

له‌ ئینجیلی مرقسدا یوحەنا به‌ عیسا دەڵێ: مامۆستا، کەسێکمان بینی که‌ به‌ ناوی تۆ دێوو درنجی راودەنا، بەڵام وەدوای ئێمه‌ نەدەکەوت. هەر بۆیه‌ ئێمەش پێشمان پێگرت.[2] (٣٨:٩)

واته‌ ساغ کردنەوەی نەخۆش و راونانی دێو له‌ کارەکانی جادووگەر بووه‌ که‌ دواتر گەیشتووه‌ به‌ عیسا( له‌ باوەڕی مرۆڤی کۆندا به‌ هۆی دەست وەشاندنی دێوەوه‌ بوو که‌ مرۆڤ تووشی نەخۆشین دەبوو، هەر بۆیه‌ راونانی دێو شیوەیەکی دەرمانی دەهاته‌ ئەژمار[3]). ناوی عیساش به‌ پێی ئینجیل و تەورات یەشوعه‌ که‌ ناوێکی گشتگیر بۆ جادووگەرەکان بووه‌(له‌ بەشی ئوستوورەی عیسادا به‌ وردی پەرژاوەمەته‌ سەر ئەو باسه‌) لێرەدا هەر دەبێ ئەوەنده‌ بزانین که‌ کردەوەکانی عیسا هەر ئەو کردەوەگەلەیه‌ که‌ لەو کاتەدا جادووگەرەکان کردوویانه‌. له‌ قورئاندا سەبارەت به‌ عیسا هاتووه‌ :

---

[1] - شێوەی دەرمانی پزیشکانی پێش له‌ گەشەی زانستی پزیشکیو ناسینی هۆکاره‌ کانی نەخۆشین وەک میکرۆبو وایرۆس و... زۆر جار له‌ شیوەی کاری هەمان جادووگەرانی کۆن دەچێ، کتێبه‌ پزیشکییه‌ کۆنەکان که‌ چاو لێ دەکەی، هێندێک شێوەی دەرمانی سەیر و سەمەرەیان تێدا دەبینین که‌ راست له‌ کاری جادوویی دەچن.

[2] -ئینجیلی مرقس، ٣٨:٩

[3] - ئیستاشی له‌ گەڵ بێ له‌ هێندێک شوێندا هۆکاری سەرەکی نەخۆشینه‌ دەروونیەکان به‌ دێو و جندۆکەو شتی وا دەزانن و پێیان وایه‌ دەبێ ئەو دێوه‌ له‌ جەستەی نەخۆش دەربکرێ تا چاک ببێتەوه‌.

**"إذ قال الله يا عيسى ابن مريم اذكر نعمتى عليك و على والدتك إذ أيدتك بروح القدس تكلم الناس فى المهد و كهلا و إذ علمتك الكتاب و الحكمة و التوراة و الإنجيل و إذ تخلق من الطين كهيئة الطير بإذنى فتنفخ فيها فتكون طيرا بإذنى و تبرئ الأكمه و الأبرص بإذنى و إذ تخرج الموتى بإذنى و إذ كففت بنى إسرائيل عنك إذ جئتهم بالبينات فقال الذين كفروا منهم إن هذا إلا سحر مبين"**

... بە ئیزنی من شێوەی مەلێکت چێ کرد و فووت تێکرد و بە ئیزنی من بوو بە باڵدارێکو دەفڕی. دیسان هەر بە ئیزنی من تۆ کوێرەکانی زگماکو نەخۆشی بەڵەکیت خۆش دەکردەوە و بە ئیزنی من مردووشت زیندوو کردەوە... ئەو کەسانەی بڕوایان پێت نەهێنا دەیانگوت ئەو نیشانانە هەموو جادووی ئاشکران و هیچی تر نین. (مائیدە- ١١٠)

ئەو کارانە کە خراوەتە پاڵ عیسا هەر ئەوانەن کە هەموو جادووگەرەکان و ساحێرەکانی ئەو ناوچەیە دەیانکرد و هەمووشیان لە ژێر ناوی یەشووع دا بوو کە ئەو شتانەیان دەکرد. موعجیزەکانی مووساش هەر لەم چەشنەن، بەڵام لە تەوراتدا ئەو موعجیزەگەلە تێکەڵی ئوستوورەکان بووە و گەورە کراوەتەوە و پاشان وەک میرات گەیشتووەتە قورئانیش. بە کار هێنانی گۆچان کە هەمیشە کەرەستەیەکی تایبەتی جادووگەران بووە[1] و پاشان کەوتووەتە دەستی ئەنبیای ئیسرائیل پێوەندییەکانی نەبی و جادووگەرمان بۆ دەردەخات.

## نەبی و جادووگەر

ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە پێوەندی نێوان دین و جادوو، هەروەها یەک بوونی موعجیزە و جادوو باسم کرد، رێگا خۆشکەری گەیشتنمان بەو ئاکامەن کە: پێوەندییەکی ناچار لە نێوان نەبی و جادووگەریشدا هەیە، هەر چۆن جادووە گشتییەکان لە رەوتی مێژوودا بە هۆی دووپات بوونەوەی زۆر و هاورێ بوون لە گەڵ ئوستوورەکاندا، بوون بە ئایین و پاشان لە ناو پێکهاتەی دینیدا سەر لەنوێ بە هێندێک گۆڕانەوە پێناسە کران، رۆڵی جادووگەریش بە هەمان شێوە بەرەبەرە گۆڕا.

---

[1] - ئەو وێنە ناسراوی کە لە جادووگەر ماوەتەوە، پێرەژنێکە کە گزگێکی دەستە درێژی هەیە کە کارەکانی بەوەوە جێبەجێ دەکات، ئەو گزگە هاوسەنگی ژنانەی گۆچانی جادووگەرە پیاوەکانە کە دواتر لە دەستی هەموو ئەنبیای ئیسرائیل و هەموو پیاوە رەمزاوییەکانی سەرانسەری دنیادا دەبیندرێ. لە واقێعدا هەر چەشنە کارێکی نائاسایی و سێحراوی بە شتێکی هاو چەشنی گۆچان جێبەجێ دەبێ . لە دەستی جادووگەری چاک (واتە فریشتەکان)یشدا شتێکی لە هەمان چەشن و بە هەمان ئەرکەوە هەیە کە ئەستێرەیەکی (کە هێمای ئیشتارە) لە سەرەو ناسکتر و جوانترە.

بەشێک لە جادووگەران بەرەی خۆیانیان لە هاوکارە کۆنەکانیان جیا کردەوە و ناوی کاهینیان لە سەر خۆیان دانا و بوون بە دوژمنی هاوکارانی پێشوویان. ئەو کاهینانە کە پارێزەری ئوستوورەکان و بەرپرسی بەرێوەچوونی ئایینەکان بوون لە پەرەستنگاکاندا دەژیان، پەرەستنگا کۆنەکان ئەگەرچی شوێنی پیرۆزی ژن-خودایان و ژنانی کاهین بوو، بەڵام هێندێک جار پیاوە کاهینەکانیش دەچوون بۆ خزمەت کردن بە پەرەستنگا. کاهینەکان(چ ژن و چ پیاو) کە نوێنەری خوداکان و پردی پێوەندی ئەوان لە گەڵ خەڵک دەهاتنە ئەژمار، زۆربەی کات رێورەسمگەلێکی تایبەتیان بە رێوە دەبرد کە لەوانەدا بەدوای سەمایەکی شێتانەدا و لە ژێر کاریگەری مۆسیقا و تەنانەت هێندێک جار ماددە سڕکەرەکاندا، تووشی حاڵێکی تایبەت دەبوون. ئەوان دەچوونە حاڵی بێخەبەری لە خۆ و هاوکات لە گەڵ سوور بوونی روخساریان و شەکانەوەیەکی ترسناکی جەستەیان شتگەلێکیان دەگوت کە خەڵک پێیان وابوو قسەی خودای پەرەستنگایە کە لە زاری ئەو کاهینگەلەوە دەدوێ. بۆ نموونە لە ئەفریقادا لە پەرستنگاکاندا جگە لە ژنانی پیرۆز، پیاوانی پیرۆزیش بوونیان هەبووە. پیاوانی پیرۆز جووتی ژنە پیرۆزەکان بوون. تایبەتمەندی پیاوە پیرۆزەکان لە ئەفریقادا ئەوە بووە کە خەڵک پێیان وا بوو هێندێک جار خودا دەچێتە ناو لەشی ئەو پیاوانە و رۆحی خودا لە زاری ئەوانەوە قسە دەکات. ئەو بیرۆکەیە لە رۆژئاوای ئاسیا و بەتایبەت لە ناو ئەنبیای عیبرانیشدا هەبووە. واتە بوونی پیاوگەلێک کە دوو ئەرکی سەرەکییان هەیە، یەکەم جووت بوون لە گەڵ ژنە پیرۆزەکاندا و دووهەم گرتنەخۆی رۆحی خودا و قسەکردن لەجیاتی ئەو. ئەم کەسانە بۆ بانگ‌هێشت کردنی رۆحی خودا هێندێک کردەوەی سەیریان هەبوو کە وای دەکرد وەک شێت بێنە بەر چاو و هەر بۆیە لە سووریادا بەو پیاوانەیان دەگوت مەجنوون، واتە ئەو کەسەی جن یان رۆح دەستی لێوەشاندووە و چووەتە ناو جەستەیەوە. ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو کەسانە هەر ماون و وەک سۆفی پێناسە دەکرێن، ئەو کەسانە زۆربەی جار شێرزە و بێ جل و بەرگن، زۆر جار پێشبینی داهاتوو دەکەن و بە هۆی پێوەندی بە رۆحی خوداوە سەرچاوەی هێز دێنە ئەژمار و ژنان بۆ زا و زێ و دەرمانی نەزۆکی روویان تێدەکەن.[1]

ئەو دوو تایبەتمەندییە کە پیاوە پیرۆزەکان هەیانبووە، هەمان دوو تایبەتمەندی بەرچاوی ئەنبیای تەوراتە، واتە سێکسی لەرادەبەدەر و قسەکردن لە گەڵ خودا و لەباتی خوداش.

---

1- فریزر، سەرچاوەی پێشوو،ص ٢٤٤

هەر ئەو دوو شتە لە محەممەد، پێغەمبەری ئیسلامیش‌دا دەبینین. محەممەد کردەوەی پیاوە پیرۆزەکانی ئیسرائیلی کردبووە باشقەی خۆی، ئەو پیاوە پیرۆزانەی کە خۆیان سەرچاوە گرتوو لە نەریتی پەرەستنگاکانی ئیشتار بوون و کردەوەی سێکسی بۆ پیت بەخشی بە ژیان ئەرکێکی سەرەکی ئەوان دەهاتە ئەژمار.

کاتێک چاو لە بەکگراوندی ئەو نەریتە کۆنە دەکەین، پێمان سەیر نیە کە بۆچی لە سەردەمی هاتنی محەممەددا پێی گوتراوە مەجنون، مەجنون لەو سەردەمەدا بە پێچەوانەی خەیاڵی ئەمڕۆی ئێمە جنێو نەبووە، بەڵکوو ئاماژە بە گرووپێک بووە کە بەو ناوەوە ناسراون. گرووپێک کە بەهۆی ئیددیعای پێوەندی لە گەڵ خوداوە و بە هۆی ئەوە کە وتوویانە رۆحی خودا دەبینن، بەو ناوە ناودێر کراون و دیارە ئەو کەسانەش کەم نەبوونە.

ئەو حاڵەتگەلەی کە لە پیاوەکانی پەرەستنگا کۆنەکاندا بوو، رێک لە محەممەد پێغەمبەری ئیسلامیشدا هەبووە، ئەو و ئەوانەی لە دەوروبەریدا بوون هەر وەک خەڵکانی باوەڕمەند بە ئایینە کۆنەکان، پێیان وابوو لەو کاتانەدا خودا لە گەڵ محەممەد پێوەندی گرتوە و لە گەڵی دەدوێ. "بوخاری لە سەفوان بن بەعلییەوە هەمدیس وێژی دەکات کە بەعلی زۆر ئاواتەخواز بووە کە پێغەمبەر لە حاڵی پێوەندی بە سرووش و گرتنی وەحییەوە ببینێت، رۆژێ پیاوێک بە عەبایەکی بۆن لێدراو دێت و لە نەبی پرسیار دەکات کە ئایا بۆی هەیە هەر بەو عەبایەوە و حەج بکات؟ لەو دەمەدا ئەو حاڵە تایبەتە (وەحی) رووی لە پێغەمبەر کرد و بەعلی چاوی پێوە بوو کە پێغەمبەر هەر وەک ئەو کەسەی لە خەودا هەناسەی دەبڕێ کەوتە پەلەقاژە و رەنگی روومەتی موبارەکی سوور هەڵگەڕا و دوای ماوەیەک کە لەو حاڵەتە هاتەدەرەوە، گووتی عەباکەت سێ جار بشۆ و ئینجا حەج بکە."[1]

دیارە ئەو شتە کە لە کاتی پێوەندی گرتن لە گەڵ سرووشدا بە سەر محەممەد هاتووە، رێک بە هەمان شێوەو تایبەتمەندییەوە بە سەر پیاوە پیرۆزەکانی دیکەشدا هاتووە، واتە پیاوە پیرۆزەکان و پێغەمبەران و(لەوانە محەممەد پێغەمبەری ئیسلام) هەموویان لە ژێر کاریگەری کردەوەکانی جادووگەراندا بوونە و پێیان وا بووە کە هێزێکی نادیار وایان لێدەکات.

[1]- روشنگر، الله اکبر، سانفرانسیسکو، انتشارات پارس، ١٣٧٥ . ص ٨٦

## جادوو لە ئیسلام و قورئاندا

ئیسلامیش وەک دینەکانی دیکە زۆر شتی جادوویی تێدایە. ئەگەرچی محەممەد خۆی هیچ شارەزایەکی لە سەر جادوو نەبووە، بەڵام لە پێکهاتەی ڕێورەسمەکان و سرووتەکانی باو لە ئیسلامدا کە لە قورئانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، شوێنە پێی جادوو بە روونی دیارە. دەتوانین بڵێین هیچ سرووتێک و ڕێوڕچەیەک لە ئیسلامدا نیە کە داهێنانی خودی محەممەد بێت، بەڵکوو هەموویان پێش لە ئیسلامیش لە ناو عەرەبدا باو بووە و محەممەد زۆر کەم دەستێوەردانی لەو شتانەدا کردووە. هەموو ئەو سرووت و ڕێوڕچەگەلەی کە لە ناو عەرەبدا باو بووە، لە بنەماوە وەک هەموو سرووت و ئایینەکانی دیکە بەستراوی جادوو و ئوستوورەن. هەر بۆیە ئیسلام و قورئانیش کە هەمان ڕێورچە و سرووتیان پەسەند کردووە، خاوەنی ریشەی جادوویی زۆرن.

## حەج

زیاترین ڕەنگدانەوەی جادوو لە ئیسلامدا لە ڕێورەسمی حەجدایە کە تەنیا ڕێورەسمی گەورەی ئیسلام و موسڵمانەکانە. هەموو ئەو شتانەی لە حەج دا روو دەدەن پیش لە هاتنی ئیسلام لە ناو عەرەبدا بوونیان هەبووە و هەمووشیان وەک هەر ئایین و نەریتێکی کۆنی دیکە بنەمای جادووییان هەیە. ئەم کارنەڤاڵە ساڵانەیەی عەرەب، لێوانلێوە لە جادووی جۆراوجۆر و کۆنی عەرەب کە لێرەدا بە چەن خاڵی بەرچاو ئاماژە دەکەم.

## ڕەجمی شەیتان

هەروەک دەزانین یەکێک لە سرووتە سەرەکییەکانی حەج ڕەجمی شەیتانە. لە ڕەجمی شەیتاندا، دیندار بەرد بۆ ئەو هێمایە کە لە باوەڕی ئەودا نوێنەرایەتی شەیتان دەکات، دەهاوێژێ و لەو ڕێگایەوە دەیهەوێ ئازار لە جەستەی خودی شەیتان بدات و پێی وایە هەر بەردێک کە بۆ ئەو هێمایەی دەهاوێژێ ئازار و زیان بە شەیتان دەگەیەنێت. ئەم کردەوەیە ڕاست لەو کردەوە جادووییانە دەچیت کە لە بەشی جادووی هۆمیۆپاتیک باسم کرد. هێمای شەیتان ڕۆڵی هەمان وێنە یان پەیکەرە چێوینەی دوژمن دەگێڕێت و بەردەکانێش کاری دەرزییەکە دەکەن کە جادووگەری ئوسترالیایی بۆ ئازار گەیاندن بە

دوژمن، بە جەستەی پەیکەرەکەدا دەیچەقاند. بۆیە رێورەسمی رەجمی شەیتان بە تەواوی و بە دڵنیاییەوە کردەوەیەکی جادوویی دێتە ئەژمار. ئەم کردەوە جادووییە بە بێ هیچ گۆڕانێک دەقاودەق لە رێورەسمێکی دینیدا بەڕێوەدەچێت و ناوی کردەوەی دینی و ئایینی لە سەر دا دەنرێت و دەبێتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی حەج کە خۆی ئەرکێکی گەورەیە لە ئیسلامدا و یەکێک لە گەورەترین عیبادەتەکان دێتە ئەژمار.

## سەرتاشین

نەریتی دیکە لە رێورەسمی حەج دا سەرتاشینە. لە قورئاندا هاتووە کە :

**"و أتموا الحج و العمرة لله فإن أحصرتم فما استیسر من الهدی و لا تحلقوا رؤسکم حتی یبلغ الهدی محله..."**

...چەندی بۆتان دەلوێ ئاژەڵ بکەنە قوربانی، هەتا ئاژەڵی قوربانی نەگاتێ جێی دیاریکراو سەرمەتاشن! (بەقەرە- ١٩٦)

لەم ئایەتەدا دوو شتمان بۆ دەردەکەوێ، یەکەم ئەوەی کە سەرتاشین وەک نەریتێکی رەسەنی حەج گرینگی پێدراوە، دووهەمیش ئەوەی کە ئەم کردەوە واتە سەر تاشین پێوەندی بە قوربانی کردنەوە هەیە. بۆ دەرخستنی پێوەندی نێوان قوربانی و سەرتاشین و رۆڵی جادوویی قژ دەبێ بگەرێینەوە بۆ ئایینە کۆنەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست.

یەکیک لە ئایینە کۆن و بەربڵاوەکانی ئەم ناوچەیە کە لە میسرەوە تا کوو بابیل، حیجاز، ئێران، هیرۆپۆلیس (حەلەب)، فریگییە (ئاناتۆلی)و... بەڕێوە دەچوو، ئایینی بەهاریی شینگێڕان بۆ خودایەکی کوژراو بوو کە لە پەرستنگای ژن-خوداکاندا بەڕێوەدەچوو( لێرەدا ناوی پەرستنگای ئیشتار بە بۆنەی بە هێزتر بوون‌و ناسراوتر بوونیەوە بۆ هەموو ئەو پەرستنگاگەلە بەکار دەبەم). لەم رێورەسمەدا کە بە مەبەستی پیت بەخشین بە ژیانی مرۆڤ و سروشت بەڕێوەدەچوو، ژنان بە لاسایی لە ژن-خودا (کە بۆ پیت بەخشین‌و بەرەکت بە زا و زێ گرینگی زۆر بە کردەوەی سێکسی دەدا) دەبێ روو لە لەشرۆشی پیرۆز بکەن، واتە دەبێ خۆیان بخەنە بەردەستی پیاوە رێبوارەکان و پارەیەک کە لەو کارە وەردەگرن بدەن بە پەرستنگا، زۆرجار ئەو لەش فرۆشییە پیرۆزە وەک پێش‌مەرجی شوو کردنی کچان دەهاتە ئەژمار، ئەوان دەبا کچێنی خۆیان پێشکەش بە ژن-خودا بکەن تا ئەویش منداڵی زۆریان پێ ببەخشێ. لە ئەرمەنستاندا بنەماڵە هەڵکەوتووەکان کچەکانی خۆیان دەنارده خزمەت ژن-خودا ئەناهید. لە پەرستنگای ئەودا کچەکان پێش لەوەی شوو

بکەن ماوەیەک لەشفرۆشیان دەکرد.[1] ئەو شێوە لەش فرۆشییە ئەگەرچی رەنگێکی ئایینی هەبووە و بۆ ژنان زیاتر ئەرکی دینی بووە تا چێژی ئالۆش، بەڵام ژنانی زۆریش بوون کە ئەو کارەیان پێخۆش نەبوو، هەر بۆیە ئەم نەریتە وردە وردە لە کۆمەڵگە سڕایەوەو پێشکەشیی پەرستنگا لە لەشەوە گۆڕا بە قژ، بۆیە ژنان ساڵانە لە رێوورەسمەکەدا لە رۆژێکی تایبەتدا قژی خۆیان دەبڕی، یان سەریان بە تەواوی دەتاشی. ئەوە وەک پێشکەشێک بۆ خودا دەهاتە ئەژمار.

## بۆچی قژبڕین جۆرێک لە قوربانی دێتە ئەژمار؟

موو لە باوەڕی مرۆڤی کۆندا شوێنی کۆبوونەوەی هێزو توانای زا و زێیە. هۆکاری ئەو بیرەش ئەوەیە کە لە کاتی پێگەییشتن و باڵغ بووندا هێزی سێکسی سەرهەڵ دەدات و دووقات دەبێتەوە. لەو کاتەدا موو نیشانە و رەنگدانەوەی دەرەکی هێزی زا و زێیە. هاوکاتیی رووانی موو، بە تایبەت لەسەر ئەندامی زا و زێ نێرو مێ، لە گەڵ پێگەیشتن و باڵغبووندا ئەو باوەڕەی بۆ مرۆڤی سەردەمی کۆن دروست کرد کە ئەو هێزە (واتە هێزی سێکسی و زا و زێ) لە مووداییە. جێگۆڕکێی لەشفرۆشی لە گەڵ بڕینی قژدا کە لە پەرستنگای ئیشتاردا روویداوە و قبووڵ کراوە، بەم شێوە پاسا و هەڵدەگرێ.

ژنەکان لە واقیعدا هێزی زا و زێی خۆیان بە ژن-خودا پێشکەش دەکرد. ئەو پێشکەشەش یان قژ بوو یان لەش[2]. دیارە ئەوەی کە قژ بڕین پاش لەشفرۆشی بووبێت و لە جێگای ئەوکردەوەیە بووبێتە باو، خۆی جێگەی گومانە، لەوانەیە ئەم دوو شێوە لە پێشکەش هێنانەوە، هەردووکیان هاوکات بوونیان هەبووبێو دواتر لەشفرۆشی پیرۆز کەم بووبێتەوە و تەنیا قژ بڕین مابێتەوە.

بەم پێشەکییە و بە وەبەرچاو گرتنی بەربڵاویی ئایینەکانی پەرستنگای ئیشتار لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دۆزینەوەی بنەمای جادوویی بۆ سەرتاشین لە رێورەسمی حەجدا کارێکی دژوار نیە. سەرتاشین لە حەجدا پاشماوەی هەمان ئایینی پەرستنگای ئیشتارە، قژ پێشکەشێکە کە نوێنەری پێشکەش کردنی هێزی زا و زێیە و بە مەبەستی پیت بەخشین و بەرەکەتدان بە ژیان، رادەستی ئەڵلا کە جێگەی ئیشتار، ژن-خودای کۆنی گرتووەتەوە،

[1]- فریزر، سەچاوەی پێشوو، ص ٣٦٨
[2]- هەمان سەرچاوە، ص ٧٩

دەکرێت. هاوکات بوونیی له گەڵ قوربانییشدا، خۆی سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم دوو شتە، واتە قوربانیو سەرتاشین له یەک جۆر و هەردووکیان پێشکەشگەلێکن بۆ خودای کابە.

پێوەندیی رێوورەسمی حەج له گەڵ ئایینەکانی پەرستنگای ئیشتار له شوێنگەلی دیکەشدا دیارو بەرچاون، لەوانە راکردن له نێوان سەفاو مەروەدایە.

## سەفا و مەروە

**"إن الصفا و المروة من شعائر الله فمن حج البيت أو اعتمر فلا جناح عليه أن يطوف بهما و من تطوع خيرا فإن الله شاكر عليم"**

سەفاو مەروە دوو نیشانەی خودان، هەر کەسێک دەچێتە زیارەتی ماڵی خودا یان عومرە بەجێ دەهێنێ، گەر تەوافی ئەودوانەش بکا گوناهێکی له سەر نیە، هەرکەسیش هەر بە ویستی دڵی خۆی خێر بکا (واتە ئەو کارە نەکات)، خوا پێزانە و ئاگادارە. (بەقەرە-١٥٨)

دیارە زیارەتی سەفاو مەروەیش له پێش ئیسلامدا هەبووە و نەریتی پەرستنی کابە بووە. بەڵام ئیسلام له سەرەتاوە زۆر لەگەڵی نەبووە! واتە گوناح نەبووە، بەڵام پێویستیش نەبووە. ریز گرتن له سەفاو مەروەیش له بنەمای خۆیدا دیسان بەستراوی نەریتی پەرستنگای ژن-خودا و کردەوە سێکسییە دینیەکانە. له باوەڕی کۆنی عەرەبدا چیرۆکی سەفاو مەروە بریتییە لەوەی کە ژن و پیاوێک بە ناوی نائلە و ئەساف له ماڵی کابەداو له سەر "حجرالاسود" (بەردی پیرۆزی کابە)دا جووت دەبن، هەر بۆیە خودا رقی لێیان هەڵدەستێت و هەردووکیان دەکا بە پەیکەری بەردینە. خەڵک ئەو دوو پەیکەرەیان سەرەتا له زەمزەم و کابە دانا و پاشان گواستیانەوە بۆ سەر بەرزاییەکانی سەفاو مەروە و له رێوورەسمی حەجدا هەموو ساڵێک دەیانپەرست. کاتێ محەممەد باسی ئیسلامی وەک دینێکی تاکخودا کرد، موسڵمانەکان سەبارەت بەو دوو پەیکەرە و سرووتی پەرستنی ئەوان تووشی گومان بوون و پرسیاریان لێ کرد کە ئایا پەسنی سەفا و مەروە له گەڵ ناوەرۆکی دینی تاک خودای ئیسلامدا دژوازی نیە؟ بەڵام محەممەد گوتی کە دەکرێ درێژە بەو نەریتە بدرێتو هیچ کێشەی نیە[1]. محەممەد باش دەیزانی کە بە سڕینەوەی هەموو نەریتە کۆنەکانی حەج هیچ لەو رێوورەسمە نامێنێتەوە، هەر بۆیە زۆربەی

[1]- غفاری، اصلان، پذیرش اسلام در ایران، دالاس، تگزاس ١٩٩٠ . ص ٧١

شتەکانی لە شوێنی خۆیدا هێشتەوە، یان زۆر بە کەمی گۆڕانی بە سەردا هێنان، یەکێک لەو گۆڕانکارییانە کە داهێنانی خودی محەممەد بوو شێوەی جل و بەرگی حاجییان بوو.

## جلی حەج

پێش لە ئیسلام ژنان و پیاوان رێوورەسمی حەجیان بە رووتی و بە بێ جل و بەرگ بە جێ دەهێنا. تا ساڵی نۆهەمی هیجریش ئەو نەریتە هەر وەک خۆی مابووەوە. لەو ساڵەدا بوو کە محەممەد ئەوەی قەدەغە کرد و جلی تایبەتی نەدووروواوی بۆ دیاری کرد.[1] بەڵام بە وەبەرچاو گرتنی گرینگی پەت و گرێ لە جادوودا لەوانەیە ئەو جلە نەدووروواوە پێش لە محەممەدیش هەر بۆ حەج بە کار چووبێت، هەر وەک لە پێشدا ئاماژەم پێیدا، بەستن و کردنەوە، مانای بەربلاویان لە جادوودا هەیە و پەت و دەزوو لە کەرەستەکانی جادووگەر دێنە ئەژمار، گرێ لێدان و دوورین و بەستن هەموویان هەڵگری مانای سەرنەکەوتن لە جێبەجێ کردنی کارێکدان، بە پێچەوانەش، کردنەوە و نەدوورین و هەڵتەکاندنەوە بە مانای هەڵوەشاندنەوەی گرفتی کار، سەرکەوتن، کراوەیی و فەرەجە.
مانای جادوویی نەدوورینی جلی حەج بەم بەکگراوندەوە دەردەکەوێ. جلی حەج نادوورن چوونکە هەر جۆرە تەقەڵ و گرێیەک لەوانەیە بە مەبەست گەییشتن و پێکانی ئامانجەکانی رێورەسمەکە تووشی گرفت بکەن و هەموو هەوڵەکان پووچەڵ بکەنەوە. هەر بۆیە نەدوورینی جلی حەجیش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پاڵی داوەتە بەر باوترین جادووی مرۆڤ واتە جادووی هۆمیۆپاتیکەوە کە بە پێی ئەو جادووە، دوورین و بەستنی هەر شتێک دەگوازرێتەوە بۆ هەموو شتەکان و دەبێتە هۆی گرفت لە کاردا، هەر بۆیە دەبێ پارێزی لی بکرێت.[2]
دیارە رێورەسمی حەج نەریتێکی کۆنە کە لە رەوتی ئەودا عەرەب بە دوای ئاکامێکی دیاری کراودا بووە و هەموو وردەکارییەکانیشی بەستراوەی هەمان نەریتی کۆنن کە چییەتی ئەو نەریتە بە وە بەرچاو گرتنی هەموو ئەم بەشگەلە کە باسی دەکەین بۆمان دەردەکەوێت.

---

[1]- غفاری، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٣
[2]- جادووی هاوچەشنی ئەم جادووە لە کاتی مارە برینی کچدا لە کوردستاندا هەیە، مارە برین پەسەند کردنی گرێ بەستنێکە، کەوا بوو لەوێدا بەستن مانای خوازراوەو برین و هەڵوەشانەوە شتێکی دژی مەبەستی مرۆڤە، هەر بۆیە لە کاتی مارەبریندا نابێ مەقەست بە دەستی هیچ کەسەوە بێت، چوونکە کاری مەقەست برینە و لەوانەیە بە دژی گرێبەستی ژنو مێرد کار بکات.

## تێکەڵ بوونی ژن و پیاو

لە ئیسلامدا پێداگرییەکی جیددی لە سەر قەدەغە بوونی هەرچەشنە لێکسوانی ژن و پیاو هەیە، سنوورەکان زۆر توند و تۆڵن و ژن دەبێ بە هەموو شێوەکان لە بەر دەست و چاوی پیاوان دوور بخرێتەوە، ژنو پیاو (تەنانەت هاوسەرەکان) دەستنوێژیان لە یەکتر دەشکێت و بە کەمترین و ئاساییترین لێک کەوتنی لەشیان تووشی گوناە دەبن، بەڵام هەموو ئەو قەدەغەگەلە لە ماوەی حەجدا تێکدەچێت، هەموو ئەو ژن و پیاوە نامەحرەمگەلەی کە پێشتر دەبا لە یەکتر دوور بان، لە یەک شوێندا و بە شیوەی تێکەڵ خەریکی بەرێوە بردنی حەج دەبن، لەوێدا هەموو یاساکان دەگۆڕدرێت و حەج ئەگەرچی وەک یەکێک لە گەورەترین پەسن و عیبادەتەکانی موسڵمانەکان دێتە ئەژمار، بەڵام یاسای گشتی پەسن لە ئیسلامدا کە پاراستنی دەستنوێژە، لەوێدا مانای نامێنی و ژن و پیاو بە تەواوی تێکەڵ دەبن و هیچ لە بیری پاراستنی سنوورەکاندا نین.

ئەم تێکەڵ بوونە کە ئیسلامیش دەستێوەردانی تێیایدا نەکردووە و هەر وەک خۆی ماوەتەوە، پاشماوەی هەمان نەریتی کۆنە کە لەودا تێکەڵ بوونی ژن و پیاو بەشێک لە رێوەسمەکەیە و مەبەستێکیشی لە پشتدایە.

تێکەڵ بوونی ژن و پیاو، رووت بوونی ئەوان لە رەوتی حەجدا، هەروەها سەر تاشین و قوربانی و پەرەستنی سەفا و مەروە و چیرۆکی ئەساف و نائلە هەموویان نیشانەگەلێکن کە بەرەو نەریتێکی ناسراو کە پێشتر باسمان کردووە رێنوێنیمان دەکەن، کە هەمان نەریتی پەرەستنگای ئیشتارە. ئەو نموونەگەلە کە لە بەردەستدایە ئەوەندە زۆر و بەهێزن کە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین حەج جگە لە پاشماوەی رێوڕچەکان و سرووتەکانی ئیشتار هیچی دیکە نیە و کابە یەکێک لەو پەرەستنگاگەلەیە کە نموونەی لەو سەردەمەدا لە زۆربەی شوێنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دی دەکرا.

هەموو ساڵێک عەرەب بۆ ریز گرتن لە خودایانی مێینەی (لە لاپەڕەی ١٨٣ لە بەشی خودا مێینەکان بە وەردی باس دەکرێ) ئەم پەرەستنگایە روویان لە کابە دەکرد و رێورەسمی حەجیان بەڕێوە دەبرد. مەبەستی کۆتایی لە حەج وەک هەموو نموونەکانی دیکە پیت بەخشین بە ژیان بووە و ئەو کارە ئێستاش درێژەی هەیە، بە رواڵەتێکی دینیەوە ساڵانە بەشێکی زۆر لە موسڵمانانی دنیا روو لەو پەرەستنگایە دەکەن و بە بێ ئەوەی بزانن کە خەریکی جێبەجێ کردنی چ سرووتێکن، هەموو ئەو کردەوە جادووییانە و ئەو

شتانەی کە لە بنەمادا بە تەواوی بەستراوەی کردەوەی سێکسی و رۆڵی گرینگی ژن-خودای زا و زێن، بەڕێوەدەبەن و بە بێئاگا و بە دەمارگرژییەکی سەیرەوە دەیبەستن بە داوێنی بوونەوەرێکی مێتافیزیکییەوە و ناوی دەنێنە گەورەترین عیبادەتی خودای نادیار.

رێووڕەسمی حەج کە گەورەترین کارنەڤاڵ و کۆبوونەوەی موسڵمانانی جیهانە، لە بنەمای خۆیدا رێوڕچەیەکی کۆنی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراستە کە بۆ پەسنی ژن-خودای زا و زێ و بە مەبەستی پیت بەخشین بە ژیان، بە درێژای مێژوو بەڕێوە چووە. بەڵام محەممەد، پێغەمبەری ئیسلام بە مەبەستی پەرەپێدانی دینەکەی، ئەو رێو ڕەسمە مێژووییەی گواستەوە بۆ ناو ئیسلام. دەنا ئەو رێووڕەسمە کە ئەمڕۆ خەڵک بە تامەزرۆییەوە سەیری دەکەن، لە راستیدا تایبەت بە ئیسلام نەبووە، بەڵکوو محەممەد لەو دینەی کە خۆی ناوی بۆت پەرەستی لە سەر داناوە، وەری گرتووە و بەرگێکی دینی و مێتافیزیکی بە بەردا کردووە، بە شێوەیەک کە لە نەریتێکی پەرستنگای ئیشتارەوە بەرەو یەکێک لە گەورەترین رێورەسمەکانی دینی ئیسلام گۆڕدرا. حەج لەوە بە دوا بوو بە رێورەسمێکی پیرۆز و ئاسمانی، بەڵام بە رێوڕچە و سرووتەکانی ئیشتارەوە! لە راستیدا لەو نەریتە کۆنەدا تەنیا خوداکان جێگۆڕکێیان پێ کراوە، واتە لات و مەنات و عوزا گۆڕاون بۆ خودا نادیارەکەی محەممەد و کابە لە پەرستنگەیەکی ئیشتارەوە گۆڕاوە بە ماڵی خودای نادیارو وەهمی.

ئاسەواری باوەڕ بە جادوو جگە لە حەج لە شوێنگەلی دیکەی ئایینی ئیسلامیشدا هەیە، لە سۆننەت و وتەکانی پێغەمبەری ئیسلام و ئەوانەی دەورووبەریدا، زۆر جار ئەو باوەڕانە دەبینین، بەڵام لێرەدا ئەوەی کە وەک سەرچاوە لە بەرچاو گیراوە تەنیا دەقی قورئانە. بۆ ئەوەی کە زۆر جار دین باوەڕان بۆ پاساو هێنانەوە بۆ خورافاتی ناو سۆننەت دەڵێن ئەوە درۆیە و هەڵبەستراوە و شتی وا بوونی نەبووە. بەڵام لە بارەی قورئانەوە بە خۆشییەوە ئەو کۆدەنگییە هەیە کە ئەم دەقە هەمان دەقی سەردەمی محەممەدە[1] . لە دەقی قورئاندا جگە لە شی کردنەوەی حەج کە هەروەک باسکرا پڕە لە کردەوەی جادووگەرانە. لە چەند شوێنی دیکەشدا ئاسەواری باوەڕ بە جادوو دەبینین.

[1]- ئەگەرچی ئەو نوسخەیە کە لە یەمەن دۆزراوەتەوە سەلمێنەری دەستێوەردانی دەقی قورئان لە سەردەمی عوسماندایە و لە بەراوەردی ئەو نوسخە لە گەڵ قورئانی باو تێکەڵ کردنەکانی عوسمان و سەرلەنوێ نووسینی ئەو کتێبە دەردەکەوێت. قورئانی ئێستا کە بە نوسخەی عوسمانی بەناوبانگە ٧٠ ساڵ پاش مەرگی محەممەد دارێژراو پاشان بە فەرمانی عوسمان هەموو نوسخەکانی دیکەی قورئان کۆ کرانەوەو لاپەڕەکانیان شۆردرایەوەو لە ناو چوون.

## نزا و نەفرین

لە سەرەوە باسی رۆڵی وشە لە جادوودا و هەروەها باسی گرینگی جادووی وشەم کرد کە لە باوەڕێکدا کە جادوو ناوەندایەتی دەکات، زۆرترین رۆڵ دەبینێت. نەفرین و نزا شێوەیەک لە جادوون کە لەواندا لە ناوی دوژمن، بۆ ئازار گەیاندن پێی کەڵک وەردەگیردرێ. ئەم جادووەش هەر بەستراوەی جادووی هۆمیۆپاتیکە، تەنیا لە جیاتی کەرەستەی پێوەندیدار بە دوژمن لە ناوەکەی و چەند وشەی دیکە کەڵک وەردەگیردرێ، بەو ئامانجە کە ئازاری خوازراوی پێ بگات. نەفرین کردن، یارمەتی خواستن لە هێزی نادیاری جادووە، بۆ لە ناوبردنی دوژمن. محەممەد زۆر باوەڕی بە نەفرین کردن هەبووە و زۆر جاریش هەڕەشەی کردووە کە دژبەرانی خۆی نەفرین دەکا. لە قورئاندا هاتووە:

**"أولئک جزاؤهم أن علیهم لعنة الله و الملائکة و الناس أجمعین (٨٧) خالدین فیها لا یخفف عنهم العذاب و لا هم ینظرون (٨٨)"**

جەزای ئەمانە نەفرینە لە خوداوە و لە فریشتەکانی خوداوە و لە هەموو خەڵکی دنیاوە. تا هەتایە لەم نەفرینە دەمێننەوە و ئازاریان لە سەر سووک نابێ و ماوە پێدانیشیان نیە (بە نیسبەت ئەوانەی لە دین دەردەچن دەڵێ) (بەقەرە-٨٧و٨٨)

سزای ئەوانەی لە دین دەردەچن نەفرینە، واتە نەفرین شێوەیەکە لە سزادان کە لە رێگای ئەوەوە ئازار و خەسار بەو کەسە کە بەر نەفرین کەتووە ، دەگات.

دیارە ئەوە باوەڕی محەممەد بە تەنیا نەبوو، بەڵکوو باوەڕی عەرەب بە گشتی بووە، کە گرینگی زۆریان بە جادووی وشەکان داوە و ترسی زۆریان لە نەفرین هەبووە، ئەوە لە داستانی موباهیلەش‌دا دەردەکەوێت. کاتێ محەممەد بە دژبەرانی خۆی دەڵێ وەرن با نەفرین لە یەکتر بکەین بزانین کێ راستگۆترە، بنەماڵەی خۆی دەهێنێت و بە دژبەرانیشی دەڵێ بە بنەماڵەوە وەرن با شەڕە نەفرین بکەین، بزانین بنەماڵەی کام لا لەناو دەچێت و نەفرین و جادووی کێ بەهێزترە.

**"فمن حاجک فیه من بعد ما جاءک من العلم فقل تعالوا ندع أبناءنا وأبناءکم و نساءنا و نساءکم و أنفسنا و أنفسکم ثم نبتهل فنجعل لعنت الله على الکاذبین"**

هەر کەسێکی پاش ئەو زانستەی بۆ تۆ هات، ویستی کێشەت دەگەڵ بکا، بێژە وەرن با کوڕانمان و ژنانمان و یەکترین بانگ کەین و ئەوسا دەس کەینە لاڵە و نزا و نەفرینی خودا بنێرین بۆ ئەوانەی وا درۆزنن. (ئال عیمران ٦١)

دژبەرانی محەممەد کە هەموویان وەک خۆی باوەڕی قووڵیان بە کاریگەری جادووی وشەکان بووە، ترسیان لێ دەکەوێت و خۆ لەو جۆرە شەڕە لە گەڵ پێغەمبەری ئیسلام نادەن.

## ناوی خودا بۆ سەرژێ کردنی ئاژەڵ

نموونەی دیکەی باوەڕی عەرەب بە جادووی وشەکان بەکارهێنانی ناوی خودا لە کاتی سەرژێ کردنی ئاژەڵدایە:

**"فکلوا مما ذكر اسم الله عليه إن كنتم بآياته مؤمنين"**
دەسا ئێوە ئەگەر بڕواتان بە خوا هەیە و نیشانەکانی خوداتان لە لا ڕاستە. لە گۆشتی ئاژەڵێ بخۆن کە لە دەمی سەرژێ کردنی، ناوی خودای لەسەر هاتووە. (ئەنعام- ١١٨)

لە شوێنی دیکەدا دەڵێ:

**"و ما لكم ألا تأكلوا مما ذكر اسم الله عليه و قد فصل لكم ما حرم عليكم إلا ما اضطررتم إليه و إن كثيرا ليضلون بأهوائهم بغير علم إن ربک هو أعلم بالمعتدين"**
بۆچی ئێوە خۆتان لە گۆشتی ئەوانە دەپارێزن کە ناوی خودایان(ئەڵلا) لەسەر دێ؟ کە هەر خوداش بە تەواوی باسی ئەمانەی بۆ کردوون کە خواردنیان نارەوایە مەگەر لە رووی ناچارییەوە. زۆر لەوانە هەر لە رووی ئارەزووی خۆیان و لە نەزانی مەردم لە رێگە لادەدەن. خودا خۆی ئاگادارترە لەو کەسانەی کە لە ئەندازە دەرکەوتوون. (ئەنعام- ١١٩)

**"و لا تأكلوا مما لم يذكر اسم الله عليه و إنه لفسق و إن الشياطين ليوحون إلى أوليائهم ليجادلوكم و إن أطعتموهم إنكم لمشركون"** (ئەنعام- ١٢١)

هەر ئاژەڵێ لە کاتی سەرژێ کردنی ناوی خودا(ئەللا)ی لە سەر نەهاتبێ لە گۆشتەکەی مەخۆن، ئەمە لە ڕێگەلادانە....(ئەنعام- ١٢١)

دوو ئەگەر هەیە، یەکەم ئەوەی کە نەریتی قوربانی پێش لە ئیسلام بەو شێوە بووە کە ئاژەڵ بۆ هەر خودایەک کە قوربانی کراوە، ناوی ئەو خودایەی لە سەر هاتووە و هەر بۆیە تایبەت بەو خودا بووە و خەڵک بۆیان نەبووە بیخۆن. بەو پێیە ئەو ئاژەڵە کە ناوی ئەللای لە سەر دێ تایبەت بە ئەوە و خەڵک نابێ بیخۆن. واتە ئاژەڵی قوربانیی بەشی خودایە و هی خەڵک نیە و بۆ خەڵک خواردنی قەدەغەیە.
دووهەم ئەوەی کە لەوانەیە عەرەب کاتی سەرژێ کردنی ئاژەڵ ناوی خودایەکی دیکەی هێنابێ کە ڕەنگە خودای ئاژەلەکان بوو بێ، بەڵام ئیسلام سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەو ناوە بگۆردرێت بە ناوی ئەللا.

**"إنما حرم عليكم الميتة و الدم و لحم الخنزير و ما أهل لغير الله به فمن اضطر غير باغ و لا عاد فإن الله غفور رحيم"** (نەحل-١١٥)
خودا تەنیا هەر پارێزی بۆ داناون لە مردارو گۆشت بەرازو خوێنو هەرچێ ناوی غەیرەز خودای لێ دێنن. کێش ناچار بوو هەر ئەوەندەی تێری بکا و ئیتر دەستدرێژی نەکا، ئەوسا خودا گونا بەخشو دلۆڤانە.(نەحل-١١٥)

لێرەدا کاتێ دەڵی هەر شتێک ناوی غەیرەز خودای لێ دێنن، دەرخەری ئەوەیە کە ناوێکی دیکە جگە لە ناوی ئەللا بۆ سەرژێکردن بە کار چووە کە محەممەد قەدەغەی کردووە. هێنانی ناوی خودای جۆراوجۆر لە کاتی کوشتنی ئاژەڵدا، یان بە مانای پێشکەش کردنی ئاژەڵ بە خودایەکی دیاری کراوە، یان بە مانای ئەوە کە ئەو ئاژەڵە تایبەتە، خودایەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەبێ بۆ کوشتنی ئاژەڵەکە ئیزنی لێ وەر بگیردرێت.
هێنانی ناوی خودای ئاژەڵەکان لە کاتی کوشتنی ئاژەڵدا بە شێوەیەک ئیزن وەرگرتن لە ئەوە بۆ کوشتنی ئاژەڵ و پاشماوەی توتمیسمە. لە فەرهەنگی توتمیدا، کاتی کوشتنی

هەر بوونەوەرێک لە رۆحی ئەو بوونەوەرە یان لە خودای تایبەتی ئەو ئیزن دەخوازرێت و داوای لێبووردن دەکرێت[1]

واتە لەوانەیە سەرژێکردن بە ناوی خودایەکی دیکە جگە لە ئەڵلا کرابێ، بەڵام ئەگەری یەکەم نزیکترە بە راست، چوونکە لە دەقی رەستەکەدا کاتێ دەڵێ: بۆچی ئێوە خۆتان لە گۆشتی ئەوانە دەپارێزن کە ناوی خوایان(ئەڵلا) لەسەر دێ؟ دەردەکەوێ کە خۆپاراستن بووە بە نیسبەت خواردنی گۆشتی ئاژەڵی قوربانیکرا و لە ژێر ناوی خودادا، دیارە کە ئەو کارە (سەرژێ کردن بە ناوی ئەڵلا ) کراوە، بەڵام گۆشتەکەی حەرام بووە، ئەو ئاژەڵە پێشکەش بە ئەڵڵا کراوە و خواردنی بۆ خەڵک حەرام و قەدەغە بووە. تا ماوەیەک لەمەو پێشیش لاشەی زۆربەی ئەو قوربانیگەلە کە لە حەجدا پێشکە کراون نەخوراون بەڵکوو لە ژێر خاکیان کردووە.

## گرینگی نزا

گرینگی نزا و جادووی وشە تا ئەو رادەیە بووە کە بە درێژای مێژوو جادووگەر بۆ نزا کردن پارەی لە خەڵک وەرگرتووە و ئێستاشی لە گەڵ بێت ئەوە درێژەی هەیە. جادووگەر لە رێگای فرۆشتنی تەلیسم و فرۆشتنی وشەی جادووییەوە دەژی. محەممەدیش زۆرجار ئەو کارەی کردووە. بەڵام ناوی سەدەقەی لە سەر ناوە. سەدەقە و هەروەها خومس(یەک لە پێنجی دارایی) کە تایبەت بە خودی محەممەد بووە هەمان پارەیە کە بە شێوەی سەلەفی خۆی واتە جادووگەران و کاهینان لە خەڵکی وەرگرتووە.

**"خذ من أموالهم صدقة تطهرهم و تزكيهم بها و صل عليهم إن صلاتک سكن لهم و الله سميع عليم"** (تەوبە-١٠٣)

لە داراییەکی هەیانە سەدەقەیان لێ وەرگرە! تا بەوە پاک و خاوێنیان بکەیتەوە. نزای باشیان دەرحەق بکە! نزای تۆ ئۆقرەیە بۆ وان. خودا بیسەر و زانایە. (تەوبە-١٠٣)

[1] - کزازی و میر جلال الدین، اسطوره حماسه رؤیا ، تهران: نشر مرکز ١٣٨٧ .ص ٥٢
زۆربەی ئاژەڵە گرینگەکان بە یەکێک لە خودا سەرەکییەکانەوە پێوەندییان هەبووە بۆ نموونە شێر لە گەڵ خودای خۆردا پێوەندی هەیەو مانگا لە گەڵ خودای مانگ دا و کەڵ لە گەڵ خودای ئاودا و... هتد (بۆ زانیاری زیاتربڕوانن بۆ: آب و کوه در اساطیر هند و ایرانی، امن الله قرشی)

پارە وەرگرتن بۆ نزا کردن ئیشی لە مێژینەی کاهینان و جادووگەرانە. ئەو نزایە بە باوەڕی دین باوەڕان شتێکی تێدایە و جادوویەکی لە گەڵدایە کە بۆ وەدەست هێنانی دەبێ کاهین (یان نەبی) هەرشتێک داوا بکات، پێی بدرێ. ئەو شتەی کە محەممەد بە ناوی سەدەقە لە خەڵکی وەری گرتووە هەمان پارەیە کە جادووگەر بۆ تەلیسم و نزا لە خەڵکی وەر دەگرێ، نزا نوسین و نووشتە و کەڵک وەرگرتن لەو هێزە جادووییە کە باوەڕمەندان پێیان وایە لە هێندێک وشەی تایبەتدا هەیە، لە جادووەوە هاتووەتە ناو پێکهاتەی دین و نەبی هەمان رۆڵی جادووگەری گرتووەتە ئەستۆ و وەک سوننەت گەیشتووەتە شێخ و مەلاو ئەوانەی پێیان دەڵێن پیاوی خودا! کڕینی نزا و نووشتە لە شێخەکان و نزا نووسەکان بۆ خەڵکی کوردستان زۆر ناسراوە و هەمووومان نموونەی ئەو جۆرە شتانەمان لە دەورووبەری خۆماندا بینیوە، نووسراوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ کە ناوی ئەڵلا و هێندێک وشەی عەرەبی و هێندێک وێنە و هێڵی بێمانای تێدایە و لە بەرگێکی سەوزدا پێچراوە. نزا و نووشتە بۆ چارەسەری کێشەی جۆراوجۆر و بە شێوەی سەیر و سەمەرە کەڵکی لێ وەردەگیرێ! لە نێو سەرینی دادەنێن، لە ئاوی دەدەن و ئاوەکە دەخۆنەوە یان خۆیانی پێ دەشۆنەوە، بە بێشکە و لانکی منداڵدا هەڵیدەواسن و زۆر کاری سەیری دیکەی لەو چەشنە دەکەن و چاوەڕوانیی چارەسەری کێشەکانیان لەو رێگایەوە دەکەن. ئەو کەسەی باوەڕی بەو شتە هەیە، بە هۆی ئەو نووشتەیەوە هەست بە ئارامی و ئۆقرە دەکات، پێی وایە هێزێکی نادیاری بە توانا پاڵپشتی دەکات. محەممەد ئەگەرچی زۆر جار ئیددیعای کردووە کە دژی هەر چەشنە جادوویەکە، بەڵام دیارە ئەو کارگەلەی کە بە ناڕەوا لە قەڵەم دراوە بۆ خۆی بێ کێشە و رەوا بووە، ئەو لە درێژەی دیاری کردنی سەرچاوەی داهاتی جۆراوجۆر بۆ خۆی، وەک دەست داگرتن بە سەر یەک لە پێنجی داهاتی خەڵک بە ناوی خومس (کە بە بەشی خوداو رەسووڵ ناودێری کردووە)، پارە وەرگرتن لە باتی نزا و نزاشی (کە پێشتر سەرچاوەی سەرەکی داهاتی جادووگەرەکان بووە) بۆ خۆی تەرخان کردووە.

لە قورئاندا جادوو بە کردەوەیەکی شەیتانی دراوەتە قەڵەم، بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێ سەرچاوەی سەرەکی جادوو جووتێک فریشتە بە ناوی هارووت و ماروتن، کە خەڵکیان فێری جادوو کردووە، واتە جادوو لە ئاسمانەوە هاتووە بەڵام جادووگەران دواتر لەو رێگە لایان داوە و فێری جیاکردنەوەی ژن شوو بوونە.

**"... الشياطين كفروا يعلمون الناس السحر و ما أنزل على الملكين ببابل هاروت و ماروت و ما يعلمان من أحد حتى يقولا إنما نحن فتنة فلاتكفر فيتعلمون منهما ما يفرقون به بين المرء و زوجه ...."** (بەقەرە-١٠٢)

"... شەیاتینی خوانەناس بوون خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد، ئەو زانستەش کە هاتبووە سەر هارووت و ماروتی جووتە فریشتە لە بابیلدا، هەر کەسێکیان فێری جادوو بکردایە پێشەکی تێیان دەگەیاند ئێمە هەر بۆ جڕباندنین (تاقی کردنەوە) نەکەی خودات لە بیر بچێ، هەر هێندە شتیان لێ فێر دەبوون ژن و شوو لە یەک جیاوەکەن..." (بەقەرە- ١٠٢)

دیارە لەو سەردەمەدا و ئێستاشی لە گەڵ بێت بەرچاوترین کاری جادووگەر تێکدانی نێوان مرۆڤەکان یان خۆشەویستی دروست کردن لە نێوان ئەواندایە. هەر بۆیە قورئان بە روونی نازانێت کە ئایا جادوو بە کردەوەیەکی شەیتانی بناسێنێت یان بە کردەوەیەکی خودایی کە لە لایەن دوو فریشتەوە هاتووە. لەم ئایەتەدا ئەو دژوازیە زۆر زەق و بەرچاوە.

وێڕای بێزاری دەبڕینی قورئان لە جادوو، ئەم کتێبە بە بێ ئاگای نووسەرەکەی زۆر مووتیڤی جادووگەرانەی لە خۆیدا گرتووە. هەموو ئەو کارانەی کە بە ناوی موعجیزە بە ئەنبیاوە بەستراوە لە واقێعدا رەنگدانەوەی کردەوەی جادووگەرەکانە کە گەورەتر کراوەتەوەو پەرەی پێدراوە، نموونەی گەورەو بەرچاوی جادووگەری لە قورئاندا (بە لاسایی لە تەوراتەوە)، مووساو کارەکانی ئەوە کە هەموویان بە گۆچانە جادووییەکەی جێبەجێ دەکات، ئەو گۆچانەی کە یەکەم ئەزموونەکانی جادووگەری لە رێگای ئەوەوە فێر دەبێ:

**وما تلك بيمينك يا موسى** (١٧) **قال هى عصاى أتوكؤا عليها و أهش بها على غنمى و نبڤخجزخ لى فيها مآرب أخرى** (١٨) **قال ألقها يا موسى** (١٩) **فألقاها فإذا هى حية تسعى** (٢٠)

ئەی مووسا ئەمە چییە لە دەستی راستت دایە؟ گوتی ئەمە گۆچانەکەمە وەبەر پشتی خۆی دەدەم و گەڵای پێ دادەوەرێنم بۆ رانەکەم. چەند ئیشی دیشی پێ دەکەم. گوتی مووسا بیهاوێژە! کە هاویشتی لە پڕ دیتی کە مارێکەو دەشێڵەژێ(دەخزێ). (تاها- ١٧ تا ٢٠)

هەر بەو گۆچانەوە دەچێتە ململانێ لەگەڵ جادووگەرەکانی فێرعەوندا، هەر بەوەش ئاوی رووباری نیل سوور دەکات و کاتی بردنە دەرەوەی هۆزەکەی خۆی، هەر بەوە رێگایەک لە دەریا (یان هەمان رووباری نیل)دا دەکاتەوە. پێشتر باسی رۆڵی تایبەتی گۆچانمان لە جادوودا کرد، بەڵام ئەم رۆڵە تایبەتە لە کوێوە دێت و گۆچان بۆچی بۆ جادووگەران وەها گرینگە؟

لە چیرۆکی موسادا گۆچان یان عەسا پێوەندی لەگەڵ مارەوە هەیە، واتە دەگۆردرێ بە مار، ئەو پێوەندییە لە ئوستوورەکانی یۆنانیشدا دەبینین کاتێ چاو لە دەستی خودای تەندروستی یۆنانی واتە ئێسکولاپ دەکەین لە دەستیدا گۆچان یان عاسایەک دەبینین کە مارێک بە دەوری دایە.[1]

ئێستاش هێمای زانستی پزیشکی لە هەموو دنیادا مارێکە کە خۆی پێچاوە بە دەوری گۆچان یان کاپێکدا. ئەم نموونەگەلە دەرخەری پیوەندیەکی دوورودرێژ لە نێوان مار و گۆچاندان. فرۆید خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی، لەو شتە هەیە و مار و گۆچان بە هێمای هێزی نێر دەزانێت[2]و گرینگی ئەوان دەگەرێنێتەوە بۆ سەردەمێ مێوەجاخی و پێی وایە کۆمەڵگەی مێینە کە دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە، یان لانیکەم خولقێنەری مانا هونەری و فەرهەنگییەکان بووە، گرینگی تایبەتی بە هێمای نێر داوە و بەو بۆنەوە مار (و هەروەها گۆچان) رۆڵی تایبەت لە ئوستوورەکاندا دەبینن. بەڵام ئوستوورەناسی هاوکات لە گەڵ لە بەرچاو گرتنی ئەگەری دروستی بۆچوونی فرۆید، خوێندنەوەی خۆی بۆ رۆڵی مارو هەروەها گۆچان لە ئوستوورەدا هەیە، ئوستوورەناسی یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی مار، بە رەمزاوی بوونی دەزانێ. مار بوونەوەرێکە کە بە هۆی کاژ خستنی ساڵانەی خۆی لە بەرچاوی مرۆڤی کۆن بوونەوەرێکی بێمەرگ و هێمای هەرمانە، لە چیرۆکی گێلگامێشدا مارێک گیای لاوی و هەرمان لە گێلگامێش دەدزێت[3] ، یەکێک لەو شتانە کە گرینگی دەدات بە رۆڵی مار ئەوەیە کە هێمای سەرەکی هەرمان دێتە ئەژمار.

---

[1]- دوبوکور، مونیک، رمزهای زنده جان، ترجمه: جلال ستاری، تهران: نشر مرکز ۱۳۸۷. ص ٦٨

[2]- روتون، ک ک ، ترجمه: ابولقاسم اسماعیل پور، تهران: نشر مرکز ۱۳۸۵ ص ٥٦

[3]- دوبوکور، هەمان سەرچاوە، ص ٥٥

بەڵام سەرچاوەی گرینگیی گۆچان بە روونی دیار نیە، لەوانەیە بە هۆی هاوشێوازی لە گەڵ مار وەها رۆڵێکی گرتبێتە خۆ، هێندێک کەسیش بە لە بەرچاو گرتنی پیشەی سەرەکی زۆرینەی ئەنبیای ئیسرائیل کە شوانی بووە، گۆچان بە گرێدراوی شێوەی ژیانی ئاژەڵداری دەزانن و دەڵێن گرنگی گۆچان ئەوەیە کە کەرەستەی سەرەکی ژیانی ئاژەڵدارییە و ئەنبیای ئیسرائیل پارێزەری ئەو شێوە ژیانەن لە بەرانبەر ژیانی وەرزێریدا[١]، تەنانەت هەنگاوێ وەپێشتر دەنێن و دەڵێن: گۆڕانی قووڵی هێماکان و سەراژۆ بوونی ئەوان نەک بەرهەمی گواستنەوەی دەسەڵات لە ژنسالاری بۆ پیاوسالاری، بەڵکوو ئاکامی رکەبەرایەتی لە نێوان شێوەی ژیانی وەرزێری و ئاژەڵداری بووە. بەو واتایە کە ژیانی وەرزێری بە هۆی چییەتی خۆی بەستراوەی زەوی و ئاو بوو، هەموو هێماکانیشی هێمای خاکی بوون. بەڵام ئاژەڵداری بە پێچەوانە ژیانێکی ئازاد بوو کە کۆچ و باری بەردەوامی ئەم شێوە ژیانە، دەبوو بە هۆی نەبەستراوەیی و پەرەسەندنی هەستی مێتافیزیکی و ئاسمانی، هەر بۆیە هێما خولقێنی ئاسمانی بەستراوی ئەو شێوە ژیانەیە کە ئەنبیای ئیسرائیل نموونەی ئەو شتەن، ئەنبیای ئیسرائیل سەرکردەکان و جادووگەران و کاهینانی ژیانی ئاژەڵدارین کە بە گۆچانەکەی دەستیانەوە بەردەوام بانگەشە بۆ روو کردن لە خودای ئاسمان و هێما ئاسمانیەکان دەکەن و بێزاری خۆیان لە زەوی و ژن-خوداکانی زەوی و زا و زێ و بە گشتی هەموو هێماکانی زەوی دەردەبڕن.

## تەشکگۆران (مەسخ)

نموونەی دیکەی جادوو لە قورئاندا تەشکگۆڕانە کە بە مەسخ دەناسرێ. تەشک گۆڕان بریتییە لە گۆڕانی جەستەی مرۆڤ بۆ بوونەوەرێکی دیکە و دەرچوونی لە مرۆڤ بوون. هەروەک پێشتر باسم کرد یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی جادووگەر گۆڕینی شتەکانە. جادووگەر لەو رێگایەوە هێزو توانای خۆی نیشان دەدات و خەڵک بەو قەناعەتە دەگەیەنێ کە خاوەنی هێزی نادیار و مێتافیزیکییە. زۆربەی ئەو کارگەلەی کە وەک مۆعجیزە بە ئەنبیاوە بەستراوە شموولی ئەو شتە دەکەن، مووسا گۆچان دەگۆڕێ بە مار، عیسا قوڕ دەگۆڕێ بە باڵندە و کاری زۆری لەو چشنە. درێژەی ئەوکارە هەر وەک باسکرا لە کیمیاگەریدا زۆر بەرچاوە. واتە جادووگەر هەوڵ دەدات کە شتەکان بگۆڕێت.

---

[١]- بە پێی دەقی تەورات هەموو ئەنبیای ئیسرائیل شوان بوونە و تەنانەت لە شەڕی هابیل و قابیلیشدا ئەوەی خودا پەسەندی دەکات پیشەی هابیل واتە ئاژەڵدارییە نەک وەرزێرییەکەی قابیل.

لەو نێوانەدا گۆڕینی مرۆڤیش وەک یەکێک لە جۆرەکانی گۆڕین، بوونی هەیە. لە چیرۆکی جادوگەرانی ئۆرووپادا زۆر دەبینین کە جادووگەران کەسانێک دەگۆڕن بە بۆق یان بوونەوەری لەو چەشنە. واتە تەشک گۆڕان یان مەسخ وەک کردەوەیەکی جادوویی ئەگەرچی لە واقێعدا هەرگیز رووی نەداوە و هەر وەک کیمیا (گۆڕینی مس بە زێڕ) تەنیا ئاواتێکی پێنەگەیشتووی جادووگەرانە بەڵام هەمیشە باسی لێکراوە.
یەکێک لە هۆکارەکانی باوەڕ هێنان بە تەشکگۆڕان بوونی هێندێک دیاردەی دەگمەنی سروشتییە کە مێشکی وەهماوی مرۆڤ بە شێووەی روخسار و قەڵافەتی مرۆیی دەبینێ. مرۆڤ کاتێ چاوی بە بەرد و داری هاوچەشنی مرۆڤ دەکەوێ، چیرۆکێکی لە مێشکی خۆیدا بۆ دەخولقێنێ، دەڵێ ئەمە مرۆڤێک بووە کە گۆڕاوە بە بەرد یان دار. ئەوە گشتێندراوە بە ئاژەڵەکانیش و هێندێک گیانلەبەری دیکە وەک مەیموون کە هاو چەشنی مرۆڤن بە هەمان شێوە، بە مرۆڤی تەشکگۆڕاو دێنە ئەژمار. بە وتەیەکی دیکە مەسخ بوون دەکەوێتە بازنەی ئوستووره هۆکارناسانەکانەوە. ئەو چێرۆکگەلەی کە چۆنیەتی پێکهێنانی شتەکان و بوونەوەرەکان دەگێڕنەوە. لەم چیرۆکانەدا هێندێک جار مرۆڤەکان بە هۆی گوناح و تاوانەوە دەکەونە بەر غەزەبی خودایان و دەگۆڕدرێن بە ئاژەڵ. مەسخ بوون واتە بێبەش بوون لە مرۆڤایەتی و دابەزینی پلە و پایەی مرۆیی. لە دنیای کۆندا لەم چیرۆکانە بۆ ترس وەبەرنانی مرۆڤ کەڵک وەردەگیرا و هەڕەشەی لێدەکرا کە ئەگەر بە قسەی خودایان نەکات پلەی مرۆڤیی لە دەست دەدات.

لە قورئاندا تەشکگۆڕان وەک سزایەک بۆ ئەوانەی لە فەرمانی خودا دەردەچن باسی لێ لێکراوە؛

**قل هل أنبئكم بشر من ذالک مثوبة عند الله من لعنه الله و غضب عليه و جعل منهم القردة و الخنازير و عبد الطاغوت أولئک شر مکانا و أضل عن سواء السبيل** (مائێدە-٦٠)
بێژە ئاخۆ دەتانەوێ لەوانەو ئاگادار بکەم کە سزایان لای خواوە لە سزای وان خراپترە؟ کەسانێکن بەر نەحلەتی خوا کەوتن و خودا غەزەبی لێ گرتن و هێندێکیانی کردە مەیموون، هێندێکیانی کردە بەراز. کە ئەوانە عەبدایەتی بتیان کرد. شوێنی ئەوان لە گشت جێیان خراپترە لە هەموو لە رێ لادەرێک گومراتر بوون.

**فلما عتوا عن ما نهوا عنه قلنا لهم كونوا قردة خاسئين** (ئەعراف -١٦٦)
کاتێ هەر ئەو کارەیان کرد کە پێیان گوترا بوو مەیکەن. گوتمان ببنە مەیموونی تڕۆکراو. (ئەعراف- ١٦٦)

**و لقد علمتم الذين اعتدوا منكم فى السبت فقلنا لهم كونوا قردة خاسئين** (٦٥) (بەقەرە- ٦٥)
لە حاڵی ئەو کەسانەشتان خەبەردار بوون کە لە ڕۆژی شەممە دا لە رادەی خۆیان دەکەوتن. پێمان گوتن : مەیموونی تڕۆکراو بن. (بەقەرە- ٦٥)

لە ئایەتی ٦٠ سوورەی مائیدەدا هۆکاری تەشکگۆڕان، عەبدایەتی بتەکان ناوبراوە. بەڵام لە ئایەتەکانی دیکەدا هۆکاری ئەو شتە بە پێی دەقی تەورات هاتووە.
لە تەوراتدا دوای باسی پیرۆزایەتی ڕۆژی شەمە دەڵێ:
مووسا هۆزەکەی کۆ کردەوەو گوتی: گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بن، تەنیا شەش ڕۆژ کار بکەن و ڕۆژی حەوتم کە ڕۆژی پیرۆزی خودایە بحەسێنەوە و پەسنی خودا بکەن، هەر کەس لە ڕۆژی حەوتمدا کار بکات دەبێ بکوژرێ. ئەو ڕۆژە تەنانەت نابێ لە ماڵەکانتاندا ئاگر بکەنەوە. (چوونە دەرەوە، ٣/٣٥)

پیرۆزایەتی ئەو ڕۆژە لە بەر ئەوەیە کە خودا لە شەش ڕۆژدا دنیای چێ کردووەو لە ڕۆژی حەوتمدا حەساوەتەوە هەر بۆیە خەڵکیش دەبێ وا بکەن. بە وتەی قورئان ئەو مرۆڤانەی کە لە بڕیاری ڕۆژی شەمە (واتە ئیش نەکردن لە ڕۆژی حەسانەوەی خودادا!) دەچوونە سەر ئیش و کار، گۆڕاون بە مەیموون. قورئان بە پێچەوانەی بیردۆزی داروین دەڵێ سەرەتا مرۆڤ بوو، پاشان لەو مرۆڤانە و بە هۆی نافەرمانی ئەوان هێندێک بوونەوەر وەک مەیموون و بەراز پێکهاتن!

# بنەما ئوستوورەییەکانی قورئان

# ئوستووره

"ئوستووره عەرەبێندراوی وشەی یۆنانی historia بە واتای بەدوای شتێکدا گەڕان، چیرۆک و زانایيە، وشەی بەرانبەری لە ئینگلیزید myth لە فەرەنسیدا mythe و لە ئاڵمانیشدا myth-e کە لە وشەی یۆنانی mythos بە واتای شرۆڤە کردن، هەواڵ یان چیرۆک هاتووە."[١]

روانگەیەکی دیکە هەیە کە دەڵێ وشەی ئوستووره و میس هەردووکیان لە وشەیەکی کۆنی ئاریایی وەرگیراون " وشەی میس (Mith) یەکێک لە کۆنترین وشە ئاڤێستاییەکانە کە زیاتر لە گەڵ وشەی ئوخت (uxnt)دا هاتووە بە شێوەی میسوخت (Mithuxt) بەکارچووە،[٢] میس بە واتای رەمز و هێما و ئۆخت بە واتای "گوتن" کە پێکەوە بە واتای قسەی رەمزاوییە. هەروەها وشەی ئوستوورەش ریشەیەکی کۆنی هیندوئورووپی هەیە، " لە زمانی سانسکریتدا، سووترە sutra بە واتای چیرۆکە "[٣] کە وشەی historiaی یۆنانی و هەروەها story ئینگلیزی لێ دروست کراوە.

لە زمانی عەرەبیدا ئوستووره بە مانای ئەفسانە و قسەی بێ بنەما و سەیر و سەمەرە هاتووە. "وشەی ئەساتیر ٩ جار لە قورئاندا هەیەو زیاتریش لە گەڵ وشەی الاولین هاتووە."[٤] و بەردەوام وەک جنێوێک بە قورئان چاوی لێکراوە[٥]. "عەرەب خۆیان پێیان وا

---

[١]-بهار، مهرداد، پژوهشی در اساطیر یران، تهران: آگه ١٣٧٥. ص ٢٢

[٢]- محمودی بختیاری، علیقلی، زمینه فرهنگ و تمدن ایران (نگاهی به عصر اساطیر)، تهران: انتشارات پاژنگ، ص ٩٨- ٩٩

[٣]- هەمان،٩٩

[٤]-رضی،هاشم، تاریخ ادیان، ج دوم(میتولوژی اساطیر و افسانه ها)، تهران: انتشارات کاوه، ص ٧١٦

[٥] -هەر بۆیە باسی ئوستوورەیی بوونی قورئان هێندێک جار دیندارەکان توورە دەکات و وادەزانن ئەوە جنێودانە

بووه كه ئوستووره له وشەی "سطر"، واته نووسینەوه هاتووه."[1] به پێی ئەو خوێندنەوەی كه عەرەب بۆ ئوستووره هەیەتی ئەمڕۆ له زمانی كوردیدا زۆر جار ئەفسانه له جیاتی ئوستووره بەكار دەهێندرێت، واته ئەو مانایه كه عەرەب بۆ ئوستوورەی دیاری كردووه، قەبووڵ كراوه و وەرگێڕدراوەته سەر كوردی، بەڵام جیاوەزی بنەرەتی له نێوان ئوستووره "myth" و ئەفسانه "legend" دا هەیه.

## جیاوازی نیوان ئوستووره و ئەفسانه

ئەفسانه بریتییه لەو چیرۆكانەی كه له فۆلكلۆری هەر نەتەوەیەكدا زۆره و باسی جندۆكه و پەری و مێردەزمه و رووداوی سەیروسەمەر و بێ مانا دەكات. ئەفسانه ئەو شوێنەیه كه مرۆڤ ئاوات و خۆزگه و خولیاكانی خۆی و هەروەها گرێ دەروونییەكانی لەوێدا دەدۆزیتەوه و دەریدەخات. ئەكتەری یەكەمی ئەفسانه كەسێكی ئاساییه كه زۆرجار له توێژی هەژاری كۆمەڵگەیه و هیچ بەهرەیەكی له پاڵەوانییەتی و مەزنایەتی و خودایی بوونی تێدا نیه، ئەم ئەكتەره زۆر و هێزی پاڵەوانه گەورەكانی نیه و له جیاتی شێر و شمشێر و گورز و گۆپاڵ، كەرەسته ئاسایی و بێ بایەخەكانی ژیانی مرۆڤ وەك گورێس و دەرزی و بەرد بەكار دەهێنێت. بۆیه زیاتر له رێگای فێڵ كردنەوەیه كه سەردەكەوێت. ئەفسانه بۆ ماندوویی دەركردن و رابواردنه كه دەخوێندرێتەوه، ئەگەرچی هێندێک جار له رواڵەته ئوستوورەییەكانیش كەڵک وەردەگردرێت، بەڵام بۆ خۆی هەرگیز ناتوانێت هاوتەریب و هاوسەنگی ئوستووره بێت.

ئوستووره به پێچەوانەی ئەفسانه، باسی بەسەرهاتی خوداكان و نیوەخوداكان دەكات و مەبەستی له پشتەوەیه كه ئەو مەبەستەش تەفسیر و شرۆڤه كردنی دنیایه. ئوستووره بەستراوی ئایینه و له بنەمادا بەشی هزری و ئیدئولوژیكی ئایینه. ئایینیش لایەنی كردەوەیی و پراكتیكی ئوستوورەیه. پاڵەوانی ئوستووره یان خودایه و یان مرۆڤێكی نیوەخودا كه له گەڵ خودایاندا پێوەندی هەیه و یارمەتی لەوان وەردەگرێ. پاڵەوانی ئوستووره له بواری جەستەیی، هزری، رۆحی و تەنانەت جوانییشەوه تەواوه، واته ئینسانێكی ئایدیال و بێ كەم و كۆڕییه كه رۆڵی رزگاریدەر یان پاسەوانی گەلی هەیه. پاڵەوانی ئوستووره هەمیشه له خزمەتی گەلدایه و بەو پێیه دەتوانین بڵێین ئوستووره

[1] -كەزازی،میرجلال الدین، رویا حماسه اسطوه، تهران: نشر مركز ١٣٧٢. ص٢

بەستراوی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوەیی بوونە و نەتەوەکان لە ڕێگای ئۆستورەکانییانەوەیە کە هەست بە شانازی و باوەڕبەخۆ بوون و بەهێزیی بە نیسبەت خۆیان و مێژووەکەیانەوە دەکەن.

## پێناسە جۆراوجۆرەکانی ئوستوورە

"ئوستوورە مێژووی سەرەتایی و مێتافیزیکی کۆمەڵگەیە، لەو روانگەیەوە لە گەڵ زمانی ئەو کۆمەڵگەیەدا هاوسەنگی دەکات. زمان و ئوستوورە هەردووکیان ئاکسیۆنی هاوشیوەیان هەیە، هەردووکیان پێوەندییان بە دەقە ئەدەبییەکانەوە هەیە و راستییەکانی رابردوویەکی دوورمان بۆ باس دەکەن."[1] بە پێی ئەم بۆچوونە ئوستوورە بەستراوی زمانە، بیردۆزی پێوەندی زمان و ئوستوورە سەرەتا لە لایەن ماکس موولێرەوە خرایە بەر باس (لە بەشی دیندا ئاماژەم بە پێداگری مولێر لە سەر زمان کرد.)

لە روانگەیەکی دیکەوە ئوستوورە یان میس رۆڵی پاساودەری بۆ بوونی هەموو شتەکانی دنیا هەیە، "میس باسی چۆنیەتی ڕووداوێک بە دستی بوونەوەرانی مێتافیزیکییەوە دەکات. هێندێک جار باسی ڕووداوێکی گشتیگیر وەک چۆنیەتی خولقانی دنیا دەکات، هێندێک جاریش تەنیا بەشیک لە دنیا دەخاتە بەرباس، وەک خولقانی جۆرێک لە ڕووەک یان گیاندار یان چۆنیەتی باو بوونی کردەوەیەکی مرۆیی یان پێکهاتنی دامەزراوەیەک. بەو شێوەیە دەبینین کە میس هەمیشە باس لە خولقان دەکات، واتە پاساودەری چۆنیەتی خولقانی شتەکانە." [2] داریوشی شایگان هەر لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "میس مێژوویەکی پیرۆزە کە باس لە ڕەمزی خولقان دەکات و سەرچاوەی سەرمەدی ئایینەکان، کردەوەکان و بیرەوەرییەکانی سەردەمی کۆن، ئەوانەی لە سەرەتای خولقاندا هاتونەتە ئاراوە و دوای ئەوە بوونەتە باشقەی مرۆڤ بۆ بەڕێوە بردنی ڕێورەسمە ئایینییەکان، ڕوون دەکاتەوە و ڕەواییان پێدەبەخشێ."[3] ئەویش لەو باوەڕەدایە کە هەموو ئوستوورەکان باسی سەرەتای پێکهاتنی دنیا دەکەن، هەر بۆیە لە هەر میسێکدا ڕەنگدانەوەی بابەتی پیرۆز بەدی دەکرێ.[4]

---

[1]- گریمال، پیر، انسان و اسطوره(مقاله)، ترجمه :ابوالقاسم اسماعیل پور، فصلنامه هستی، تابستان ۱۳۷۳
[2]- واحد دوست، مهوش؛ رویکردهای علمی به اسطوره شناسی؛ تهران: سروش، ۱۳۸۱، ص ۳٤
[3]- شایگان، داریوش، بتهای ذهنی و خاطره ازلی،تهران: انتشارات امیرکبیر ۱۳۷۱ . ص۱۰۳
[4]- شایگان، پێشوو ۱۰۷

ئەم بۆچوونە کە باسی پێوەندی ئوستوورە لە گەڵ چۆنیەتی ئافراندندا دەکات، لە بنەمادا پاڵی بە لێکۆڵینەوەکانی دین‌ناس و ئوستوورەناسی بە ناوبانگ واتە میرچا ئیلیادەوە داوە. ئیلیادە بۆ پێناسەی ئوستوورە دەڵێ: "ئوستوورە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی پیرۆز و ئاسمانییە، باسی ڕووداوێک لە سەرەتای زەماندا دەکات... هەر بۆیە ئوستوورە هەر دەم گێڕانەوەیەک لە چۆنیەتی ئافراندنی لە گەڵ دایە، واتە باسی ئەوە دەکات کە چۆن شتێک یان بوونەوەرێک پێکهاتووە."[١] هەر بەم هۆیە ئوستوورە ناتوانێت چیرۆکێکی سانا و لاوەکی بێت، بەڵکوو لە خۆیدا گرێدراوی مێتافیزیک و پیرۆزایەتیە و گرینگی و قورساییەک هاوچەشنی گرینگی و قورسایی دینی هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی دین خاوەنی دەزگایەکی دیاریکراو و تاکێکی پیرۆز بە ناوی نەبی نیە. "ئوستوورە چیرۆکێکی پیرۆز و گێڕانەوەیەکە کە بێژەرەکەی نادیارو ونە، ئەم چیرۆکە هەڵگری مانایەکی جیهانییە و زۆرکات سرووت و ڕێورەسمی تایبەتی لە گەڵە. ئوستوورە باسی کردەوەکانی بوونەوەرانی لە سەرەوەی مرۆڤ واتە خودایان، نیوەخودایان، پاڵەوانان و ڕۆح و شەوە و شتی وا دەکات و ڕووداوەکانی لە دەرەوەی زەمەنی مێژوویی ڕوویان داوە و زەمەن لە ئوستوورەدا زەمەنی سەرمەدییە.[٢]

لە لایەکی دیکەوە ئوستوورە هاوچەشنی خەونە، زمانی خەونیش وەک زمانی ئوستوورە ڕەمزاوی و سەمبولیکە و هەردووی ئەمانە پێوەندییان بە نائاگای مرۆڤەوە هەیە[٣] دەتوانین بڵێین خەون، ئوستوورەیەکی تاکە کەسی و ئوستوورەش خەونێکی بەکۆمەڵە[٤]

ئوستوورە لە بنەمای خۆیدا بە جۆرێک گێڕانەوەی مێژووی پێش لە مێژووە و باسی چۆنیەتی ڕووداوەکانی بەر لە مێژووی نووسراو دەکات. بە بۆنەی پێکهاتەی گێڕانەوەیی خۆیەوە لە چیرۆک نزیک دەبێتەوە و بە جۆرێک دەتوانین بڵێین دایکی چیرۆک دێتە ئەژمار، گێڕانەوەی ئوستوورەکان ئەگەرچی تا ماوەیەکی زۆر (پێش لە چێ بوونی نووسین) بە شێوەی زارەکی لە نەوەیەک بۆ نەوەی داهاتوی دەگوێزرانەوە، بەڵام باشقەیەک بوون بۆ ئافراندنی ئەدەب، هەر بۆیە بیرلین دەڵی: "ئوستوورە یەکەم بیچمی ئەدەب و بەتایبەت ئەدەبی زارەکییە."[٥]

---

[١]- الیادە، میرچا، چشم اندازهای اسطورە، ترجمە جلال ستاری، تهران: انتشارات توس، ص ١٤

[٢]- کوپ، لارنس، ترجمە محمد دهقانی، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی ١٣٨٤، ص٦

[٣]-کزازی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٣

[٤]-کزازی، هەمان، ص٥٩

[٥]- بیرلین،ج.ف؛ اسطورە های موازی، ترجمە عباس مخبر، تهران: مرکز، ١٣٨٦، ص ٩

دیارە زۆربەی بیرمەندان لە گەڵ ئەوە کۆکن کە ئوستوورە گێرانەوەیەکی پیرۆزە کە باسی رازی ئافراندن دەکات و پێکهاتەی دنیا و رووداوە سروشتییەکان بە شێوەیەکی رەمزاوی شرۆڤە دەکات. بەڵام کاری گرینگی دیکەی ئوستوورە ئەوەیە کە کردەوە مۆرالی و ئایینیەکان پاساو دەداتەوە، واتە جگە لە شرۆڤەی چۆنیەتی پێکهاتنی دنیا کە باسێکی ئابسترەکتە، ئوستوورە رۆڵی پراکتیکی بەرچاوی لە ژیانی مرۆڤیشدا هەیە. بەو مانایە کە پێویستیی کردەوەی مۆراڵی، یان نارەوا بوونی کردەوەی دژە مۆرالی، بە هێنانەوەی چیرۆک بۆ مرۆڤی سەرەتایی روون دەکاتەوە و بەو شێوەیە لە چیرۆکێکی ئاسایی دەگۆردرێت بۆ گێرانەوەیەکی کاریگەر. " ئوستوورە بە واتای گێرانەوەیەکی بنیاتنەر بە زمانێکی وێنەییە کە بنەماکانی باوەری خەڵک بە خودایان و هەروەها سەرچاوەی هێندێک رووداو وەک مردن و ژیان و پێوەندی مرۆڤ لە گەڵ بابەتی پیرۆز، دەخاتە بەر باس "[١]

## کاری ئوستوورە

هەر وەک باسمان کرد کاری ئوستوورە پاساو هێنانەوە و شرۆڤەی بابەتەکان و رووداوەکان و رەوایی بەخشین بەوانە. ئوستوورە رەوا و نارەوا، مۆرال و دژە مۆرال، بایەخ و دژە بایەخ لە خۆیدا باس دەکات و مێشکی مرۆڤ بۆ قبووڵ کردنی یاسا و مل داکێشان بۆ یاسا ئامادە دەکات. بۆ نموونە لە هەموو ئوستوورەکانی ئافراندندا مرۆڤ بە هۆی گوناحێکەوە لە خۆشی و ئاسوودەیی بێبەش دەکرێ. (لە ئوستوورە ئێرانییەکاندا بە هۆی درۆ کردن و لە ئوستوورەی سامیدا بە هۆی کردەوەی سێکسی کە دواتر رواڵەتی گۆرایە خواردنی میوەیەکی قەدەغە کراو) یان لە ئوستوورەکانی تۆفانیشدا بە هەمان شێوە، مرۆڤەکان بە هۆی کردەوەی خراپ تووشی غەزەبی خودایان و لە ناوچوون دەبن. ئەم گێرانەوەگەلە بە مرۆڤ دەڵێن کە کردەوەی خراپ (واتە ئەو کردەوەی کە بە پێچەوانەی بایەخەکان و یاساکانی کۆمەڵگە بێت) سزای هەیە و نابێ بکرێت. بەم شیوەیە ئوستوورە پاساودەری یاسا دێتە ئەژمار و بەرهەمی پێداویستییەکانی ژیانی بە کۆمەڵی مرۆڤە، ئەو ژیانەی کە بە بێ یاسا و دیاری کردنی رەوا و نارەوا تێکدەچێت و تۆکمەیی خۆی لە دەست دەدات.

---

[١]- ریویر، کلود؛ درآمدی بر انسان شناسی؛ ترجمه ناصر فکوهی، چاپ هفتم، تهران: نشر نیف١٣٨٦، ١٩٤

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: "ئۆستورە گێڕانەوەیەکە کە ژیانی تاک گرێ دەدات بە ژیانی کۆمەڵایەتی و جیهانیەوە و بەو شیوە مانا بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێ.[1]

بە پێی ئەو شتانەی کە باسکرا دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئوستوورە بەم شیوەیە بناسێنین:

١- ئوستوورە گێڕانەوەیەکی نائاسایی و مێتافیزیکییە کە باسی بوونەوەرانی ئاسمانی دەکات

٢- زیاترین مووتیڤ لە ئوستوورەدا چۆنیەتی ئافراندنە

٣- ئوستوورە فەرهەنگی کۆمەڵگەی سەرەتاییە و کۆی بایەخەکانی کۆمەڵگەی سەرەتاییمان بۆ دەردەخات

٤- ئوستوورە بەستراوی ئایین و لایەنی زارەکی ئایینە، هەر بۆیە ژیانی ئوستوورە و ئایین گرێدراوی یەکترە

لە دنیای مرۆڤی سەرەتایی‌دا سنوورێک لە نێوان مرۆڤ و بەشەکانی دیکەی سروشتدا نیە، واتە مرۆڤ خۆی لە گەڵ هەموو بوونەوەرەکانی دیکەدا هاوسەنگ دەبینێت و بۆ ئەوانیش رۆڵێک هاوتەریبی رۆڵی خۆی دەبینێت. لە مێشکی ئەودا هیچ سەروەرییەک بۆ مرۆڤ دیاری نەکراوە و تەنانەت زۆر جار هەست بە کەم بوون بە نیسبەت بوونەوەرانی دیکە دەکات. لە روانگەی مرۆڤی بێدەسەڵاتی ئەو سەردەمەدا هێزی سروشت ئەوەندە زۆرە کە ماکە سروشتییەکان هەموویان پێگەی خوداییان هەیە. هەموو شتەکان گیانیان هەیە و خاوەنی هزرن، هەور و با و بەرد و ئاو و هتد هەموو قسە دەکەن و کاریگەرییان لە سەر ژیانی مرۆڤ هەیە، هەر بۆیە پیرۆزییان پێ دەبەخشێ. ئاژەڵەکانێش بە هەمان شێوە، هێندێک لە ئاژەڵەکان هاوکاریی مرۆڤ دەکەن و لە گەڵ ئەودا و لە رەوتی پێوەندییەکی هزرمەنددا شتەکان پێکدێنن. بۆ نموونە مرۆڤ و گا پێکەوە پێکهێنەری ژیانی وەرزێرین، لەم بۆچوونەدا ئەو گیانلەبەرەی کە هاوکاری مرۆڤە، رۆڵی تایبەت و بەرچاوی هەیە، رۆڵی سەگ لە ژیانی ئاژەڵداری و پاراستنی مەڕوماڵاتدا هەر لەم چەشنەیە. ئەو گیانلەبەرانە بە هۆی رۆڵێکەوە کە لە ژیانی مرۆڤدا دەیگێڕن نەتەنیا هاوتەریبی مرۆڤ دێنە ئەژمار، بەڵکوو هێندێک جار پیرۆزییشیان پێ دەبەخشرێ و پێگەی خوداییان هەیە. واتە کاتێک دەڵێین ئوستوورە باسی رۆڵی خودایان و کردەوەکانی ئەوان دەکات، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە پێناسەی خودا و بابەتی پیرۆز بۆ مرۆڤی سەرەتایی زۆر جیاوازە لەوەی کە مرۆڤی ئەمڕۆ باسی دەکات. بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە

[1]- کوپ، سەرچاوەی پێشوو، ص ٦

پانتایی بابەتی پیرۆز زۆر بەربڵاوە و لە بوونەوەرانی نادیار و خودایانی مێتافیزیکییەوە هەتا ماکە سروشتییەکان و هێندێک لە ئاژەڵەکانیش دەگریتەوە. هەر بۆیە نابێ پێمان سەیر بێت کاتێک دەبینین کە ئاژەڵێک بە پیرۆزایەتییەکی بەرچاوەوە لە دەقی دیندا خۆی دەنوێنێ، ئەو ئاژەڵە بە پێچەوانەی گێڕانەوەی دەقی دینیەوە، بە شێوەی لە ناکاو و کوتووپڕ نەهاتووەتە ناو دەقی دین، بوونی لە دەقی دینیدا بە هەڵکەوت نیە، بەڵکوو لە دەقی دینیدا درێژە بە ژیان و رۆڵی خۆی دەدات، ئەو رۆڵەی کە پێشتر لە چوارچێوەی ئوستوورەدا بۆی دیاری کراوە. ئەوە سەبارەت بە شتە سروشتییەکانیش وایە، زۆربەی ئەوانە لە دەقی دینیشدا درێژە بە ژیانی پیرۆزی خۆیان دەدەن.
لە گەڵ هەر ئوستوورەیەکدا گرووپێک لە خودایان و بوونەوەرانی پیرۆز بوونیان هەیە و رۆڵ دەبینن. ئەو خودایانە بە پێی مەبەستێک کە ئوستووره دەیهەوێ بیپێکێت دیاری دەکرێن. بۆ مرۆڤی سەرەتایی چەند مەبەستی دیاری کراو هەبووە کە ئەو مەبەستانەی لە چوارچێوەی ئوستوورەگەلێکی جیهانگیر و دیاریکراو و سەرەکیدا دەرخستووە. بۆ ناسینی ئوستوورەکان و دەرخستنی کاریگەری ئەوان لە سەر پێکهاتە و دەقی دین، خوێندنەوەیەکی ورد لە ئوستوورە سەرەکییەکان بە تەواوی پێویستە.

## ئوستووره سەرەکییەکانو نموونەکانیان

کاتێک بە وردی چاو لە ئوستوورەکانی دنیا دەکەین، دەبینین کە خاڵی هاوبەشیان ئەوەندە زۆرە کە مرۆڤ پێی وایە، ئەمانە هەموویان گێڕانەوەی جۆراوجۆری ڕووداوێکی کۆنی مەزنن، یان ئەوەی کە چەند ڕووداون کە بە شێوەی جۆراوجۆر پێکەوە بەستراون و تێکەڵ کراون. بەڵام بە هەموو ئەو تێکەڵ بوونانەوە، بە وەبەرچاو گرتنی سەرەکیترین و زەقترین مووتیڤی ئوستوورەکان، دەتوانین پۆلێنبەندییەک بۆ ئوستوورەکان بخەینە بەر دەست. لەو پۆلێنبەندییەدا ئەو شتەی کە ئوستووره بۆ شرۆڤە و پاساودانەوەی ئەو چێ کراوە، وەک بەردی بناغەی دابەشکردنی ئوستوورەکان لە بەر چاو دەگیردرێ.
دەتوانین بڵێین سەرجەم ئوستوورەکان لە چوارچێوەی چەند بیری تایبەتدا دەردەکەون و ئوستووره سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ پێکدێنن. ئەم ئوستووره سەرەکییانە هەرکامیان باشقەیەک و نموونەیەکی دیاری کراویان هەیە کە پێکهێنەری خاڵە هاوبەشەکانی هەموو گێڕانەوەکانن. ئەم ئوستووره سەرەکییانە بریتین لە:
١- ئوستوورەی ئافراندن

٢- ئوستوورەی زا و زێ

٣- ئوستوورەی لە ناو چوون

٤- ئوستوورەی پاڵەوان

٥-ئوستوورەی سەفەر

لێرەدا هەر کام لەم ئوستوورەگەلە لە گەڵ نموونەکانیان و چۆنیەتی کاریگەرییان لە سەر دەقە دینیەکان، بە تایبەت قورئان دەخەمە بەرباس.

## ئوستوورەی ئافراندن

چۆنیەتی ئافراندن لە هەموو فەرهەنگەکانی دنیادا پرسیارێکە کە وەڵامەکەی لە ئوستوورەی ئەو فەرهەنگەدا رەنگی داوەتەوە، لە هەر فەرهەنگێکدا جۆرێک لە خوێندنەوە بۆ بابەتی ئافراندنی دنیا و مرۆڤ هەیە. بە شێوەی گشتی ئوستوورەکانی ئافراندن لە باری روانگەیان بە نیسبەت مرۆڤەوە بە چەند بەش دابەش دەکرێن، بەشێکیان ئەو ئۆستووورەگەلەن کە لەواندا مرۆڤ وەک ناوەندی ئافراندن و مەبەستی کۆتایی دێتە ئەژمار و هەموو شتەکان بە هۆی ئەوەوە چێ دەبن، ئەم روانگەیە هەمان روانگەیە کە لە دەقی تەورات و تەلموود و قورئاندا بوونی هەیە و ناسراوترین ئوستوورەی ئافراندنە. لە بەرانبەر ئەم روانگەدا، ئوستوورەگەلێک بوونیان هەیە کە لەواندا بە پێچەوانەی ئەوەی باس کرا مرۆڤ ئامانج و ناوەندی ئافراندن نیە، بەڵکوو تەنیا هۆکاری ئافراندنی خزمەتگوزاری خوداکان و جێبەجێ کردنی ئیشەکانی ئەوانە. لەم گێرانەوەگەلەدا کە لە ئوستوورەکانی بابێل و سوومەردا دەبیندرێ، خودایان پاش ئەوەی کە لە کارەکانی دنیا ماندوو دەبن، بوونەوەرێک چێ دەکەن بۆ ئەوەی لە خزمەتیاندا بێ و خۆیان بحەسێنەوە.

جۆری سێهەمی ئوستوورەی ئافراندن ئەوەیە کە زیاتر لەوەی کە باسی رۆڵی مرۆڤ بکات و بەدوای پێناسەی چۆنیەتی سەروەری یان کۆیلەیی مرۆڤەوە بێت، باسی دژبەری لە نیوان خودایانی چاک و خراب دەکات و بێ ئەوەی ئاورێکی ئەوتۆ لە مرۆڤ بداتەوە جەخت لە سەر رۆڵی خودایان دەکات. ئوستوورەکانی ئافراندنی ئێرانی و زەردەشتی نموونەی ئەم چەشنەن.

لێرەدا هەرکام لەو ئوستوورەگەلە بە کورتی دەخەمە بەرباس؛

## ١- ئوستوورەی ئافراندنی زەردەشتی

لە ئوستوورەی ئافراندنی زەردەشتیدا ئەهوورەمەزدا (واتە سەروەری زانا)، سەرچاوەی هەتا هەتایی هەموو ژیان و هەموو چاکەکانی دنیایە و لە بەرانبەر ئەودا، ئەهریمەن سەرچاوەی ئازار و گوناح و مەرگە. سەرەتا ئەهوورەمەزدا تیشکی رووناکیی خۆی دەخاتە سەر دنیا و بەوشێوەیە ئافراندن دەست پێدەکات. ئەهریمەن هەر لەو کاتەوە خەریکی دژایەتی لە گەڵ ئەهوورا دەبێ. ئەهوورا خەریکی خوێندنی وشە پیرۆزەکان دەبێت و تەنیا یەک وشەی ئەو، ئەهریمەن وەها دەحەپەسێنێ کە بە پشتدا دەکەوێتە ناو دۆزەخەوە (یان تووشی گێژ بوون دەبێ). ئەهریمەن بۆ ماوەی سێ هەزارساڵ لەوێدا دەمێنێتەوە و ئەهوورا دەتوانێ بە خەیاڵێکی ئاسوودە درێژە بە کاری خۆلقاندنی دنیا بدات.[1]
ئەهوورەمەزدا سەرەتا بوونەوەرانی نەمر و هەرمان واتە ئەمشاسپەندان دروست دەکات کە ماکی چاکە و بەرێوەبەری دنیان. ئەمشاسپەندان بریتیین لە: وەهوومەنە (یان هەمان بەهمەن بە واتای بیری چاک)، ئەشە (راستی)، سرووشە(فرمانبەری)، ئەمەئیتی(وەفاداری)، دوانەی هەئورتات(تۆکمەیی) و ئەمرتات (هەرمان)[2]. کۆی ئەمانە منداڵەکانی خودا دێنە ئەژمار.
پاشان ئەهوورا یەزەتەکان یان هەمان فریشتەکانی خولقاند کە بوونەوەرگەلێکی جوانن. ئەوان وەکو سوپای ئەهوورا وان و بەرگری لە هەموو چاکەکان دەکەن، یەزەتەکان لە کاتی تەنگانەدا ئامادەن بۆ یارمەتی گەیاندن بە مرۆڤ. ئەهریمەنیش دواتر کە لە دۆزەخ رزگاری دەبێ، گرووپێک لە یەزەتەی ئەهریمەنی دەخولقێنێت کە بە پێچەوانەی یەزەتەکانی دەسکردی ئەهوورا، کاریان ئازار گەیاندن بە مرۆڤە.
دواهەمین چێکراوەکانی ئەهوورەمەزدا بریتین لە گەئومەرتە کە یەکەم مرۆڤە و مانگاکەی ئەو. پاش سی ساڵ لە ژیانی گەئومەرتە و مانگاکەی ئەهریمەن لە دۆزەخ رزگاری دەبێت و خەریکی ئافراندنی دەعباکان، دێو، درنج، نەخۆشین و هەموو شتە خراپەکان دەبێت. یەکێک لە عیفریتە مێینەکانی ئەهریمەن بە ناوی جەهی خوازیاری لە ناو بردنی گەئومەرتە و مانگاکەی دەبێت. جەهی ماکی هەموو شەیتانە مێینەکانە و سەرچاوەی

---

[1]- فرنبغ ددادگی؛ بندهش؛ گزارش مهرداد بهار، تهران: ١٣٦٩، ص ٥١

[2]- ناوی هەئورتات و ئەمرتات وەبیر هێنەری ناوی دوو فریشتەی هارووت و مارووتە کە لە قورئاندا ناویان هاتووەو جادوو فێری مرۆڤ دەکەن. دیارە ناوی هارووت و مارووت لە ناوی ئەم دوو ئەمشاسپەندە گیراوە.

سەڵیتەیی، خۆبەزلزانی، بۆڵەبۆڵ و هەموو کردەوە خراپە ژنانەکانە. جەهی مانگاکە نەخۆش دەخات و تێدەکۆشی مەیلی گەئومەرتە بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵام گەئومەرتە گوێی لێ نادات و فریوی ناخوات، هەر بۆیە جەهی توورەتر دەبێت[1] و ئەویش نەخۆش دەخات و دەیکوژێ.

لە جەستەی رووناکی گەئومەرتە زێڕ و زیوی دنیا پێکدێت و لە نوتفەی ئەو گیایەکی ناسک (ڕێواس) شین دەبێت[2] کە دوو چڵی نێر و مێی هەیە، ئەو دوو چڵە نێرو مێیە دەبن بە ژن و پیاوێک بە ناوی مەشی و مەشیانە (مەشی پیاوەو مەشیانە ژن) کە دایک و بابی هەموو مرۆڤەکانی دنیان.

مەشی و مەشیانە لە ژێر کاریگەری فریوی ئەهریمەندا دەڵێن کە ئەهریمەن ئێمەی چێ کردووە، ئەو درۆیە دەبێت بە یەکەم گوناهی مرۆڤ، هەر بە هۆی ئەوەوە ئەهوورەمەزدا پێیان دەڵێ کە دەبێ لەوە بەدوا قوربانی بۆ ئەو بنێرن و پەسنی بڵێن، دەنا لە بەرانبەر ئەهریمەندا بەرگرییان لێ ناکات و ئەهریمەن لەناویان دەبات. ئەو هەروەها فێری چۆنیەتی جووت بوونیان دەکات تا جۆری مرۆڤ لە ناو نەچێت.[3] ئەهوورە مرۆڤی خۆشدەوێت و خوازیاری مانەوەی ئەوە. ئەو بۆ لەناوبردنی ئەهریمەن پێویستی بە یارمەتی مرۆڤ هەیە، بە هەمان شێوە مرۆڤیش بۆ دەرباز بوون لە ئەهریمەن پێویستی بە ئەهوورایە، دەنا ئەهریمەن لەناوی دەبات، لە ئاکامیشدا چاکی هەر سەر دەکەوێت.[4]

---

[1] - ئەم بەشە واتە هەوڵی جەهی بۆ فریودانی گەئومەرتەو مل نەدانی ئەو لێکچوونێکی تەواوی هەیە لە گەڵ ئوستوورەی ئیشتار و تەمووزدا کە لە شوێنی خۆیدا بە چڕو پڕی باسی لەسەر دەکەم، لێرەدا هەرئەوەندە دەبێ بزانین کە ئوستووره هەمیشە تێکەڵکراوی چەندین گێڕانەوەو ئوستوورەی جیاوازەو هاوتوخمی و لێکچوون لە نێوان هەموو ئوستوورەکاندا هەیەو لە رەوتی دانووستانی ئوستوورەییدا چەمکەکان حاڵەتێکی نەوەستاویان هەیەو هەر بەشێکیان لە شوێنێکدا بە شێوازێک دەبیندرێ، بەڵام هێندێک لەو چەمکگەلە بەربڵاوترن و زۆرتر و زیاتر دەبیندرێن، چیرۆکی ئیشتار و تەمووز لەوانەیە.

[2] - پێکهاتنی دنیا لە جەستەی بوونەوەرێک (دێو یان مرۆڤ) موتێڤێکی گشتگیرە کە لە زۆربەی ئوستوورەکاندا هەیە، لەوانەیە هۆکاری ئەوەش پێکهاتەی بەراوەردکاری مێشکی مرۆڤ بێت کە بە هۆی هەست بە لێکچوون لە نێوان جەستەی خۆی و دیاردەکانی سروشتدا ئەو پاساوەی بۆ پێکهاتنی دیاردە سروشتییەکان پێ باش بووە، بۆ نموونە هاوچەشنی گیاو قژ، مرۆڤی سەرەتایی بەو ئاکامە رێنوێنی دەکات کە هەموو گیاکان لە قژی بوونەوەرێکی مەزنی سەرەتایی دروست بوونەو شاخەکان لە ئێسکەکانی ئەوو... هتد

[3] -فرنبغ دادگی، ٨٢

[4] - بیرلین، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٩

## ٢- ئوستوورەی ئافراندنی بابێلی

ئوستوورەی ئافراندنی بابێلی کە بەناوی ئەنۆما ئێلیش[1] بەناوبانگە دەڵێ سەرەتا ئەپسوو (خودای باران و هەموو ئاوە ژێر زەمینییەکانی ژێر زەوی) بوو لە گەڵ تییەمەت (ژن-خودای لافاو و دەریا و هەموو ئاوە روخێنەرەکان). خوداکانی دیکە لە جووت بوونی ئەم دوو خودایە پێکهاتوون (سەرەتا لەهم و لەهاموو، پاشان ئەنشار و کیشار، پاشان ئانو و ئێئا و نوودیموود و...) کە گەورەترینەکانیان ئانوو (خودای ئاسمان)و ئێئا (خودای زەوی)یە، ئانوو مەردووک چێ دەکا کە لە نێو خوداکاندا دەبێ بە پاڵەوانی خودایان و بۆ شەڕ کردن لە گەڵ تییەمەت کە هەڕەشەی هێرشی کردووە هەڵدەبژێردرێ. مەردووک ئەو ئەرکە بەو مەرجە دەگرێتە ئەستۆ کە ببێت بە سەرکردە و گەورەی هەموو خوداکان. خوداکان ئەوە قبووڵ دەکەن و مەردووک پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و تاجی سەروەری، دەچێ بۆ شەڕی تییەمەت و دەیکوژێت، لە پەیکەری ئەو بوونەوەرانی دنیا چێدەکات، لەتێک لە پەیکەری دەکات بە ئاسمان، لەتێکی دیکەش دەکات بە زەوی. پاشان ساڵ و مانگ دروست دەکات و ئەستێرەکان لە ئاسماندا جێگیر دەکات، لە کۆتاییشدا بە مەبەستی خزمەتگوزاری بۆ خودایان مرۆڤ چێ دەکات.[2]

## ٣- ئوستوورەی ئافراندنی تەوراتی

سەرەتا ئەوکاتەی خودا ئاسمانەکان و زەوی چێ کرد، زەوی چۆڵ و بێ بێچم بوو، رۆحی خودا لە سەر کۆی تاریکی هەڵم دەچوو. خودا گوتی روناکی ببێ و رووناکی ببوو. (ئافراندن، ٢/١)

---

[1] - ئەنۆمە ئلیش دوو وشەی سەرەتای سروودێکی کۆنی بابلییە کە لە حەوت بەشدا ئوستوورەکانی بابیل باس دەکات، بە هۆی ئەو دوو وشە سەرەتاییەوە بە کۆی ئەو سروودە دەڵێن ئەنۆما ئلیش. لە بەشی یەکەمی ئەم سروودەدا هاتووە:

ئەوکاتەی کە لە سەرەوە ئاسمان ناوی نەبوو
لە بنەوە زەوی ناوی نەبوو
جگە لە ئەپسووی سەرەتایی و پێکهێنەر نەبێ، هیچ نەبوو
جگە لە تییەمەتی دایکی هەموان هیچ نەبوو
... ئەو کاتەی کە هیچ خودایەک نەبوو
لەهموو و لەهاموو پێکهاتن
پاشان ئەنشار و کیشار پێکهاتن...(گری،جان، اساطیر خاور نزدیک، ترجمە: باجلان فرخی. تهران:انتشارات اساطیر ١٣٧٨، ص ٤٦)

[2] - گری، هەمان سەرچاوە، ص ٤٥-٥١

ئەمە سەرەتای چیرۆكی ئافراندن لە تەوراتدایە، پاشان خودا تاریكی و رووناكی لێک جیادەكاتەوە و ناوی شەوو رۆژیان لە سەر دادەنێ، ئەمە دەبێ بە رۆژی یەكەم. رۆژی دووهەم ئاسمان و ئەستێرەكان چێ دەكات، رۆژی سێهەم زەوی و دەریا و رووەک دروست دەكات، رۆژی چوارەم خودا خۆر و مانگ بۆ رووناكی بەخشین بە ئاسمان چێ دەكات، رۆژی پێنجەم هەموو بوونەوەرانی سەر زەوی، باڵندەكانی ئاسمان، ماسی و ئەو شتانەی لە دەریادان چێ دەكا و بەرەكەتیان پێی دەبەخشێ. لە رۆژی شەشەم دا خودا ئادەم دەخۆلقێنێ، هاوچەشن و هاوشێوەی خۆی بۆ ئەوەی بە سەر هەموو بوونەوەرانی زەویدا زاڵ بێت و پاشایەتی بكات. پاشان دوای هەمووی ئەمانە لە رۆژی حەوتەمدا دەحەسێتەوە و ئەو رۆژە وەک رۆژی پیرۆز دیاری دەكات.

خودا ئادەمی لە باخی عەدن دانا تا كاری تێدا بكات و بیپارێزێ. بەوی گوت لە بەری هەموو دارەكان بخوە، جگە لە بەری داری ناسینی چاک و خراپ، چونكە ئەگەر لە بەری ئەو دارە بخوەی دڵنیا بە دەمری. (ئافراندن، ١٧/٢، ١٦، ١٥)

ئادەم لە ژێر كاریگەری قسەی ژنەكەی (كە ئەویش فریوی ماری خوارد بوو) لە بەری ئەو دارە دەخوات. پاشان بە ئەندامی شەرمی خۆیان بەئاگا دێن و تێدەكۆشن بە گەڵای هەنجیر داپیۆشن. خودا چاوی پێیاندەكەوێت و دەزانێ كە لە بەری دارە قەدەغە كراوەكەیان خواردوە، هەربۆیە دەكەونە بەر تووڕەیی خودا و لە باخی عەدن دەردەكرێن و دەكەونە سەر زەوی

## ٤- ئوستوورەی ئافراندنی تەلموودی

تەلموود تەفسیر و لێكدانەوەی دەقی تەوراتە كە لە لایەن دینكارانی یەهوودییەوە نووسراوە، هەربۆیە لە گێڕانەوەی چیرۆكی ئافراندندا جیاوازییەكی ئەوتۆی لە گەڵ تەوراتدا نیە، تەنیا لە هێندێک شوێندا شرۆڤەی زیاتری كردووە. بۆ نموونە كاتی ئافراندنی مرۆڤ، خودا لە گەل فریشتەكاندا لەو بارەوە دەدوێ، فریشتەكان حەز بەو كارە ناكەن و پێیان ناخۆشە، یەكێک لە فریشتەكان بە ناوی سمائیل(بە واتای ژەهری خودا) كە شەیتانیشیان پی دەگوت، بە خودا دەڵێ: تۆ ئێمەت لە شەخینا (نوور و گەورەیی) خۆت ئافراند، ئێستا دەتهەوێ لە شتێكی پەست و بێ بەهادا جێگیرمان بكەی؟! تۆ رۆح دەخەیتە

ناو خۆڵ؟![1] خودا لە بۆڵە بۆڵەکانی سمائیلماندوو دەبێت، لە بەهەشت دەری دەکا و دەیخاتە دۆزەخەوە. پاشان ئادەم چێ دەکا و هاوجووتێ مێینەشی هەر لە خۆڵ بۆ دروست دەکات کە ناوی لیلیتە. لیلیت ژنێکی سەرەڕۆ و نەترسە و بە ئادەم دەڵێ تۆ بۆ دەبێ سەروەری من بی؟ مەگەر هەردووکمان لە خاک نەخۆلقاوین؟ ئەو بە بێ ترس ناوی مەزن و قەدەغەی خودای برد و نوقم بوو و چوو بۆ لای شەیتان و هاورێکانی، پاشان خودا ژنێکی چاک و فەرمانبەری بۆ ئادەم دروست کرد. بەڵام لیلیت و سمائیل بەردەوام خەریکی پیلان دارشتن بۆ لەناوبردنی ئادەم و حەوا بوون.[2]

## ٥- ئوستوورەی ئافراندنی میسری

دوو ناوەندی گرینگی ئایینی لە نزیکی میسردا بوون بە ناوی هێلیۆپۆلیسو ممفیس. لە ئوستوورەکانی هێلیۆپۆلیسدا ***ئاتووم*** خودای سەرەتاییە کە خۆی لە ئاوی سەرەتایی پێکهاتووە، ئاتووم لە تفی خۆی ***شوو*** چێ دەکات کە خودای هەوایە، پاشان دەرشێتەوە و ژن-خودای شێدار واتە ***تفنووت*** پێکدێت. تفنووت و شوو جووت دەبن و زەوی-خودای ***گەب*** و ژن-خودای ئاسمان واتە ***نووت*** دەخولقێنن. لە جووت بوونی ئەو دوو خودایە، خودایانی دیکە واتە ***ئۆزیس***و ***ئیزیریس***و ***سێت***و هتد پێکدێن. لە ممفیسدا داستان بە شێوەیەکی دیکە بوو. لە ئوستوورەکانی ممفیسدا ئاتووم خودای یەکەم نیە، بەڵکوو لە جووت بوونی ***پێتا*** و ***نائوت*** دروست بووە (واتە خودایانی ممفیس پێش لە خودای هێلیۆپۆلیس بوونیان بووە و ئافراندن کاری ئەوان بووە نەک خودایانی هێلیۆپۆلیس). لە سەردەمی کاهینانی ئاموونددا، کاهینان رایانگەیاند کە داستانی ئافراندن بەو شێوە بووە کە: ئاموون لە شوێنێکی شاراوەدا هەموو خودایانی ئافراندووە و جیهان لە ئاموونەوە سەرچاوەی گرتووە. پاشان خودای ***خەنووم*** کە بیچمێک لە ئاموونە قوری لە سەر گەردوونەی گڵێنەسازی دانا و مرۆڤی لێ چێکرد.[3]

---

[1]- ئەوەی لە قورئاندا سەبارەت بە خۆ بە زل زانی شەیتان هاتووە لەم بەشەی تەلموود وەرگیراوە، کە ئەویش وەرگیراو لە ئایینی زەردەشتە، چوونکە لە تەوراتدا باسێک لە نارازی بوونی شەیتان لە ئافراندنی ئادەم نیە و تەنانەت هیچ باسی شەیتانیش ناکرێ، لەوێدا تەنیا باسی مار هەیە نەک شەیتان. کەسایەتی شەیتان دواتر لە رێگای ئایینی زەردەشتەوە هاتووەتە ناو دینی یەهوودو مەسیحییەت. کاریگەری ئایینی زەردەشت و ئوستوورە زەردەشتییەکان لە رۆڵی لیلیتیشدا دیارە، لیلیت هاوسەنگی جەهی لە ئوستوورەی زەردەشتیدایەو هاوکاری شەیتان بۆ لەناوبردنی مرۆڤە. .

[2]- بیرلین، ج.ف. ترجمە:عباس مخبر. تهران نشر مرکز ١٣٨٦،صص ١٠٢-١٠٣

[3]- کاوندیش، ریچارد کاوندیش،اسطورە شناسی:دایرەالمعارف مصور اساطیر و ادیان مشهور جهان، ترجمەی رقیە بهزادی، تهران، نشر علم،چاپ اول،١٣٨٧ص ٢٢٣

ئەگەرچی ئوستوورەی ئافراندن لە هەموو بەشەکان و لە هەموو فەرهەنگەکانی دنیادا هەیە و خاڵی هاوبەش لە زۆربەی ئەوانەدا هەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بابەتی ئەم کتێبە ئوستوورەناسی دەقی قورئانە تەنیا باسی ئەو ئوستوورەگەلە دەکەم کە لە باری جۆغرافیاوە لێک نزیکن و ئەگەری کاریگەری دانانیان لە سەر یەکتر زۆرترە، قورئان لە بیابانی عەرەبستاندا نووسراوە و لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی ئوستوورەکانی یەهوود و کاریگەری ناراستەوخۆی ئوستوورەکانی ئێران، میسر، فریگییە، بابێل، سوومەر، ئۆگاریت و هتد بووە. هەر بۆیە بۆ ناسینی ئوستوورەکانی قورئان پێویستە ناسینێکی رێژەییەمان بە نیسبەت ئوستوورەکانی ئەو بیاڤە فەرهەنگییانەی کە پێکەوە پێوەندی و دانووستانیان هەبووە هەبێت. لێرەدا پاش ئەم کورتەیە سەبارەت بە ئوستوورەکانی ئافراندن لە فەرهەنگەکانی دیکەدا، دەپەرژێمە سەر ئوستوورەکانی ئافراندن لە قورئاندا و لێکدانەوەی سەرچاوەکانی.[1]

## ٦- ئوستوورەی ئافراندن لە قورئاندا

ئوستوورەی ئافراندن لە قورئاندا بە شێوەی تۆکمە لە یەک شوێندا نەهاتووە بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەدا بڵاو بووەتەوە (ئەوە تایبەتمەندی قورئانە کە هێندێک چیرۆک لە شوێنگەلی جیاوازدا دووپات دەکاتەوە، لەوانە چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشینە کە چەندین جار هاتووە) بەڵام ئەوەی کە لە کۆی ئایەتە پێوەندی دارەکاندا دەردەکەوێت، هەمان ئوستوورەی ئافراندنی تەوراتی و تەلموودییە. سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهاتنی دنیا، دیاردەکانی سروشت، ئافراندنی مرۆڤ و دابەزینی ئەو لە بەهەشت بۆ سەر زەوی وتەی قورئان هەمان وتەی تەوراتە، بەو جیاوازییەوە کە نووسەری قورئان و خوداکەی هەردووکیان لە ژماردنی رۆژەکاندا تووشی هەڵە بوونە!

لە قورئاندا سەبارەت بە ژمارەی ئەو رۆژانەی کە خودا دنیای پێکهێناوە هاتووە:

[1]- ئوستوورەکانی ئافراندنی ئیسلامی لە دەقە تەفسیرییەکاندا تا رادەیەکی زۆر جیاوازی لە گەڵ دەقی قورئاندا هەیە. لە دەقە تەفسیرییەکاندا ئوستوورەی ئافراندنی تەوراتی بە هەموو وردەکارییەکانیەوە دووپات بووەتەوە بەڵام لە قورئاندا زۆربەی شتەکان تەنیا ئاماژەیەکی کورتیان پێکراوە، لەوانەیە محەممەد لە کۆی ئەو شتانەی کە بیستوویە تەنیا ئەو بەشگەلەی کە پێی باش بووە هێنابێتی یان رەنگە شتگەلەکی گشتی بیستبێت و بە دوای وردەکارییەکاندا نەرۆیشتبێ. لێرەدا تەنیا باسی نەسی راستەوخۆی قورئان دەکەم و لە دەقە تەفسیرییەکان دەگەڕێم چونکوو ئەوانە دەرفەتی تایبەت بە خۆیان دەوێت و لێرەشدا باس باسی ئوستوورەکانی دەقی قورئانە

**"و هو الذی خلق السماوات و الأرض فی ستة أیام ..."**

ئەو کەسێکە کە ئاسمانەکان و زەویی لە شەش ڕۆژدا چێ کرد (هوود-٧)

بەڵام دواتر کە باس چۆنیەتی ئافراندنی شتەکان دەکات، دەڵێ:

**"قل ا انکم لتکفرون بالذي خلق الارض في یومین و تجعلون له اندادا ذلك رب العالمین."**

ئاخۆ ئێوە لە کەسێکی کە بە دوو دۆژ ئەم زەمینەی وە دی هێنا حاشا دەکەن و هاوتای بۆ پەیدا دەکەن؟ ئەوە کە ڕاهێنەری هەموو جیهانە.(فوسسیلەت، ٩)

**"و جعل فیها رواسي من فوقها و بارك فیها و قدر فیها اقواتها في اربعة ایام ..."**

کەژ و کۆشی لە زەمین بەرز کردەوە و پیتی تێ خست، هەر لە ماوەی چوار ڕۆژاندا...(هەمان،١٠)

**"فقضاهن سبع سماوات في یومین و اوحی في کل سماء امرها و زینا السماء الدنیا بمصابیح...."**

ئەوسا کە حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژدا وەدی هێنا، هەر ئاسمانێ فەرمانی کاری خۆی بۆ نارد. نزیکترین ئاسمانیشیان بە چرایان ڕازاندەوە...(فوسسیلەت ،١٢)

دیارە کۆی ئەم ڕۆژگەلە لە جیاتی شەش ڕۆژ دەبێتە هەشت ڕۆژ! سەبارەت بە ئافراندنی بوونەوەران و دیاردە سروشتیەکانیش دەڵێ:

**"و أغطش لیلها و أخرج ضحاها"** (٢٩) **"و الأرض بعد ذالک دحاها"(٣٠) " أخرج منها ماءها و مرعاها"** (٣١) **"و الجبال أرساها"(٣٢)**

شەومان تاریک دروستکرد و ڕۆژمان ڕۆشن دروستکرد...ئاوەکانمان کرد بە دوو دەریا، زەویمان ڕاخست و کێوەکانمان کرد بە کۆڵەکەی ئاسمان (نازعات، ٢٩-٣٢)

**"و هو الذی جعل لکم النجوم لتهتدوا بها فی ظلمات البر و البحر قد فصلنا الآیات لقوم یعلمون"**

چرای ئەستێرەکانمان هەڵکرد بۆ ئەوەی لە تاریکی دەریاو بیاباندا ڕێگەیان پیشان بدەن (ئەنعام ، ٩٧)

**"و هو الذی مرج البحرین هذا عذب فرات و هذا ملح أجاج و جعل بینهما برزخا و حجرا محجورا"**

دەریای سوێر و دەریای شیرینمان بە سنوورێک لێک جیا کردەوە (فورقان ،٥٣)

**"و الله خلق کل دابة من ماء فمنهم من یمشی علی بطنه و منهم من یمشی علی رجلین و منهم من یمشی علی أربع یخلق الله ما یشاء إن الله علی کل شیء قدیر"**

هەمو گیانلەبەرەکانمان لە ئاو چێکرد، بڕێکیان بە سەر سکیاندا دەڕۆن و هێندێکیان لە سەر دووپێی و هێندێکیشیان لە سەر چوارپێ (نوور، ٤٥)

**"إن مثل عیسی عند الله کمثل آدم خلقه من تراب ثم قال له کن فیکون"**

نەقڵی عیسایش لە لای خودا لە چەشنی نەقڵی ئادەمە، هەر لە گڵ دروستی کرد و پاشان پێی گوت: ببە بە ئادەم! ئەویش بوو.(ئالی عیمران، ٥٩)

**"فإذا سویته و نفخت فیه من روحی..."**

هەرگا ڕێک و پێکم کرد و لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد... (حیجر، ٢٩)

ئافراندنی ئادەم لە چەندین شوێندا هاتووە، لەوانە ئایەکانی سوورەی ئەعراف:

**"و لقد خلقناکم ثم صورناکم ثم قلنا للملائکة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبلیس لم یکن من الساجدین** (١١) **قال ما منعک ألا تسجد إذ أمرتک قال أنا خیر منه خلقتنی من نار و خلقته من طین** (١٢) **قال فاهبط منها فما یکون لک أن تتکبر فیها فاخرج إنک من الصاغرین** (١٣) **قال أنظرنی إلی یوم یبعثون** (١٤) **قال إنک من المنظرین"** (١٥)

ئێمە ئێوەمان سازداو لە پاشانا بەو شکڵەمان دەرهێناون، پاشان بە فریشتانمان گوت سەر بۆ ئادەم نەوی بکەن، هەموویان سەریان دانەواند ئیبلیس نەبێ، ئەو لە کۆڕی کڕنۆشبەران خۆی هەڵاوارد. گوتی: کە فەرمانم پێدای لە بەر چی تۆ سوژدەت نەبرد؟ گوتی من لەو

هێزاترم، منت لە ئاگر دروست کرد، ئەوت لە قوڕ ساز داوە. گوتی لێرەوەدا گەڕێ لەم شوێنەدا ڕێت ناکەوێ بە سەر کەسدا فیز بنوێنی. سا لەم شوێنەدا مەمێنە! تۆ لە سووک و چرووکانی. گوتی تا سەڵا ڕادەبێ ماوەم بدە. گوتی وا تۆ لە ماوە دراوەکانی.(١١-١٥)

**"قال اخرج منها مذؤما مدحورا لمن تبعک منهم لأملأن جهنم منکم أجمعين (١٨) و يا آدم اسکن أنت و زوجک الجنة فکلا من حيث شئتما و لاتقربا هذه الشجرة فتکونا من الظالمين (١٩) فوسوس لهما الشيطان ليبدى لهما ما ووری عنهما من سوآتهما و قال ما نهاکما ربکما عن هذه الشجرة إلا أن تکونا ملکين أو تکونا من الخالدين (٢٠) و قاسمهما إنی لکما لمن الناصحين (٢١) فدلاهما بغرور فلما ذاقا الشجرة بدت لهما سوآتهما و طفقا يخصفان عليهما من ورق الجنة و ناداهما ربهما أ لم أنهکما عن تلکما الشجرة و أقل لکما إن الشيطان لکما عدو مبين (٢٢) قالا ربنا ظلمنا أنفسنا و إن لم تغفر لنا و ترحمنا لنکونن من الخاسرين (٢٣)"**

گوتی لێرە بڕۆ دەرێ! ناوزڕاوی تڕۆکراو، دەبێ وێڕای ئەوانە شوێن تۆ دەکەون، جەهەندەمتان لێ پڕکەم. ئەی ئادەم تۆش وێڕای ژنەکەت لە بەهەشت بحاوێنەوە،لە هەرکوێدا هەرچی دەخۆن بە ئارەزووی خۆتان بکەن، هەر تخوونی ئەوداری هانا مەکەون! دەنا ئێوە لە ناحەقیکاران دەبن. شەیتان کەوتە کلێشەیان تا ئەو ئەندامەیان کە پۆشرا بوو بینێتە بەرچاویان... بە فریوان ئەوانی خستە تەماوە. لە دوای ئەوەی لە بەری دارەکەیان چەشت، عەیب و عاریان کەوتە دەر و کۆششیان کرد بە گەڵای بەهەشت داپێۆشن. پەروەرەندە گازی کرد: ئاخر من بە ئێوەم نەگوت توخنی ئەم دارە مەکەون؟ پێشم ڕانەگەیاندبوون بە ئاشکرا شەیتان دوژمنی ئێوەیە؟ (هەمان ، ١٨- ٢٣)

دیارە هەموو باسەکانی ئافراندنی مرۆڤ و فریوی لە لایەن شەیتان و دابەزینی ئەو لە بەهەشت بۆ سەر زەوی هەمووی لە دەقی تەورات و تەلموود و ئوستوورەکانی یەهوود وەرگیراوە. کە ئەویش بە نۆبەی خۆی لە ژێر کاریگەری ئوستوورەکانی ئایینی زەردەشتدا بووە، لە ئوستوورەی ئافراندنی زەردەشتدا مرۆڤ (مەشی و مەشیانە) فرێوی ئەهریمەن دەخۆن و بە ئەهوورەمەزدا دەڵێن تۆ ئێمەت نەئافڕاندووە، ئەهریمەن ئێمەی ئافراندووە. ئەوە دەبێتە یەکەمین گوناحی مرۆڤ و ئەهوورەمەزدا دەڵێ: دەبێ بۆ قەرەبوو کردنەوە، قوربانیم بۆ بکەن و پەسنم بکەن تا لە شەڕی ئەهریمەندا پارێزگاریتان لێ بکەم.

واتە ئەو مووتیڤە لە ئوستوورەکانی زەردەشتەوە چووتە ناو ئایینی یەهوود و لە وێوە هاتووەتە ناو دەقی قورئان.

بەڵام ئوستوورەی ئافراندنی قورئان تەنیا لە ژێر کاریگەری ئوستوورەکانی یەهوودیدا نیە، بەڵکوو ئوستوورەکانی دیکە بەتایبەت ئەوانەی بابێل و مێزۆپۆتامیا کاریگەرییان هەبووە و هاوچەشنی لە نێوانیاندا دەبیندرێ.

بۆ نموونە لە ئوستوورەی بابێلدا دەڵێ: ئەوەڵ جار تەنیا خودایانی ئاو (ئەپسوو خودای باران و هەموو ئاوە باریدەرەکانی ژێر زەوی و تییەمەت ژن-خودای لافاو و ئاوی دەریا و هەموو ئاوە رووخێنەرەکان) هەبوون، لە ئوستوورەی ئافراندنی میسریشدا لە ئوستوورەکانی هێلیۆپۆلیسدا ***ئاتووم*** خودای سەرەتاییە کە خۆی لە ئاوی سەرەتایی پێکهاتووە، لە قورئاندا لەو بارەیەوە هاتووە: "کان عرشه علی الماء" (سوورەی هوود، ٧) واتە پێش لەوەی دنیا پێک بێ، "تەختی خودا لە سەر ئاو بوو".

کاریگەری دیکەی ئوستوورەکان لە سەر قورئان لە رۆڵی شەیتاندا دەردەکەوێ، لە زۆربەی هەرە زۆری ئوستوورەکاندا خوداکان لە بەرانبەر ئەهریمەن (لە ئایینی زەردەشت)، تییەمەت (لە ئوستوورەی بابێل)، شەیتان (لە تەورات و قورئان) و سمایل (لە تەلموود) دا رادەوەستن و لە هەمووشیاندا خوداکان سەر دەکەون. واتە شەڕێک لە نێوان خوداکان و ئەو بوونەوەرانە کە بە گشتی مرۆڤ بە شەیتان دەیانناسن هەبووە. واتە شەڕ و پێکدادان و دژبەری لە نێوان خودا و لایەنی خرابکار (شەیتان)دا مووتیڤێکی گشتگیرە کە دیارە لە ئایینی زەردەشتدا زۆر زەقتر و بەرچاوترە، بەڵام لە ئایینەکانی دیکە و لەوانە لە ئیسلامیشدا ئەو شەڕە هەیە. یەکێک لە رەنگدانەوەکانی وەها شەڕێک هەوڵدانی شەیتان و هاوڕێیانی ئەو بۆ چوونە ناوی ئاسمان (واتە هەرێمی خودایان) و لە ناوبردی ئەوانە، قورئان لەو بارەیەوە دەڵێ:

**"و لقد زینا السماء الدنیا بمصابیح و جعلناها رجوما للشیاطین و اعتدنا لهم عذاب السعیر"**

ئێمە ئاسمانی دنیامان بە زۆر چرا رازاندەوە. کردیشمانن بە کەرەستەی راوەدوونانی شەیتانان. ئازاری گڕپە داریشمان بۆ ساز کردوون(مولک، ٥)

**"الا من خطف الخطفة فاتبعه شهاب ثاقب"**

مەگین ئەوەی هەر لەپڕ شتێکی بڕفێنێ ئەویش بڵێشەی گڕێکی شوێن دەکەوێ.(سافات، ١٠)

**"الا من استرق السمع فاتبعه شهاب مبين"**

مەگین ئەوەی کۆڵە دەکا، کە گڕ ئاگرێکی رووناک راوی دەنێ. (حیجر، ١٨)

کەوابوو قورئان لە ژێر کاریگەری ئوستوورەکانی دەوروبەری خۆیدا چیرۆکی چۆنیەتی ئافراندنی دنیای باس کردووە و هەر ئوستوورەیەک لە بەشێکی ئەم کتێبەدا رەنگی داوەتەوە.

## ئوستوورەی زا و زێ

بەربڵاوترینو کاریگەرترین ئوستوورە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئوستوورەکانی زا و زێن کە ئایین و نەریتی جۆراوجۆریان لێ ساز کراوە. ئەگەر بە وردی بڕۆینە ناخی شتەکانەوە، لە هەموو دنیادا ئاسەواری ئەو ئایینگەلە ماوتەوە. ئوستوورەکانی زا و زێ تایبەتمەندییەکانی خۆیانیان بە دینەکان بەخشی و بەو شێوە بە بێ ئەوەی دیندارەکان ئاگایان لە سەرچاوەی نەریتەکانیان هەبێ، ئوستوورە و ئایینە کۆنەکانی مرۆڤ، بە پیرۆزایەتییەکی زۆرەوە جێبەجێ دەکەن. کاریگەری ئوستوورەکانی پێوەندیدار بە چەمکی زا و زێ لە سەر پێکهاتەی دینە ئەمڕۆییەکان ئەوەندە قووڵە کە دەتوانین بە بوێرییەوە ئیددیعا بکەین، ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە بەستراوی ئەو چەمکەن لە دینەکان وەرگرینەوە و ئاسەوارەکانیان بسڕینەوە، شتێکی ئەوتۆ لە دین نامێنێتەوە و لانیکەم بەشی کردەوەیی و سرووتەکان بە تەواوی لاواز دەبن و تەنیا بەشی ئیدئولۆژی بۆ دین دەمێنێتەوە.

ئوستوورەی زا و زێش هەر وەک ئوستوورەی ئافراندن چەند بنەمای سەرەکی هەیە کە لە هەموو گێڕاندنەوەکاندا دووپات دەبنەوە، هەر بەو هۆیەشە کە دەتوانین هەموویان لە ژێر یەک ناودا کۆ بکەینەوە و ناوی ئوستوورەی زا و زێیان لە سەر دابنین. بنەما و بەردی بناغەی ئەم ئوستوورەیە بریتییە لە مەرگی خودایەکی نێر و ئاخێزیانی ئەو لە رێگای ژن خودایەکەوە، کە پاساودەری مەرگی وەرزیی گیا لە زستاندا و ئاخیزیانی لە بەهاردایە. ئەم ئوستوورەیە ئایینێکی لە گەڵدایە کە لە رەوتی ئەو ئایینەدا، شا (یان کوڕی ئەو) کە دواتر دەگۆڕدرێت بە کەسێکی دیکە، رۆڵی خودای کوژراو دەگێڕێت و لە کۆتایی زستاندا

قوربانی دەکرێت، ژنی مەزنی پەرستنگا (کاهینی گەورە) رۆڵی ژن-خودای هەیە و لە رۆژی ئاخێزیانی خودای کوژراودا لە گەڵ شادا(کە نوێنەرایەتی خودا دەکات) جووت دەبێت و لەو رێگایەوە لاسایی لە کردەوەی خودایان دەکەنەوە.

لەو رۆژەدا جێژنێکی گەورە بەڕێوەدەچێ کە تایبەتمەندی بەرچاوی، زێدەڕۆیی و بەرەڵاییە، بەتایبەت لە باری سێکسیەوە، مەبەست لەو کارەش بە هێزتر کردنی هێزی ژیان و زا و زێیە، بەو ئاواتەی کە لەو ساڵەدا بەرەکەت و فراوانی روو لە ژیانی خەڵک بکاو زەوی و ئاژەڵ و مرۆڤ بە پیت و زیاد بن. ئەو ئوستوورەیە کە لە پشتی ئەم ئایینەدایە گێڕانەوەی جۆراوجۆری هەیە. بۆ ئەوەی خاڵە هاوبەشەکانی ئەم ئوستوورەمانە بۆ دەرکەوێ، سەرەتا نموونە بە ناوبانگەکانی ئەم ئوستوورەیە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا دێنم و پاشان کاریگەری ئەوان لە سەر دینەکان دەخەمە بەرباس.

## ١- ئوستوورەی زا و زێی بابێلی (ئیشتار و تەمووز)

ئوستوورەی ئیشتارو تەمووز کە لە ئوستووره سوومەرییەکاندا بە ناوی ئیناناو دوموزی دەناسرێ، باسی خۆشەویستی ئیشتار بە نیسبەت تەمووز دەکا، لە داستانی گێلگامێشیشدا بەم ئوستوورەیە ئاماژە کراوە، کاتێ ئیشتار داوا لە گێلگامێش دەکات کە ببێت بە هاوجووتی، دەڵێ: " وەرە ببە بە هاوسەرم، جەستەت ببەخشە بە من ، چونکە من دەمهەوێ خێزانت بم."[1] گێلگامێش باسی بێوەفا بوونی ئیشتار بە نیسبەت تەمووزەوە دەکا و داخوازەکەی رەت دەکاتەوە.[2] ئیشتاریش تووڕە دەبێت و دەیهەوێ تۆڵە لە گێلگامێش بکاتەوە. دیارە چیرۆکی ئیشتار و تەمووز کۆنتر لە گێلگامێشە، لەو چیرۆکەدا ئیشتار ژن-خودای گەورەی بابێلی خودای زا و زێ و بەرەکەت و خۆشەویستییە، ئەو کە سەرچاوەی هێزی ژیان و جووت بوونە، عاشقی کوڕە شوانێک دەبێت بە ناوی تەمووز، بەڵام بەرازێک دێ و تەمووز دەکوژێ، ئیشتار بە دوای تەموزدا و بۆ هێنانەوەی ئەو، سەفەری دنیای مردووەکان دەکات، خۆشکی ئیشتار واتە ئەرشکیگال سەروەری دنیای مردووانە، ئیشتار هەڕەشەی لێدەکات کە ئەگەر رێگای نەدات بە زۆر دەچێتە ژوورەوە، ئەرشکیگالیش لە ئیشتار داوا دەکات بۆ هاتنە ژوورەوە هەموو زێڕ و زیو و جل و

[1]- بلان، یانیک، پژوهش در ناگزیری مرگ گیلگمش، ترجمە: جلال ستاری، تهران: نشر مرکز ١٣٨٤، ص٨٥

[2]- بلان، هەمان سەرچاوە، ص ٨٦

بەرگەکەی لە بەر داکەنێ، ئیشتار هەر دەروازەیەک کە بە جێ دێڵێ بەشێک لە جل و بەرگی خۆی دادەکەنێت و لە ئاکامدا رووت دەمێنێتەوە، هەموو توانای خۆیشی لە دەست دەدات، ئەرشکیگال لە خۆشکەکەی فێڵ دەکا و ئیزنی گەڕانەوەی پێ نادا و لەوێدا زیندانی دەکات. لە نەبوونی ئیشتاردا ژیان لە سەر زەویدا رادەوەستێ، هیچ نێرێک مەیلی ناچێتە سەر هیچ مێینەیەک، گیا و رووەک دەمرن و زەوی و بوونەوەرانی تووشی سستی دەبن.[1] هەر بۆیە خودایان دەکەونە پیلان رشتن بۆ رزگار کردنی ئیشتار و گەڕاندنەوەی هێزی ژیان بۆ سەر زەوی، ئێئا خودای ئاو و هزر و جادوو، پیاوێک دروست دەکا و دەینێرێت بۆ فریودانی ئەرشکیگال. لە ئاکامدا فێڵەکەی ئێئا سەردەکەوێت. ئەرشکیگال ناچار دەبێت ئیشتار و خۆشەویستەکەی رزگار بکات.

هاوکات لە گەڵ گەڕانەوەی ئیشتار ژیان لە سەر زەوی دەست پێدەکاتەوە و گیا شین دەبێتەوە. لە لەوحە بابێلیەکاندا داستانی سەفەری ئیشتار بەم رەستەیە کۆتایی پێ دێت : بەشکەم مردوو هەستێتەوە و بۆن بە بۆنی خۆشی هەڵمە پیرۆزەکانەوە بنێت.[2] رەستەی کۆتایی ئەم لەوحە دەرخەری پێوەندی ئەم ئوستوورەیە بە بیرۆکەی ئاخێزیانە، واتە مەرگی کاتیی سروشت لە زستاندا و زیندوو بوونەوەی لە بەهاردا. ئەمە باشقەی سەرەکی بیری مەرگ و دیسان زیندوو بوونەوە (ژیانی سەرلەنوێی پاش مردن) لە دینەکاندایە.

## ٢- ئوستوورەی زا و زێی میسری (ئوزیس و ئیزیریس)

ئۆزیریس کە بەرهەمی خۆشەویستی نێوان سب (یان گب) خودای زەوی و نات ژن-خودای ئاسمانە، هاوکات لە گەڵ چوار خۆشک و برای دیکە (هۆروس، ئیزیس، سێت و نفتیس) لە دایک دەبێت. پاشان ئیزیسی خوشکی دەکات بە هاوسەری خۆی و دەبێت بە پاشای میسر. ئۆزیریس بۆ خەڵکی میسر یاسا دێنێت، ئەوان فێری پەرستنی خوداکان دەکات، ئیزیسی خۆشکیشی چۆنیەتی کشت و کاڵ و رواندنی گەنم و جۆ لە زەوی فێری خەڵک دەکات. خەڵک پاش ئەوەی فێری کشت و کاڵ بوون، دەستیان لە خواردنی مرۆڤ کێشا و روویان هێنایە خواردنی نان. ئیزیس هەروەها یەکەم کەس بوو کە باخداری کرد و بەرهەمهێنانی میوەی باو کرد. بەڵام سێت برای ئۆزیریس ئێرەیی بردە ئۆزیریس. هەر بۆیە پیلانێکی بۆ دارشت و ئۆزیریسی لە تابووتێکدا زیندانی کرد و تابووتەکەی خستە

---

[1] - گری، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٥
[2] - گری، سەرچاەی پێشوو، ص ٥٦

رووباری نیلەوە. ئیزیس کاتێ زانی دەستی کردە شینگێڕان بۆ مێردەکەی، پاشان کەوتە دوای دۆزینەوەی تابووتەکە. دوای هێندێک رووداوی سەیر و سەمەرە، ئیزیس تابووتی ئۆزیریس دەدۆزێتەوە و دەیکاتەوە، جەستەی براکەی لە گەڵ خۆی دەبا. بەڵام دیسان سێت دێت و بە بێ ئاگای ئیزیس جەستەی ئۆزیس دەکات بە چوارده پارچە و بڵاوی دەکاتەوە. ئیزیس پارچەکانی پەیکەری ئۆزیریس دەدۆزێتەوە، هەرکامی لە شوێنێکدا دەنێژێ و دەیکا بە پەرستنگا. بەڵام ئەندامی نێری ئۆزیریس نادۆزێتەوە، لە جیاتی ئەوە پەیکەرێک لەو ئەندامە چێ دەکا تا خەڵکی میسر لە جیاتی ئەو ئەندامەی ئۆزیریس بیپەرستن و لە رێورەسمی تایبەتی ئەو رۆژەدا بەکاری بهێنن.

بەو شێوەیە پەرستنگای جۆراوجۆر لە میسردا بۆ پەرستنی خودای کوژراو (ئۆزیریس) ساز دەبێ. ئیزیس و خۆشکی دیکەی واتە نفتیس بۆ ئۆزیریس شینگێڕی دەکەن و لە خودایان داوا دەکەن زیندووی کەنەوە. ئۆزیریس زیندوو دەبێتەوە و لە دنیای دیکەدا دەبێت بە خودای مردووەکان. شێوەی ئاخێزیانی ئۆزیریس لە دنیای دیکەدا پاش مردنی ، دەبێت بە سەرچاوەی باوەڕ بە ژیانی پاش مردن بۆ هەموو مردووەکان لە میسردا[1] هەر بەو هۆیەیە کە رێورچەی ئەسپەردەکردنی مردوو لە لای میسرییەکان ئەوەندە گرینگیی هەبووە، ئەو رێورچەگەلە گەرەنتی ئاخێزیانی مردوو و پێشگرتن لە لەناوچوونی رۆحی ئەو هاتووەتە ئەژمار.

## ٣- ئوستوورەی زا و زێی فریگیە (ئاتیس و سیبەل)

ئاتیس شوانێکی جوانچاکە کە سیبەل ژن-خودای گەورەی زا و زێ لە فریگیەدا عاشقی دەبێ، هێندێک کەس دەڵێن ئاتیس کوڕی سیبەل بوو و بەشێوەیەکی ناسروشتی لە دەنکە بادامێک لە نێوان مەمکی دایکیدا پێکهات. دوو گێڕانەوە لە چۆنیەتی مەرگی ئاتیس هەیە یەکەمیان دەڵێ ئاتیس هەر وەک ئادۆنیس (هاوتای سووریەیی خۆی کە دواتر چیرۆکەکەی چوو بۆ یۆنانیش) بە دەستی بەرازێک کوژراوە، گێڕانەوەی دووهەم دەڵێ ئاتیس لە ژێر دارێکی کاجدا خۆی خەساند و هەر لەوێ مرد. بە هۆی ئەم ئوستوورەیە لە بیست و دووهەمی مانگی مارچی هەموو ساڵێک لە فریگیەدا، دارێکی سەروویان لە دارستانەکان دەبڕی و لە رەوتی رێورەسمێکدا، بە گوڵ و قوماشی جۆراوجۆر دەیانرازاندەوە و وێنەی

[1]- فریزر، سەرچاوەی پێشوو، صص ٤١٥- ٤١٨

کوڕێکی لاویشیان لە سەری دەنەخشاند. پاشان دەیانهێنایە ناو شار بۆ بەڕێوە بردنی جێژنی خوێن، لەو جێژنەدا کاهینەکان خەریکی سەما و زکرێکی شێتانە دەبوون، لەو حاڵەدا کە لە جەستەی خۆیان بێئاگا دەبوون، نەشتەریان لە جەستەی خۆیان دەدا و خوێنەکەیان دەرژاندە سەر دارە پیرۆزەکە. تەنانەت هێندێک لە کاهینە لاوەکان لەو حاڵەدا خۆیانیان دەخەساند و ئەندامی نێری خۆیان بە لاسایی کردن لە ئاتیس پێشکەش بە ژن-خودای گەورە واتە سیبەل دەکرد. پاش ئەم شێنگێڕانە شێتانە و خوێناوییە، خودای مردوو لە دنیای مردووەکان دەگەڕایەوە و کاهینێک بە نوێنەری ئەو لێوی ئازییەتبارەکانی ئاتیسی چەور دەکرد و دەیگوت: کە ئەوانیش وەک ئاتیس پاش مردنیان زیندوو دەبنەوە. پاشان جێژن و شایی بەڕێوە دەچوو و هەموان خەریکی چێژ بردنێکی بێ سنوور دەبوون.[1]

## ٤- ئوستوورەی زا و زێی یۆنانی (دمتر و پێرسێفۆنە)

کۆنترین دەقێک کە باسی ئوستوورەی دمتر و پێرسێفۆنە دەکات نووسراوی هۆمێرە، بە ناوی سروودی دمتر. ئەم سرووده دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش لە زایین، چیرۆکەکە ئاوا دەست پێ دەکات کە: پرسێفۆنە کچی لاو و جوانی دمتر لە گوڵجارێکدا خەریکی گوڵچنینە، زەوی دەم دەکاتەوە و پلۆتو (هادێس) خودای مردووەکان لە ناخی دۆزەخەوە دێتە دەرێ و پێرسێفۆنە لە گەڵ خۆی دەبات بۆ ئەوەی کە بیکات بە بووکی خۆی، دایکی پێرسێفۆنە واتە دمتر زۆر بە دوای کچەکەیدا دەگەڕێت. کاتێک کە دەزانێ چی بەسەر هاتووە پشت لە خودایان دەکا و لە شوێنێکی تەریکدا دادەنیشت. ئەو سوێند دەخوات کە پێ نەنێتە شاخی ئۆلەمپ و نەهێڵێت نە گەنم و نە هیچ رووەکێکی دیکە شین بێت، هەتاکوو خودایان کچەکەی بۆ بهێننە دەرەوە، بە هۆی بڕیاری دمتر کە ژن-خودای وەرزێری و بەرەکت بوو هیچ گیایەک لە زەوی شین نەبوو. ژیانی سەر زەوی کەوتە مەترسییەوە. هەر بۆیە زێئوس خودای گەورەی ئۆلەمپ فەرمانی بە پلۆتۆ دا کە کچەکەی دمتر ئازاد بکات. پلۆتۆ پێش ئازاد کردنی پێرسێفۆنە دەنکە هەنارێکی پێداو وایکرد ئەو ناچار بێ بگەڕێتەوە، لە ئاکامدا زیئوس بڕیاری دا، پرسێفۆنە سێ لە چواری ساڵ لە سەرزەوی لە لای دایکی بێت و سێ مانگەی زستان لە لای پلۆتو. دمتر پاش رزگار بوونی کچەکەی دەست لە مان گرتن دەکێشێ و گوڵ و گیا لە زەوی دەڕوێنێ.[2]

---

[1]- فریزر، هەمان سەرچاوە، ص‌ص ٣٨٥-٣٩٩

[2]- فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص‌ص ٤٥٣-٤٥٤

## ٥- ئوستوورەی زا و زێی ئێرانی (سیاوەش‌و سوودابە)

سەرچاوەی ئەم ئوستوورەیە خودانامەکانی کۆنی ئێرانن، فێردەوسی شاعێری گەورەی ئێرانی لە گێرانەوەیەکی مەزندا کە هەڵگری زۆربەی ئوستوورە ئێرانییەکانە، هەموویانی کۆ کردەوە، بیچمی شێعری پێ بەخشی و ناوی شاهنامەی لە سەر دانان. هەر وەک چۆن هۆمێر شاعێری گەورەی یۆنانی، ئوستوورەکانی یۆنانی کرد بە شێعر و بە ناوی ئیلیاد و ئۆدیسە، کردی بە گەورەترین سروودی ئۆرووپا، فێردەوسیش سەبارەت بە ئوستوورەکانی ئێران هەمان رۆڵی گێرا. بەوشێوە زۆربەی ئوستوورەکانی لە لەناوچوون پاراست. چیرۆکی سیاوەش و سوودابە کە یەکێک لە گێرانەوەکانی ئوستوورەی بەربڵاوی زا و زێیە، لە شاهنامەدا بەم شێوەیە هاتووە: سوودابە ژنی کەیکاووس و کچی شای هاماوەرانە، عاشقی زڕکوڕی خۆی واتە سیاوەش دەبێ، بەڵام سیاوەش وەڵامی داخوازەکەی ئەو ناداتەوە و هەر بۆیە دەکەوێتە بەر تووڕەیی سوودابە. سوودابە تاوانی خەیانەت دەخاتە پاڵ سیاوەش و بە کاووس دەڵێ کە سیاوەش تەماحی تێکردووم. کاووس تووڕە دەبێ و بۆ دەرخستنی راستی لە تاقیکردنەوەی ئایینی، واتە "وەر"[1]، کەڵک وەردەگرێ. بەم پێیە سیاوەش ناچار دەبێ بچێتە ناو ئاگرەوە. بەڵام چون بێتاوان بووە بە ساغی لە ئاگر دێتە دەرەوە. دوایی بۆ دەرباز بوون لە فێڵی سوودابە رێگای توورانی(وڵاتی دژبەری ئێران) دەگرێتە بەر و لە ئاکامدا لە شەڕی نێوان ئێران و توورانیدا دەکوژرێ. لە خوێنی ئەو جۆرە گیایەک شین دەبێت کە ناوی خوێنی سیاوەشانە. ئەم مووتیڤە بە شێوەیەکی دیکە لە چیرۆکی بیژەن و مەنیژەشدا رەنگ دەداتەوە و هاوتەریبی لە ئەدەبی

[1]- وەر شێوەیەک لە تاقیکارییە کە لە ئاڤێستادا بە ناوی وەرەنگهە باسی لێوە کراوە، تاقیکارییەکە بۆ دەرخستنی راست و درۆیە، دەقە کۆنە زەردەشتییەکان دەڵێن کە ٣٣ جۆر وەر بوونیان هەبووە کە لەوانەیە گەرمەک وەر (وەری گەرم) کە چوونەناوی ئاگرە، بەرسمەک وەر (وەر بە بەرسەم کە گیایەکی پیرۆزە لە ئایینی زەردەشت دا) و پائورو خوران کە لەودا ئەو کەسەی تاقیدەکەنەوە ناچار دەکەن لە ژەهرێکی کوشەندە بخواتەوە، لە تاقیکاری وەردا ئەو کەسەی تاوانێکی نەسەلمێندراوی خراوەتە پاڵ دەبێ لە رێگای وەرەوە راستی یان ناراستی ئەو بسەلمێندرێ، جۆرێکی دیکەی وەر، وەری ئاسنی تواوە، کە دەبێ بیکەنە سەر سینگی تاوانبار، ئەگەر کاری لێنەکات ئەوە بێتاوانەو ئەگەریش بمرێت دیارە تاوانبار بووە! شێوەی دیکە ئەوەیە کە ئاوی گۆگرد (سەوکەنتە) دەدەنە دەرخواردی تاوانبار (ئاڤێستا، ١٠٧٠) سەوکەنتە هەمانە کە لە کوردی ئەمڕۆدا پێی دەڵێن سوێند، سوێند خواردن پاشماوەی هەمان سەوکەنتە خواردن بووە، سوێند دەخۆم واتە بۆ سەلماندنی راستی خۆم ئامادەم سەوکەنتە بخۆم. باوترین وەر کە لە دەقە ئوستوورەیی و دینییەکاندا رەنگیداوەتەوە چوونەناو ئاگرە کە لە بارەی ئیبراهیمیشەوە باسی لێکراوە.

كوردیدا ده‌بێت به‌ چیرۆكی مه‌م و زین.[1] هه‌مووی ئه‌مانه‌ گێڕانه‌وه‌ی جۆراوجۆرن له‌ یه‌ك ئوستووره‌ی سه‌ره‌كی كه‌ هه‌مان ئوستووره‌ی زا و زێیه‌ و هێندێك جار به‌ ئوستووره‌ی خودای كوژراو باسی لێوه‌ كراوه‌.

## ئوستووره‌ی عیسا و پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئۆستوره‌ی زا و زێدا

ئینجیله‌كانی مه‌سیحی سه‌باره‌ت به‌ عیسا ده‌ڵێن: عیسا كوڕی مریه‌م و مریه‌میش ده‌زگیرانی یۆسف بوو. به‌ڵام له‌ جیاتی یۆسف، رۆحی خودا منداڵێكی خسته‌ سك مریه‌مه‌وه‌. ئه‌و منداڵه‌ دواتر له‌ گه‌ڵ باوكی خۆی (واته‌ خودا) پێوه‌ندی گرت، پاش تێپه‌ڕاندنی چه‌ند تاقیكاری و غوسڵی ته‌عمید گرتن له‌ یوحه‌نا، كه‌وته‌ نێو خه‌ڵك و داوای لێیان كرد كه‌ ببن به‌ پێڕه‌وی ئه‌و. عیسا به‌ پێی ده‌قی ئینجیله‌كان كاری سه‌یر و سه‌مه‌ره‌ی زۆری كرد. هه‌موو ئه‌و كارانه‌ش پێوه‌ندییان به‌ شفادانه‌وه‌ بوو، نه‌خۆشه‌كانی ساغ ده‌كرده‌وه‌ و ته‌ندروستی به‌وانه‌ ده‌به‌خشی كه‌ تووشی پیسی هاتبوون، ته‌نانه‌ت مردووشی زیندوو ده‌كرده‌وه‌. له‌ ئاكامدا عیسا كه‌ له‌ لایه‌ن ئیمپراتووری رووم‌ه‌وه‌ به‌رده‌وام هه‌ڕه‌شه‌ی لێده‌كرێ، پاش خه‌یانه‌تی یه‌كێك له‌ حه‌وارییه‌كانی خۆی به‌ ناوی یه‌هوودا ده‌ستبه‌سه‌ر ده‌كرێ. پێش له‌و رووداوه‌، دوا نانی له‌ گه‌ڵ هه‌ر دوازده‌ هاورێی خۆی ده‌خوا. له‌وێدا نان و شه‌رابی پیرۆز به‌ یارانی ده‌دا و ده‌ڵێ ئه‌م نانه‌ جه‌سته‌ی منه‌ و ئه‌م شه‌رابه‌ش خوێنی من، بیخۆن كه‌ خواردنی ده‌تانخاته‌ به‌ر به‌زه‌یی خودا. پاش ده‌ستبه‌سه‌ر بوون و ئه‌شكه‌نجه‌ و سووكایه‌تی زۆر، له‌ كاتێكدا تاجه‌ دڕكینه‌یه‌كیان له‌ سه‌ری ناوه‌ و عه‌بایه‌كی سووریان له‌ كۆڵی كردووه‌، له‌ خاچ ده‌درێت. به‌ڵام دوای چه‌ند رۆژ له‌ به‌رچاو یارانی خۆی زیندوو ده‌بێته‌وه‌ و به‌ره‌و ئاسمان هه‌ڵده‌كشێ.

به‌ وه‌ به‌رچاو گرتنی چۆنیه‌تی ئایینه‌كانی قوربانی كردنی خودای گیایی، لێكچوونه‌كانی زۆری ئایینی مه‌سیحییه‌ت له‌ گه‌ڵ ئه‌م ئایینه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌وێ. به‌تایبه‌ت له‌ به‌شی كۆتایی چیرۆكی عیسادا ئه‌م لێكچوونه‌ زۆر زه‌ق و به‌رچاوه‌، تاجی دڕكینه‌ و عه‌بای سوور ده‌رخه‌ری رێورەسمێكی كۆنه‌ كه‌ له‌ودا پاشایه‌كی كاتی بۆ ماوه‌ی چه‌ند رۆژ دیاری ده‌كرێ، پاشان له‌ جیاتی پاشای راسته‌قینه‌ ده‌كوژرێ. ئاخێزیانی عیسا پاش چه‌ند رۆژیش هه‌مان ئاخێزیانی خودای كوژراوه‌ كه‌ رۆڵی به‌ره‌كه‌ت به‌خشی به‌ ژیان له‌ ئه‌ستۆی

[1]- نووسه‌ر له‌ وتارێك دا كه‌ له‌ ژماره‌ی ٧٢ی گۆڤاری هه‌ناردا بڵاو بوه‌ته‌وه‌ به‌ وردی په‌رژاوه‌ته‌ سه‌ر بنه‌ما ئوستوورەییه‌كانی چیرۆكی مه‌م و زین.

ئەودایە. زانایانی ئۆرووپی و مەسیحی لێکۆڵینەوەی زۆریان لە سەر بنەما ئوستوورەییەکانی مەسیحییەت کردووە و بابەتی زۆریشیان لەم بارەیەوە نووسیوە. بۆ ناسینی وردتری بنەما ئوستوورەییەکانی ئایینی مەسیح دەبێ بە چوار بابەت لەم پێوەندییەدا ئاماژە بدەم:

## ١- ناوی عیسا

ج.م. رابرتسۆن نووسەری کتێبی مەسیحییەت و ئوستوورەناسی سەبارەت بە ناوی عیسا دەڵێ: ناوی عیسا لە وشەی عیبرانی یەشوع گیراوە، یەشووع کەسایەتییەکی ئوستوورەییە و ناوەکەی بە واتای (یەهووە رزگار دەکات)ەو هەمان مەوعوودی ئایینی یەهوودە. ئایینێکی سەرەتایی یەشووع پێش لە مووسا، لەو ناوچەیەدا بوونی هەبووە. خودایەکی فەلەستینی کە لە تەمووز و ئەو خودایانە کە پێوەندییان بە جەژنی بەهارییەوە هەیە، دەچێ. لە ئایینی ئەم خودایانەدا، قوربانییەکی ئینسانی هەیە کە سەرەتا جلی پاشایەتی لە بەر دەکرێ و پاشان دەکوژرێ و دەخورێ، بەو هیوایە کە گۆشت و خوێنی ئەو رزگاری بۆ کۆمەڵگە بە دیاری بێنێ. کاتێ یەهوودییەکان تاک پەرستی دینی مووسایان قبووڵ کرد، ئایینی یەشووع راگیرا. بەڵام لە دەورووبەری سامرییە و جەلیل تا رادەیەک درێژەی پێدرا، دوایی بوو بە شانۆی لە خاچدانی خودایەکی مرۆیی، ئاخێزیانی ئەو و خواردنی ژەمێ نان، لە جێی قوربانیی مرۆیی کە قەدەغە کرا بوو، لەو ناوچەیەدا هەر بەرێوە دەچوو. ئەم ئایینە بوو کە دواتر ئوستوورەی ئەشکەنجە و لە خاچدانی عیسا و گەرانەوەی ئەوی لێ ساز کرا.[١] ئەم ناوە واتە عیسا(یەشووع) کە بۆ یەهوودییەکان پیرۆزی هەبووە، لای کاهینە یەهوودییەکان ناوێکی ناسراو بووە، بە هۆی ئەوەی کە رووی لە داهاتوو بووە، لە دەقی تەوراتدا مژدەدەری رزگاری نەتەوەیی بووە. بۆیە بەرەبەرە دەبێ بە ناوێکی گشتی کە ژمارەیەکی زۆر لە کاهینەکان کەڵکیان لێ وەرگرتووە و خۆیانیان بەو ناوەوە ناساندووە، تا بەو شێوەیە پێرەوی زۆرتر بە دەور خۆیاندا کۆ بکەنەوە و کاریگەری زۆرتریان هەبێ. کاهینەکان کە کاری سەرەکییان هەر وەک لە بەشی جادوودا باسکرا، پێوەندی بە پزیشکییەوە هەبوو زۆرجار لە ژێر ناوی عیسا (یەشوع)دا کاریان دەکرد. لە ئینجیلی مرقسدا یوحەنا بە عیسا دەڵێ: مامۆستا، کەسێکمان بینی کە بە ناوی تۆ

[١]- رابرتسون، آرچیبالد، عیسی اسطوره یا تاریخ، ترجمه: حسن توفیقی، قم: مرکز مطالعات و تحقیقات ادیان و مذاهب ١٣٧٨، ص ٨١

دێوو درنجی راودەنا بەڵام وەدوای ئێمە نەدەکەوت. هەر بۆیە ئێمەش پێشمان پێگرت. (۳۸:۹)

لەم بەشەی ئینجیلدا دەردەکەوێ کە ناوی عیسا ناوێکی ناسراو بۆ جادووکار و کاهینەکانی ئەو دەڤەرە بووە، هەر بەو ناوە(واتە یەشووع) نەخۆشیان شەفا داوەو دێو و جندۆکەیان گرتوە. جنگیری و راوە جندۆکە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی کاهینەکان بووە[1] کە بە میرات بە کشیشە مەسیحیەکانیش گەیشتووە و ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر ئەو کارە دەکەن.

## ٢-چیرۆکی باراباس

شایەتییەکی دیکە بۆ هەبوونی ئایینی یەشووع یان عیسا، پێش لە مەسیحییەت، چیرۆکی باراباسە. ئینجیل سەبارەت بە باراباس دەڵێ بەندکراوێکی تاوانبار بوو کە لە جیاتی عیسا ئازاد کرا. باراباس لە زمانی ئارامیدا واتە کوڕی باب. رابرتسۆن دەڵێ: نهێنی ئەم چیرۆکە لەوێدایە کە لە زۆرینەی هەرەزۆری ئەو ئایینگەلە کە تایبەت بە قوربانیی مرۆیی بوون، کوڕی سەرۆک یان پاشا لە جیاتی باوکی قوربانی دەکرا[2] . کاتێ کە چیرۆکی لە خاچدانی عیسا بۆ یەکەمجار پەرەی سەند، یەهوودییەکان گوتیان کە ئەو چیرۆکە جگە لە گێڕانەوەیەکی تازە لە نەریتی کۆنی یەشووع باراباس (عیسای کوڕی باب) هیچیتر نیە. بە لای یەهوودییەکانەوە ئەوە ئوستوورەیەکی ناوزڕاو بوو. مەسیحییەکان لە بەرانبەر ئەو

[1] - لە دنیای پێش سەردەمی زانستدا جنگیری یەکێک لە شێوەکانی شەفا بەخشین دەهاتە ئەژمار چونکە پێیان وابوو نەخۆشییەکان لە رێگای جندۆکەوە دەچێتە ناو جەستەی خەڵکەوە. بەتایبەت کاتێک لە گەڵ نەخۆشینە دەروونییەکاندا بەرەوڕوو دەبوون تەنیا دەرمانێک کە بەکاریان دەهێنا جنگیری بوو. ئێستاش لە نێو خەڵکی نەزانی خۆماندا ئەو باوەڕە هەر ماوەو پێیان وایە ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووە جندۆکە دەستی لێوەشاندووەو شەیتان چۆتە ناو جەستەیەو، رێگەی ئەو راوە جنۆکەش هەمیشە زۆر سەیرو سەمەر و سەخت بووەو هێندێک جاریش بووەتە هۆی مەرگی نەخۆش! واتە بۆ دەرکردنی جندۆکە ئەوەندەیان لێداوە کە مردووە.

[2] - ئەو ئایینە دواتر کەم کرایەوەو بوو بە خەتەنە کردنی کوڕ. خەتەنە کردن واتە پێشکەش کردنی بەشێک لە جەستەی کوڕ بۆ پاراستنی تەندروستی باوکی . لە تەوراتدا لە سەفەری چوونەدەرەوەدا هاتوە: مووسا لە گەڵ بنەماڵەکەیدا بۆ میسر دەڕۆییشت. لە رێگادا کاتی حەسانەوە خودا هاتە بەرچاوی‌و هەڕەشەی مردنی لێکرد. سەفوورە بەردێکی تیژی هێناو کوڕەکەی خەتەنە کردو پێستی زیادەکەی خستە بەرپێی مووساو گوتی: بە بۆنەی خەتەنە نەکردنی کوڕەکەتەوە خەریک بوو خۆت تووشی مردن بکەی. پاشان خودا لە کوشتنی موسا چاوپۆشی کرد. (چوونەدەرەوە، ٢٤/٤-٢٧)

رەخنەدا بوو کە چیرۆکێکیان لە ئینجیل زیاد کرد، چیرۆکێک کە باسی جیاوازی عیسای ئەوان و یەشووع باراباسی دەکرد.

رابرتسۆن دەڵێ چیرۆکی ئەشکەنجە و ئاخیزیانی عیسا پاڵی داوەتە شانۆیەکی ئایینی کە پێوەندی لە گەڵ ئایینی یەشووعدا بووە.

بە پێی وتەکانی رابرتسۆن لە سەدەی یەکەمی زایینی لە فەلەستیندا، ئایینێکی کۆنی شاراوە بوونی هەبووە کە رێورەسمە سەرەکییەکەی رێورەسمی سەمبۆلیکی مەرگی خودایەکی رزگاریدەر saviour-god بە ناوی یوشەع کوڕی باب (بارباس) بووە. شانۆیەکی ئایینی کە هەموو ساڵێک لە بەهاردا لە جیاتی رێورەسمی کۆنی قوربانی مرۆڤ بە رێوە چووە.

پاش رووخانی ئوورشەلیم و وێران بوونی پەرستنگای یەهوودییەکان لە ساڵی ٧٠ی زایینیدا، ئوستوورەی خودای رزگاریدەر لە گەڵ خولیای یەهوودییەکان سەبارەت بە هاتنی رزگاریدەرێک تێکەڵ بوو[١]. بەڵام کەنیسەی یەهوودو هەروەها بەشێکی زۆر لە یەهوودییەکان ملیان بەو دینە تێکەڵاوە نەدا. ئەوان ئەو دینەیان وەک لادان و بەلاڕێداچوون ناودێر کرد. هەر بۆیە ئەم جووڵانەوە رووی لە غەیری یەهوودییەکان کردو بوو بە ئایینێکی دژە یەهوود.

## ٣- کریسمەس و سانتاکلاوز

دیارەدەیەکی دیکە کە دەرخەری بنەمای ئوستوورەیی ئایینی مەسیحە، ئەوەیە کە بە ناوی کریسمەس دەناسرێ و لە هەموو دنیادا وەک جێژنی لە دایک بوونی عیسا و سەری ساڵی زایینی جیژن دەگیردرێ. بەڵام بەڵگە مێژووییەکان دەڵێن کە کلێسا جێژنی لە دایک بوونی مەسیحی دەقاودەق لە دینی میترایی گرتووە. لە رۆژمێری ژولیاندا بیست و پێنجی دسامبر شەوی لە دایک بوونی خۆرە، چونکە لەوە بەدوا رۆژەکان درێژ دەبنەوە و تین و گەرمای خۆر زۆر دەبێ. جێژنی لە دایک بوونی خۆر کە لە سووریە و میسردا بەرێوەدەچوو، زۆر گرینگ بوو. بەشدار بووان تا نیوەی شەو لە پەرستنگاکان دەمانەوە، نیوەشەو دەهاتنە دەرەوە و هاواریان دەکرد: کچی دەس لێنەدراو هات! رۆشنایی تیشکی خست! میسرییەکان تەنانەت کۆرپە بوونی خۆریان بە جێگۆڕکێ لە گەڵ کۆرپەیەکی راستەقینە

[١]- رابرتسون، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٥

شانۆگەری دەکرد، لەو ڕێورەسمەدا ئەو کۆرپەیانە دەهێنایە بەردەستی باوەرمەندان، بۆ ئەوەی کرنۆشی بۆ بەرن. ئەو کچە کە رۆژی بیست و پێنجی دسامبر کوڕێکی دەبوو هەمان ژن-خودای گەورەی رۆژ هەڵات بوو کە سامییەکان پێیان دەگوت کچی ئاسمانی یان ژن-خودای ئاسمانی. لە ناوچە سامی نشینەکاندا ئەو ژن-خودایە شێوازێک لە ئیشتار بوو.
ئینجیلەکان باسی لە دایک بوونی عیسا ناکەن، هەروەها کلێسای کۆنیش رۆژێکی تایبەتی لەو بارەوە دیاری نەکردووە. بەڵام مەسیحییەکانی میسر وردە وردە رۆژی شەشی جوونیان وەک رۆژی لە دایک بوونی عیسا دیاری کرد... لە کۆتایی سەدەی سێهەم یان سەرەتای سەدەی چوارم کلێسای رۆژئاوا کە شەشی جوونی هەرگیز وەک رۆژی لە دایک بوونی عیسا قەبووڵ نەکردبوو، بیست و پێنجی دسامبری وەک رۆژی راستەقینە راگەیاند و کلیسای رۆژ هەڵاتیش ئەو رۆژەی قەبووڵ کرد[1].
عیسا ئەگەرچی جێگای خودای خۆری گرتەوە، بەڵام هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو لە ئایینی مەسیحدا مایەوە. بۆ نموونە لە شەوی کریسمەسدا سانتا کلاوز کە پێرە پیاوێکە، بە جلی سوور و ردێنێکی درێژی سپی و کڵاوێکی تایبەتی گولینگەدارەوە دێت و دیاری بۆ منداڵان دەهێنێت. جلی سووری سانتاکلاوز نوێنەری توێژی لایەنگری میترا واتە سەربازانە، کڵاوەکەی سانتاکلاوز هەمان فریجی واتە کڵاوی تایبەتی کاهینانی میتراییە. لە لایەکیترەوە بەرزترین پلە لە ئایینی میتراییدا بە ناوی پیر دەناسرێ، واتە سانتاکلاوز یان پاپانۆئێل کەسێک نیە جگە لە پایەبەرزترین کاهینی میترایی.

## ٤- دایکی پیرۆز

مەریەمی دایکی عیسا ئەگەر چی یەکێک لەو سێ کۆڵەکەی سیانەی مەسیحی نیەو لە دەقی ئینجیلیشدا ناوێکی ئەوتۆی لێ نەبراوە، بەڵام رۆڵێکی گرینگ و بەر چاو لە ئەم ئایینەدا دەگێڕێ. هەر وەک پێشتر باسکرا، ژن-خودایەکی پیرۆز و ئاسمانی لە هەموو ئایینە کۆنەکانی پێش لە مەسیحییەتدا بوونی هەیە، بەڵام ئەم ژن-خودایە لە رەسەنترین بیچمی خۆیدا، نە دایک بەڵکوو ژنێکی لاو و دڵتەڕە کە هێزی ژیان و جووت بوون و خۆشەویستی لە ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەرکی سەرەکی ئەو پیت و بەرەکەت بەخشین بە ژیان و بەهێز کردنی خاک بۆ رواندنی روەکە. ئەم ژن-خودایە خودایەکی نێری

[1]- فریزر،سەچاوەی پێشوو، ص ٤١٠

خۆش دەوێت کە لە رەوتی ئوستورەکەدا دەکوژرێت و ژن-خودا بە دوایدا دەروا و شینی بۆ دەگێڕێ. بەڵام ئەم بنەما هەروەک لە ئوستوورە جیاجیاکاندا بینیمان، لە هەر شوێنێکدا هێندێک گۆڕانی وردی بە سەردا دێ و رۆڵێ ژن-خودای زا و زێ دەگۆڕدرێ بە دایکی ئاسمانی. ئەو گۆڕانە قۆناخی یەکەمی لە ئوستوورەی ئاتیس و سیبەلدا دەردەکەوێ، سیبەل لە گێڕانەوەیەکدا دایکی ئاتیس دێتە ئەژمار، رۆڵی ئەو وەک دایکێک کە عاشقی کوری خۆی دەبێ، دواتر لە رەوتی گۆڕانی فەرهەنگی ناوچەکەدا دەگۆڕدرێ و لە قۆناخی دووهەمدا، دایک دەبێ بە زڕ دایک، نموونەی ئەوە لە چیرۆکی سیاوەش و سوودابەدا دەبینین، سوودابە زڕدایکی خۆشەویستەکەیەتی. بە گۆڕانی دایک بە زڕدایک ئەو خۆشەوستییە ئەگەرچی بە تەواوی پاساو نادرێتەوە و بە کردەوەیەکی خراپ دەناسرێ، بەڵام تا رادەیەک لە گەڵ فەرهەنگی سەردەمەکەیدا دێتەوە.

لە قۆناخی سێهەمدا پێوەندی نێوان ژن-خوداو خودای نێر هەنگاوێک دوورتر دەبێتەوە و خۆی لە چیرۆکی خۆشەویستی ژنی عەزیزی میسر بە نیسبەت ئەو کوڕە کە خۆی گەورەی کردووە واتە یۆسف، دەنوێنێ (لە بەشی ئوستوورەکانی قورئان بە شێوەیەکی وردتر پەرژاومەتە سەر ئەم بابەتە)

لە بیچمی یۆنانیدا ژن-خودا بە تەواوی و بە بێ ئەملاوئەولا دەگۆڕی بە دایک (دمتر) و تەنانەت خودای کوژراویش لە جیاتی کوڕ دەبێ بە کچ[1] .

بە هۆی ئەوەی کە ئوستوورەکانی مەسیحییەت جگە لە ئایینی یەهوود (کە ماڵی سەرەتایی مەسیحییەت دیتە ئەژمار) لە ژێر کاریگەری دوو بیاڤی فەرهەنگی واتە دەڤەری کەنعان، ئورشەلیم و سووریە و هەروەها ئیمپراتووری رووم پێکهاتوون، لە بیچمی کۆتایی ئوستوورەکەدا هەردوو بیاڤ رۆڵیان گێڕاوە و تێکەڵ بوونە، واتە رۆڵی خودای کوژراوی نێر کە پاشماوەی نەریتی پەرستنگای ئیشتارە، لە شوێنی خۆیدا و بە زۆربەی تایبەتمەندییە ئایینییەکانییەوە ماوە، بەڵام ژن-خودا لە ژێر کاریگەری ئوستوورەکانی یۆنان کە لە ئیمپراتووری رووما بۆ خەڵک ناسراو بوونە، گۆڕاوە بە دایک. لەم نێوانەدا بابەتی خۆشەویستی و پیت بەخشین بە ژیان و زا و زێ وەک ئامانجی سەرەکی و رەسەنی

---

[1] - هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕانەش ئەوەیە کە لە ئوستوورەکانی یۆناندا خودای دنیای مردووەکان (هادێس) نێرەو پێرسێفۆنە دەدزێ بۆ خۆی، لە کاتێکدا لە ئوستوورەکانی بابێلیدا سەروەری دنیای مردووەکان خۆشکی ئیشتار واتە ئەرشکیگالە. لە لایەکی دیکەشەوە ژن-خودا گۆڕاوە بە دایک هەربۆیە ناتوانێ رۆڵێکی لە مردنی پێرسێفۆنەدا ببێت. ئەو گۆڕانگەلە بووەتە هۆی ئەوە رواڵەتی چیرۆکەکەش تا رادەیەک بگۆڕێت. بەڵام دمتر وەک دایکی ئازیەتبار یەکێک لە باشقەکانی وێنا کردنی دایکی ئاسمانی و پیرۆزە، ئەو دایکە کە لە ماتەمی رۆڵەکەیدایە.

ئوستوورەکە، بە شێوە سروشتییەکەی لە بیر کراوە. ئەم ئامانجە سەرەکییە جێگای خۆی داوە بە بابەتێک بە ناوی رزگاری. رزگارییەک کە لە رێگای مەرگی خودای کوژراو (مەسیح)ەوە و خواردنی نان و شەرابی تایبەت کە نوێنەرایەتی گۆشت و خوێنی ئەو دەکەن، دەستەبەر دەبێت.

هەر وەک بینیمان لە باری ئوستوورەییەوە ئەو چیرۆکەی کە ئایینی مەسەحییەت لە سەری دامەزراوە بنەمایەکی کۆنی هەیە. ئەم چیرۆکە لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی ئوستوورەگەلی زا و زێ و نەریتی پەرەستنگای ئیشتار بووە. بەڵام دواتر ژن-خودای عاشق جێگەی خۆیدا بە دایکێکی باکرە. لەشفرۆشە پیرۆزەکانی پەرەستنگاش جێگەی خۆیان دا بە کچەکانی کلێسا. ئەم کچانە وەک خزمەتکاری کلێسا و پێرەوی دایکی مەسیح تا ماون کچێنی خۆیان دەپارێزن و تا مردن لە جووت بوون لە گەڵ پیاواندا پارێز دەکەن. نەریتی ناردنی کچان بۆ خزمەتکاری کلێسا بیچم گۆڕاوی هەمان نەریتی پەرەستنگای ئیشتارە کە لەودا کچەکان (بە تایبەت کچانی بنەماڵە ناودارەکان) دەبا لەشی خۆیان پێشکەش بە پەرەستنگا بکردبا.

ئەم گۆڕانە ئەگەرچی بە یەکجاری نەبوو و زۆری خایاند و چەندین قۆناخی تێپەڕاند، بەڵام لە ئاکامدا ئەو ئایینە سەرەکییە بوو بە ئایینێک کە بە تەواوی دژوازی ریشەکەی خۆی بوو، مووتیڤی سەرەکی ئەو ئایینە کە زا و زێ و جووت بوون و کردەوەی سێکسی بوو، گۆڕدرا بە پارێزی جیددی لەو کارە، هەروەها بە هێز کردنی زەوی لە رێگای کردەوەی سێکسی و ئاوی ئاڵۆش گۆڕدرا بە رزگاری لە رێگای خوێنەوە.

بەم شێوەیە ئایینی مەسیحییەت وەک راپەڕینێک بە دژی ریشەکانی خۆی، هەموو ئەو نەریتانەی پێشووی بە سوودی خۆی گۆڕی. دواتریش لە ژێر کاریگەری ئایینی یەهووددا سەرچاوەی بابەتی پیرۆزی لە زەوی گواستەوە بۆ ئاسمان.

## ئوستوورەی زا و زێ لە قورئاندا

ئێستا کە بیچمی گشتیی ئوستوورەی زا و زێ بۆ خوێنەر دەرکەوتووە و نموونەکانی باس کراوە، کاتی ئەوەیە کە برۆمە سەرباسی بیچمی قورئانیی ئەم ئۆستووەیە کە بە ناوی "احسن القصص" دەناسرێ و هەمان چیرۆکی بەناوبانگی یۆسف و ژنی عەزیزی میسرە.

ئەو چیرۆکەی لە قورئاندا هاتووە دەقاودەق، هەمان چیرۆکی یۆسف لە تەوراتدایە و محەممەد وەک نووسەری قورئان، گۆڕانێکی ئەوتۆی لەو چیرۆکەدا پێک نەهێناوە. لە

تەوراتدا سەبارەت بە یۆسف و ژنی فووتیفار (کە لە قورئاندا بە ژنی عەزیزی میسر ناسراوە) هاتووە کە: فووتیفار کە سەرکردەی پارێزەرانی کۆشکی فیرعەون بوو، یۆسفی لە بازرگانەکان کڕی و بردیەوە بۆ ماڵ، خودا بە هۆی بوونی یۆسفەوە بەرەکەتی زۆری خستە ژیانی فووتیفار و ئەویش ئەوەی زانی بوو، هەر بۆیە ریزی زۆری لە یۆسف دەگرت. بەرەبەرە هەموو کارەکانی ماڵی خۆی دا بە دەستییەوە، یۆسف کە لاوێکی جوانچاک و خوێن شیرین بوو، نیگا و خۆشەویستی ژنی فووتیفاری بەرە و لای خۆی راکێشا و مەیلی جووت بوون لە گەڵ یۆسفی خستە دڵی، بەڵام یۆسف داواکارییەکەی رەت کردەوە و پشتی لێکرد، ژنەکەش بۆ تۆڵە کردنەوەی ئەو کارە، تاوانی داوێن پیسی و دەستدرێژی خستە پاڵی یۆسف و خستیە بەندیخانەوە. یۆسف ماوەیەک لە زینداندا بوو، پاشان بە هۆی توانایی لە لێکدانەوەی خەونی فیرعەونەوە لە زیندان ئازاد کرا، دوایی بوو بە کەسایەتی دووهەمی وڵاتی میسر (ئافراندن، ٣٩ ــ ٤٣)

لە قورئاندا چیرۆکی یۆسف لە سوورەی یۆسفدا بە هەمان شێوەی تەورات هاتووە. دیارە سەرچاوەی محەممەد بۆ ئەم چیرۆکە هەمان گێڕانەوەی تەوراتییە کە لە یەهوودییەکانی بیستووە. لەم بەشەی قورئاندا (سوورەی یۆسف) پاش ئەوەی باسی باوک و براکانی یۆسف و چۆنیەتی خستنە ناو بیری ئەو[1] دەکات دەڵێ:

**و قال الذی اشتراه من مصر لإمرأته أکرمی مثواه عسی أن ینفعنا أو نتخذه ولدا و کذالک مکنا لیوسف فی الأرض و لنعلمه من تأویل الأحادیث و الله غالب علی أمره و لکن أکثر الناس لایعلمون (٢١) و راودته التی هو فی بیتها عن نفسه و غلقت الأبواب و قالت هیت لک قال معاذ الله إنه ربی أحسن مثوای إنه لایفلح الظالمون (٢٣) و لقد همت به و هم بها لو لا أن رأی برهان ربه کذالک لنصرف عنه السوء و الفحشاء إنه من عبادنا المخلصین (٢٤) و استبقا الباب و قدت قمیصه من دبر و ألفیا سیدها لدی الباب قالت ما جزاء من أراد بأهلک سوءا إلا أن یسجن أو عذاب ألیم (٢٥) ثم بدا لهم من بعد ما رأوا**

1- لە چا خستنی یۆسف و هێنانی کراسەکەی بۆ باوکی و شینگێڕانی باوکی بە دوای ئەوداو پاشان دوای ساڵانیک هاتنەوەی یۆسف، رواڵەتێکی دیکە لە چیرۆکی خودای کوژراو. چا هێمای دنیای مردوەکانە لێرەدا (هەر وەک لە چیرۆکی بیژەن و مەنیژەی شاهنامەشدا وایە) بەڵام رۆڵی ژن-خودا گۆڕاوە بە رۆڵی براکانی یۆسف، دیارە بیچمی سەرەکی هەر دوو بەش یەکێکە و لەوانەیە وەک دوو چیرۆکی جیاجیا هەبووبێتن و دواتر تێکەڵاو کرابن و چیرۆکی یۆسفیان پێکهێنا بێت.

**الآيات ليسجننه حتى حين (٣٥) و دخل معه السجن فتيان قال أحدهما إنى أرانى أعصر خمرا و قال الآخر إنى أرانى أحمل فوق رأسى خبزا تأكل الطير منه نبئنا بتأويله إنا نراک من المحسنين (٣٦) يا صاحبى السجن أما أحدكما فيسقى ربه خمرا و أما الآخر فيصلب فتأل الطير من رأسه قضى الأمر الذى فيه تستفتيان (٤١) و قال للذى ظن أنه ناج منهما اذكرنى عند ربک فأنساه الشيطان ذكر ربه فبث فى السجن بضع سنين (٤٢) و قال الملک إنى أرى سبع بقرات سمان يأكلهن سبع عجاف و سبع سنبلات خضر و أخر يابسات يا أيها الملأ أفتونى فى رءياى إن كنتم للرءيا تعبرون (٤٣) قالوا أضغاث أحلام و ما نحن بتأويل الأحلام بعالمين (٤٤) و قال الذى نجا منهما و ادكر بعد أمة أنا أنبئكم بتأويله فأرسلون (٤٥)**

ئەو کەسەی لە میسر سەندی بە ژنی خۆی گوت: قەدری بگرە بەشکوو قازانجی لێ بکەین، یان بیکەینە زارۆی خۆمان...(٢١) ئەو ژنەی وا یۆسف لە ماڵی ئەوا بوو تەمای تێکرد. دەرگاکانی لێ داخست و گوتی: بەلەز ئامادە بە! گوتی: ئەی پەنا بەخودا، ئەو ئاغامە، قەدری گرتووم...وێ پەلاماری ئەمی داو ئەمیش گەر بەڵگەی پەروەرەندەی نەدیبا ئاوقای دەبوو... بە کێبەرکێ هەردوو گەییشتنە لای دەرگاکە... لە بەر دەرێ تووشی سەرەڕی وی هاتن. (ژن) گوتی : سزای کەسێ چییە دەگەڵ ماڵو خێزانی تۆ تەماداری شوورەیی بێ، غەیر لە زیندان یان جەزرەبەیەکی بەژان؟ (٢٣و ٢٤و ٢٥) پاشان وایان باش زانی تا ماوەیەک زیندانی بێت. دوو خوڵامیش دەگەڵ ئەو چوونە زیندانێ، یەکیان گوتی من خەونم دیوە ترێ دەگوشم ئەوی دی گوتی: من لە خەوما نانم بە سەرەوەیە، مەل لێی دەخۆن، خەونەکانمان بۆ لێکدەوە ... (٣٥و ٣٦) ئەی هەردوو هاوبەندیخانەم! یەک لە ئێوە دەبێتە مەیگێڕی خێوی، ئەوەکەی تری لە دار دەدرێ...(٤١) پاش ئەوە....تا چەند ساڵێک لە گرتووخانە مایەوە. (٤٢) شا گوتی لە خەوما دیتم حەوت مانگای قەڵەو حەوت چێڵی لەڕ دەیانخواردن... گوتیان لەم تەرزە خەونانە سەر دەرناکەین. (٤٣و ٤٤) ئەو هاوبەندیخانەی یۆسفە کە بوو بە مەیگێڕ دەکەوێتە بیر یۆسف و یۆسف خەونەکە لێکدەداتەوەو هەر لەو ڕێگایەوە پلەی لای شا بەرز دەبێتەوە (٤٥-٥٦)

هەر وەک دەبینین چیرۆکی یۆسف هاوسەنگییەکی تەواوی هەیە لە گەڵ هەموو ئوستوورەکانی زا و زێ و هەموو مووتیڤە سەرەکییەکانی ئوستوورەی زا و زێی تیدایە،

ژنی کڕیارەکەی یۆسف جێگەی ژن-خودای ئیشتاری هەیە و یۆسف هەمان خودای نێرە کە مل بە خۆشەویستی و هەوەسی ژن-خودا نادات، هەر بەو هۆیەوە دەکەوێتە بەر غەزەبی ئەو و لە بەندیخانە دەکرێ. ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە بەڵام وشکەساڵ و قات و قڕی وڵات دادەگرێ (ئەو وشکە ساڵەی کە لەم چیرۆکەدا باسی لێوەکراوەو پاشای میسر لە خەودا دەیبینێت هەمان مردنی هێزی ژیان و لە ناو چوونی بەروو بوومە کە رواڵەتی بەم شێوە گۆڕاوە) پاشان یۆسف لە گرتووخانە ئازاد دەکرێت و (چیرۆکەکە دەڵێ بە هۆی زانیاری و تەدبیری ئەو) خەڵک لە برسییەتی رزگار دەبن. هەر وەک دەبینین هەموو بەشەکان دەقاودەق لە گەڵ ئوستوورەکەدا دێتەوە، بەم شێوە سەرچاوەی ئەم چیرۆکە لە قورئاندا کە محەممەد وەک چیرۆکی یەکێک لە ئەنبیا ناوی دەبا، روون دەبێتەوە کە هەمان ئوستوورەی ئیشتار و تەمووزە. دیارە یەهوودییەکان لە ماوەی نیشتەجێ بوونیان لە ناوچەی بابێلدا ئەو چیرۆکە بەربڵاوەیان بیستووە و دواتر بە شێوەی چیرۆکی یۆسف هێناویانەتە ناو دەقی تەوراتەوە.

کاریگەری ئوستوورەی زا و زێ و چیرۆک و نەریتەکانی ئیشتار و پەرەستنگای ئەو لە سەر دینی یەهوود تەنیا ئەمە نیە، بەڵکو یەکێک لە گرینگترین سرووتەکانی ئەم دینەش هەر لەم رێورەسمەوە سەرچاوەی گرتووە کە بریتییە لە سرووتی قوربانی. قوربانیش کە یەکێک لە بەربڵاوترین سرووتەکان لە دینەکاندایە، ریشەی لە هەمان ئایینی کۆنی پەرەستنگای ئیشتاردا بووە، دواتر بەرە بەرە رواڵەتی گۆڕاوە و رەنگێکی جیاوازی گرتووەتە خۆ.

## سرووتی قوربانی

هەروەک پێشتر باسکرا هەر ئوستوورەیەک بەستراوی سرووت و ئایینێکی تایبەتە، ئەم دوو بەشە تەواوکەری یەکترن، واتە ئایین یان سرووت لە رێگای ئوستوورەوە پاساو دەدرێتەوە، ئوستوورەش بە یارمەتی سرووت بەردەوام دووپات دەبێتەوە و لەناو ناچێت.

سرووتی بەستراوە بە ئوستوورەی زا و زێ یان هەمان ئوستوورەی خودای کوژراو، سرووتێکە کە بە ناوی شاکوژی دەناسرێت. دوو کردەوەی ئایینی و گرینگی ئایینی یەهوودو هەر وەها ئایینی ئیسلام، (کە بەردەوام لاسایی لە ئایینی یەهوود دەکات) لەوەوە سەرچاوە دەگرن.

بەشی کردەوەیی ئوستوورەی زا و زێ بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت کە شای وڵات ڕۆڵی خودای کوژراو دەگێڕێت، پایەبەرزترین ژنی پەرستنگاش ڕۆڵی ژن-خودا. لەم سرووتەدا شا هەموو ساڵێک کوژراوە و کەسێکی تر لە جێگای ئەو دیاری کراوە. فرەیزر لە بارەی کورت ماوە بوونی پاشایەتی لە بابێلدا دەڵێ: لە سەردەمی پێش لە مێژوودا پاشایەتی لە بابێلدا هەتا هەتایی و ماوەی پاشایەتی شاکانی ئەو وڵاتە تا مردن بووە، بەڵام ئەو مردنە زۆر نزدیک بووە و پاش یەکساڵ ڕوویداوە[١] مردنی شا بۆ زیندوو بوونەوەی سروشت و درێژەی ژیانی مرۆڤ پێویست بووە، چونکە شا هێمای خودای کوژراو هاتۆتە ئەژمار، بۆیە دەبوو چۆنیەتی مردنی ئەو و ڕۆشتنی بۆ دنیای مردووەکان لە ڕێگای مەرگی شاوە هێماسازی کرابا. پاش کوشتنی شا، جێگری ئەو واتە شای نوێ لە گەڵ ژنی مەزنی پەرستنگا جووت بووە، بەو شێوە ئاخێزیانی خودای کوژراو و گەڕانەوەی هێزی زا و زێ پیشان دراوە. هەموو ئەمانە بە شێوەیەک جادوویی لاسایی کرانەوە یان هۆمیۆپاتیکن کە لە ڕێگای ئوستوورە و ئایین و سرووتی تایبەتەوە بەڕێوە چوونە، مەبەستیش هەمان بەهێز کردنی زەوی بۆ ڕوواندنی گیاو ڕوەکی باشترە.

نەریتی کوشتنی شا دواتر گۆڕاوە بە کوشتنی کوڕی شا لە جیاتی باوکی(هەمیشە ئەو قوربانییە کوڕی گەورەی شا بووە کە لە پێناوی سوودی گشتی کۆمەڵگەدا قوربانی کراوە). "لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا شا خاوەنی لایەنی مێتافیزیکی و خودایی بووە، هەر بەو هۆیەش خوێنی ئەو بۆ بەرەکەت بەخشین بە ژیان پێویست بووە. کاتێک کە بڕیار درا کەسێکی دیکە لە جیاتی شا ببێتە قوربانی، ئەو کەسە تەنیا دەیتوانی کوڕی شا بێت کە وەک باوکی خاوەنی هێزی خودایی بووە." ئەو پشکە واتە قوربانی بوون هەمیشە دەکەوت لە کوڕی گەورەی شا کە جێگری ئەویش بوو. دیارە ئەم نەریتە بەم شێوە(واتە کوشتنی هەرساڵەی شا یان کوڕی ئەو) زۆری نەخایاندوە و ڕواڵەتی ئایینییەکەی گۆڕدراوە. بەو شێوەیە کە هێزی تایبەتی شا، لە ڕێگای سەرۆکایەتی و پاشایەتییەکی کاتییەوە دراوە بە کەسێکی دیکە، ئەو کەسە هەر بەو هۆیە (واتە دەسەڵاتی کاتی) خاوەنی تایبەتمەندییەکانی شا هاتووەتە ئەژمار. لە ئاکامدا ئەو سەرۆک یان پاشا کاتییە لە جیاتی شای ڕاستەقینە یان کوڕەکەی بووەتە قوربانیی.

لە بابێلدا ئەم جێگۆڕکێیە بەو شێوەیە بووە کە زیندانیەک لە ڕەوتی جێژنێکدا لە جیاتی شا کوژراوە، ئەو جێژنە بە ناوی جێژنی ساکایا ناسراوە.

---

[١]- فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣٣

فرەیزر سەبارەت بە چۆنیەتی ساکایاوە دەڵێ: لە بابێلدا هەموو ساڵێک جێژنێک بە ناوی ساکایا بەرێوە دەچوو، ئەو رێورەسمە پێنج رۆژ درێژەی هەبووە، لەودا تاوانبارێک کە سزای مەرگی پێشتر بۆ دیاری کراوە، جلی شاهیی لە بەر کراوە و لەسەر کورسی شاهی دانیشتووە، بۆ ماوەی پێنج رۆژ توانیویە هەموو حوکمێک بدات، بەڵام پاش پێنج رۆژ جلەکانیان لە بەر داکەندووە و قامچییان لێداوە و پاش ئازار و سووکایەتییەکی زۆر لە خاچیان داوە[1].[2]

ئەم جێژنەش هەر وەک نەریتی پەرستنگای ئیشتار زۆر بەر بڵاو بووە و لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا هەبووە، لە ئیتالیا ناوی ساتۆرنالیایە، لە یۆنان بە ناوی جێژنی کۆرنیا دەناسرێ، لە ئایینی یەهووددا جێژنی پووریم وەها ناوەرۆکێکی هەیە، لە مێزۆپۆتامیا ناوی جێژنی زگمۆک(یان زگماک)ی لە سەرە[3].

قوربانیی مرۆیی بە شایەتی چیرۆکی لە خاچ دانی عیسا، لانیکەم تا دووهەزار ساڵ لەمەوپێشیش لە هێندێک شوێندا هەر بوونی هەبووە. مرۆڤە گوناحکارەکان لە رەوتی سرووتێکی بەهاریدا کوژراون و لە خاچ دراون. لە قورئانیشدا هێندێک ئایە هەیە کە باس لە رەوا بوونی قوربانی کردنی منداڵەکان (کوڕەکان) لە سەردەمی پێش ئیسلام دەکات، لە سوورەی ئەنعامدا دەڵێ:

---

[1] -فریزر، سەچاوەی پێشوو، ص ٣١٣

[2] - هاوچەشنی ئەم سرووتە لە گەڵ چۆنیەتی مەرگی عیسا لە ئوستوورەی مەسییحیەتدا کە پێشتر باسکرا زۆر روون و بەرچاوە، واتە ئایینی یەشووع لە فەلەستینیشدا بەستراوی هەر ئەم سرووتەیە.

[3] - تاییەت مەندی بەرچاوو هاوبەشی هەموو ئەم جێژنگەلە ئەوەیە کە هەموویان لە باری کاتەوە پێکەوە نزیکن، واتە لە دواهەمین رۆژانی زستان و نزیکەو بەهار (لە رۆژانی مانگی مارچدا)بەڕێوەچوونە و لە هومووشیاندا شادی و بێسەرووبەرەییەکی چاوەڕوان نەکراو دەبیندرێ، لە رۆژانی بەرێوەچوونی ئەم جێژنەدا کە مەحکوومێک پاشایەتی دەکات هەموو یاساکان هەڵدەوەشێنەوە و مرۆڤ بۆی هەیە چی پێی خۆشە بیکات . پێنج رۆژی ئەم جێژنگەلە کە نەورۆزیش دیارە پاشماوەی ئەوانەیە، هەمان پێنج رۆژی زیادەیە کە پاش دابەش کردنی ساڵ بە ١٢ مانگی سی رۆژە دەمێنیتەوە و نە لە سەر ساڵی رابردووە نە لە سەر ساڵی تازە، حافظ شاعێری بە ناو بانگی فارس سەبارەت بە ئەو جێژنە کە بە ناوی میری نەورۆزی دەناسرێ دەڵێ:
سخن در پردە میگویم چو گل از غنچە بیرون آی/ کە بیش از پنج روزی نیست حکم میر نوروزی. واتە : گوێ لەم قسە نهێنیەی من بگرە و وەک خونچەیەک کە دەم دەکاتەوە و خۆی ئاشکرا دەکات، خۆت دەرخە و لە ماڵ مەمێنەوە چونکوو ماوەی جێژنی میری نەورۆزی کورتە و زیاتر لە پێنج رۆژ نیەو دەرفەتی وەها ئیدی دەست نادات. لەم شێعرەدا ئەو تاییەتمەندیە سەرەکییە کە باسم کرد واتە هەڵوەشاندنەوەی یاساکان و خۆشی و شادی و بێسەرووبەرەیی بە روونی دیارە، شاعێر لە خۆشەویستەکەی داوادەکات لە دەرفەتی جێژنی نەورۆز کەڵک وەربگرێت و لە گەڵ ئەو خەریکی خۆشی و خواردنەوەو شادی بێت.

**و كذالک زين لكثير من المشركين قتل أولادهم شركاؤهم ليردوهم و ليلبسوا عليهم دينهم و لو شاء الله ما فعلوه فذرهم و ما يفترون (١٣٧) قد خسر الذين قتلوا أولادهم سفها بغير علم و حرموا ما رزقهم الله افتراء على الله قد ضلوا و ما كانوا مهتدين (١٤٠)**

بتەوانانی شەریکدانەر بۆ خوا، وایانکرد کە زۆرێک لە هاوبیرەکانیان، کوشتنی منداڵی خۆیان بەلاوە جوان و رەوا بێ تاکوو لە بەینیان ببەن و دینەکەیان لێ تێکەڵ و پێکەڵ بکەن... (١٣٧) ئەو کەسانەی وا لە بەر گەوجی و نەزانی منداڵی خۆیانیان کوشت، زیانبار بوون و بە بوختان کردن بۆ خوا، ئەو بیوەی کە پێدا بوون حەرامیان کرد. دیارە رێیان لێ تێکچووە و شارەزا نین. (١٤٠)

ئەوەی لەم دوو ئایەتە دەردەکەوێ ئەوەیە کە قوربانی کردنی مرۆڤ بە پاساوی ئایینیەوە تا ئەو سەردەمەش هەر ئاسەواری ماوە. لەوانەیە هەموو سرووتەکانی قوربانی کردن لە سەر بنەمای ئوستوورەی زا و زێ نەبن، بەڵام ئەوەی کە روونە ئەمەیە کە هەموو قوربانی کردنەکان سەرەتا مرۆیی و زیاتر نێر[1] بوونە و بە مەبەستی هێمن کردنەوەی خودایان و وەدەست هێنانی رەزامەندی ئەوانەوە جێبەجێ کراون، ئێستا ئەو خودایە، خودای زا و زێ بوو بێت یان هەر خودایەکی دیکە.

[1]- لە دەقی قورئاندا سەبارەت بە نەگونجاوی پێشکەش کردنی کچ بۆ دەرگای خودا، لە چیرۆکی مریەمدا هاتووە:

اذ قالت امرات عمران رب اني نذرت لك ما في بطني محررا فتقبل مني انك انت السميع العليم.فلما وضعتها قالت رب اني وضعتها انثى و الله اعلم بما وضعت و ليس الذكر كالانثى و اني سميتها مريم و اني اعيذها بك و ذريتها من الشيطان الرجيم.

کاتێ کەیوانۆکەی عیمران گوتی: ئەی پەروەرەندەی من! ئەو مناڵەی کەوتۆتە تۆلی منەوە، من دەقەبەڵی تۆ دەکەم. بە هیوام لێم قەبووڵ بکەی... ئەوسا کە بارەکەی دانا گوتی: ئەی پەروەرەندەی من ئەوا من مێینەم دیوە... دیارە کچیش وەک کوڕ نیە. من ناوم لێناوە مەریەم. ئەوا ئەویش و بەرەیشم بە تۆ سپارد. (ئالی عیمران- ٣٥ و ٣٦) دیارە بە پێی یاسا و نەریت دەبا نۆسکەی کوڕ قووربانی کرابا بەڵام کە نۆسکە کچ بێت قوربانی ناکرێت. نێر یان مێ بوونی قوربانی بەستراوی رەگەزی خوداکانە، لەو فەرهەنگانەدا کە خوداکان مێینەن قوربانی دەبێ نێر بێت (وەک نموونە بابێلییەکە کە هەم خودای مردووەکان واتە ئەرشکیگال ژنەو هەم خودای زا و زێ کە ئیشتارە) بەڵام کاتێ خودایان دەگۆڕدرێن رەگەزی قوربانیەکانیشیان دەگۆڕێ (بۆ نموونە لە ئوستوورەکانی یۆناندا کە خودای دنیای مردووەکان واتە هادس نێرە قوربانیەکەی دەبێتە پێرسێفۆنە کە کچی دمترە) لە زۆربەی هەرە زۆری ئوستوورە یۆنانیەکاندا قوربانی هەمیشە ژنە، لە ئوستوورەو فەرهەنگی رۆژهەڵاتی دووریشدا بە هەمان شێوە قوربانی کردنی کچە لاو و جوانەکان باو بووە.

پاش دەرکەوتنی چییەتی سرووتی قوربانیی و روون بوونەوەی بیچمی سەرەتایی ئەم سرووتە، واتە مرۆیی بوونی، دەپەرژێمە سەر ئەو دوو کردەوە گرینگەی ئایینی یەهوود و هەروەها ئیسلام کە بنەمایان لە سەر ئەم سرووتە دامەزراوە. ئەو دوو کردەوە بریتین لە:

## ١- قوربانی ئاژەڵ (بەران)

لە تەوراتدا باسی قوربانی باسێکی زۆر چڕو پڕە، دیارە یەکێک لە سەرەکیترین سرووتەکانی ئایینی یەهوود قوربانی کردنە، کاهینان و دینکارانی یەهوود قوربانی جۆراوجۆری زۆریان دیاری کردووە، خەڵک بۆ هەر شتێک دەبا سەرەتا قوربانییەکیان پێشکەشی یەهووە کردبا. بەڵام ئەوەی کە پێوەندی لە گەڵ سرووتی قوربانی کردنی کوڕی گەورەی شاوە بووە ئەوەیە کە لە چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسحاقی کوڕیدا باسی لێوە کراوە.

بە پێی دەقی تەورات، خودا بۆ تاقیکاری ئیبراهیم پێی دەڵێ: کوڕە تاقانەکەت کە زۆرت خۆش دەویێ، بۆ وڵاتی موریا ببە و لە سەر یەکێک لەو کێوانەی کە پێت دەڵێم ، وەک دیاری برژاو قوربانی بکە! ئیبراهیم هێزم دێنێت و دەینێتە کۆڵی کورەکەی، خۆی خنجەر و کەرەستەی ئاگر کردنەوە هەڵدەگرێت و پێکەوە وەڕێ دەکەون. کاتێ دەگەنە شوێنەکە ئیبراهیم ئیسحاق دەبەستێتەوەو لە سەر هێزمەکەی دادەنێ، خنجەرەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ کوشتنی ئیسحاق، لەو کاتەدا سروشی خودا هاواری لێدەکات، واز لە کوشتنی کوڕەکەت بێنە، ئیبراهیم چاوی بە بەرانێک دەکەوێ کە شاخی لە چڵێکدا گیری کردووە، پاشان ئەو بەرانە دێنێت و لە جیاتی ئیسحاق دەیکا بە قوربانیی. (ئافراندن، ٢٢/ ٢-١٣)

محەممەد ئەم چیرۆکەشی هەر وەک زۆربەی چیرۆکەکانی دیکە، هەر بەم شێوەیە گوازتۆتەوە بۆ ناو دەقی قورئان، تەنیا ناوی کوڕی ئیبراهیم لە ئیسحاق گۆڕاوە بە ئیسماعیل، ئەوەش لە بەر ئەوە بوو کە محەممەد ناسنامەیەکی بۆ بنەماڵەی بەنی هاشم دەرهێنا بوو کە لەودا ئەوان منداڵانی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم دەهاتنە ئەژمار. مەبەست لەو کارەش ئەوە بوو کە بەنی هاشم بگەیەنێت بە پێغەمبەرانی یەهوود و لەو رێگایەوە رەوایی بە پێغەمبەریی خۆی لە لای یەهوودییەکاندا ببەخشێت، بەڵام وێڕای هەموو هەوڵەکانی ئەو،[1] یەهوودییەکان هەرگیز وەک پێغەمبەر دانیان بەودا نەناو لەوانەیە هەر

[1]- محەممەد سەرەتا زۆر هەوڵی دەدا رای یەهوودییەکان بۆ لای خۆی راکێشێت، چیرۆکەکانی تەوراتی دەقاودەق دەهێنا و پەسەندی دەکرد، باسی هەڵبژێردراوی بەرەی ئیسرائیلی لە قورئاندا دەکرد . تەنانەت بە پێچەوانەی کەس و کاری خۆی کە کابەیان لە لا پیرۆز بوو، رووی لە پەرستنی پەرستنگای یەهوودکان لە

ئەوە یەکێک لە هۆکارە دەروونیەکانی دوژمنایەتی و بێزاری قووڵی محەممەد بە نیسبەت یەهوودییەکانەوە بێت.

چیرۆکی قوربانی کوڕی ئیبراهیم لە قورئاندا بەم شێوەیە هاتووە:

**"فلما بلغ معه السعی قال یا بنی إنی أری فی المنام أنی أذبحک فانظر ما ذا تری قال یا أبت افعل ما تؤمر ستجدنی إن شاء الله من الصابرین"** (١٠٢) **"فلما أسلما و تله للجبین** (١٠٣) **"و نادیناه أن یا إبراهیم"** (١٠٤) **"قد صدقت الرؤیا إنا کذالک نجزی المحسنین"** (١٠٥) **إن هذا لهو البلاء المبین"** (١٠٦) **"و فدیناه بذبح عظیم"** (١٠٧) **"و ترکنا علیه فی الآخرین"** (١٠٨)

کاتێ گەییشتە تەمەنێک کە وێڕای ئەو خەبات بکا، گوتی: ئەی کوریژگەکەی خۆم! من لە خەونم دا وام دیوە تۆ سەر دەبڕم...کاتێ هەردوو بڕیاری خۆیان سەلماند... گازین کردی: ئەی ئیبراهیم ئەوا خەونەکەت وەدی هات...ئێمە ئەومان بە قوربانییەکی هەرە گەورە کڕییەوە (سافات- ١٠٢ هەتا ١٠٨)

ئەم چیرۆکە بووە بە بنەمای تێئوریکی سرووتێک کە ساڵانە بە شێوەیەکی بەربڵاو، لە ناو موسڵمانانندا بەرێوە دەچیت و بە ناوی جێژنی قوربان دەناسرێت. لە قورئاندا باسێک لەو ئاژەڵە کە دەبێ ببێتە قوربانی ناکرێت، بەڵام موسڵمانان تێکڕا لە ڕۆژی جێژنی قورباندا بەران قوربانی دەکەن، دیارە ئەمە لە ژێر کاریگەری ئایینی یەهووددایە، تەنیا خەڵکی خودی شاری مەککە هێندێک جار وشتر قوربانی دەکەن. ئەمە نیشاندەری رێورەسمێکی کۆنی قوربانی کردن لە لای خۆیانە کە پێش لە ئیسلام هەبووەو دوای ئیسلامیش درێژەی پێدراوە. بەڵام بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم بەرانە لە کوێوە هاتووە؟ بۆ لە جیاتی کوڕی گەورەی سەکردەی هۆز قوربانیی کراوە؟ چ پێوەندیەک لە نێوان ئوستوورەی بەناوبانگی زا و زێ و ئەم شێوە قوربانی کردنەدا هەیە؟ ناچارین دیسان بگەرێینەوە بۆ ئوستوورە کۆنەکان.

یەکەم شوێنەپێ و ئاسەوار کاتێ دەکەوێتە دەستمان کە لە ئوستوورەکانی یۆناندا، چاومان بە پێستی زێڕینی بەرانێک دەکەوێت کە ئەوەندە پیرۆزە، ئەژدیهایەک بەردەوام

---

ئورشەلیم کرد، بەڵام کاتێ دیتی کە هەوڵەکانی کاریگەر نیە وازی لەوان هێنا و تەنانەت بەردەوام بە خراپە ناوی لە هەمان بەرەی هەڵبژێردراو هێناو رووی لە کابە و بوتەکانی و خزم و کەسی خۆی کرد. لەوێش سەرەتا دەستی کرد بە پەسنی سێ ژن-خودای گەورەی کابە و لە سوورەی نەجمدا بە شایەتی بەڵگە مێژوویەکان هەر سێ ژن-خودای کابە واتە لات و مەنات و عوزای بە قولینگە سپییەکانی خودا ناو برد کە لە لای خودا شەفاعەتیان قەبووڵ دەکرێ، بەڵام لەوەش هەڵگەڕایەوەو ئەو چەند ئایەی سوورەی نەجمی رەت کردەوە . (لە بەشی خودا مێینەکاندا ئەو سێ ئایەتەم هێناوە)

دەیپارێزێت و زۆر کەس هەوڵ دەدەن وە دەستی بێنن. کاتێ بەدوای چیرۆکی ئەو پێستەدا دەرۆین، دەگەین بە چیرۆکێکی سەیر. ئەویش چیرۆکی شایەک بە ناوی ئاتاماس و منداڵەکانییەتی. لەم چیرۆکەدا ئاتاماس کوڕێکی هەیە کە دەکەوێتە بەر توورەیی زڕدایکی. دواتر زڕدایکەکە بڕیار دەدات بە هەر شێوەیەک کە دەلوێ کوڕەکە لەناوی ببات، بۆ ئەو مەبەستە ئەو سەرەتا داوای لە ژنانی شار کرد تا تووی گەنمەکانیان پێش لەوەی بیوەشێنن ببرژێنن، هەر بۆیە لەو ساڵەدا بەروو بوو خراپ بوو و هیچ گیایەک لە زەوی نەڕوا، بۆیە خەڵک هیچیان نەبوو بۆ خواردن. پاشان کاهینەکانی ناچار کرد تا بڵێن بۆ لادانی ئەو بەڵایە، دەبێ شا کوڕە گەورەکەی قوربانی بکات. شا ویستی کوڕەکەی بکوژێت بەڵام فریکسوس( کورەکەی ئاتاماس) کە بە لای رانەوە بوو سواری بەرانێکی زێڕین بوو، بەران باڵی گرتەوە و ئەوی برد بۆ ئاسمان و لەوێدا فریکسوس بەرانەکەی وەک قوربانی پێشکەش بە خودای خۆر کرد و پێستی ئەو ئاژەڵەی لە سەر درەختێکی بەڕوو دانا و ئەژدیهایەکی بۆ پاراستنی دیاری کرد.[1]

دیارە ئەم چیرۆکە سەرچاوەی رەسەنی هەر دوو گێڕانەوەی تەورات و قورئانە. لێرەشدا سێ خاڵ هەیە کە بەرەو ئوستوورەی زا و زێ رێنوێنیمان دەکات. یەکەم ژنێکی بەدکار و دڵڕەق کە ئەیهەوێ زڕکوڕی خۆی لەناو ببات، دووهەم بێ بەرەکەتی زەوی و لە ناو چوونی خەلە و خەرمان و وشکەساڵ و سێهەم بڕیاری قوربانی کردنی کوڕی شا بۆ گەڕاندنەوەی بەرەکەت. ئەم سێ خاڵە بە روونی دەرخەری هەمان بنەمای ناسراوی ئوستوورەی زا و زێن. لێرەشدا دەبێ کوڕی شا بە مەبەستی پیت بەخشین بە زەوی قوربانی بکرێت، بەڵام بەرانێک لە جیاتی ئەو قوربانیی دەبێت و بەو شێوەیە دەبینین کە قوربانی ئاژەڵ جێگای قوربانی مرۆیی دەگرێتەوە.

هەر وەک دەزانین لە ئوستوورەدا هەر کردەوەیەک هۆکارێکی هەیە، واتە تەنیا تاقیکارییەک لە لایەن خودایەکی سەرەڕۆوە ناتوانێ سەرچاوەی نەریتێکی بەر بڵاو بێت. مرۆڤ نەریتەکانی بەو هۆکارە پاراستووە کە پێی وا بووە رۆڵی راستەوخۆیان لە ژیانیدا و هەروەها لە دابین کردنی پێداویستییەکانیدا هەیە. محەممەد لە قورئاندا بە لاسایی لە تەورات زۆر جار باسی تاقیکارییەکانی خودا دەکات، ئەو شتانەی کە تەورات سەبارەت بە ئەنبیای ئیسرائیل بە هەڵە ناوی تاقیکاری لە سەر ناوە، لە قورئاندا گشتێندراوە بۆ هەموو مرۆڤەکان. خودای قورئان کە بە وتەی خۆی لە دەماری مل بە مرۆڤەکان نزیکترە

[1] - فریزر، سەرچاوەی پێشوو، ٣٢٣-٣٢٤

و هەر خەیاڵێک لە دڵیاندا بێت ئەو پێش لە خۆیان پێی دەزانێت، سەرەڕای هەموو ئەو زانیاریگەلە بەردەوام خەریکی تاقیکردنەوەی باوەڕمەندانی خۆیە، ئەو باوەڕمەندانەش لە خۆیان پرسیار ناکەن کە خودا چ پێویستێکی بە تاقیکردنەوەی شتێک هەیە کە لێی ئاگادارە؟!

لەم کتێبەدا باس باسی دژوازەکانو هەڵە لۆژیکییە فراوانەکانی قورئان نیە، بەڵکوو مەبەست روون کردنەوەی ئەو شتانەیە کە بە بێ ئەوەی سەرچاوەکانیان روون کرابێتەوە پیرۆزییان پێ بەخشراوە و بە ناوی تاقیکاری خوداوە دراوەتە دەرخواردی خەڵکی ئاسایی. نەریتی قوربانیش یەکێک لەوانەیە، کە بە پێی باوەڕی مرۆڤی سەردەمانی کۆن گرینگی زۆری هەبووە. قوربانی سەرەتا مرۆیی بووە و دواتر لەو رەوتەدا کە باسکرا بەرەبەرە گۆڕا و بوو بە قوربانیی ئاژەڵ و گوازرایەوە بۆ زۆربەی هەرە زۆری دەزگا ئایینیەکان و بوو بە بەشێکی گرینگ لە سرووتە دینیەکان.

## ٢ـ خەتەنە

لەوانەیە سەرەتا هیچ پێوەندییەک لە نێوان نەریتی خەتەنە کردن و ئەو شتانەی کە تا ئێستا باسکرا بە دی نەکرێ، بەڵام کاتێک کە چاو لە دەقی تەورات دەکەین و زانیارییە پێوەندی دارەکان لە لای یەک دادەنێین، ئەو پێوەندییە دەردەکەوێ، لە تەوراتدا سەبارەت بە گرینگی خەتەنە کردن هاتووە کە :" خودا بە ئیبراهیمی گوت: ئەرکی تۆ و منداڵەکانت و نەوەکانی پاش ئەوان، ئەوەیە کە پەیمانی من رابگرن، هەموو پیاوان و کوڕانی ئێوە دەبێ خەتەنە بکرێن تا دەرکەوێ کە پەیمانی منتان قەبووڵ کردووە. هەر کوڕێک پاش هەشت رۆژ دەبێ خەتەنە بکرێ." (ئافراندن، ١٧/٩-١١)

لێرەدا خەتەنە وەک پیمانی خودا لە گەڵ مرۆڤدا باسکراوە، بەڵام لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: "مووسا لە گەڵ بنەماڵەکەیدا بۆ میسر دەڕۆییشت. لە رێگادا کاتێ دەحەسانەوە، خودا هاتە بەرچاوی و هەڕشەی مردنی لێکرد. سەفوورە بەردێکی تیژی هێنا و کوڕەکەی خەتەنە کرد و پێستە زیادەکەی خستە بەرپێی مووسا و گوتی: بە بۆنەی خەتەنە نەکردنی کورەکەتەوە خەریک بوو خۆت تووشی مردن بکەی. پاشان خودا لە کوشتنی مووسا چاوپۆشی کرد." (چوونەدەرەوە، ٤/٢٤-٢٧)

لێرەدا گرینگی خەتەنە شتێکی زیاتر لە پەیمانە و لە واقیعدا دەرخەری چۆنیەتی پەیمانەکەیە، لەم چیرۆکە دەردەکەوێ کە لەو پەیمانەی نێوان خودا و مرۆڤدا، خەتەنە

کردنی کوڕ بە نرخی گیانی باوکییەتی! واتە خودا گووتوویە کە چاو لە کوشتنی باوک دەپۆشم بە مەرجێک کە کوڕەکەیم بۆ خەتەنە بکات.

تەورات دیسان نەریتێکی کۆنی هێناوە و سەرچاوەکانی سڕیوەتەوە و کردوویە بە فەرمانی هەمان خودای سەرەڕۆ. بەڵام سەرچاوەکە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان نەریتی کوشتنی کوڕ لەجیاتی باوکی. قوربانی کردنی کوڕ لەجێگای باوک بە دوو شیوە گۆڕا؛ یەکەم گۆڕانی ئەو قوربانیە بە ئاژەڵێک و دووهەم بڕینی بەشێک لە جەستەی کوڕ و پێشکەش کردنی بە خودایان. کاتێک ئوستوورەی ئاتیس بهێنینەوە بیری خۆمان کە لە ژێر دارێکدا خۆی خەساند و دوای ئەو کاهینانی پەرستانگای ئەو لە رەوتی سرووتێکی شێتانەی خوێناویدا هەمان کاریان دەکرد[1] ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە خەساندن و پێشکەش کردنی ئەندامی نێر جۆرێک لە قوربانی هاتووەتە ئەژمار[2] کە دواتر لە قورسی رادەی ئەم قوربانیە داشکاوە و گۆڕاوە بە بڕینی بەشێک لە پێستی ئەم ئەندامە. واتە ئەوەی قوربانیی کراوە، سەرەتا خودایەکی نێر (کە شا یان کوڕی ئەو نوێنەری بوون) بوو پاشان ئەوە کەم کرایەوە بە خەساندن و پێشکەش کردنی ئەندامی نێر (کە سەرەکیترین بەشی جەستەی خودای نێر و شوێنی کۆ بوونەوەی هێزی زا و زێ هاتووەتە ئەژمار)، پاشان ئەوەش کەم کراوەتەوە و بووە بە بڕینی پێستی هەمان ئەندام و پێشکەش کردنی.

بڕینی پێستی ئەندامی نێر، پێشکەشێکە بۆ خودای زا و زێ، کە لە جیاتی گیانی باوک یان گیانی کوڕ قبووڵی دەکات، تەورات ئەم گرێبەستەی نێوان مرۆڤ و خودا بە پەیمانی خودا ناو دەبات، پەیمانێک کە دەبی بیپارێزن، دەنا خودا تووڕە دەبێت و باوکەکان دەکوژێت. ئەم هەڕەشەیە گەرەنتییەک بووە بۆ ئەوەی هەموو باوکەکان کوڕەکانی خۆیان خەتەنە بکەن و بەوشیوە خۆیان لە تۆڵەی خودا بپارێزن.

ئەم خودا ترسناکە لە شوێنێکی دیکەدا بە مووسا دەڵێ کە بە ناو میسرا دەگەڕێم و هەموو کوڕەکان دەکوژم! "مووسا بە فیرعەونی گوت خودا گوتوویە کە نیوەشە و لە نێو میسردا تێدەپەڕم، هەموو کوڕانی گەورەی بنەماڵەکان دەکوژرێن... تەنانەت هەموو نۆسکەکانی ئاژەڵەکانی میسر ئەوانەی نێرن لەناودەچن." (چوونەدەرەوە، ١١/٤-٦)

---

[1] - فریزر، سەرچاەی پێشوو، ص ٣٩٧

[2] - کوشتنی خودایەکی نێر بۆ رەزامەندی ژن-خودای زا و زێ گۆڕاوە بە پێشکەش کردنی ئەندامی نێری ئەو خودایە کە ئەندامی زا و زێیە، فۆرمی دیکەی ئەو پێشکەشە سەبارەت بە ژنانیشەوە هەبووە بەڵام نە بەشێوەی بڕینی جەستە بەڵکوو بە شێوەی پێشکەشکردنی لەش بۆ کردەوەی سێکسی کە بە لەشفرۆشی پیرۆز ناسراوەو دواتر ئەویش کەم کراوەتەوە بە بڕینی قژ. لە شوێنی خۆیداو لە بەشی جادوودا باسی ئەوەم کردووە .

ئەمە هەڕەشەی دینکاران و کاهینانە بۆ گشتگیر کردنی شتەکە. واتە دوای کۆتایی هێنان بە قوربانیی مرۆیی ئیدی قوربانیی تەنیا لە بنەماڵەی شا بەرتەسک نەدەبوو، بەڵکوو هەمووی خەڵک دەبا بەشی خۆیان لەو قوربانییە بدەن. دیارە هاوکات، کوشتنی ئاژەڵی نێریش بۆ کاهینان و بەڕێوە بەرانی پەرستنگا پێویست بووە، چوونکە سکی ئەوان بە پێچەوانەی سکی خودا بە لەتە پێستی ئەندامی نێری کوڕەکان تێر نەدەبوو!

باسی خەتەنە ئەگەرچی بە شیوەی راستەوخۆ لە قورئاندا نەهاتووە بەڵام نەریتێکی گشتگیری موسڵمانان لە هەموو دنیادایە و وەک بەشێکی گرینگ لە ئایین چاوی لێدەکەن. موسوڵمانان بە بێ ئەوەی باوەڕیان بە ئوستوورەی زا و زێ هەبێت بەشێک لە جەستەی کوڕەکانیان دەکەنە قوربانی ژن-خودای زا و زێ! ئەوان پێیان وایە خودایەکی گەورە کە هەموو شتەکان دەزانێت و زۆر ژیرە ئەو فەرمانەی داوە و تەنانەت پاساوی پزیشکی بۆ دەهێننەوە! بۆ ئەوەی بڵێن خودای ئێمە لە زانستی پزیشکیشدا پسپۆڕ بووە. بەڵام بە پێچەوانەی خەیاڵی ئەوان بەڵگە مرۆڤ ناسییەکان و دقە پیرۆزەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە باسکرا. بەم شێوەیە دەبینین کە قوربانی کردنی ئاژەڵی نێر و خەتەنە کردن، پێوەندییان لە گەڵ ئوستوورەیەکەوە هەیە کە مەبەستی کۆتایی، رەزامەندی خودای زا و زێ و پیت و بەرەکەت بەخشین بە زەوی و ئاژەڵ و بە گشتی ژیانە. نموونەکانی دیکەی قوربانی لە قورئاندا بریتییە لە:

## قوربانیی کردنی مانگا

قوربانییەکی دیکە کە لە قورئاندا باسی لێوە کراوە و تەنانەت ناوی گەورەترین سوورەی ئەو کتێبەشە، قوربانیی مانگا و چۆنیەتی ئەو قوربانییەیە. لە سوورەی بەقەرەدا هاتووە کە موسا بە هۆزەکەی خۆی دەڵێ کە دەبێت مانگایەک بکەنە قوربانی:

**"و إذ قال موسى لقومه إن الله يأمركم أن تذبحوا بقرة قالوا أ تتخذنا هزوا قال أعوذ بالله أن أكون من الجاهلين" (٦٧) "قالوا ادع لنا ربک يبين لنا ما هی قال إنه يقول إنها بقرة لا فارض و لا بكر عوان بين ذالک فافعلوا ما تؤمرون" (٦٨) "قالوا ادع لنا ربک يبين لنا ما لونها قال إنه يقول إنها بقرة صفراء فاقع لونها تسر الناظرين" (٦٩) "قالوا ادع لنا ربک يبين لنا ما هی إن البقر تشابه علينا و إنا إن شاء الله لمهتدون" (٧٠) "قال إنه**

**يقول إنها بقرة لا ذلول تثير الأرض و لاتسقى الحرث مسلمة لا شية فيها قالوا الآن جئت بالحق فذبحوها و ما كادوا يفعلون"** (٧١)

مووسا بە هۆزەکەی گوت: خودا فەرمانی پێ دەدا کە ئێوە چێڵێک سەرژێ کەن. گوتیان ئاخۆ دەتەوێ گاڵتەمان پێ بکەی؟ گوتی : پەنا دەبەم بە خوا کە لە ریزی نەزانان بم. (٦٧) گوتیان لە پەروەرەندەی خۆت پرسیار بکە. چون چێڵێکە؟ گوتی: ئێژێ ئەو چێڵێکە کە نە پیری پەک کەوتوویە، نە کەم تەمەن، ناوەنجییە.(٦٨) گوتیان لە پەروەرەندەی خۆت پرسێ بکە پێمان بێژە چ رەنگێکە؟ گوتی؛ ئێژێ چێڵێکی هێندە رەنگ زەردە تواشاچی دڵخۆش دەکات. (٦٩)گوتیان دیسان لە پەروەرەندەت بپرسە با پێمان بڵێ چۆن چۆنیە؟... (٧٠) گۆتی: ئێژێ نە چێڵێکی هەڤووتییە جووتی بکا و نە ئاو دەکێشێ بۆ زەوی، هیچ پەڵەشی تێدا نیە...(٧١)

ئەو هەموو پێداگرییە لە سەر تایبەتمەندییەکانی ئەو مانگایە کە قوربانی دەکرێ، دەرخەری گرینگی ئاژەڵی قوربانی و رێورەسمی قوربانی کردنە. لە ئایینی یەهووددا مانگا ئاژەڵی پەسەندکراو بۆ قوربانییە و دیارە ئەوەش لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی ئایینەکان و ئوستوورەکانی میسردایە. لە میسردا شایەک بە ناوی نارمرمنس هەبووە کە پەرەستنی گا و مانگای لە سەرتاسەری میسردا پەرە پێدا[1] .

ئەم گا پەرەستییە لە ئوستوورەی ئیزیس و ئۆزیریسیش‌دا خۆی دەردەخات، ئیزیس خودای کشت و کاڵە و دیارە ئاژەڵی پیرۆز لە ژیانی وەرزێریدا گایە کە یاریدەدەری جووتیارە. پیرۆزایەتی گا لە زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکان و ئایینەکانی دنیادا دەبیندرێ بۆ نموونە لە ناو هیندووەکاندا گا پێوەندی نزیکی لە گەڵ برەهمەن (کاهینی هیندوو)دا هەیە، بەخشینی گایەک بە برەهمەن بە شێوەی دەکشینا(واتە مزی بەرێوەبردنی داب و نەریتی ئایینی) یان پێشکەش کردن، کردەوەیەکی زۆر باش و بە نرخە.[2] باسی رادەی بەربڵاویی پیرۆزایەتی گا لە دنیای کۆندا خۆی مەجالێکی تایبەت و زۆری دەوێ و لەم کتێبەدا ناگونجێت. بەڵام هەر ئەوندە دەبێ بزانین کە پەرەستنی گا لە میسردا کاریگەری زۆری لە سەر ناوەرۆکی قوربانی کردن لە ئایینی یەهووددا داناوە. لە رێگای ئایینی ئیزیسەوە گا

---

[1]- وارنر، سەچاوەی پێشوو، ص ٥٠٧

[2]- جلالی نائینی، سید محمد رضا؛ هند در یک نگاه؛ تهران: نشر شیرازه ١٣٧٥. ص ٢٧٣

پەرستی کە بەناوبانگترین نموونەی گای پیرۆزی ئاپیس و منویسە، پەرە دەستێنێت و دەبێتە سەرچاوەی گوێرەکەی زێڕینی تەورات و قورئان.
پەرستنی ئەو گوێرەکە لە کاتی پێواری مووسادا، گەڕانەوەی خەڵک بۆ ئایینە کۆنەکەی خۆیانە کە هۆگری بوونە و دەرخەری پیرۆزیی گا لە لای میسرییەکانە. لە قورئاندا لە سوورەئ ئەعرافدا سەبارەت بەو گوێرەکەیەی تەورات هاتووە:

**"و اتخذ قوم موسى من بعده من حليهم عجلا جسدا له خوار أ لم يروا أنه لايكلمهم و لايهديهم سبيلا إتخذوه و كانوا ظالمين"** (١٤٨) **"و لما رجع موسى إلى قومه غضبان أسفا قال بئسما خلفتمونى من بعدى أ عجلتم أمر ربكم و ألقى الألواح و أخذ برأس أخيه يجره إليه قال ابن أم إن القوم استضعفونى و كادوا يقتلوننى فلا تشمت بى الأعداء و لاتجعلنى مع القوم الظالمين"** (١٥٠)
لە پاش مووسا هۆزەکەی ئەو لە خشڵ و زینبەری خۆیان کوتەڵی گوێرەکەیەکیان دروست کرد کە هەر دەیبۆڕاند! مەگەر نەیاندی کە ئەو گوێرەکە قسەیان لەگەڵ ناکا و ڕێگایان پێ نیشان نادا؟...( ١٤٨) مووسا وەختێ گەڕایەوە ناو هۆزەکەی بە تووڕەیی و دڵ پڕی تێرا خورین کە: لە دوای من چەند جێنشینی خراپ بوون! ئاخر بۆچی ڕانەوەستان تا فەرمانی پەروەرەندەتان پێ دەگا؟ تەتەڵەکانی توور هەڵدا و قژی براکەی کێشا و بەرەو خۆی بردی و گوتی: ئەی کوڕی دایکم هۆزەکەم هێزیان لێ سەندم، لەوانەش بوو بشم کوژن! دژمنان بە من خۆش مەکەو منیش دەگەڵ ناهەقیکاران دامەنێ. (١٥٠)

لە دەقی تەوراتدا هاروون هاندەری خەڵکەکەیە بۆ پەرستنی مانگا . بەڵام لە قورئاندا ئەو تاوانە دەکەوێتە پاڵ کەسێک بە ناوی سامری.
لە شوێنێکی دیکەدا بە روونی باس لە ئایینی پەرستنی گا دەکرێت ئەو ئایینە کە مووسا بە دژی ڕاپەڕیوە:

**"فأخرج لهم عجلا جسدا له خوار فقالوا هذا إلهكم و إله موسى فنسى"**
پەیکەری گوێرەکەیەکی بۆ دەرخستن کە ئەیبۆڕاند. ئەوسا وتیان : ئەمەیە خودای ئێوەیە و خودای مووساشە، جا مووسا ئەمەی لە بیر چوو.(تاها- ٨٨)

دیارە دینی بەنی ئیسرائیل پێش لە مووسا هەمان دینی میسرییەکان بووە کە رێز گرتن لە ئیزیسو ئۆزیریس بووە و مانگایش ئاژەڵی دیاریکراوی ئیزیس بووە و بۆ میسرییەکان بەو بۆنەوە پیرۆز بووە.

سەرچاوەی دیکە پیرۆزایەتی بەخشین بە گا و دەست نیشان کردنی وەک ئاژەڵی قوربانی دەتوانێ چیرۆکی ناسراو بە میترای گاکوژ بێت. پەیکەرەکانی میترا لە هەموو دنیادا، کوڕێکی لاو نیشان دەدات کە خەریکی کوشتنی گایەکە، کوشتنی گا لە ئایینی میترائیدا جگە لە شرۆڤە جۆراوجۆرەکانی دەتوانێت وەک باشقەی سەرەکی قوربانی کردنی گا لە هەموو دنیادا بێتە ئەژمار.
لە قورئاندا گرینگییەکی زۆر بە قوربانی کردن دراوە و تەنانەت وەک مەرجێکی سەرەکی سەلماندنی پێغەمبەری بووە؛

**"ألذين قالوا إن الله عهد إلينا ألا نؤمن لرسول حتى يأتينا بقربان تأكله النار قل قد جاءكم رسل من قبلى بالبينات و بالذى قلتم فلم قتلتموهم إن كنتم صادقين"**
گوتیان: لە خواوە پێمان سپێراوە کە باوەڕی بە هیچ پێغەمبەرێک نەکەین، مەگەر ئەوەی بە حەیوانی قوربانییەوە بێتە لامان ، ئاگر بیخوا... (ئالی عەمران- ١٨٣)

مەبەست لە وشەی ئاگر بیخوا، قوربانی سووتاندنە کە لە تەوراتدا زۆر باسی لێکراوە. ئەم شێوە یەکێک لە شێوەکانی قوربانی بووە کە لەودا دڵ و جەرگی ئاژەڵی قوربانییان، لە سەر ئاگری پەرەستنگا کە ئاگرێکی پیرۆزە ناوە و پێیان وابوو خودا بە بۆنی ئەو کەبابە کەیفخۆش دەبێ. بە گشتی هێنای قوربانی یەکێک لە مەرجەکانی پێغەمبەری بووە. ئیبراهیم بەران و ساڵح وشتر و مووساش گوێرەکەیان بۆ قوربانی هێناوە. ئەوە سەرچاوە گرتوو لە نەریتی پەرەستنگاکانە. لە هەموویاندا بۆ دابینکردنی پەسەند و کەیفخۆشی خوداکان و دابینکردنی خۆراکی کاهینەکان قوربانی کراوە. وەرگرتنی بەشی خودا و کاهین تەنیا بە شێوەی قوربانی ئاژەڵ نەبووە، بەڵکو بەرهەمی کشتوکاڵیشی گرتۆتەوە. وەرزێر بۆ وەدەست هێنانی رەزامەندی خودای کشتووکاڵ، بەشێک لە بەرهەمی خۆی بەخشیوە بە خوداکان (دیارە کاهینەکان و دینکاران ئەرکی خواردنی ئەو بەشەیان گرتووەتە ئەستۆ کە بە ناوی خوداکانەوە پێشکەشی پەرەستنگاکان کراوە)

له قورئاندا باسی پێشکەشی گیایی بەم شێوەیە هاتووە:

**"و جعلوا لله مما ذرأ من الحرث و الأنعام نصيبا فقالوا هذا لله بزعمهم و هذا لشركائنا فما كان لشركائهم فلا يصل إلى الله و ما كان لله فهو يصل إلى شركائهم ساء ما يحكمون"**

لەو کێڵگە و وڵساتە کە خوا بەدی هێناوە بەشیکیان بۆ خۆی دانا. جا بە خەیاڵ گوتیان: ئەمە بەشی خوایە و ئەمەش بەشی بتەکانمانە. خۆ بەهرەی بتەکانیشیان نەدەکەوتنە لای بەهرەی خوا. بەڵام بەهرەی خوا دەچووە لای بتەکانیان! ناشیرین داوەری دەکەن. (ئەنعام- ١٣٦)

هەر وەک باسم کرد مرۆڤی کۆن بۆ پاراستنی خۆی لە شەڕ و تووڕەیی خوداکان و ڕازی کردنیان، لە هەرشتێک کە هەیبووە بەشێکی بۆ خوداکان داناوە، بەو هیوایە کە لێی خۆش بن و ئازاری نەدەن. ئەو بەشە تەرخان دەکریت بۆ بەڕێوە بردنی کار و باری پەرەستنگا و دابینکردنی پێداویستی ژیانی دینکاران و جادووگەرەکانی. واتە دینکار بە ناوی خودایان قوربانی و بەش و هتد لە خەڵک دەستێنێ و لەو ڕێگاوە ژیانی خۆی دابین دەکات.

ئەم شێوە کردەوە لە هەڵسوو کەوتی پێغەمبەری ئیسلامیشدا ڕەنگ دەداتەوە، محەممەد لە هەر شتێک بەهرەیەک بۆ خۆی و خودا دیاری دەکات، لە دەسکەوتەکانی تاڵان بگرە تا هەر دارایی و داهاتیکی دیکە. ئایەی یەکەمی سوورەی ئەنفال ڕاستەوخۆ دەپەرژێتە سەر ئەو شتە:

**"يسئلونك عن الأنفال قل الأنفال لله و الرسول فاتقوا الله وأصلحوا ذات بينكم و أطيعوا الله و رسوله إن كنتم مؤمنين"**

لە مەڕ دەسکەوتی تاڵان لێت دەپرسن، بێژە: تاڵانی دوژمنان بۆ خودا و بۆ پێغەمبەرە... (ئەنفال، ١)

دیارە خودا زاری نیە و ناتوانێت بەشەکەی خۆی بخوات هەر بۆیە بەشەکەی خۆی دەبەخشێ بە پێغەمبەرە تاقانەکەی! و بەو شێوەیە هەموو دەسکەوتی تاڵان بە پێی بڕیاری قورئان بۆ خودی محەممەد تەرخان دەکرێ.

واتە دیاریکردنی بەش بۆ خوداکان کە پێشتر بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری پەرەستنگاکان بوو، لە ئیسلامدا گۆڕاوە بە بەشی محەممەد و بووە بە یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی ئەو.

## ئوستوورەی لەناوچوون(تۆفان)

ئوستوورەی لەناوچوون یان تۆفان یەکێک لەو ئوستوورەگەلەیە کە بە هۆی دووپات بوونەوەی زۆر لە نێو خەڵکانی دنیادا، وەک ئوستوورەیەکی سەرەکی ناسراوە. ئەم ئوستوورە چیرۆکی جۆراوجۆری لێ بەجێماوە، لەوانە دەتوانم بە ئوستوورەی تۆفانی سومەری، بابێلی، تەوراتی، ئاڤێستایی، قورئانیو هتد ئاماژە بکەم.
توخمی سەرەکی ئەم ئوستوورەیە بریتییە لە هەڵکردنی تۆفانێکی گەورە. لەم ئوستوورەیەدا رزگاری مرۆڤ و هێندێک بوونەوەر بە دەستی تاکێکە کە تایبەتمەندی بەرچاوی هەرمان و تەمەنی زۆریەتی. ئەم مووتیڤە لە هەموو ئوستوورەکانی پێوەندیدار بە تۆفانەوە دەبیندرێت. بەڵام لە هەر گێرانەوەیەکدا هێندێک لق و پۆپی لێ زیاد کراوە. لێرەدا هەر وەک بەشەکانی دیکە سەرەتا دەپەرژێمە سەر نموونەکانی ئەم ئوستوورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پاشان دەڕۆمە سەر باسی قورئان و کەڵک وەرگرتنی ئەم کتێبە لەو ئوستوورە کۆنە.

### ١- ئوستوورەی لەناوچوونی سوومەری

کۆنترین دەقێک کە سەبارەت بە ئوستوورەی تۆفان دۆزراوەتەوە، ئەو بەردەنووسانەیە کە لە شارستانییەتی سوومەر و بابێل بەجێ ماون. تەمەنی ئەم بەردەنووسانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزارساڵ بەر لە زایین. رووداوەکانی چیرۆکی تۆفان کە لەم بەردەنووسگەلەدا باسکراوە زۆر لە رووداوەکانی تۆفان لە تەوراتدا دەچێت. دیارە تەورات چیرۆکەکەی لە سوومەرییەکان و بابێلییەکان گرتووە و دواتر بە ناوی کەسایەتییەکی دیکە (نۆح) تۆماری کردووە.
لە ئوستوورەی سوومەریدا ئەکتەری یەکەم زیۆگیدۆ یان زیگیدۆیە کە مانای ناوەکەی دیتنی ژیانە. زیگیدۆ لە لایەن ئێنلیلەوە هەرمانی پێدەبەخشرێت. پاشان لە روودانی تۆفانی گەورە ئاگادار دەکرێتەوە، هەر بۆیە گەمییەک ساز دەکا. بنەماڵەی خۆی و لە هەر

بوونەوەرێک یەک جووت لەو گەمێیە دادەنێ. تۆفان هەڵدەکات و پاش حەوت رۆژ گەمێیەکە لە سەر کێوێک رادەوەستێ.

## ٢- ئوستوورەی لەناوچوونی بابێلی

لە ئوستوورەی تۆفانی بابێلیدا ئوتنەپیشتیم جێگای زیگیدۆ دەگرێتەوە و ئەو کەسەیە کە مردنی بۆ نیە. (هەر ئەم کەسایەتییەیە کە دواتر دەبی بە باشقەی خدر یان خزر لە فەرهەنگ و کولتووری ئیسلامیدا) ئێئا خودای ئاو و زانایی، ئوتنەپیشتیم لە بڕیاری خودایان بۆ لەناو بردنی مرۆڤ و روودانی تۆفانەکە بەئاگا دێنێتەوە. چۆنیەتی دروست کردنی گەمێیەکی پیشان دەدات. تۆفانەکە هەر بەو شێوەی ئوستوورەی سومەری روودەدات. ئوتنەپیشتیم بە هەمان شێوە لە هەر بوونەوەرێک یەک جووت لە گەمێیەکە دادەنێ و بەو شێوە پێش بە لەناوچوونیان دەگرێت. پاش حەوت شەو و حەوت رۆژ گەمێیەکە لە سەر کێوێک بە ناوی نیس دەنیشێتەوە. ئوتنەپیشتیم کۆترێک دەنێرێتە دەرەوە و کۆترەکە دەگەرێتەوە، واتە زەوی بە دی نەکردووە، پاشان قاڵاوێک دەنێرێت قاڵاوەکە ناگەڕێتەوە و ئوتنەپیشتیم دڵنیا دەبێت کە ئاو نیشتوەتەوە و زەوی دیارە، بۆیە لە گەمێیەکە دادەبەزن، ئەو شوێنەی دابەزیون هەمان مێزۆپۆتامیایە. دانیشتوانی ئەو گەمێیە دواتر خەڵکانی مێزۆپۆتامیا پێکدێنن.[1]

ناوی ئوتنەپیشتیم و باسی رووداوی تۆفانەکە لە حەماسەی گێلگامێشیشدا هاتووە و گێلگامێش لە گەڵ ئوتنەپیشتیم دادەنیشێت و پرسیاری لێدەکات کە چۆن بوو کە ئەو تەمەنەی پێی بەخشرا و لە مرۆڤ بوو بە خودا[2]، ئەویش چۆنیەتی رووداوەکەی بۆ دەگەرێنێتەوە. واتە رووداوی تۆفان بەشێکە لە حەماسەی گێلگامێش.

---

[1]- گری، سەرچاوەی پێشوو، صص ٧٨-٨٤

[2]- ئوتنەپیشتیم مرۆڤێکە کە پێگەی خودایی پێ دەبەخشرێت و بێمەرگ دەبێت، بەڵام ئەو دیارییەکە لە لایەن خودایانەوە پێی بەخشراوە و بەرهەمی فریوێکە بە نیسبەت مرۆڤەکانی دیکە! ئوتنەپیشتم پشت لە مرۆڤەکان دەکات و لە پیلانی خودایاندا هاوبەش دەبێت، ئەو دەزانێت کە تۆفانێک لە رێدایە بەڵام خەڵکانی شارەکەی ئاگادار ناکاتەوە و درۆیان لە گەڵ دەکات (گری، ٨١) فریویان دەدات و بە واتایەکی دیکە قوربانییان دەکات تا خۆی ببێت بە خودا، هەرمانی ئوتنەپیشتیم بەرهەمی قوربانی بوونی مرۆڤەکانی دیکەیە. پێوەندیی نێوان تەمەنی ئوتنەپیشتیم و نۆح و نموونەکانی دیکە لە گەڵ تۆفان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مانا فەلسەفییە کە لە حەماسەی گێلگامێشدا باسکراوە.

## ٣- ئوستوورەی لەناوچوونی تەوراتی

ئوستوورەی لەناوچوونی تەوراتی دەقاودەق لە نموونەی سومەری و بابێلی گیراوە، بەڵام هێندێک شتی لاوکی پێ زیاد کراوە. بە پێی دەقی تەورات : خودا بینی کە شەڕئاژۆیی و ئاژاوەگێری مرۆڤ زۆر بووە. هەر بۆیە لە ئافراندنی مرۆڤ پەشیوان و خەمبار بوو، خودا گوتی ئەو مرۆڤەی کە ئافراندم لەناوی دەبەم، هەروەها بوونەوەرانی دیکە و باڵندەکان و جڕوجانەوەرەکان، چوونکە لە خوڵقاندنیان پەشیمان بوومەتەوە. (ئافراندن، ٦/٦)

خودا نۆحی هەڵبژارد و فەرمانی پێدا کە گەمێیەک چێ بکا و لە دەرەوە قیری تێهەڵسوێ... پاشان فەرمانی دا تا لە بوونەوەرانی پاک حەوت جووت و لە بوونەوەرانی ناپاک یەک جووت هەڵبژێری و لە گەمێیەکەی دانێ. کاتی روودانی تۆفان، نۆح و بنەماڵەکەی لە گەمێیەکە دانیشتن (ئافراندن، ٦/ ١٤-٢٢) باران تێی کردوو و بۆ ماوەی چل شەو و چل رۆژ بەردەوام باری و ئاو هەموو دنیای پڕ کرد (ئافراندن، ١٧/٧و١٨) لە ئاکامدا گەمێیەکە لە سەر کێویک نیشتەوە و نۆح سەرەتا کۆترێکی نارد، کۆتر گەڕایەوە. پاش حەوت رۆژ دیسان هەمان کۆتری نارده دەرەوەی گەمیەکە، ئەمجارەیان کۆترەکە چڵێکی زەیتوونی لە گەڵ خۆی هێنا بوو، نۆح زانی کە زۆربەی شوێنەکان وشک بوونەتەوە، پاش هەفتەیەکی دیکە دیسان هەمان کۆتری فڕاند بەڵام ئەمجار کۆتر نەهاتەوە، نۆح سەری گەمیەکەی کردەوەو  بنەماڵەکەی و هەموو بوونەوەرانی ناو گەمێیەکە دابەزین. (ئافراندن، ٨/ ٨-٢٠) بە پێی دەقی تەورات کوڕەکانی نۆح کە لە گەمێیەکە دابەزین سام، حام و یافس بوون کە نەتەوەکانی دنیا لە پشتی ئەوانن. نۆح خۆی ٣٥٠ ساڵ پاش تۆفانیش ماو دوای ٩٥٠ساڵ تەمەن مرد.

## ٤- ئوستوورەی لەناوچوونی ئاڤێستایی

ئوستوورەی تۆفان لە ئاڤێستاشدا هاتووە. لە ئاڤێستادا پاش ئەوەی کە ئەهوورەمەزدا سێ جار بە جەم (یەکەم پاشایەک کە ئەهوورە پاشایەتی پێ دەبەخشێ) رادەگەیەنێ کە ژماری مرۆڤەکان زۆر بووە و لە سەر زەوی جێگایان نابێتەوە، هەر سێ جار جەم لە سپەندارمەز

(ژن-خودای زەوی) دەپارێتەوە، بۆ ئەوەی گەورەتر ببێت تا بەڵکو رێگای خەڵکانی تیا ببێتەوە. لە ئاکامدا ئەهوورەمەزدا بە جەم دەڵێ زستانێکی کوشەندە لە رێدایە و هەموو بوونەوەرەکان لەناو دەبات، هەر بۆیە بە جەمشید دەڵێ: ئەی جەمی هورچیهر، کوڕی ویونگهان! سەختترین زستان لە رێدایە، زستانێکی مەرگ هێنەر. بەفرێکی زۆر دەبارێت. بە بارتەقای ئەردوی بەفر دەبارێت... تۆ ئەو وەرە چێ بکە... لەوێدا بۆ ئەم زەوییە سەرمایەکی سەخت دێت، سەرمایەک کە هەموو شتێک لەناو ببات، بەفرێکی زۆر دەبارێت لە لووتکەی کێوەکانەوە تا رووباری ئەرەدوی، ... بەر لە سەرما ئەو وەرە(ئەشکەوتی ژێر زەوی) چێ بکە، بە قەدەر گۆڕەپانێکی ئەسپسواری... توخمی باشترین ئاژەڵ، باڵندە و مرۆڤ لەوێدا دانێ و ئاگریش لە گەڵ خۆت بەرە... لە باشترین پیاوان و ژنان و باشترین خۆراک و بەرزترین و جوانترین رووەک، جوانترین و گەورەترین ئاژەڵەکان و لە هەر شتێک باشترینی لەو ئەشکەوتە دانێ تا بمێننەوە و لەناو نەچن.(وەندیداد،فەرگەردی دووهەم، بەشی دووهەم،٢١ -٣٠) جەم فەرمانی ئەهوورای بەجێ هێنا. بە رێنوێنی ئەهوورا ئەو ئەشکەوتەی دروست کرد، باشترین نێر و مێی سەرزەوی بردە ئەویوە و باشترین خواردەمەنیەکانیشی برد. بەو شێوە باشترین مرۆڤەکان کە لەوێ نیشتەجێ بوون لە تۆفان و زستانی سەخت رزگاریان بوو.

## ٥- ئوستوورەی لە ناوچوون لە قورئاندا

ئوستوورەی لە ناو چوون لە قورئاندا هەر وەک هەموو چیرۆکەکانی دیکە ناوەناوە و پچڕ پچڕە و لە شوێنێکی دیاری کراودا باس نەکراوە. بەڵکو لە چەندین سوورەدا ئاماژەی پێکراوە. کە دەتوانم بە سوورەکانی هوود، ئەعراف و موئمێنون ئاماژە بکەم. چیرۆکی نۆح چون لە تەورات وەرگیراوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ سەرچاوەکەی خۆیدا نیە. تەنیا بەشێک کە پێی زیاد کراوە بوونی کوڕێکی سەرەڕۆیە کە بە قسەی باوکی (واتە نۆح) ناکات و لە گەمێیەکە دانانیشێت، هەر بۆیە لە گەڵ ئەوانی دیکەدا لەناودەچێت.
هۆکاری تۆفانەکە هەمانە کە لە تەوراتدا باسکراوە، خەڵک نافەرمانی خودا دەکەن و ئەویش تووڕە دەبێ لەوان. ئەو باسە لە سوورەی هوود بەم جۆرە هاتووە:

**"و لقد أرسلنا نوحا إلی قومه إنی لکم نذیر مبین"** (٢٥) **أن لاتعبدوا إلا الله إنی أخاف علیکم عذاب یوم ألیم"** (٢٦)**قالوا یا نوح قد جادلتنا فأکثرت جدالنا فأتنا بما تعدنا إن کنت**

**من الصادقين" (٣٢) "و أوحى إلى نوح أنه لن يؤمن من قومک إلا من قد آمن فلا تبتئس بما كانوا يفعلون" (٣٦) "و اصنع الفلک بأعيننا و وحينا و لا تخاطبنى فى الذين ظلموا إنهم مغرقون" (٣٧) "حتى إذا جاء أمرنا و فار التنور قلنا احمل فيها من كل زوجين اثنين و أهلک إلا من سبق عليه القول و من آمن و ما آمن معه إلا قليل" (٤٠) "و هى تجرى بهم فى موج كالجبال و نادى نوح ابنه و كان فى معزل يا بنى اركب معنا و لاتكن مع الكافرين" (٤٢) "ال سآوى إلى جبل يعصمنى من الماء قال لا عاصم اليوم من أمر الله إلا من رحم و حال بينهما الموج فكان من المغرقين" (٤٣) "قيل يا نوح اهبط بسلام منا و بركات عليک و على أمم ممن معک و أمم سنمتعهم ثم يمسهم منا عذاب أليم" (٤٨)**

نۆحمان شاندە لای هۆزەکەی، کە: من بۆتان ترسێنەرێ ئاشکرام (٢٥) جگە لە خوا مەپەرەستن! نیگەرانم نە وەک رۆژێ ئازاری بەژانوو تووش بێ (٢٦) گوتیان ئەی نۆح! دەمبەدەمت وەل کردینو جوابەجەنگێت فرە خایاند، گەر راست دەکەی، هەرچی ئێژی بە سەرتان دێ، پێن بنوێنە. (٣٢) بە نۆح راگەیەندرا بوو کە لەناو هۆزەکەی تۆدا جگە لەوانەی تا ئێستا باوەڕیان هێناوە کەسی تر بڕوا ناهێنێ و لەو ئاکارەی کە هەیانە غەمگین مەبە.(٣٦) لە ژێر چاوەدێری ئێمە و هانای ئێمە گەمێییەک ساز بکە و لە مەڕ ئەوانە مەمدوێنە کە ناهەق بوون ئەوان دەبێ ژێر ئاو کەون. (٣٧) تا ئەو کاتە کە فەرمانی ئێمە گەیی‌و تەندوور بە نهێم زایەوە، گوتمان: لە گش نێر و مێیەک دوان هەڵگرە! دەگەڵ کەس و کارەکەت و هەرکێ باوەڕی هێناوە...(٤٠) گەمێییەکە ئەوانی دەبرد، بە ناو پێلی وادا دەچوو وەک چیایان. نۆح گازی کردە کوڕی خۆ کە لە شوێنێکی چەپەک بوو، کوڕیژگەکەم! وەل ئێمەدا سوار ببەو دەگەڵ خوانەناسان مەبە. (٤٢) گووتی ئەمن پەنا بە چیایەک دەبەم کە لە ئاوم دەپارێزێ. گوتی ئەمڕۆ هیچ پاراستن لە فەرمانی خودا نیە، مەگین کەسێ خۆی بەزەی پێدا بێتەوە...(٤٣) وترا ئەی نۆح بە سڵامەتی و بەو پیتەوە کە بەخشرا بە تۆو هاوسەفەرەکانت دابەزە، چین و بەرەکانی دواییش تا ماوەیەک مەودای ژیانیان ئەدەینێ و پاشان تووشی ئازاری بەژانیان دەکەین. (٤٨)

لە قورئان و تەوراتدا هۆکاری سەرەکی تۆفان رق هەستانی خودایە. خەڵک نافەرمانی دەکەن و خودای سەرەڕۆ و سەرکۆتگەری تەورات و قورئان بڕیاری لە ناوچوونیان دەدات. تەنانەت لە دەقی قورئاندا دوابەدوای تۆفانەکە دەڵی ئەوانەش ماون ماوەیەکی دیکە

تووشی ئازار دەبن! (ئایەی ٤٨ی سوورەی هوود کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا) واتە واز ناهێنێت تا بیانوویەکی دیکەی دەس کەوێت، بەڵکوو بڕیاری خۆی لە پێشەوە داوە! خودای قورئان تەنیا بڕوای بە یەک تاوانی هەرە گەورە هەیە کە سزای هەمیشە مەرگە، ئەوەش ئەوەیە کە مرۆڤەکان ملکەچی نەبن و ترسیان لێی نەبێ، بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە کە دەبێ لە خودا بترسن و بەردەوام پەسنی بکەن تا تووڕە نەبێ! پێوەندییەک کە قورئان بۆ مرۆڤ و خودا وێنای دەکا، پێوەندی نێوان ئاغەیەکی دڕندە و کۆیلەیەکی دەستەمۆ و هەژار و دەنگ خنکاوە، کۆیلەیەک کە دەبێ بەردەوام بۆ ئاغەیەکی نادیار سەردانەوێنێ و خزمەتی بکات، بەڵام ئاغاکەی هەر کات بیهەوێ بە بێ هیچ هۆکارێک بە سەختترین مەرگ دەیکوژێ و ئەوەش بە مافی چەسپاوی خۆی دەزانێ! دیارە هەر کتێبێک بەرهەمی بۆچوونەکانی نووسەرەکەیەتی، قورئانیش بەرهەمی بیر و بۆچوون و باوەڕەکانی محەممەدە. لێرەدا مەبەست لێکدانەوە و شیکاری کەسایەتی محەممەد و قسەکانی ئەو کە بە ناوی وتەی خودا فرۆشتوویە نیە، هەر بۆیە لە نەخۆشینە دەروونیەکانی خودای محەممەد دەگەڕێم و دەڕۆمەوە بۆ سەرچاوەی باسەکە.

ئوستوورەی تۆفان لە هەر گێرانەوەیەکدا هۆکاریکی لە پشتدایە. لە تەورات و قورئاندا تووڕە بوونی خودا لە نافەرمانی مرۆڤ، لە ئاڤێستادا زۆر بوونی ژماری حەشیمەت هۆکاری سەرەکییە، لە ئوستوورەکانی مێزۆپۆتامیا و بابێل و سوومەریشدا بە هەمان شێوە، واتە زۆر بوونی حەشیمەت و دەنگە دەنگی مرۆڤەکان کە خوداکان سەرسام دەکات و ئەوانیش بڕیار دەدەن لەناویان ببەن![1]

بە لە بەرچاو گرتنی دوو گێرانەوەی ئاڤێستا و بابێل بەشێکی گرینگ لە سەرچاوەی ئوستوورەی تۆفان و لە ناوچوونمان بۆ دەردەکەوێ، لە ئاڤێستادا باسی بەفر و سەرما و سەهۆڵبەندانێکی سەخت و کوشەندەیە، لە ئوستوورەکانی دیکەشدا باسی لافاویکی گەورە و گشتگیر. ئەم دوو بەراییە بەرەو ئەو بەرئەنجامە ڕێنوێنیمان دەکەن کە ئوستوورەی تۆفان گێرانەوەی ڕووداوێکی کۆنی پێش لە مێژوویە، ڕووداوێک کە لە ڕەوتی گۆڕانی باروودۆخی کەش و هەوای زەوی ڕوویدا و دوای سەهۆڵبەندانێکی کوشەندە کە بووە هۆی لە ناوچوونی بەشێکی زۆر لە بوونەوەرەکانی سەر زەوی، لە گەڵ توانەوەی بەفرەکاندا، لە زۆربەی شوێنەکاندا لافاو هات. ئوستوورەی لافاو و تۆفانی گەورە لە

[1] ـ گری، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٠

هەموو بەشەکانی دنیادا نموونەی هەیە و چیرۆکێکی گشتگیرە. هەر بۆیە ئەو ئەگەرەی کە روداوێکی وەها بووبێتە هۆی مانەوەی ئەو چیرۆکە زۆرە.

پاش ئەو رووداوە هەر تایفە و هۆزێک و هەروەها هەر ناوچەیەک، بە شێوەیەک باسی لێکردووە و پاڵەوانە ئوستوورەییەکەی خۆی و بنەماڵەی ئەوی بە تاکە پاشماوەی ئەو رووداوە سروشتییە لە قەڵەم داوە.

ئوستوورەی تۆفان و لەناوچوون لە خۆیدا وەک باشقەیەک بۆ هەموو چیرۆکەکانی کۆتایی دنیا دێتە ئەژمار. واتە نموونەیەک بووە بۆ مرۆڤ تا بە پێی ئەوە ئاکامی دنیا بۆ خۆی وێنا بکا. مرۆڤ هەموو رووداوە مەرگ هێنەرەکانی سروشتی هێناوەتە بەرچاو خۆی و بەو ئاکامە گەییشتووە کە ئەگەر رۆژێک هەمووی ئەمانە پێکەوە روو بدەن، دنیا بە گشتی لە ناو دەچێت. توخمی سەرەکی چیرۆکەکانی کۆتایی دنیا کە دبێتە هۆی باوەڕمەندی مرۆڤ بەو چیرۆکانە، هەر ئەوەیە. بەڵام لە لایەن کاهینەکان و بەڕێوەبەرانی دینەوە زۆر شتیان پێ زیاد کراوە کە زۆربەیان بۆ سوودی زیاتر، قوربانی وەرگرتن و لە ناوبردنی دژبەرانیان بووە. بۆ نموونە چیرۆکی دەجاڵ کەرەستەیەکی باشە بۆ کۆ کردنەوەی رقی گشتیی باوەڕمەندان بۆ لە ناو بردنی هەر هێزیک کە بە دژی کاهینەکان و دینکارەکان جووڵاوەتەوە یان بانگەشەی دین و باوەڕی دیکەی کردووە[1]. هەر وەک دەزانین لە ناوچەی سەرهەڵدانی مەسیحییەت نموونەی کەسانی وەک عیسا زۆر بووە و لە بیابانی عەرەبستاندا نموونەی کەسانی وەک محەممەد، هەر بۆیە باسی دەجاڵ لەم دوو ئایینەدا زەق و بەرچاوە.

## ٣- ئوستورەی سەفەر و دەرباز بوون

مووتیڤی بەرچاوی ئوستوورەی سەفەر هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە سەفەر و گواستنەوەیە، ئەم سەفەر کردنە هێندێک جار سەفەرێکی تاکە کەسییەو هێندێک جاریش

[1]- لە گێرانەوە ئیسلامییەکاندا سەبارەت بە دەجاڵ هاتووە کە دەجاڵ بۆ شوێنێک دەروات و داوا لە خەڵکانی دەکات باوەڕی پێ بێنن، ئەگەر قەبووڵی کەن بە ئاسمان فەرمان دەدات باران ببارێت و دەبارێ، بە زەوی فەرمان دەدات روەک بروێنێ، بەرەکەت روو لەو شارە دەکات بەڵام لەو شوێنەدا کە باوەڕ ناهێنن بوومە لەرزە و هەموو جۆرە ئازارێک سەر هەڵدەدات (بۆ نموونە لە مەدینەدا) (انصاری، مسعود، روز قیامت در اسلام، واشنگتن ١٣٧٩، ص٦٢) دیارە ئەم چیرۆکگەلە یەک هۆکاری هەیە ئەویش بوونی کەسانی دیکە لە سەردەمی سەرهەڵدانی محەممەددا کە ئەوانیش هەمان ئیددیعای ئەویان بووەو لەوانەیە بە پێچەوانەی ئەو شارەزاییان لە جادوویشدا بووبێ، هەر بۆیە محەممەد بە هێنانە ئاڕای باسی دەجاڵ ئەوانەی خستووەتە پەراوێز و بە هێزی شەیتانی ناودێریانی کردوون.

سەفەرێکی بە کۆمەڵە. یەکێک لە بەرچاوترین نموونەکانی ئوستوورەی سەفەر لە تەوراتدا دەبینین، کاتێک باسی چۆنیەتی دەرباز بوونی یەهوودیەکان لە میسر و لە دەسەڵاتی فیرعەون دەکات. چیرۆکەکە دەڵێ کە عیبرییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ کوێلەی میسرییەکان بوونە و فیرعەون ئیزنی چوونە دەرەوەی ئەوانی لە میسردا نەداوە. یەهووە خودای عیبرییەکان دە رووداوی مەرگ هێنەر و ناخۆشی بۆ ئەوان لە ئاسمانەوە ناردووەتە خوار، لە ئاکامی ئەوەدا نۆسکە نیرەکانی هەموو بنەماڵە میسرییەکان مردوون. پاش ئەوە فیرعەون بە مووسا ئیزنی ئەوە دەدات کە هۆزەکەی لە گەڵ خۆی بەرێت. مووسا و هۆزەکەی میسر بەجێدێڵن و پاش سەفەرێکی سەخت و دوور و درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوی جۆراوجۆر بە شوێنی مەبەست کە ئەرزی مەوعودە دەگەن.

لە ئوستوورە هاوشێوەکانی ئەم ئوستوورەیەدا بەردەوام باسی چۆنیەتی گواستنەوە گەورە و مێژووییەکانی مرۆڤ دەکرێت، باسی ئەوەی کە چۆن نەتەوەیەک وێڕای هەموو سەختییەکان لە شوێنێک گوێزراوەتەوە بۆ شوێنی دیکە و دەسەڵات و پلە و پایەی وەدەست هێناوەو. لە ئوستوورەکانی ئێراندا جەمشید رۆڵێکی هاوشێوەی مووسا دەگێڕێ و ئێرانییەکان دەگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئیرانی ناوە. لەم چیرۆکگەلەدا کە سەفەر رۆڵی سەرەکی هەیە (چ بە تاک بێت یان بە کۆمەڵ) هەمیشە رێبوار لە رەوتی سەفەرەکەیدا تووشی کێشە و گرفت و ئەزموونی جۆراوجۆر دەبێ. نموونەی تاکە کەسیی ئەم سەفەرگەلە کە دواتر بووەتە باشقەی هەموو پاڵەوانەکان، سەفەری گیلگامێشە. گێلگامێش باشقەی هەموو پاڵەوانەکانی دیکە و سەفەرەکانیانە. هەموو پاڵەوانە گەورەکان بۆ دەرکەوتنی رادەی ئازایەتییان لە رەوتی سەفەرێکدا دەکەونە بەر تاقیکاری جۆراوجۆر، سەفەری ئۆدیسە، سەفەرەکانی ئەسکەندر، هێرکوڵ و روستەم نموونەی ئەم چشنە سەفەرگەلەیە. رێبوار لە هەموو ئەم سەفەرانەدا بە دوای شتێک دەگەڕێت کە وەدەست هێنانی ئاسان نیە و مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ وەدەستی بێنێت. هەر بۆیە پاڵەوان ناچارە قۆناخی سەختی جۆراوجۆر وەک کوشتنی ئەژدیها، تینوویەتی، گەرما و زۆر شتی دیکە تێپەڕێنێت تا بە ئامانجەکەی بگات. ئامانجی ئەم سەفەرانە زۆربەی جار ژیانی هەتا هەتایی یان هێزێکی خوداییە، دەتوانین بڵێین پاڵەوان لە رەوتی ئەم سەفەرانەدا هەوڵ دەدات پلەی خۆی لە مرۆڤ بگۆڕێت بە خودا و خۆی لە ناو خوداکاندا جێ بکاتەوە. گێلگامێش کە بە دوای دەستەبەر کردنی ژیانی هەمیشەییدا دەگەڕێ و هەموو قۆناخەکانیشی تێدەپەڕێنێت، لە ئاکامدا لە گەڵ ئوتنە پیشتیمی بێمەرگ بەرەوروو دەبێت کە پێی دەڵێ بێ

مەرگی بەشی تەنیا خودایانە و بۆ ئەو نیە. لە سەفەرە بە کۆمەڵەکاندا ئامانجی کۆتایی گەییشتن بە هەرێمێکی هێمن و رۆشنە کە لەودا خەڵک بە بەختەوەری و شادی دەژین. خێڵی مووسا پاش سەفەرە سەختەکەیان بە ئەرزی مەوعوود دەگەن و خێڵی جەمشید بە ئێرانویج کە هەردووی ئەم وڵاتگەلە بەلای باوەڕمەندان بەو ئوستوورەگەلە و ئەوانەی ئەو چیرۆکەیان گێڕاوەتەوە، باشترین شوێنی دنیان و هاوتەریبی بەهەشتی سەر زەوی دێنە ئەژمار.

ئوستوورەکانی سەفەر چ بە کۆمەڵ چ بە تاک هەمیشە هەڵگری ئاوات و خولیا دوورەکانی مرۆڤن، ئاواتی بێمەرگی، سەر لەنوێ لاو بوونەوە، دەست راگەییشتن بە هێز یان زانستێکی بێ پایان، یان رۆشتن بۆ شوێنێک کە لەودا نە شەڕ بێت، نە ستەم و نە چارەڕەشی. دیارە هیچکام لەمانە لە دنیای واقیعدا بوونیان نیە. مرۆڤ بە خولقاندنی چیرۆکی سەفەری لەم چەشنە ئاواتەکانی خۆی خستووەتە بەرباس و لەو رێگایەوە دایمرکاندووە. قورئان سەبارەت بە سەفەری بەرەی ئیسرائیل دەڵێ:

**"قال موسى لقومه استعينوا بالله و اصبروا إن الأرض لله يورثها من يشاء من عباده و العاقبة للمتقين" "قالوا أذينا من قبل أن تأتينا و من بعد ما جئتنا قال عسى ربكم أن يهلک عدوكم و يستخلفكم فى الأرض فينظر كيف تعملون"** (ئەعراف١٢٨- ١٢٩)

مووسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: هەر پشت بە خوا ببەستن و خۆراگر بن! ئەم زەمینە هی خودایە بە هەر کەسێ لە عەبدانی خۆی حەز بکا پێی دەبەخشێ و دوارۆژیش بۆ ئەوانەیە کە لە خوا ترسیان هەیە ...گوتی: دوور نیە ئەو رۆژەی پەروەرەندە دوژمنتان لەبەین بەرێ و ئێوە بکاتە جێنشین لەم عەرزەدا و بروانێ ئێوە چۆن دەکەن.(ئەعراف١٢٨-١٢٩)

لە ئوستوورەی یەهوودییەکاندا زەوی رۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی هەیە. یەهوودییەکان بە هۆی گواستنەوە و ئاوارە بوونی بەردەوام، ئاواتی نیشتەجێ بوون و خاوەن مڵک بوونیان بووە. چیرۆکی مووسا بەستراوی گەڕانەوەی یەهوود بۆ وڵاتەکەی خۆیانە و باسی سەفەری دوور و درێژی یەهوود بەرە و شوێنی خۆیان دەکات. مووسا لە قورئاندا جگە لە رێبەریی سەفەری بەکۆمەڵی ئیسرائیل، خۆیشی سەفەرێکی هاوچەشنی سەفەری گێلگامێشی هەیە کە لە سوورەی کەهف دا باسی لێوە کراوە:

**"و إذ قال موسى لفتاه لا أبرح حتى أبلغ مجمع البحرين أو أمضى حقبا** (٦٠) **فلما بلغا مجمع بينهما نسيا حوتهما فاتخذ سبيله فى البحر سربا"**(٦١)... **" قال أ رأيت إذ أوينا إلى الصخرة فإنى نسيت الحوت و ما أنسانيه إلا الشيطان أن أذكره و اتخذ سبيله فى البحر عجبا"** (٦٣)... **فوجدا عبدا من عبادنا آتيناه رحمة من عندنا و علمناه من لدنا علما"** (٦٥) **"قال له موسى هل أتبعک على أن تعلمن مما علمت رشدا"**(٦٦) **"قال إنک لن تستطيع معی صبرا "**(٦٧)

جارێ مووسا بە لاوی بەرەستی خۆی گوت: من لێبڕاوم سەفەر بکەم تا دەگەمە جەمسەری هەردوو دەریاکان یان لەوێش وێوەتر بچم(٦٠) وەختێ گەیینە ئەو جەمسەرە ماسییەکەیان لە بیر کرد، ئەویش بە هەڵبزووقینێ خۆی گەیاندەوە دەریاکە(٦١)...گوتی ئەوسا کە لە پەنا بەرەکەدا دەحەساینەوە دیتت چلۆن من ماسییەکەم لە بیر چوو؟ دیارە شەیتان نەیهێشت وەبیرم بێتەوە. ئەمیش وەک شتی سەمەرە ڕێگای دەریای گرتە بەر. (٦٣)... ئەوسا تووشیان هات بە تووشی عەبدێک لە عەبدانی ئێمە کە بەر بەزەیی خۆن خستبوو زانیاریشمان لە خۆمانەوە پێ دابوو (٦٥) مووسا پێی وت: ئاخۆ دەتوانم دوات کەوم و لەو زانستەی فێر کراوی منیش وەک خۆت رابێنی؟ (٦٦) گوتی تۆ هەرگیز ناتوانی دەگەڵ منا دەری بەری. (٦٧)

لەم چیرۆکەدا چەند خاڵ هەیە کە سەلمێنەری سەرچاوەی چیرۆکەکەیە، موسا دەیهەوێ بۆ جەمسەری دوو دەریا سەفەر بکات. لە حەماسەی گێلگامێشدا، گێلگامێش بۆ لای ئەتنەپیشتیم دەروات کە لە جەمسەری دوو ڕووباردا نیشتە جێە. دیارە ئەو دوو ڕووبارە هەمان دیجلەو فوراتن کە لە شارستانییەتی مێزۆپۆتامیادا ڕۆڵی گرینگ و بەرچاویان هەیە، بۆ جەمسەری دەریاکان ڕۆییشتن، ڕواڵەتێکی دیکە لە سەفەری گێلگامێش بۆ لای ئوتنەپیشتیمە بۆ دۆزینەوەی ڕەمزی هەرمان و بێمەرگی. گێلگامێش چاوی بە ئوتنەپیشتیم دەکەوێت و داوای لێدەکات کە ڕەمزی هەرمانی بۆ باس بکات و پێی بڵێت کە چۆن دەتوانێت وەک ئەو بێ مەرگ بێت، بەڵام ئوتنەپیشتیم ناهومێدی دەکات و پیی دەڵێ تۆ ناتوانی بێمەرگ بیت و لە ئاکامدا هەر دەمری. مووسایش تووشی پیرێک دەبێت کە هەمان ڕۆڵی ئوتنەپیشتمی هەیە، موسا داوای زانستێکی هاوچەشنی زانستی خۆی لێدەکات، بەڵام ئەو پیرەش هەر وەک ئوتنەپیشتم وەڵامێکی ناهۆمێدکەر دەداتەوە و دەڵێ تۆ هەرگیز ناتوانی بەو زانستە بگەی.

ئوتنەپیشتیم لە کۆتاییدا گیایەک بە گێلگامێش دەناسێنێت کە دەتوانێت پیر لاو کاتەوە، بەڵام گێلگامێش لە کن رووبارێک لە گیاکە غافڵ دەبێت و مارێک دەیبات و لە دەستی دەدات. مووسایش لە کن دەریایەک لە ماسییەک (کە لە قورئاندا هیچ زانیاریەکی دیکە لە بارەیەوە نیە) غافڵ دەبێت، ماسی خۆی دەخزێنێتە ناو ئاو و بەو شێوەیە مووسا ماسییەکە لە دەست دەدات. لەم بەراوەردەدا مووسا لە جێی گێلگامێش، پیری زانا لە جێی ئوتنەپیشتیم و ماسیش لە جێی گیای لاویدایە. دیارە چیرۆکی گێلگامێش بە هێندێک گۆڕانەوە گەیوەتە بیابانی عەرەبستان و محەممەد ئەو چیرۆکەی بە ناوی چیرۆکی مووسا وەرگرتووە.

بەسەرهاتی ئەو رێبوارگەلەی کە سەفەر دەکەن، بووەتە باشقەی سەرەکی دوو ژانێری چیرۆک. یەکێک چیرۆکی تێپەڕاندنی قۆناخی جۆراوجۆری سەخت بۆ گەییشتن بە سەروەری و هێز و توانای لە رادەبەدەر، ئەکتەری یەکەم لەم چیرۆکگەلەدا پاڵەوانێکی حەماسی و یاریدەری گەلە. دووهەم تێپەڕاندنی قۆناخی هاوچەشن بۆ دەست راگەییشتن بە زانیاری و وشیاری و رووناکی، لەم چیرۆکەدا ئەکتەری یەکەم سۆفییەکە کە پاڵەوانی سەفەری رۆحانیە، جۆری دووهەم سەفەرێکی مێتافیزیکییە کە لەودا رێبوار بە دیناو دەگات، لەم سەفەرە رۆحانی و دەروونیەدا زۆرجار رێبوار لە ریگای خەیاڵەوە قۆناخەکان دەبینێت و لەوان تێدەپەڕێ. نموونەی ئەم جۆرە سەفەرە، سەفەری دانتەیە کە لە کتێبی کۆمێدی خوداییدا باسی دەکات. لە رەوتی سەفەرەکەدا دۆزەخ و بەرزەخ و بەهەشت دەبینێت. یەکێک لە کۆنترین نموونەکانی ئەم جۆرە سەفەرە رۆحانییە لە ئەرداویرافنامەدا باسکراوە کە شرۆڤەی سەفەری رۆحانی ئەرداویراف، کاهینی گەورەی زەردەشتییە بۆ دنیای دیکە. سەفەری ئەرداویراف دواتر لە لایەن زۆربەی کاهینەکانەوە لاسایی کراوەتەوە و کاهینەکان زۆر جار لە ماددەی سڕ کەر بۆ ئازاد کردنی رۆح (کە لە واقیعدا ئازاد کردنی هێزی خەیاڵ و وەهمە) کەڵکیان وەرگرتووە. پاش ماوەیەک دوورەپەرێزی و خۆ تەریک خستن لە خەڵک لە ژێر کاریگەری وشە پیرۆزەکان و ماددە سڕ کەرەکاندا تووشی خەیاڵاتی جۆراوجۆر بوونە و پییان وا بووە سەفەری دنیای دیکەیان کردووە.

نموونە ئەم جۆرە سەفەرگەلە لە قورئاندا سەفەری محەممەدە کە بە پێی تەفسیرەکان لە شەوێکدا سواری ئەسپێکی باڵدار دەبێ و سەرەتا بۆ ئورشەلیم، پاشان بۆ ئاسمان دەڕوا و بەهەشت، دۆزەخ، پێغەمبەرانی دیکە و تەنانەت خوداش دەبینێت و پاشان دەگەڕێتەوە. لە دەقی قورئاندا ئەم چیرۆکە کە بە چیرۆکی مێعراج بەناوبانگە ورردەکارییەکانی بەو شێوە باس نەکراوە و تەنیا باسی رۆیشتن بۆ ئورشەلیمی کردووە.

**"سبحان الذی أسری بعبده لیلا من المسجد الحرام إلی المسجد الأقصی الذی بارکنا حوله لنریه من آیاتنا إنه هو السمیع البصیر"**

پاکی و بێ عەیبی بۆ کەسێک کە لە شوێکدا شەوڕەوی بە عەبدی خۆی کرد، لە "مسجدالحرام"ەوە تا "مسجدالاقصی" (مزگەوتی ئەولاتر)، ئەو مزگەوتەی ئێمە پیت و پیرۆزیمان داوە بە دەوروبەرەکەی. بەو نیازەی کە هێندێک بەڵگەی خۆمانی پیشان بدەین. هەر خۆی بیسەر و بینایە. (ئەسرا،١)

تەنیا ئەم یەک ئایەتە سەبارەت بەو سەفەرە لە قورئاندا هاتووەو شرۆڤەی زیاتر لە لایەن دینکارانی دیکەوە لە تەفسیرەکاندا زیاد کراوە کە بە پێی ئەوانە محەممەد لەو سەفەرە ئاسمانییەدا لە هەر پایەیەکی ئاسماندا یەکێک لە پێغەمبەرەکانی پێشوو دەبینێت و لە گەڵی قسە دەکات و پاشان بەهەشت و دۆزەخ دەبینێ و لە گەڵ خودا قسە دەکات و ئەرکە ئایینیەکان وەک نوێژی بۆ دیاری دەکرێ.

## ٥ـئوستوورەی پاڵەوان

لە ئوستوورەی سەفەردا دیتمان کە تاکێک بڕیاری سەفەریک دەدات یان ڕێبەری سەفەرێکی بە کۆمەڵ دەگرێتە ئەستوو، لە هەموو ڕووداوەکانی سەفەردا ئەو تاکە ناوەندی هەموو شتێکە و بەردەوام باس باسی ئەوە، ئەم تاکە مرۆڤێکی باڵایە کە زۆربەی جار ڕۆڵی پارێزەری گەلی هەیە، لە ڕەوتی سەفەرێکدا لە دەربەدەری و بێچارەیی ڕزگاریان دەکات، دوژمنەکانیان لە ناو دەبات، پێداویستییەکانی ژیانیان دابین دەکات و لە برسییەتی و مەرگ دەربازیان دەکات.

ئوستوورەی پاریدەدەری گەل لە هەموو نەتەوەکانی دنیادا هەیە و بە ناوی ئوستوورەی پاڵەوان بەناوبانگە. چیرۆکی پاڵەوانی زۆر بەربڵاو و جۆراوجۆرە بەڵام ئەوەی کە ئێزنی کۆ کردنەوەی هەموویان لە ژێر یەک ناودا دەدات هەبوونی خاڵی هاوبەشی زۆرە. ژیانی پاڵەوان و کردەوەکانی ئەو لە هەموو دنیادا هاوچەشنیەکی هەیە کە هەموو پاڵەوانەکان لێک نزیک دەکاتەوە. تایبەتمەندییەکانی ئۆستورەی پاڵەوان بریتییە لە:

## ١- له دایک بوونی پاڵەوان هەڕەشەیەکە بۆ ستەمکارەکان

له هەموو گێرانەوەکانی ئەم ئوستوورەیەدا هەمیشه پاشایەک و سەرکردەیەکی ستمکار هەیە، ئەو خەونی له ناوچوونی خۆی به دەستی منداڵێک دەبینێ که هێشتا له دایک نەبووه، یان خەبەری ئەوه له فاڵگیرەکان و دینکارەکان دەبیسێ. بۆیه هەوڵی پێشگرتن به له دایک بوونی ئەو منداڵه یان له ناو بردنی دەدا. بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی ئەو، منداڵەکه له دایک دەبێ. نموونەی ئەم جۆره له دایک بوونه له ئوستوورەکانی یۆناندا چۆنیەتی له دایک بوونی پێرسیوسو هەر وەها ئۆدیپه. هەر دووی ئەم پاڵەوانگەله سەرەڕای هەوڵەکانی شا (که باوک یان باپیری منداڵەکەیه) له دایک دەبن. نموونەی ئێرانی پاڵەوانی لەم چەشنه فەرەیدوونه که له کاتی حکوومەتی زەحاکدا له دایک دەبێت، زەردەشتیش وەها بەسەرهاتێکی هەیەو کەرپەنەکانو کەوییەکان[1] زۆر هەوڵ دەدەن زەردەشت له ناو بەرن، بۆیه به سەرهاتێکی هاوچەشنی هەیە، ئەم مووتیڤه له ئوستوورەکانی تەوراتدا له چیرۆکی مووسادا رەنگ دەداتەوه که پاڵەوانی گەورەی بەرەی یەهوودە.

## ٢- پاڵەوان به دەستی ئاژەڵێک پەروەرده دەبێ

ئەو منداڵه که هەوڵی له ناو بەردنی دەدرێ، پاش له دایک بوونی زۆرجار له لایەن ئاژەڵ و گیانلەبەری جگه له مرۆڤ یان له لایەن مرۆڤێکی ساده و بێ پێگه وەک راوچی پەروەرده دەبێ. هەموو پاڵەوانه گەورەکانی یۆنان وەها پەروەردەیەکیان هەیە، له ئوستوورەکانی ئێراندا زاڵ (باوکی رۆستەم) و هەر وەها فرەیدوون لای ئاژەڵ پەروەرده دەبن. پاڵەوان له رەوتی پێگەیشتنی له ناو خەڵکانی ئاساییدا دەبێ به دژبەری دەسەڵات و له ئاکامدا خەونی خاوەن دەساڵاتەکه دێته دی. ئەو منداڵه که لێی دەترسا، یان به ئاگا یان نائاگا پاشا دەیکوژێت و دەسەڵاتەکەی تێک دەدات.

---

[1]- کەوی و کەرپەن دوو ناوه بۆ کاهینی ئایینی یان دینکارەکانی ئایینی پێش له زەردەشت، به پێی چیرۆکی زەردەشت ئەوانه دەیانزانی زەردەشت دەسەڵاتەکەیان تێکدەدات هەر بۆیه هەر له کۆرپەییەوه دژایەتییان کردووەو هەوڵی له ناو بەردنیان داوه.

### ٣- پاڵەوان ئەرکی ئەژدیها کوژی لە ئەستۆیەتی

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی پاڵەوان ئەژدیها کوشتنە، هەموو پاڵوانەکانی دنیا یەک یان چەندین ئەژدیها و دێوی دڕندە کە دوژمنی گەلن دەکوژن. پێرسیۆس ئۆدیپ، هێرکووڵ، زیگفرید، ئاشیل و هەموو پاڵەوانەکانی دیکە ئەژدیها دەکوژن. لە ئوستوورەکانی ئێرانی ئاڤێستاییدا ڕۆستەم و هەروەها گەرشاسپ گەورەترین ئەژدیها کوژەکانن. لە حەماسەی گێلگامێشدا کوشتنی گای ئاسمانی هاوگرەوەی ئەژدیها کوشتنە. ئەژدیها زۆرجار یان پێش بە ئاوەکان دەگرێت کە بەوشیوەیە خەڵک تووشی قڕوقات دەکات، یان کچێک بە یەخسیری دەگرێ و پاڵەوان هاوکات لە گەڵ کوشتنی ئەژدیها، ئاوەکان بەردەدات و کچی یەخسیر کراو ئازاد دەکات. ئازاد کردنی کچ لە چیرۆکی پێرسیوس، چیرۆکی فرەیدوون و زۆر چیرۆکی پاڵەوانی دیکەدا هەیە، پێرسیوس مێدۆسا دەکوژێت و کچێک ڕزگار دەکا، فرەیدوونیش پاش شکستی زەحاک خوشکەکانی جەم ئازاد دەکات. هاوتەریبی ئاو و ژن لە ئوستوورەدا دەرخەری یەک چەشن بوونی ئەو جۆرە گێڕانەوەگەلەن.

بەڵام پاڵەوانی حەماسە هێندێک جیاوازی بەرچاوی لە گەڵ پاڵەوانی دەقی ئایینیدا هەیە، لە دەقی ئایینیدا کەسایەتییەک کە وەک پاڵەوان لە دایک بوونی تایبەت و جیاوازی هەیە، بوونی هەیە و بە هەمان شێوە پەروەدەیەکی دوور لە دایکی هەیە. بەڵام پاش پێگەییشتن پاڵ بە هێزی مێتافیزییکەوە دەدا و ئەو کارە سەیر و سەمەرانەی کە پاڵەوان دەیکا (واتە کوشتنی ئەژدیهاو...) ئەم بە شێوەی جادوو و مۆعجیزە نیشانی دەدات. پاڵەوانی بیاڤی ئایین، کە هەمان جادووگەر یان نەبییە، نەک بە هۆی کردەوەیەک وەک ڕزگار کردنی گەل، بەڵکوو بە هۆی کردەوە جادووییەکانی و بانگەشەی ڕزگاری ڕۆحەوە، ڕێبەریی خەڵک دەگرێتە ئەستۆ و نوێنەرایەتی خودایان دەکات. نەبی بە پێچەوانەی پاڵەوان لە بەرانبەری گەلدا بەرپرسیار نیە، بەڵکوو تەنیا لە بەرانبەر ئەو خودایە کە نوێنەرایەتی دەکات بەرپرسیارە. نموونەی پاڵەوانی ئایینی، هەموو ئەنبیای ئیسرائیلن کە لە تەوراتدا باسیان کراوە، لە نێو ئەوانەدا کەسانێک وەک مووسا و ئیبراهیم ڕۆڵی بەرچاوتریان هەیە. لە قورئاندا ئیبراهیم گەورەترین پاڵەوانی ئایینیە کە پاش تێپەڕاندنی قۆناخی جۆراوجۆری پەرەستنی بابەتی پیرۆز، بە پەرستنی بوونەوەرێکی تاک و نادیار دەگات کە قورئان بە ئەڵلا ناوی دەبات.

ئیبراهیم بۆ گەییشتن بە شتێک کە شایانی پەرەستن بێت بە پرسیارێکەوە دەست پێدەکات:

**"و اذ قال ابرهيم لا بيه آزر أتتخذ أصناما آلهة" ... "فلما جن عليه اليل رءا كوكبا قال هذا ربى فلما أفل قال لا أحب الآفلين* فلما رءا القمر بازغا قال هذا ربى فلما أفل قال لئن لم يهدنى ربى لاكونن من القوم الضالين" "فلما رءا الشمس بازغة قال هذا ربى هذا أكبر فلما أفلت قال يقوم إنى برىء مما تشركون"**

**"إنى وجهت وجهى للذى فطر السماوات و الارض حنيفا و ما أنا من المشركين"**

ئیبراهیم بە ئازەری بابی خۆی گوت: ئەتۆ بۆچی ئەو بتانە دەپەرەستی؟... (پاشان قۆناخەکانی تاقیکردنەوەی ئیبراهیم دەست پێدەکات؛) کە شەو بە سەردا هاتو تاریک داهات، ئەستێرەیەکی بەدی کرد. گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. هەر کە لە بەرچاو ئاوا بوو، گوتی: هەرچی ئاوا بێ خۆشم ناوێ وەختێ دیتی مانگ هەڵات، گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. کە ئەویش لە بەرچاو نەما گوتی: ئەگەر پەروەرێنی راستەقینەم خۆی شارەزاییم پێ نەڵێ منیش لە گومرایان دەبم . کاتێ دیتی وا خۆر لە کەل سەر دەکەوێ گوتی: ئەمە لەوانیتر مەزنترە، پەروەرێنی من هەر ئەمەیە. کە خۆریش کەوتە خۆرنشین، گوتی: گەلۆ! من لەو کارە کە شەریکان بۆ خودای من دەناسن، تەکیمەوە . وا من بە دڵپاکی رووم کردە ئەو کەسە کە ئاسمان و زەمینی داهێنا و لەوانە نیم شەریکی بۆ پەیدا دەکەن. (ئەنعام، ٧٤-٧٩)

بەم شێوەیە ئیبراهیم پاش تێپەڕاندنی چەندین قۆناخ و ئەزموونی جۆرەکانی پەرەستن کە دەتوانێت گێڕانەوەیەک لە بوونی ئایینی پەرەستنی دیاردە ئاسمانییەکان (ئەستێرە، مانگ، خۆرو...) بێت، لە کۆتاییدا بە ئایینێکی تایبەت دەگات کە بە ناوی ئایینی حەنیف ناوی دەبات. ئەگەرچی ئایینی حەنیف ئایینێکی نوێی لە سەردەمی پێش لە سەرهەڵدانی ئیسلام بووە و هیچ پێوەندییەکی راستەقینەی لە گەڵ ئیبراهیمی تەوراتدا نیە، بەڵام باوەڕمەندان بەو ئایینە خۆیان بەو کەسایەتییەی ئایینی یەهوود بەستووەتەوە.[١]

هاوچەشنیی دیکە ئیبراهیم وەک پاڵەوانێک لە گەڵ پاڵەوانەکانی دیکەدا، تێپەڕاندی تاقیکاری مەرگ (وەر)ە. زۆربەی پاڵەوانەکان لە یەکێک لە قۆناخە هەستیارەکانی

[١]- لە بەشی دین دا پەرژوامەتە سەەر ئەم ئایینەو چۆنیەتی سەرهەڵدانی و هەروەها کاریگەرییەک کە لە سەر ئیسلام هەبوویە.

ژیانیاندا ناچار دەبن بۆ سەلماندی توانای خۆیان و لە سەرەوە بوونی خۆیان بە نیسبەت مرۆڤەکانی دیکە، لە گەڵ مەرگدا بە شێوەی راستەوخۆ رووبەروو بن. لە سەفەری پاڵەوانەکاندا تێپەڕین لە ئاوێکی قووڵ و مەرگ هێنەر، یان تێپەڕین لە ئاگر هەمیشە بەدی دەکرێ. بۆ نموونە گێلگامێش لە رووباری پڕ مەترسی مەرگ تێدەپەڕێ و سیاوەش لە ئوستوورەی ئێرانیدا دەچێتە ناو ئاگرێکی مەزنەوە، بە بێ ئەوەی تەنانەت جلە سپییەکانی پیس بووبێ، بە سەربەرزی لە ئاگر دێتە دەرەوە.

ئەو تاقیکارییە لەبارەی ئیبراهیمیشەوە روو دەدات. ئیبراهیم پاش شکاندنی بتەکان و پاش ئەوەی دەڵی لە لایەن خوداوە هاتووم، بۆ سەلماندی راستی قسەکەی خۆی دەچیتە ناو ئاگرێکەوە کە بۆی ساز کراوە.

**"قلنا يا نار كوني بردا و سلاما على ابراهيم"**

وتمان: ئەی ئاگر بۆ ئیبراهیم سارد و بێمزەرەت بە (ئەنبیا-٦٩)

**"فما كان جواب قومه الا ان قالوا اقتلوه او حرقوه فانجاه الله من النار ان في ذلك لآيات لقوم يؤمنون"**

تەنیا وەڵامی هۆزەکەی(هۆزی ئیبراهیم) هەر ئەمە بوو کە: بە کوشتن بیکوژن یا بیسووتێنن. خودا لە ئاگری پاراست...(عەنکەبووت- ٢٤)

پاڵەوان چ حەماسی بێتو چ ئایینی، پاش سەرکەوتن لە تاقیکاری مەرگدا بە پلەیەکی زۆر بەرز دەگات. ئەگەرچی رۆڵی کەسایەتییەک وەک ئیبراهیم جیاوازی زۆری لە گەڵ پاڵەوانە حەماسییەکاندا هەیە، بەڵام گرتنە ئەستۆی فانکسیۆنی رزگاری دەری و تێپەڕاندنی تاقیکاری جۆراوجۆر و دژوار، ئیزنی ئەوە دەدات کە ئەم دوو کەسایەتییە، واتە کەسایەتی ئایینی و رۆحانی لە گەڵ کەسایەتی حەماسی لە لای یەک دابنین و هەردووکیان خاوەنی تایبەتمەندییەکانی ئوستوورەی گشتگیری پاڵەوان پێناسە بکەین.

لە ئوستوورەی پاڵەواندا بۆ وێنا کردنی گرینگی رۆڵی پاڵەوان، زۆرجار مووتیڤگەلێک کە لە ئوستوورەکانی دیکەدا کردەوەی تایبەتی خوداکانن بە دی دەکرێن، لە هەموو ئوستوورەکاندا ئەو گرێ دراوییە دەبیندرێ و هەر ئوستوورەیەک خاڵگەلێک لە ئوستوورەکانی دیکەشی تێدایە. واتە گێرانەوەی ئوستوورەیی خۆی بە یەک هێڵی

راستەوخۆ و تایبەتەوە نابەستێتەوە. شتگەلێک لە ئوستوورەگەلی دیکە هەمیشە دەخزنە ناو ئوستوورەیەکی دیاری کراوەوە. بۆ نموونە بەشگەلێک لە ئوستوورەی پاڵەوان هەمیشە لە ئوستوورەی دەرباز بووندا هەیە، یان کەسایەتی ئوستوورەی تۆفان دواتر لە ئوستوورەی سەفەردا رۆڵی رێنوێنی کەر دەبینێت. هەروەها زۆرجار کردەوەکانی خوداکان لە ئوستوورەکانی ئافراندندا دەبێتە باشقەی هەڵسوو کەوتی پاڵەوانەکان. بەڵام بە هەموو ئەم لێکچوونانەوە، ئەوەی کە شوێنی هەر ئوستوورەیەک دیاری دەکات ئاکامێکە کە ئوستووره بەدوایدایە، ئەو ئاکامەیە کە دەرخەری شوێنی ئوستوورە، لە پۆلێنبەدنی ئوستوورەکاندایە.
بە پێی ئەم پۆلێنبەندیە کە لێرەدا خرایە بەر دەست واتە دابەش کردنی ئوستوورەکان بە سەر :

١- ئوستوورەکانی ئافراندن
٢- ئوستوورەکانی زا و زێ
٣- ئوستوورەکانی تۆفانو لەناوچوون
٤- ئوستوورەکانی سەفەرو دەربازبوون
٥- ئوستوورەکانی پاڵەوان

ئوستوورەی یەکەم(ئافراندن) بەتەواوی باسی خودایانی سەرەتایی و کردەوەکانی ئەوان دەکات، ئوستوورەی دووهەم(زا و زێ) باسی خودایانی سروشتی کە نوێنەری دیاردەکانی سروشتن دەکات، هۆکاریشی ئەوەیە کە ئەم دوو ئوستوورەیە پاساودەری شتانێکن کە مرۆڤ ناتوانێ دەستێوەرانیان بکات، وەرزەکان بە بێ دەستێوەردانی مرۆڤ دەگۆڕن و گیا لە بەهاردا شین دەبێت، بۆیە ئوستوورەی زا و زێ ئوستوورەیەکە کە چیرۆکخوانی ژیان و بەسەرهاتی خوداکانی سروشتە. ئوستوورەی ئافراندنیش بە هەمان شێوە، مرۆڤ لە کاتێکەوە چاوی کردۆتەوە، خۆی لە دنیایەکی گەورەدا بینیەوە کە سەر و بنی بۆ ئەو نادیار بووە، نەیزانیوە لە چ کاتیکەوە ئەو دنیایە پێک هاتووە، بۆیە ئوستوورەی ئافراندنیش پێوەندی تەنها بە خوداکانەوە هەیە. ئوستوورەی سیهەم(تۆفان) خودایانو سروشت هەردووکیان رۆڵیان هەیە، بەڵام لایەنی سێهەم واتە مرۆڤیش دیتە ناو گێرانەوەکانەوە.(بۆ نموونە ئوتنەپیشتیم، نۆح، جەم و...) ئوستوورەی چوارەم و پێنجەم بە تەواوی باسی مرۆڤ دەکەن و رۆڵی خودایان دەکەوێتە پەراوێزەوە و ناوەندایەتی ئوستووره دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ. ئەگەرچی ئەو مرۆڤە مرۆڤێکی ئاسایی نیە و دەتوانین بڵێین نیوە

خودا و نیوە مرۆڤە، بەڵام باسی ژیانی مرۆڤ و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەکات. باسی دەربەدەری و کۆیلایەتی و بندەست بوون دەکات.

پێشتر گوتمان مرۆڤ لە رێگای ئوستوورەوە بۆ رووداوەکان پاساو دێنێتەوە و شرۆڤەیان دەکا، بۆ وەڵام دانەوە بە پرسیاری چۆنیەتی پێکهاتنی دنیا و چۆنیەتی گۆڕانی سروشت روو لە ئوستوورەی مەردووک و هاوچەشنی ئەو دەکات، کاتی بەرەرووبوون لە گەڵ ستەمی کۆمەڵایەتییشدا پەنادەباتە بەر ئوستوورەی پاڵەوان، پاڵەوانێک کە دیاری کراوی خودایان بێ و بتوانێ لە ستەم و کۆیلایەتی دەربازی بکات.

ئەگەرچی ئوستوورەی ئافراندن و زاوزی پاش دەرکەوتنی راستییە زانستییەکان، کەوتوونەتە پەراویز و چیدی وەڵام دەری پرسیارەکانی مرۆڤ لەو بارەیەوە نیین، لە دنیای ئەمڕۆدا کەس پێی وانیە دنیا لە جەستەی تییەمەت پێکهاتوە، یان خودا فووی کردووەوتە ناو پارچە قوڕێک و بووەتە مرۆڤ. هەر بۆیە ئەم ئوستوورەگەلە تا رادەیەکی زۆر مێژووبەتاڵ بوونە و ماوەیان بە سەرچووە.

بەڵام ئوستوورەی پاڵەوانو ئوستوورەی دەرباز بوون یان رزگاری تا ئەو کاتەی ستەمی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێ، هەر دەم ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە. هەر بۆیە ئوستوورەناسەکان دەڵێن ئوستوورە هەرگیز کۆتایی پێنایەت، بەڵکو بیچم دەگۆرێت. لە دنیای ئەمرۆدا ئوستوورەی پاڵەوان هەرماوە، ئەو رێبەرانەی کە لە هەر نەتەوەیەکدا رۆڵی رزگاری دەریان هەیە، دەبن بە ئوستوورە. با بە منداڵی هەڕەشەیان لێ نەکرا بێ و با ئاژەڵ پەروەردەی نەکردبێتن، بەڵام ئەو رۆلەی کە دەیبینن دەیانکا بە ئوستوورە.

## چیرۆکە ئوستوورەییە سەربەخۆکانی قورئان

لێرەدا پاش کۆتایی هاتنی بەشی ئوستوورە و دۆزینەوە و لێکدانەوە و خستنە بەردەستی ئوستوورەکانی قورئانو نیشان دانی بنەمای ئوستوورەیی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە دەپەرژێمە سەر هێندێک بابەت لە قورئاندا کە لە چوارچیوەی ئەم پۆلێنبەندییە گشتییەدا ناگونجن بەڵام بە هەمان شێوە خاوەنی بەکگراوندی ئوستوورەیین.

## ١- چیرۆکی یارانی ئەشکەوت (اصحاب کهف)

یەکێک لە چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی قورئان چیرۆکی ئەسحابی کەهفە کە لەودا هێندێک کوڕی لاو لە گەڵ سەگێکدا لە بەر ستەمی پاشایەک دەچنە ناو ئەشکەوتێکەوە و دوای خەونێکی درێژماوەی سێسەد ساڵە رادەچڵەکن. یارانی ئەشکەوت بۆ خۆیان و هەروەها خەڵکیش لەو رووداوە سەیرە سەریان سووڕ دەمێنێ، پاشان ئەو لاوانە لەوێ دەمرن و خەڵک ئەو ئەشکەوتە دەکەن بە پەرستنگا. باسەکە لە قورئاندا لە سوورەی کەهفدا بەم شێوە هاتووە:

**"إذ أوی الفتیة إلی الکهف فقالوا ربنا آتنا من لدنک رحمة و هیئ لنا من أمرنا رشدا"** (١٠) **"و تری الشمس إذا طلعت تزاور عن کهفهم ذات الیمین و إذا غربت تقرضهم ذات الشمال و هم فی فجوة منه ذالک من آیات الله ..."**(١٧) **"و تحسبهم أیقاظا و هم رقود و نقلبهم ذات الیمین و ذات الشمال و کلبهم باسط ذراعیه بالوصید لو اطلعت علیهم لولیت منهم فرارا و لملئت منهم رعبا"** (١٨) **"و کذالک أعثرنا علیهم لیعلموا أن وعد الله حق و أن الساعة لا ریب فیها إذ یتنازعون بینهم أمرهم فقالوا ابنوا علیهم بنیانا ربهم أعلم بهم قال الذین غلبوا علی أمرهم لنتخذن علیهم مسجدا"** (٢١)

کاتێ لاوەکان پەنایان بۆ غارەکە بردو گوتیان: ئەی پەروەرێنی هەمووومان! تۆ بەر بەزەیی خۆتمان بخەو کارەکەمان بۆ مەیسەر بکە.(١٠) کە خۆر هەڵدێ بڕوانی لە ئالی راستی ئەشکەوتەکەیانی داوە ، لە دەمی زەردە پەڕیشدا بەرەو چەپ لێیان لادەدا و ئەوان لە گۆڕاییەکەدان . ئەمە یەکێک لە نیشانەکانی خوایە...(١٧) تۆ پێتوایە کە بێدارن کەچی خەوتوون، ئێمە بە راست و چەپدا هەڵگێڕ وەرگێڕیان پێدەکەین. سەگەکەشیان لە لای دەرگاکە وەرکەوتبوو. تۆ ئەگەر چووبای بتدیبان بە راکردن بە رەودوا دەگەڕایتەوە و سەرتا پات ترس دایدەگرت.(١٨) دەربارەیان لە ناو خۆیان ملیان لە راوێژ کردن نا، گوتیان: ماڵۆچکەیەکیان لە سەر درووس کەن پەروەرێنیان لەنگۆیان چاتر دەناسێ . ئەوانەی دەبارەی ئەمان قسەیان زۆرتر دەڕۆیی گوتیان: دەبێ مزگەوتێکیان لە سەر بکەین. (٢١)

لە پێکهاتەی دیار و بەرچاوی چیرۆکەکە شتێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێ، بەڵام بە کاری لێکۆڵینەوەی ئوستوورەناسانە و هێماناسانە ورد بوونەوە لە سەر وردەکارییەکان و

دۆزینەوەی ئەو هێڵە نادیارە، هێماکانی شاراوەی ناو چێرۆکێکە پێکەوە گرێ دەدات و لە گەڵ گشتییەتێکی ماناداردا پێوەندی دەدات. لێرەشدا هێندێک خاڵ و هێندێک وردەکاری هەیە کە سەرچاوەی رەسەنی چیرۆکی ئەشکەوتمان بۆ دەردەخات.

هەروەک پێشتر باسم کرد یەکێک لە مەبەستەکانی گێرانەوەی ئوستوورەیی پاساو هێنانەوە بۆ دیاردەکان یان رێورەسمەکانە. لەم چیرۆکەشدا هەموو باسەکە لە خزمەتی بەشی کۆتاییدایە، واتە بوونی پەرستنگایەک لە سەر ئەشکەوتێک یان بوونی ئەشکەوتێک کە پیرۆزی پێدراوە.

کەڵک وەرگرتن لە ئەشکەوت وەک شوێنێکی پیرۆز بۆ بەرێوەبردنی رێورەسمی ئایینی لە زۆر شوێنی دنیادا باو بووە، ئاسەواریشی لە سەرتاسەری ئیمپراتۆری رۆم و شارستانییەتەکانی دەورووبەریدا هەر ماوە. لەم ئەشکەوتانەدا هێندێک پەیکەرە هەیە کە لە هەموو ئەوانەدا کورێکی لاو یان خەریکی کوشتنی گایەکە و یان بە جۆرێکی دیکە راوەستاوە و بەردەوام سەگێکیشی لە گەڵدایە.

بوونی ئەم سێ خاڵە هاوبەشە واتە بوونی ئەشکەوتێک کە وەک پەرستنگا کەڵکی لێوەردەگیرێت، تەرکیز و پێداگری لە سەر لاوەکان و سەگەکەیان، ئەو هێڵە نادیارگەلەن کە چیرۆکی ئەسحابی کەهف پێوەند دەدەن بە گەورەترین و بەربڵاوترین ئایینی دنیای کۆن واتە ئایینی میترایی یان ئایینی پەرستنی مێر (مێهر).

مێر خودایەکی هیندوئێرانیە کە لە ئورووپایشدا باوەڕمەندانی زۆر هەبووە، بەڵام میترای روومی لە گەڵ مێری ئاڤێستاییدا هێندێک جیاوازی هەیە. ئەو پەیکەرەگەلە کە لە ئەشکەوتەکانی ئۆرووپادا هەیە جەخت لە سەر تایبەتمەندییەکانی مێری ئاڤێستا دەکەن، لەم پەیکەرەگەلەدا مێر لە حاڵی کوشتنی گایەکدایە کە لە پەیکەری ئەو، دنیا پێک دێت، واتە کاری ئافراندنی لە ئەستۆدایە، لەم پەیکەرەگەلەدا دوو مرۆڤی ئاسایی لە جلی شوانیدا لە لای مێر یان میترا راوەستاون و هەر یەک مەشخەڵێکیان بە دەستەوەیە. ئەمە دەرخەری پێوەندییە بنەمایەکانی ئەم ئایینە لە گەڵ شێوەی ژیانی شوانیدایە، لە ئاڤێستاشدا مێر هەمیشە بە خاوەنی لەوەرگا گەورەکان دێتە ئەژمار. بەڵام رۆڵی ئەم خودایە دواتر گۆڕاوە و لە ئۆرووپادا زیاتر بە ئایینێکی تایبەت بە توێژی سەرباز ناسراوە. وارنێر دەڵێ: سەربازیگەری نێوەرۆکی رەسەنی ئایینی میترایییە... مامۆستایانی میترایی زیاتر پلەی جەنگاوەری و سەربازییان هەبووە، ئەو دڵرەقییەی کە لە پەیکەرەکانی میترادا هەیە ئەو

شتە نیشان دەدەن[1] . ئایینی مێر لە ئێراندا زۆر کۆنترە لە ئایینی زەردەشت. پێش لە چاکسازی ئایینیی زەدرەشت، میترا لەگەڵ ئەهوورەو ئاناهیتا لە ژماری گەورەترین خودایان بوو. تەنانەت رۆڵی ئەهوورەیشی خستبووە پەراوێزەوە. " لە ئوستوورەکانی نەتەوەی پارتدا ئەهوورەمەزدا جێی خۆی دا بوو بە میترای رزگاری دەر.... ئەو لە لایەن ئەهوورەوە ئەرکی تەکووزدان بە دنیای لە ئەستۆدا بوو هەروەها دەبوو پێداویستییەکانی شارستانییەت بۆ مرۆڤ دابین بکات."[2]

لە سەردەمی چاکسازی دینیدا میترا بۆ ماوەیەک کەوتە پەراویز و گرینگی بە ئەهوورە درا، بەڵام دوای مەرگی زەردەشت مێر دیسانەوە هاتە ناو خودایانی گەورەی زەردەشتییەوە. لە گاهان (گاتەکان)دا کە تەنیا نووسراوەی رەسەنی خۆدی زەردەشتە، هیچ ناوێک لە مێر نەبراوە، بەڵام لە ئاڤێستادا مێر یەشت یەکێک لە گەورەترین یەشتەکانە و پاش فەروەردین یەشت، کۆنترین یەشتی ئاڤێستا دێتە ئەژمار.[3]

مێر یان میترا کە لە ئاڤێستادا بەناوی میثرە ناوبراوە خودای پەیمان و رۆشناییە، لە مێر یەشتدا سەبارەت بەم خودایە هاتووە: " پەسنی مێر خاوەنی بەرینترین لەوەرگا دەکەین کە ئاگای لە مەنسەرەیە (قسەی راست)، قسەزانی، خاوەن هەزار گوێ و دەهەزار چاو، ئەو باڵا بەرزەی کە لە سەر بەرزاییەکی بەرین راوەستاوە، ئەو پارێزەرە کە هەرگیز خەو لە چاوی ناکەوێ."[4] مێر لە گەڵ خۆردا لە خۆرهەڵات بەرەو خۆرئاوا دەچێت و چاوەدێری بە سەر پەیمانەکاندا دەکات، هەر بۆیە ئاوەڵناوی خودای هەمیشە بێداری هەیە.[5]

مێر ئەگەرچی خودای خۆرە، جیاوازی بەرچاوی لە گەڵ خۆردا هەیە، مێر لە واقیعدا روخساری مرۆیی خودای خۆرە، کوڕێکی لاو و جوان چاک و خۆش قەڵافەت کە هێما پێوەندییدارەکانی دیکەی بریتین لە خۆر، شێر، ئاگر، خونچەی لوتوس و هەروەها زێڕ[6]. ئەم خودایە و ئایینەکەی ئەگەرچی لە لایەن سەربازانەوە پەرەی پێدرا و جیهانگیر بوو، بەڵام تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئاژەڵداری لێی دانەبرا. یەکێک لە نیشانەکانی ئەو شتە بوونی بەردەوامی سەگێکە لە گەڵیدا کە پارێزەری مەڕ و ماڵات و هاورێی هەمیشەی

[1]- وارنر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧١
[2]- ورستاندیگ، آندره؛ امپراطوری اشکانیان؛ ترجمه محمود بهفروزی، تهران: جامی، ١٣٨٦ ص ٣٣
[3]- اوستای کهن، ترجمه رضا مرادی غیاث آبادی، شیراز: انتشارات نوید شیراز،١٣٨٢. ص ٥٣
[4]- اوستا، مهر یشت، کرده ٢: ٣٥٥
[5]- آموزگار، ژاله، تاریخ اساطیری ایران؛ چاپ دوم، تهران: سمت،١٣٧٦. ص١٩
[6]- رضی، هاشم، آئین مهر(پژوهشی در آئین راز آمیز میترایی)؛ تهران: انتشارات بهجت،١٣٨١. ص ٧٤

شوانە. سەگ لە ڕێگای ئایینی میترابیەوە پیرۆزی پێ بەخشراوە، میترا لە گەڵ سەگەکەیدا خەریکی ڕاوی ئەو گایە دەبێ کە سەرچاوەی هێزەکانی ژیانە. پاش کوشتنی گاکە، "سەگ لە گەڵ ڕەوانی گاکەدا بۆ ئاسمان دەچێت و وەک پارێزەری ڕەوانی گا، لە ئاسماندا بەناوی خودای پارێزەری مەڕوماڵات جێگیر دەبێ."[1] ڕۆڵی سەگ لە ئایینی زەدەشتدا زۆر بەرچاوە، سەگ وەک بوونەوەرێکی پیرۆز دێتە ئەژمار کە ئەهریمەن ڕاو دەنێ و لە ڕەوانی مردووەکانیش پاسەوانی دەکات. جەم، خودای دنیای مردووەکان هەمیشە دوو سەگی لە گەڵدایە. لە ئایینی زەردەشتدا سرووتێک هەیە بە ناوی سەگدید. لەم سرووتەدا سەگێک دەبێ لە لای تەرمی مردوو بێت بۆ ئەوەی دێوی لاشە (نەسوو) دوور بکاتەوە و ڕەوانی مردوو بە بێ ئازار بۆ دنیای مردووەکان بچێت.

بە لە بەرچاو گرتنی ڕۆڵی گرینگی سەگ لە ئایینی میترایی‌دا و هەروەها پێوەندی نێوان ئەشکەوت و سیمای کوڕێکی لاو، لە گەڵ ئایینی میترابیدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بوونی سەگ لە چیرۆکی ئەسحابی کەهفدا، شتێکی بەهەڵکەوت نیە و ئەم بوونەوەرە بە هۆی پیرۆزایەتییەک کە لەم ئایینەدا پێی بەخشراوە، پلەیەک وەک پلەی مرۆڤی هەیە، هەر بۆیە لە گەڵ کوڕەکاندا بە وتەی قورئان دەخەویت و لە گەڵ ئەوانیشدا دەمرێت.

ئەسحابی کەهف چیرۆکێکە کە پاساو هێنەری پیرۆزایەتی ئەشکەوتەکانی ئایینی میترایە، کە لە ڕێگای ڕێبوارەکان، ئەسحابە ئێرانیەکان وەک سەلمانی فارسی و بازرگانەکانەوە گەیشتووەتە محەممەد. ئەویش بە لێکدانەوەی خۆی، مانای ئایینی هاوتەریب لە گەڵ باسی گشتی قورئان و مەبەستی خۆی کە پەرەدان بە پەرەستنی ئەڵلایە، لەو چیرۆکە زیاد کردووە.

## ٢- چیرۆکی یوونس

ناوی یوونس لە قورئاندا لە ٦ سوورەی جیاوازدا هاتووە و چیرۆکی ژیانی تەنیا لە چەند ئایەدا بە شێوەی پچڕ پچڕ ئاماژەی پێ کراوە و سەیر ئەوەیە کە لە سوورەیەکدا کە بە ناوی یوونسە، تەنیا لە یەک ئایەدا (واتە ئایەی ٩٨) ناوی یوونس هاتووە کە ئەویش هیچ پێوەندییەکی بە بەسەرهاتی یوونسەوە نیە. ناوی یوونس لەم سوورەگەلەدا هاتووە: نسا-

[1]- کومن، فرانتس، ترجمە: احمد آجودانی، تهران: نشر ثالث ١٣٨٦، ص ١٤٧

١٦٣ ، ئەنعام -٨٦ ، ئەنبیا- ٨٧ و ٨٨ ، یونس- ٩٨ ، سافات- ١٣٩- ١٤٨ و قەلەم- ٤٠-٥٠

بەلاَم سەبارەت بە چۆنیەتی بەسەرهاتی ئەم کەسایەتییە لە چەند سورەدا تەنیا ئاماژەیەکی کورتی پێکراوە. لە سوورەی ئەنبیادا هاتووە:

**"و ذا النون اذ ذهب مغاضبا فظن ان لن نقدر عليه فنادى في الظلمات ان لا اله الا انت سبحانك اني كنت من الظالمين" "فاستجبنا له و نجيناه من الغم و كذلك ننجي المؤمنين"**

خاوەن ماسیش بێنەوە بیر! ئەوسا بە تووڕەیی ڕۆی و هەر پێی وابوو ئێمە دەروەستی ئەو نایەین، تا لە ناو تاریکاییدا هاواری کرد: لە غەیرەز تۆ هیچ خودایەک شک نابەم، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە، من لە ریزی ناهەقان بووم* سا دەهانای ئەویش هاتین، لە خەمەکەمان رزگار کرد. ئێمە ئاوا باوەڕداران رزگار دەکەین. (ئەنبیا٨٨-٨٧)

لە شوێنی دیکەدا شتەکە روونتر دەکاتەوەو دەڵێ:

**"و ان يونس لمن المرسلين" "اذ ابق الى الفلك المشحون" "فساهم فكان من المدحضين"**

**"فالتقمه الحوت و هو مليم* فلولا انه كان من المسبحين" "للبث في بطنه الى يوم يبعثون* فنبذناه بالعراء و هو سقيم"**

یوونسیش هەر یەکێک بوو لە پێغەمبەران. کە رای کردە ناو گەمێی پڕ. لە پشک خستن بەشدار بوو، ئەو دۆڕاندی. ئەوسا ماسییەکی زەلام هەڵی لووشی و بۆ خۆی سەرکۆنەی خۆی دەکرد. سا ئەگەر ئەو پاکی خودای نەگوتبایە. تا ڕۆژێ سەڵا رادەبوو لە ورگیدا دەمایەوە. فڕێمان دایە دەشتێکی وشک و قاقڕ، نەخۆشیش بوو (سافات، ١٣٩-١٤٥)

ئەو شتەی قورئان باسی دەکات پێغەمبەرێکە کە بە هۆی نافەرمانییەک کە روون نیە ئەو نافەرمانییە چییە، پاش پشک خستن لە گەمێیەکەدا لە دەریا دەکەوێت و لە سکی ماسییەکدا زیندانی دەبێ و ماوەیەک لەوێدا دەمێنێتەوە و پاشان رزگاری دەبێت.

تەورات چیرۆکەکە باشتر و روونتر دەگێڕێتەوە:

خودا بە یوونس کوڕی ئەمیتای گوتی: بڕۆ بۆ شاری گەورەی نەینەوا و بە خەڵکەکەی بڵێ خودا بە زووترین کات سزای بەدکاریتان دەداتەوە.

بەڵام یوونس نایهەوێ بۆ نەینەوا بچێت و هەربۆیە سواری گەمێیەک دەبێت تا لە فەرمانی خودا دەربچێت... بەڵام خودا بایەکی توندی نارد و دەریای تۆفانی کرد... ئەوانەی ناو گەمێیەکە پشکیان خست بۆ ئەوەی بزانن کێ بووتە هۆی تووڕە بوونی خوداکان، پشک کەوت لە یوونس... هەربۆیە یوونسیان خستە ناو دەریا و تۆفانەکە هێمن بووەوە. هەرلەوکاتەدا خودا ماسییەکی گەورەی نارد. ماسییەکە یوونسی هەڵلووشی و سێ شەو و سێ رۆژ لەوێدا مایەوە (یوونس، ١-١٧).

دیارە ئەوەی قورئان باسی دەکات هەر ئەمەیە بەڵام بە تەواوی نایهێنێت. لە هەر دووی ئەم گێرانەوانەدا پیوەندیی یوونس لە گەڵ ماسی روون و بەرچاوە، تەنانەت لە قورئاندا یوونس بە خاوەنی یان هاودەمی ماسی لە قەڵەم دەدرێ.

بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ئوستوورەی یوونس دیسان دەبێ بگەڕێینەوەی بۆ ئوستوورەکانی سوومەر و بابێل. "لە ئوستوورەی بابێلیدا ئێوانس کە خودایەکە کە نیوەی لەشی مرۆڤە و نیوەشی ماسی، لە ئاو دێتە دەرەوە و خەڵک فێری خوێندن دەکات. ئەم خودایە هەر ئەو خودایەیە کە ماسیگرەکان پەسنی دەڵێن و پێوەندی لە گەڵ ئوتنەپیشتیم (کەسایەتی بێمەرگی ئوستوورەکانی بابێل)دا هەیە"[1]، ئەم پێوەندییە لە رووالەتی هیندی ئەو ئوستوورەیەدا بەرچاوترە، هەر وەک لە بەشی ئوستوورەی تۆفان باسم کرد مانوو (رزگاریدەری هیندییەکان لە تۆفان) بە یارمەتیی ماسییەک دەتوانێ گەمێیەک چێ بکاو لە تۆفان دەرباز بێت. ئوتنەپیشتیمیش بە رێنوێنی ئێئا کە هەمان ئێوانسە ئەو کارە دەکات.

رابێرتسون لەو باوەڕەدایە کە ناوی یەحیای تەعمید دەر لە ریشەیدا هەمان یوانسە کە لە ناوی ماسی-خودای بابیلی واتە ئێئا (ئێوانس) گیراوە[2].

بەم شێوە پێوەندی نێوان یوونسو ماسی دەردەکەوێت کە پێوەندییەکی ئوستوورەییە و ریشەی لە باوەڕەی بابێلییەکان و سوومەرییەکان و شێوەی ژیانی ئەواندا هەیە. چیرۆکی خودایانی بابێلێ دیسان جلی ئایینیان لە بەر کراوە و لە رێگای تەوراتەوە بە ناوی بەسەرهاتی ئەنبیای خودا هاتووەتە ناو دەقی قورئان و بۆتە بەشیک لە باوەڕی خەڵکی موسڵمانیش کە پێیان وایە کۆی چیرۆکەکانی ئەو کتێبە، چیرۆکی کەسانێک وەک

---

[1]- مفرد کهلان، جواد، سرزمین اساطیری دیلمون، سایت بنیاد فرهنگ ایران www. Farhangiran.com
[2]- رابرتسون، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٦

محەممەدە (کە بە خۆی دەڵێ پێغەمبەری خودا) و وەک کاری سەیر و سەمەری خودا و موعجیزەی ئەو دەرهەق بە ناردراوەکانی خۆی چاوی لێدەکەن. بێ ئاگا لەوەی کە ریشە لە شوێنی دیکەدایە و چیرۆک چیرۆکێکی دیکەیە.

## ٣- پیرۆزایەتی ئاگر

ئاگر لە بەشێکی گەورەو بەرینی شارستانییەتی مرۆڤدا رۆڵی بنەمایی هەیە و ئایینی پەسنی ئاگر لە کۆنترین بیچمەکانی دین دێتە ئەژمار. ئەگەرچی لە بەراوەرد لە گەڵ ئایینی پەرەستنی ژن-خودایانی زەوی و ئاو، پەرەستنی ئاگر مێژوویەکی کەمتری هەیە، بەڵام بەهۆی مانەوە و سەقامگیر بوونی درێژ ماوەی(بە درێژای سەقامگیری سیستمی باوک سالار) کە نزیک بە هەشت هەزارساڵی خایاندووە، لە هەموو ئایینەکاندا بووەتە ماکێکی سەرەکی هاوپەیوەند لە گەڵ بابەتی پیرۆز، بەتایبەت لەو دینگەلەدا کە پێیان دەڵێن دینی ئاسمانی[1]. لە تەوراتدا کاتێ کە هابیل و قابیل قوربانییەکانی خۆیان پێشکەشی خودا دەکەن، خودا لە سیمای ئاگردا خۆی نیشان دەدات و قوربانییەکەی هابیل وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی قابیل رەت دەکاتەوە. لە کتێبی تاریخی بەلعەمیدا سەبارەت بەو شتە هاتووە:" کاتێ قابیل سەر کەوت و بوو بە خاوەنی منداڵی زۆر لە کێوەکانی شامدا شەیتان چاوی پێ کەوت و گوتی: دەزانی ئاگر بۆچی قوربانییەکەی هابیلی وەرگرت؟ چونکە ئەو ئاگر پەرەست بوو، تۆیش روو بکە لە ئاگر پەرەستن تا لە تۆیش قوربانی وەرگرێ... قابیل خەریکی پەرەستنی ئاگر بوو و بە منداڵەکانی خۆیشی گوت کە ئاگر پەرەست بن، بۆیە یەکەم کەسێک کە ئاگر پەرەستی کردو ئاتەشگای کردەوە قابیل بوو."[2] ئەمە دەرخەری کۆن بوونی ئاگر پەرەستی لە شارستانییەتی ئۆگاریتە.

لە قورئاندا یەکەم رووبەڕوو بوون لە گەڵ ئاگر وەک دیاردەیەکی پیرۆز، لە چیرۆکی ئافراندندا دەبینین. شەیتان هۆکاری سەردانەنەواندی خۆی بۆ ئادەم جەوهەری خۆی دەزانێ کە لە ئاگر پێکهاتووە.

---

[1]- ئاگر لە ئایینە بەر بڵاوەکاندا (وەک مەسیحییەت و ئیسلام) جێی خۆی داوە بە رووناکی. سەرچاوەی رەسەنی رووناکی سەرەتا خۆر ئاگر بووە کە قودسییەتی پێ دراوە بەڵام لە دواهەمین دینەکاندا رووناکییەکی مێتافیزیکی جێگای ئەم دیاردە پیرۆزەی گرتووە

[2]- یاحقی،،محمد جعفر؛ فرهنگ اساطیر و اشارات داستانی؛ تهران: سروش و پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، ١٣٨٥. ص ٣٣

**"قال ما منعك الا تسجد اذ امرتك قال انا خير منه خلقتني من نار و خلقته من طين"**
گوتی فەرمانم پێدای لە بەرچی تۆ سوژدەت نەبرد؟ گوتی من لەو هێژاترم، منت لە ئاگر دروست کرد، ئەوت لە قوڕ ساز داوە (ئەعراف، ١٢)

لە بەشی ئوستوورەکانی ئافراندندا ئاماژەم بەوە دا کە ئەم بەشەی قورئان لە دەقی تەلموود وەگیراوە و لەوێدا باسی دروست بوونی شەیتان لە شەخینا (واتە رووناکایی خودا یان ئاگر) هاتووە. ئەم باوەڕە پشتبەستوو بە ئایینێکە کە لەودا ئاگر دیاردەیەکی ئاسمانیو پیرۆز دێتەئەژمار، بۆیە شەیتان ناتوانێ مل بۆ شتێکی کەمتر لە ئاگر داکێشێ.

ئاگر لە زۆربەی ئوستوورەکاندا رۆڵی پردی پێوەندی نێوان خوداکان و مرۆڤ دەگێڕێ. ئاگنی خودای ئاگری هیندی پردی پێوەندی نێوان خودایان و مرۆڤە و ئەو پێوەندییە بەڕێوە دەبات[1] رۆڵی شەیتانیش وەک تەنیا بوونەوەری مێتافیزیکی کە بە پێی دەقە دینیەکان پێوەندی بەردەوامی لە گەڵ مرۆڤدا هەیە (و هەڵیدەخەڵەتێنێ) دەتوانێت گەڕانەوەیەک بێت بۆ ئەم ناوبژیوانییە. لە ئێراندا ئاگری پیرۆز کە یەزشەکان (قوربانییەکان) پێشکەشی دەکرێت، هەمان رۆڵی هەیە. " لە رەوتی قوربانی کردندا قوربانییەکەیان لە ناو ئاگردا دەسووتاند. ئاگر لە رێورەسمی قوربانیدا لە لایەکەوە وەک خودایەک لە سیمای ئاگردا دەهات و قوربانییەکەی وەردەگرت و لەو سەرەوە وەک کاهینێک ئەو قوربانییەی پێشکەشی خودایان دەکرد."[2]
ئاگری پیرۆز لە ئایینی زەردەشتدا جێگری خۆرە کە پێش لە زەردەشت لە نێوان مادەکان و پارتەکاندا پیرۆز بوو[3] پێوەندی نزیکی ئاتر یان ئازەر (کە هەمان ئاگرە) لە گەڵ میترا دەرخەری وەها بەکگراوندێکە. " ئاتر لە حاڵێکدا کە سواری ئەرابەی میترا بووە وێنا کراوە "[4] میتراش هاوتەریب و هاوسەنگی خۆرە (ئەگەرچی ئاڤێستا جیاوازی لە نێوان ئەم دوو خودایە دادەنێ، بەڵام کارەکانو ئەرکەکانیان زۆر لە یەک دەچێت، دیارە لە یەک ریشەوە هاتوون و پەرەستنی خۆر کۆنتر لە میترایە)

---

[1]- ایونس، ، ورونیکا؛ترجمه باجلان فرخی،ساطیر هند؛ تهران: اساطیر، ۱۳۷۳. ص۹۷

[2]- کزازی، سەرچاوەی پێشوو، ص ۱۲۰
[3]- رضی، هاشم، دین و فرهنگ ایرانی پیش از عصر زرتشت؛ تهران:سخن، ۱۳۸۲.ص ۱۳۳
[4]- کرتیس،وستا؛ اسطوره های ایرانی؛ ترجمه عباس مخبر، چاپ دوم، تهران: مرکز،۱۳۷٦. ص ۱۷

لە قورئاندا جگە لە چیرۆکی ئافراندن رەنگدانەوەی بەرچاوی دیکەی ئاگر وەک دیاردەیەکی پیرۆز لە چیرۆکی مووسادا دەبیندرێ. ئەو کاتەی کە لە بیاباندا ئاگرێک دەبینێت.

**"فلما جاءها نودي ان بورك من في النار و من حولها و سبحان الله رب العالمين" " يا موسى انه انا الله العزيز الحكيم"**

ئەوکاتەش کە مووسا بە خێزانەکەی خۆی گوت: من ئاگرێکم لێ دیارە، ئەوا دەچم خەبەرێکت بۆ دێنمەوە، یان بزووتێکی لێ دێنم بەشکوو گەرمتان بێتەوە. وەختێ لێی نزیک کەوتەوە بانگ کرا: پیرۆزە ئەو کەسەی لە ئاگرەکەدایە و ئەوەی لە دەوری ئەویشە و پاکی و بێ عەیبی بۆ خودای گشت دنیایە. ئەی مووسا ئەوە منم خودای بەدەسەڵاتی لە کارزان . (نەمل- ٨ و٩)

لە شوێنێکی دیکەش دا دەڵێ:

**"فلما اتاها نودي يا موسى" "اني انا ربك فاخلع نعليك انك بالواد المقدس طوى "**

دەمێ گەییشتە بەر ئاگر، بانگی لێکرا: ئەی مووسا! من، منم پەروەرەندەی تۆ. شەکالەکانت(کەوشەکانت) باوێژە. تۆ وای لەناو شیوی پیرۆزی توادا(تاها-١١ و ١٢)

لەم بەشەدا بە روونی باس کراوە کە ئەو دەنگە کە دەڵی من خودام، لە ناو ئاگرەوە هاتووە و ئاگر لە جیاتی خودا و بە نوێنەرایەتی ئەو لە گەڵ مووسا قسەی کردووە. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەرکی نێوەنجی بوونەی ئاگر. واتە ئاگر پیرۆزایەتییەکی لەو ناوچەیەدا هەبووە، چ پێش لە سەرهەڵدانی ئایینی یەهوود و چ پاش ئەوەش، ئەو پیرۆزایەتییەتەش نەک لە رێگای ئوستوورەکانی بابێلەوە (کە لەواندا ئاو زیاتر لە ئاگر گرنگی پێدراوە) بەڵکوو لە رێگای ئووستوورەکانی هیند و ئێرانییەوە، هەروەها لە رێگای ئایینی میترابیەوە چووتە ناو باوەڕی نەتەوەی ئیسرائیلەوە و پاشان گواستراوەتەوە بۆ دەقی تەورات و لەو رێگایەشەوە هاتووەتە ناو قورئان. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

**"فلما اتاها نودي من شاطئ الواد الايمن في البقعة المباركة من الشجرة ان يا موسى اني انا الله رب العالمين"**
وەختێ گەییشتە لای ئاگر لای دەستی راستی دۆڵەوە لە شوێنە پیرۆزەکەدا لە دارەکەوە بانگ کرا: ئەی مووسا....(قەسەس- ٣٠)

دیارە ئەو شوێنەی مووسا خودای لەوێ دیوە پێش لە مووسایش پیرۆز بووە، واتە پیرۆزییەکەی لەو دیدارە نەگرتووە، لەوانەیە ئەو شوێنە ئاتەشگەیەک بوو بێت لە ناو کێوی توادا. هەر وەک دەزانین ئاتەشگەکان لە بەرزایی چیاکاندا و لە ناو ئەشکەوتەکاندا بوونە. شوێنی پیرۆزی توا، شوێنێک بووە کە ئاگری پیرۆز لەوێدا داگیرساوە و بە وتەی تەوراتیش موسا هەر لەوێدا لە لایەن ئاگرەوە ئەو ئەرکەی کە خودایان بۆی دیاری کردوون پێی راگەیەندراوە.
رەنگدانەوەی دیکەی ئاگر لە قورئاندا وەک بابەتی پیرۆز لە چیرۆکی ئیبراهیم دایە، ئەو کاتەی کە لە ئاگری دەخەن. پێشتر باسی چییەتی تاقیکاری ئایینی وەرم کردووە، هەر بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژە بەوە دەدەم کە رۆڵێک کە ئاگر لەم تاقیکارییەدا دەیگێرێت، سەرەرای تاقیکردنەوەی راست و درۆ، رۆڵێکی پاک کەرەوەیە. واتە ئەو کەسەی کە لە ئاگر دەکەوێ راستەوخۆ کەوتووەتە بەر داوەری خودای داد کە خۆرە و ئاگر نوێنەری ئەو خودایە لە زەویدایە. ئەگەر راسگۆ بووبێت لە سووتان رزگاری دەبێت و ئەگەریش نا لە ئاگردا تاوانەکەی دەسووتێت و بە پاکی بۆ دنیای مردووەکان دەچێت. واتە ئەو کارە زیاتر لەوەی بۆ ئازار گەیاندن بە تاوانبار بێت، مانای ئایینی بووە و مەبەستی پاک کردنەوەی تاوانباری لە پشتدا بووە، هەر بۆیە ئەوەندە پێداگری لە سەر سووتاندنی جادووگەران لەو شوێنگەلەدا کە فەرهەنگی میترایی زاڵ بووە، کراوە.

### ٤ـ جندۆکەکان

لە قورئاندا دوو گرووپی بەربڵاو لە بوونەوەری مێتافیزیکی بوونیان هەیە کە وەک کەسایەتییە سەرەکییەکان واتە خودا و شەیتان رۆڵ ناگێرن. بەڵام بە جۆرێک خواستەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن. ئەم دوو گرووپە گرووپێکیان بە مەلائیکە دەناسرین و گرووپێکیان بە جندۆکەکان. مەلائیکە بوونەوەرانی مێتافیزیکی یاریدەری مرۆڤن و جندۆکەکانیش بوونەوەرانی دژ بە مرۆڤ. بوونی ئەم دوو گرووپە دژ بە یەکە لە بنەمادا بەستراوی بیری

زەردەشتی و وەرگیراو لە ئاڤێستایە کە لەودا دوو هێزی هاوسەنگ و هاوتەریب بە ناوی هێزی ئەهوورایی و هێزی ئەهریمەنی بوونیان هەیە. بە پێی ئایینی زەردەشت ئەهوورا ئەمشاسپەندەکانی بۆ یاریکردنی مرۆڤ دروست کرد. لە بەرانبەردا ئەهریمەن دێوەکان و درنجەکانی کە نوێنەر و سەرچاوەی شەڕ، پیسی، خراپە و نەخۆشینن چێ کرد[1] بۆ ئەوەی پێش بە ئافرندنی ئەهوورا و حکوومەتی ئەو لە دنیادا بگرێ. لە ئاڤێستادا ئەگەرچی لە ئاکامدا سەرکەوتن بۆ ئەهوورایە، بەڵام هێزی ئەهوورا و ئەهریمەن وەک یەک و زۆر نزیک لە یەکە. ئەو دوو خودا هاوسەنگە هەردووکیان کوڕی خودایەکی سەرمەدی واتە زەروانن و برا دێنە ئەژمار. هەر بۆیە هێزی هاو چەشنیان هەیە. بەڵام لە قورئاندا بە پەیڕەوی لە دەقی تەورات، ئوستوورەکانی مێزۆپۆتامیا و بابێل هێزێکی شەیتانی کە ئەوەندە کاریگەری زۆر بێت بوونی نیە، بەڵکو شەیتانیش دەسکردی هەمان خودای تاکە و لە ئاگر چێ کراوە.

**"و خلق الجان من مارج من نار "**

جنۆکەشی لە بڵێسەی بێ دووکەڵ وەدی هێناوە. (رەحمان، ١٥)

**"و الجان خلقناه من قبل من نار السموم"**

لەمەوپێشیش جنۆکەمان ئافراندووە لە ئاگرێکی بەهاڵاو (حیجر، ٢٧)

ئەم بوونەوەرە کە باسی هۆکاری خولقانی ناکرێ و دیار نیە سەرەتا بۆچی پێکهاتووە، گرینگترین ئەرکێک کە لە لایەن خوداوە بۆی دیاری کراوە، لە ڕێ بردنە دەری مرۆڤە! مرۆڤێک کە بەردەوام هەڕەشەی لێدەکرێ کە دەبێ عەبدایەتی خودا بکات، لە هەمان کاتدا ئامرازی نافەرمانی کردنی بۆ دابین دەکرێ! ئەم کێشەیە واتە نەگونجاو بوون و دژوازی چەمکە پێوەندیدارەکان بە کەسایەتی خودای ئیسلامەوە، کێشەیەکە کە زانایانی ئاخاوتنی ئیسلامی زۆر باسیان لە سەر کردووە و دیارە هەرگیز بە ئاکام نەگەیشتوون، بۆ نموونە هەر ئەم باسەی کە ئەگەر خودا بە سەر هەموو شتێکی ئەم دنیایەدا زاڵە، ئەدی بۆچی شەیتان لە رای ئەو دەرچوو؟ بۆچی سوپای بۆ دیاری کرا کە مرۆڤ بە لاڕێدا ببات؟ بۆچی خودایەک کە ئاگاداری هەموو شتێکە و خۆی شەیتان و سوپای شەیتانی ئافراندووە

[1]- اوستا، دوستخواه، ص ٩٨٨

بۆ گومڕاکردنی مرۆڤ، کە لە ئەگەری گومڕا بووندا سزای دەدات؟ زانایانی ئایینی هێندێک جار دەڵێن بۆ تاقیکاری. بەڵام بۆ دەبێ خودایەک کە "عالم الغیب و الشهادە"یە، مرۆڤە دەسکردەکانی خۆی تاقی بکاتەوە؟

ئەمانە هەموویان کێشەگەلێکن کە بنەمای سەرەکیان لە دنیای ئوستوورەدایە. ئەم کێشەگەلە بەرهەمی هێنانی خودای سیستمێکی دوانی (خودای زەردەشت)و گۆڕانی بۆ خودایەکی تاکە. ئەو خودایە کە لە ئایینی زەردەشتدا هەیە، بە پێی پێوەندییەک کە لە گەڵ ئەهریمەندا هەیەتی، بە نیسبەتی نێوان ئەم دوو هێزە و هەموو ئەرکەکان و کردەوەکانی گونجاوە، ئەهوورا هێزێکی هاوسەنگی ئەهریمەنە و دنیا گۆڕەپانی بەربەرەکانێی ئەم دوو هێزەیە. بەڵام کاتێ هەر ئەم خودا و کۆی شتەکانی دەورو بەری (واتە شەیتان و جندۆکەو...) بێتە ناو سیستمێکی تاک خودا کە باوەڕی بە هێزی هاوچەشنی خودا و شەیتان نیە، هەموو شتەکان تێک دەچێت. لە سیستمێکی تاک خودادا بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە کاری سەرەکی خودایان رزگاری و بەختەوەری مرۆڤ دێتە ئەژمار، بوونەوەرێک بە ناوی شەیتان لە باری فەلسەفییەوە ناتوانێ بوونی هەبێ. سیستمی تاک خودا چون سەرچاوەیەکی رەسەن بۆ شەڕ و خراپە دیاری ناکات، ناچارە هەموو ئاوەڵناوەکان بدات بە خوداکەی خۆیو بەو شێوەیە خودای تاک تووشی دووفاقی کەسایەتی بکات. خودای ئیسلام هاوکات لە لایەکەوە مێهرەبان، خەمڕەوێن و دلۆڤانە و لە لایەکی دیکەوە فێڵباز، خوێنڕێژ و ستەمکار! ئەو کۆ بوونەوەی ئاوەڵناوی دژواز لە خودای ئیسلامدا بەرهەمی تێکەڵ کردنی خودای چاکە و خودای خراپەیە و کردنیان بە یەک خودایە. خودایەک کە نە هەڵسووکەوتێکی دیاری کراوی هەیە و نە سنووری دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی شەیتان جیا کراوەتەوە و کەس نازانێ شەیتان لە کوێوە هاتووە و چ مانایەکی لە و جیهانبینیەدا هەیە.

خودای ئیسلام ئیددیعای زانینی هەموو شتەکان دەکات و لە هەمان کاتدا دان بە گومانەکانی خۆیدا دەنێ، واتە ئەو زانابیە گشتگیرە دەباتە ژێر پرسیار. لە سوورەی جین‌دا ئەو شتە لە دوو ئایەی لەدوای یەکدا بە روونی دیارە:

**"و انا ظننا ان لن تقول الانس و الجن علی الله کذبا* و انه کان رجال من الانس یعوذون برجال من الجن فزادوهم رهقا"**

ئێمە پێمان وا بوو لە مرۆڤ و لە جنۆکە هیچ درۆیەک بە دەم خواوە هەڵنابەستن. دەشمانزانی پیاوانێ لە بەرەی مرۆڤ پەنا دەبەن بە پیاوانێ لە جنۆکە و سەرکێشییان پتر دەکەن. (سورە جن، ٦، ٥)

لەم دوو ئایەدا دیار نیە کە ئایا خودا "دەزانێ" یان "پێی وایە"؟!

ئەگەر لە باسی خودا و زانین و نەزانینی ئەو گەڕێین. دەبینین کە لێرەدا قورئان باسی پیوەندی گرتنی مرۆڤ لە گەڵ جنۆکەدا دەکات. جنۆکە ئەگەرچی سوپای شەیتان و هەمان دێو و درنجی ئایینی زەردەشتە، بەڵام جیاوازییەکی لە گەڵ ئەوان هەیە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی کۆنی عەرەب. ئەو جندۆکەیە کە عەرەب باوەڕی پێ بووە و بە وتەی قورئان زۆر جار پێوەندی پێوە گرتووە! (یان پێی وا بووە کە پێوەندی پێوە دەگرێ) ریشەیەکی جیاوازی لە گەڵ دێوی زەردەشتیدا هەیە و دەچێتە بواری ئەفسانەوە. واتە بوونی هێندێک بوونەوەری سەیر و سەمەر کە بە ناوی جۆراوجۆر دەناسرێن (وەک غوول و تابعەو عفریت و...) هاوسەنگی پەری لە ئەفسانە و ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی ئێراندان. خاڵی هاوبەشی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە هەردووکیان پێوەندییان بە ئاوو کانی و دارستانەوە هەیە و لەو شوێنانەدا دەبیندرێن، یان ئەوەی کە هەردووی ئەمانە بە بێ ئەوەی کە ئازارێکی ئەوتۆیان بۆ مرۆڤ بێت سەرقاڵی ژیانی خۆیانن و تەنانەت هێندێک جار یاریدەری مرۆڤیشن و مرۆڤ بە وتەی قورئان پێوەندییان لە گەڵ دەگرێ و پەنایان بۆ دەبا!

بە گشتی باسی جندۆکە لەو لایەنەوە کە لە ژێر کاریگەری ئوستوورەکانی ئاڤێستادایە و وەک سوپای شەیتان دێتە ئەژمارو بوونی لە پێناو فەلسەفەیەکدا پێناسە دەکرێ، لە بیاڤی ئوستوورەدا جێگای دەبێتەوە، بەڵام لەو لایەنەوە کە وەک بوونەورێکی وەهمی چیرۆکەکانی دەبێتە مایەی سەرگەرمی خەڵک، ناتوانێ لە دنیای ئوستوورەدا هەناسە بدات و بەستراوی دنیای ئەفسانە و ئەدەبی فۆلکە. واتە جندۆکە ئەگەرچی پاساوێکی لە دنیای ئوستوورەدا هەیە و تارادەیەک بەستراوی ئوستوورەکانی ئاڤێستایە، بەڵام تایبەتمەندییە بەچاوەکانی کە بەوانەوە ناسراوە زیاتر دەخاتە بیاڤی ئەفسانەوە و لەویوە هاتووەتە ناو دەقی قورئانیشەوە.

## ٥- خودا مێینەکان

یەکێک لەو شتانەی کە لە قورئاندا سەرنج ڕاکێشە، باسی خودایانی مێینەیە کە پێش لە ئیسلام پەرەستنیان زۆر باو بووە و ئیسلام ئەوانەی لە فەرهەنگی عەرەب سڕیوەتەوە.

**"ان یدعون من دونه الا اناثا و ان یدعون الا شیطانا مریدا"**

ئەوانە لە جیاتی خودا هانا دەبەنە بەر بەرد و کڕەکی وا (بێ جووڵە) کە زۆربەیان ناوی مێینەیان هەیە و دیارە هانا دەبەنە بەر ئەو شەیتانەی کە سەربزێوی کردووە و دەرکراوە. (نیسا- ١١٧)

خوداکان لە لای عەرەبدا زۆربەیان مێینە بوونە. ئەوە دەرخەری کولتووری ئەو سەردەمەی عەرەبە کە بەستراوی ئایینە ژنانەییەکانە. لەوانە ئایینەکانی بەستراو بە پەرەستنگای ئیشتارە کە هەر وەک لە بەشی جادوودا ئاماژەم پێ کرد، ڕێورەسمی حەجی لێکەوتووەتەوە و هەموو ڕێوڕەسمەکانی حەج، پێش لە ئیسلامدا لە نێو عەرەبدا بەڕێوە دەچوون. "عەرەبی بەر لە ئیسلام لە کاتی سووڕانەوە و تەوافدا "لبیک یا لات و عزی و منات"یان دەوتەوە و بانگیان لە بتەکەی خۆیان دەکرد. لە ئیسلامدا وشەی اللهم جیگای بتەکانی گرتەوە و ئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە ڕیک کرایەوە: لبیک اللهم لبیک"[1] سووڕانەوە و توافی ئەو بتانە لە نێو عەرەبی پێش لە ئیسلامدا هاوکات بووە لە گەڵ فیتو لێدان و چەپڵە لێ دان بۆ بتەکانیان.[2] قورئانیش بەمە ئاماژە دەکا و دەڵێ:

**و ما کان صلاتهم عند البیت الا مکاء و تصدیة فذوقوا العذاب بما کنتم تکفرون** (ئەنفال- ٣٥)

واتە نوێژ کردنیان لە کن ماڵ (ی خودا) شتێ نەبوو جگە لە فیتو و چەپڵە لێدان، دەسا بچێژن سزا (ی خودا) بە بۆنی کفرەکەتان.

بەم پێیە حەج بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ زاڵ بوونی ئەو شێوە ڕێورەسمانە لە ناو عەرەبدا کە ئێستاش ئاسەواری بە شێوەیەکی بیچم گۆڕاو ماوەتەوە. ئەو خودا مێینەگەلە کە عەرەبەکان

---

١- عەلی دشتی/ بیست و سه سال پیغمبری/ ص ٢٩

٢ - یحیی نوری، اسلام و عقاید و آراء بشری، چاپ نهم، ١٣٦٠، ص ٢٨٦

بانگیان دەکردن، کیژانی ئەڵلا[1] هاتوونەتە ئەژمار و قورئان بەردەوام باسی ئەوەی کردووە:

**"و یجعلون لله البنات سبحانه و لهم ما یشتهون"**
کیژان بۆ خودا دادەنێن کە ئەو لەو شتانە پاکە، بۆ خۆشیان چی ئارەزوو کەن (نەحل- ٥٧)

کەوابوو عەرەب بتەکانی لات و مەنات و عوزای بە کچی خودا واتە ئەلله دەزانی، لە بەشێکی دیکە لە قورئانیش‌دا کە محەممەد دواتر حاشای لێکرد باسی ئەوانەی کرد بوو.
لە سوورەی نەجمدا پاش ئایەکانی ١٩ و ٢٠ کە دەڵێ:

**"افرایتم اللات و العزی . و منات الثلاثه الاخری"**
ئایا لات و عوزات نەبینی. و هەروەها سێهەمینیان کە مەناتە

دوو ئایەی دیکە بووە بەم شێوەیە:
**"تلک الغرانیق العلی. ان شفاعتهن لترجی"**
واتە ئەوانە قولینگەکانی مەزنی خودان. نێوبژیوانی ئەوان جێگای ئۆمێدە
دیارە محەممەد سەرەتا سەبارەت بە ئەوانە هەڵویستی دیاری کراوی توندی نەبووە، وەک چۆن زۆربەی رێوشوێنەکانی کۆنی عەرەبی قبووڵ کردووە و گرتوویەتە پێش، ویستوویە ئەوانیش لە دینەکەی خۆیدا جێ بکاتەوە. بەڵام دواتر لەوە پەشیوان بووەتەوە و ئەو دوو ئایەتەی سڕیوەتەوە، بۆ پاساوی ئەوەش وتوویە کە ئەو دوو ئایەتە لە لایەن شەیتانەوە بوون نەک خودا! دیارە محەممەد بە هۆی ئەوەوە کە هەر لە سەرەتاوە بانگەشەی بۆ تاک خۆدایی و خۆدایەکی تاقی نێر کردووە، لێرەدا تووشی پارادۆکس بووە، بۆیە لە قورئاندا ئاماژەی پێداوە و لەم بارەیەوە بەم شێوەیە پاساوی بۆ دەهێنێتەوە:

**و ما ارسلنا من قبلك من رسول و لا نبي الا اذا تمنى القى الشيطان في امنيته فينسخ الله ما يلقي الشيطان ثم يحكم الله آياته و الله عليم حكيم (حەج-٥٢)**

1- Macdonald, M.C.A.; Nehmé, Laila. "al-ʿUzzā." Encyclopaedia of Islam, Second Edition. , ٢٠١٢ .

(ئەی محەممەد) پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکی پەیامدار و بێ پەیاممان رەوانە نەکردووە ئاواتی نەخواستبێت بە باوەڕ هێنانی قەومەکەی، بەڵام کاتێک ئاواتی خواستووە شەیتان ئەوەی بە دەرفەت زانیوە، شتی نابەجێی تێکەڵ بە ئاواتەکەی کردووە، ئینجا خودایش فریای کەوتووە و ئەوەی شەیتان فڕێی داوەتە ناو ئاواتەکەویەوە، سڕیویەتەوە، لەوەودوا خودای گەورە ئایەت و بەرنامەکەی خۆی چەسپاو دامەزراو کردووە، خودا خۆی زانا و دانایە. (حەج-٥٢)

وشەی "الله اکبر"یش هەر لەو کاتەوە ماوەتەوە، ئەوکاتەی کە سەرەتای بیر کردنەوەی محەممەد لە هێنانی دینی تازە بووە، ئەگەرچی پێش لە ئیسلامیش ئەڵلا وەک گەورەترین خودا و بابی خوداکانی دیکە ناسراوە، بەڵام محەممەد هەموو خوداکانی دیکەی لە پێناو بە تاک هێشتنەوەی ئەڵلا لەناو بردووە. (دیارە ئیسلامییەکان زۆر شت باس دەکەن بۆ پاساو هێنانەوە بۆ وشەی "الله اکبر" بەڵام راست ئەوەیە کە ئەکبەر ئاوەڵناوی پلەی بەراوەردە و بە واتای ئەوەیە کە ئەللا لە بەرانبەر خوداکانی دیکەدا گەورەترە).

باس لە سەر خۆدی ئەڵلاش زۆرە، لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو لێکۆڵینەوە دەکەم. یەکەم لێکۆڵینەوەی ئارتوور جێفری مامۆستای زانستگەی کلومبیایە کە دەڵێ : "ناوی الله وەک ئەوەی کە لە قورئانیشدا دەر دەکەوێ، پێش لە ئیسلامیش لە نێو عەرەبەکاندا ناوێکی ناسراو بووە، ناوی الله و شێوەی مێینەکەشی "اللة" لە نێو ناوی خودایان لە کەتیبەکانی باکووری عەرەبستان کەم نەبوونە"[1] هەر وەها ئێدواردۆ کامپۆ مامۆستای زانستگەی کالیفورنیا دەڵێ: "بەڵگە مێژووییەکان دەرخەری ئەوەن کە الله ناوی خودایەکی گەورەی عەرەبەکان لە نێو خوداکانی دیکەدا بوو، وەک ئەوەی کە لە میزۆپۆتامیا دەدۆزرایەوە. لەوانەیە کە دەسپێکی پەرستنی ئەو وەک خودایەکی تاقانە پێش لە سەدەی حەتەمی زاییندییەوە بێ، بەڵام تەنیا بە هۆی سرووشەکانی قورئان بۆ محەممەد وەک پێغەمبەری ئیسلام لە ساڵەکانی نێوان ٦١٠ تا ٦٢٣ بوو کە پەرەستنی خودایەکی تاقانە لە نێو عەرەبەکاندا بە روونی دەرکەوت"[2]

---

١- A. Jeffrey, Islam: Mohammed and His Religion, Liberal Arts Press. ١٩٥٨.

٢- Campo, Juan Eduardo. "Allah". J. Gordon Melton. In Encyclopedia of Islam (Encyclopedia of World Religions). ١st ed. Facts on File, ٢٠٠٩.

بیچمگیری وردە وردەی دینی ئیسلام لە حوکمەکانیشیدا دیارە، واتە محەممەد بە پێی هەلوومەرج هەڵویستەکانی خۆی گۆڕیوە. زۆر شت سەرەتا بڕیاری روونیان لە سەر نەدراوە بۆ نموونە قیبلەگا، خواردنەوەی شەراب، مەستی و هتد، لە بارەی شەرابەوە دەڵێ:

**"و من ثمرات النخيل و الاعناب تتخذون منه سكرا و رزقا حسنا ان في ذلك لآية لقوم يعقلون"**

لە بەرهەمی دار خورماو رەزەکانیش سەرخۆش کەرەو بژیوی باش رەنێو دێنن. لەمەشدا نیشانە هەیە بۆ ئەو کەسانەی تێدەگەن.(نەحل- ٦٧)

بە پێی ئەم ئایەتە خواردنەوە و سەرخۆش بوون سەرەتا نە تەنیا کردەوەیەکی خراپ نەبووە، بەڵکوو وەک بەخشینێکی خودایی چاوی لێکراوە، بەڵام دواتر محەممەد لەوە پاشگەز بووەتەوە و حەرامی کردووە. ئەوە لەبارەی خودا مێینەکانیش واتە لات و مەنات و عوزاوە هاتووە، هەر لەو چەشنەیە. ئەم خوداگەلە پێگەیەکی زۆریان لە ناو خەڵکدا بووە و بە کچی ئەللا بە ناو بانگ بوونە، بەڵام محەممەد بە هێنانە ئارای باسی خودایەکی تاکی نێر، ئەوانەی سەرەتا لە پەراوێز خست پاشان بەتەواوی لە ناوی بردن.
محەممەد کاتێ کە دەیهەویست نارەوابوونی خودا مێینەکان بسەلمێنێ، پشتی بە شتێکی سەیر دەبەست کە تەنیا دەرخەری بۆچوونی ئەو بەرانبەر بە ژنە. لە قورئاندا لە زۆر ئایەدا باسی کچانی ئەڵلا، واتە خودا مێینەکان بەم شێوەیە کراوە کە دەرخەری ئەو راستییەن کە ئەو بتانە (لات و مەنات و عەزا) بە کچانی ئەڵلا بە ناوبانگ و خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی بوونە:

**"فاستفتهم ا لربك البنات و لهم البنون" "ام خلقنا الملائكة اناثا و هم شاهدون" "الا انهم من افكهم ليقولون" "ولد الله و انهم لكاذبون" "اصطفى البنات على البنين"**

دەسا تۆ لەوانە پرسە: تۆ بڵێی پەروەرەندەی تۆ کیژی هەن و ئی وان کوڕن؟ یان لەوێ بوون کە ئێمە فریشتەکانمان مێ دروس کرد؟. باش بزانە هەرچی دەڵێن هەر درۆیان هەڵدەبەستن. کە خودا منداڵی بووە، بێگومان درۆزنن. ئاخۆ ئەو بە جێ کوڕ کچی بژاردووە؟ (سافات- ١٤٩ هەتا ١٥٣)

**"ام اتخذ مما يخلق بنات و اصفاكم بالبنين" "ا و من ينشؤا في الحلية و هو في الخصام غير مبين"**

ئاخۆ لەناو ئەوانەدا کە هەر خۆی دروستیان دەکا کچانی داوە بە خۆی و کورانیشی کردووەتە تایبەتی ئێوە؟... ئاخۆ کەسێ لە خشڵا بە خێو کرابێ و لە شەڕیشا نادیار بێ، بۆ خوا دەبێ؟! (زوخرەف- ١٦ و ١٨)

ئەوە سەبارەت بە فریشتەکانیش وایە، بەو مانایە کە لە لای عەرەب فریشتەکان زۆربەیان ژن بوونە و دیارە ئەوە تایبەت بە عەرەب نەبووە و سیمای گشتی فریشتە لە هەموو فەرهەنگەکانی دنیادا ئەوەیە. بەڵام محەممەد بە هێنانەوەی هەمان هۆ ئەو شتەش ڕەت دەکاتەوە:

**"ا فاصفاكم ربكم بالبنين و اتخذ من الملائكة اناثا انكم لتقولون قولا عظيما"**

ئاخۆ خودای ئێوە بە تایبەتی کوڕی بە ئێوە بەخشیون و فریشتە مێینەکانیشی بۆ خۆی دانا؟ قسەیەکی زۆر زل دەکەن (ئیسرا- ٤٠)

محەممەد سوور بووە لە سەر سڕینەوەی ژن لە ناو باوەڕی عەرەبدا. بە پێی ئەم ئایەتانە کێشەی محەممەد ئەوە نیە کە بۆچی بۆ خودا منداڵ دیاری کراوە، بەڵکوو ئەوەیە کە بۆچی ئەو منداڵە کچە؟! ئەو باسی ئەوە دەکات کە خودا ئەگەر بەشێکی لە منداڵ بۆ خۆی دیاری کرد بێ، ئەو بەشە دەبێ لە باشەکەی بێت (واتا کوڕ) نەک لە خراپ و ناتەواوەکە! هەوڵی محەممەد ئەوەیە کە ژن لە دام و دەزگا و بیاڤی پیرۆزایەتی بەگشتی بهێنێتە دەرەوە و هەموو ئاسەوارەکانی ژن-خوداکان و پیرۆزایەتی ژن لە ناو ببات، لەوانەیە ئەگەر زانیارییەکانی ئەمڕۆی مرۆڤی بەنیسبەت سەرچاوەکانی حەج هەبا، ئەو ڕێورەسمەشی یان لە ناو بردبا یان ڕواڵەتی لێ گۆڕابا.

دژایەتی محەممەد لە گەڵ ژندا و لە هەمان کاتدا تینوویەتی و هەوەسی بێ کۆتایی ئەو بە نیسبەت ژن، ئەگەرچی پیویستی بە لێکدانەوەی دەروونناسانەی محەممەد هەیە و خۆی باسێکی سەربەخۆیە، بەڵام بە گشتی دەرخەری بیری تایبەتی ئەو سەبارەت بە ژنە، ئەو بیرەی کە لە ئایینی ئیسلامیشدا ڕەنگی داوەتەوە و بوونی ژنی تەنیا لە جەستەیدا بینیوە. بۆیە وەک ئامرازی دامرکاندنی شەهوەت و ئالۆشی پیاو چاوی لێکردووە.

### ٦- بەهەشت و دۆزەخ

بیری هەبوونی ژیانی پاش مەرگ بیرێکی زۆر کۆنە. هەر وەک لە بەشی دیندا باسم کرد، یەکێک لە کۆنترین باوەڕە دینیەکانە کە بەستراوی خواستی مرۆڤ بۆ هەرمانە و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی باوەڕ هێنان بەو بیرە دیتنی مردووەکان لە خەودایە. مرۆڤ لە سەردەمی ئینسانی نێئاندیرتاڵەوە ڕێورەسمی تایبەت بە ناشتنی مردوو و بەڕێ کردنی بۆ دنیای پاش مردن هەبووە[1] لەو ڕێورەسمانەدا کەرەستە پێویستەکانی ژیان لە گۆڕی مردوو دانراوە، بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ لە ژیانی دیکەیدا کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەو ژیانە لە باوەڕە سەرەتاییەکاندا ژیانێکی هاوشێوەی ژیانی ئەم دنیایە بووە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵیدا نەبووە. بەڵام دواتر لە دەزگا ئایینییە پێشکەوتووەکاندا (وەک زەردەشت و یەهوود و ...)، چەمکی ڕیزگرتن و سزادانی پێ زیاد کرا و پێوەندی درا بە چۆنیەتی هەڵسو کەوتی مرۆڤ لە گەڵ ئاییندا. بەو واتایە کە ژیانی پاش مردنی مرۆڤ بەستراوەی ڕادەی گوێڕایەڵ بوونی ئەو بە نیسبەت دەزگای دین دەگۆڕدرێت. بەم پێیە مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی زۆر خۆش و پڕ لە بەختەوەری بێت یان بە پێچەوانە ژیانێکی تاڵ و پڕ لە سزادانی توند و خۆفناکی بێت. خۆڵقاندنی وەها دنیایەک لە مێشکی مرۆڤدا، سەرەکیترین و گرینگترین ئامرازی دەزگای دین بۆ دەستداگرتن بە سەر ژیانی خەڵکدا بووە. دین لە ڕێگای ترس وەبەرنان یان وادەی بەهەشتێکی ئەفسانەیی لە ژیانی پاش مەرگدا، لەغاوی ژیانی خەڵکی گرتووەتە دەست و لە پێناو بەرژەوەندی خۆی و ئەوانەی کە لە ڕێگای دینەوە دەژین (واتە کاهینانو دینکارانو بەرێوەبەرانی ئایینی کە لە هەر ئایینێکدا ناوێکیان هەیە) کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

کۆنترین سەرچاوەی باوەڕ بە ڕێز گرتن یان سزادان کە لە دوو چەمکی بەهەشت و دۆزەخدا پێناسە دەکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشت. لەو ئایینەدا شێوەکانی سزادانی لە دین لادەران، لەم دنیایە و لە دنیای پاش مردندا و لە دۆزەخدا لە لایەن مووبەدەکانەوە (کاهیننانی زردەشتی) بە وردی دیاری کراوە.

سەفەری مووبەدی بەناوبانگی زەردەشتی واتە ویراف کە پێشتریش ئاماژەم پێکرد و بە ناوی ئەرداویرافنامە دەناسرێ، بەشێکی زۆری تایبەتە بە شێوەکانی سزادان کە مرۆڤ

[1]- گاربارینو، سەرچاوەی پێشوو. ص ٨٦

سەرسام دەکات. بۆ نموونە لە بەشێکیدا دەڵێ: رۆحی ژنێکم بینی کە زمانیان دەرکێشا بوو و لە زمانەوە هەڵیانواسیبوو. پرسیارم کرد ئەمە چی کردووە؟ سرووش و خودای ئاگر گوتیان، ئەمە رۆحی ئەو ژنەیە کە لە نیادا گوێ رایەڵی مێردەکەی خۆی نەبوو و وەڵامی دەدایەوە و قسەی زلی دەکرد"[1]. یان شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: رۆحی کەسانێکم بینی کە مار بەردەوام پێوەی دەدان و دەیخواردن. گوتم: ئەمانە کێن؟ سرووش و خودای ئاگر گوتیان ئەمانە رۆحی ئەو کەسانەن کە لە دنیادا حاشایان لە دین و خوداکان دەکرد."[2] شێوەکانی سزادانی ئایینی زەردەشت دواتر تێکەڵ بە سزادانەکانی یەهوود لە دۆڵی گێهنۆم بوو و پاشان هاتە ناو ئایینی ئیسلام و ناوی جەهەنەمی لە سەر نرا. " وشەی جەهەنەم کە لە قورئاندا هاتووە، وشەیەکی عیبرییە( גי(א)-הינום Gêhinnôm گێ +هینوم) ، گێهینۆم یان "باب النار" ناوی دۆڵێکە لە نزیکی ئورشەلیمدا کە لەودا تاوانبارانیان داخ کردووە و سزایان داون"[3]. لە تەوراتدا و لە بەشی ئەرمیادا سەبارەت بە دۆڵی هنۆم دەڵێ: "شوێنێک بووە کە قوربانگایەکیان لەوێدا دروست کردووە بە ناوی توفت کە لەودا کوران و کچانی خۆیان بە زیندوویی لە ئاگر خستووە و پێشکەشیان کردوون بە خودایان. (ئەرمیا،٧:٣١)
"جهنم" و "جحیم" هەر دوو وشەگەلێکی تەوراتی و وەرگیراو لە وشەی گێهنۆمن کە محەممەد گواستوونیەتەوە بۆ ناو قورئان و بە تێکەڵ کردنی لە گەڵ دۆزەخی زەردەشتیدا، وەک شوێنی تایبەت بە سزادانی بەدکاران و لە دین لادەران ناوی بردووە.

دۆزەخ و بەهەشت لە ئایینەکانی یەهوود و زەردەشتدا چەند نهۆمن. لە زەردەشتدا هەرکامیان چوار نهۆمن. و لە ئایینی یەهوود دا حەوت نهۆم، حەوت نهۆمی جەهەنەم بریتین لە شێئوول، ئۆردوون، گەهینۆم، دووما، سەلماوت، ئەرس تەحتیت و ئەرس نێشیا. بهێشتیش حەوت نهمۆمە کە بریتین لە پێوار (مەزامیر ١٣:١٤٠) کوشک (هەمان، ٥:٦٥)، ماڵ (هەمان، ٥:٨٤)، رەشماڵ (هەمان، ١:١٥)، کێوی پیرۆز (هەمان، ١:١٥)، کێوی خودا (هەمان، ٣:٢٤) و پلەی پیرۆزی (هەمان، ٣:٢٤)
لە قورئانیشدا بەهەشت و دۆزەخ هەردووکیان لە چەندین نهۆم پێکهاتوون کە بە درگاکان ناوی لێوە بردووە؛

---

[1]- بهار، مهرداد، پژوهشی در اساطیر ایران، تهران: نشر آگه ١٣٨٦، ص ٣١٣
[2]- بهار، هەمان سەرچاوە، ص ٣١٨
[3]- قورشی، امان الله، آب و کوه در اساطیر هندوایرانی، تهران: انتشارات هرمس ١٣٨٩، صص ٥٦-٥٧

**"و سيق الذين كفروا الي جهنم زمرا حتي اذا جاءوها فتحت ابوابها"**
ئەو کەسانەی حاشایان لە خوا کردووە، بۆ جەهەندەم بە کۆمەڵ ڕەپێچەک دەدرێن، هەر کە لێی نزیک بوونەوە دەرگاکانیان بۆوە **دەکەن.... (زمر، آيه ٧١)**

**"و سيق الذين اتقوا ربهم الي الجنه زمرا حتي اذا جاءوها و فتحت ابوابها"**
ئەو کەسانەش کە هەر لە پەروەندەیان ترسیان بووە، دەستە دەستە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن، دەرگایان بۆ دەکرێنەوە... (همان، آيه ٧٣)

لە بارەی ڕادەی درگاکانی بەهەشت قورئان هیچ نالێ، بەڵام لە قورئاندا ناوگەلی جۆراوجۆر لە بەهەشت هاتووە کە هەر کامی تایبەتی دەستەیەک لە مۆسڵمانانە، واتە بە پێی کارە چاکەکان دابەش کراوە. لە قورئاندا تەنیا ناوی چوار بەهەشت هاتووە کە بریتین لە **جنت عدن، جنت فردوس، جنت نعيم** و **جنت مأوي**. واتە بە قەدەر نهۆمەکانی بەهەشت لە دینی زەردەشتدا.

**"والسبقون السبقون. أولئك المقربون . في *جنت النعيم*."**
تیرەیەکیش لە پێشەوەن، وەپێشکەوتوون. کە ئەوانە لە ئێمەوە نزیک کەوتوون. لە باغاتی تەژی لە خۆشیدا دەژین. (واقیعە، ١٢-١٠)

**"...و مسكن طيبة في *جنت عدن* ذلك الفوز العظيم."**
... خانووی زۆر خۆش و خاوێنتان لە بەهەشتی هەمیشەییدا دەداتێ(سەف، ١٢)

**"إن الذين ءامنوا و عملوا الصلحت كانت لهم *جنت الفردوس* نزلا * خلدين فيها لا يبغون عنها حولا."**
ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بوون، جێ پەزێراییان باغاتی فیردەوسە. هەمیشە هەر تیا دەبن و نایانەوێ جێ بگۆڕن. (کەهف ١٠٧و ١٠٨)

ئەڵبەت فیردەوس لە وشەی پەردیس لە زمانی مادیەوە گیراوە[1]، ئەم وشە بوو بە فەردیس و دواتر بوو بە فیردەوس. لە دینی زەردەشت وەرگیراوە. محەممەدیش لە قورئان کەڵکی لێ وەرگرتووە و کردوویەتی بە وشەیەکی ئاسمانی.

**"أما الذین ءامنوا و عملوا الصلحت فلهم *جنت المأوي* نزلا بما کانوا یعملون."**

بەڵام ئەوانەی خاوەن باوەڕ و ئاکار چاک بوون، لە پاداشی ئەو کارانەی کردوویانە، ئەنایان لە دوڕ باغاتە. . (سوجدە، ١٩)

ئەڵبەت ئەوانەی وا قورئان تەفسیر دەکەن دوو بهێشتی دیکەیان زیاد کردووە، بهێشتی تایبەتی خوداو دارالسلام. کە بە پێی ئەم ئایەتانەیە؛

**"یأیتها النفس المطمئنة . ارجعي إلي ربك راضیة مرضیة. فادخلي في عبدي . وادخلي جنتي."**

تۆش ئەی گیانی لە خەم رخسیو. بەدڵخۆشی بچۆوە پەروەرەندەت. چون ئەوت لە خۆ رازی کرد. (فەجر، ٢٧-٣٠)

دەڵێن لەم ئایەە، ئاماژە بە بهێشتی خودا کراوە واتە "جنتی"

**"لهم دار السلم عند ربهم."**

بۆ ئەوان ئەنوای هێمن لە لای خودای خۆیان هەیە. (ئەنعام، ١٢٧)

جەهەنەمیش بە پێی قوورئان و دەقە تەفسیرییەکان حەوت نهۆمی هەیە کە بریتین لە

"جهنم، جحیم، سعیر، سقر، حطمه، هاویه و لظی".

چەمکێکی دیکەی پێوەندیدار بە ژیانی پاش مردن کە لە ئاییینی زەردەشتەوە هاتووەتە ناو ئاییینی ئیسلامەوە، شوێنێک بە ناوی میسوان گاتووە(لە زمانی پاڵەویدا هەمیستگان) کە قورئان بە ناوی بەرزەخ ناوی لێ دەبات. لە ئاڤێستادا میسوان

[1] - لغتنامه دهخدا

گــاتوو شــوێنێكه‌ كه‌ ئه‌وانه‌ی كه‌ كــاری چــاكه‌ و خراپه‌یــان وه‌ک یه‌كه‌، تــا ڕۆژی فه‌رشــكره‌د واته‌ ســه‌ڵا له‌وێ ده‌مێنـنـه‌وه‌. به‌ڵام له‌ ئیســلامدا هه‌مــوو مردووه‌كــان تــا ڕۆژی ســه‌ڵا له‌ به‌رزه‌خـدان. ئه‌م شوێنیشــه‌ ســێ جــار له‌ قورئانـدا نــاوی هــاتووه‌و شوێنێكی كاتی دێته‌ ئه‌ژمار.

**"لعلي اعمل صالحا فيما تركت كلا انها كلمة هو قائلها و من ورائهم برزخ الى يوم يبعثون"**

به‌شكوو ئه‌و ئاكاره‌ چاكه‌ی لێی نه‌بان بووم ئه‌وجار بیكه‌م، نه‌خێر، قسه‌ بۆ خۆی ده‌كات، تازه‌ تا ڕۆژی قیامه‌تی له‌مپه‌ری زۆر گه‌وره‌یان له‌ پێشدایه‌. (مۆئمینـوون، ١٠٠)

**"و هو الذي مرج البحرين هذا عذب فرات و هذا ملح اجاج و جعل بينهما برزخا و حجرا محجورا"**

خوا كه‌سێكه‌ كه‌ دوو زه‌ریـای به‌ یه‌ک گه‌یانـد، یه‌كـێ شیرین یه‌كـی سوێرو تـاڵ و له‌مپه‌رێک و به‌رگرێكی زۆر ئه‌ستووری له‌ نێوانیان به‌ دیهێنا. (فورقان، ٥٣)

**"بينهما برزخ لا يبغيان"**

به‌رزه‌كێكیان له‌ نێواندایه‌ كه‌ به‌ سه‌ر یه‌كتردا نایه‌ن. (ره‌حمان، ٢٠)

مامۆستا هه‌ژار به‌ پێی ڕیشه‌ی وشه‌ی به‌رزه‌خ كه‌ له‌ به‌رزه‌ک(واته‌ به‌رز كراوه‌یه‌)، ئه‌م وشه‌یه‌ به‌ له‌مپه‌ر و دیوار وه‌رگێڕاوه‌. له‌ قورئانیشدا هه‌مان مانای هه‌یه‌، واته‌ به‌رزه‌خ ئه‌و دیواره‌یه‌ كه‌ میسوان گاتوو له‌ دنیا جیا ده‌كاته‌وه‌، به‌ڵام له‌ قورئاندا چون ناوی خودی شوێنه‌كه‌(واته‌ میسوان گاتوو) نه‌هاتووه‌، به‌رزه‌خ به‌ ناوی شوێنه‌كه‌ش گشتێندراوه‌.

## سەرچاوەکان

١-محمودی بختیاری، علیقلی، زمینه فرهنگ و تمدن ایران (نگاهی به عصر اساطیر)، تهران: انتشارات پاژنگ،
٢-رضی،هاشم، تاریخ ادیان، ج دوم(میتولوژی اساطیر و افسانه ها)، تهران: انتشارات کاوه،
٣-کەزازی،میرجلال الدین، رویا حماسه اسطوه، تهران: نشر مرکز ١٣٧٢
٤-گریمال، پیر، انسان و اسطوره(مقاله)، ترجمه :ابوالقاسم اسماعیل پور، فصلنامه هستی، تابستان١٣٧٣
٥-واحد دوست، مهوش؛ رویکردهای علمی به اسطوره شناسی؛ تهران: سروش، ١٣٨١
٦- شایگان، داریوش، بتهای ذهنی و خاطره ازلی،تهران: انتشارات امیرکبیر، ١٣٧١
٧- الیاده، میرچا، چشم اندازهای اسطوره، ترجمه جلال ستاری، تهران: انتشارات توس
٨-کوپ، لارنس، ترجمه محمد دهقانی، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی ١٣٨٤
٩- بیرلین،ج.ف؛ اسطوره های موازی، ترجمه عباس مخبر، تهران: مرکز، ١٣٨٦
١٠-ریویر، کلود؛ درآمدی بر انسان شناسی؛ ترجمه ناصر فکوهی، چاپ هفتم، تهران: نشر نیف ١٣٨٦
١١-فرنبغ ددادگی؛ بندهش؛ گزارش مهرداد بهار، تهران: ١٣٦٩،و ٥.
١٢- گری، جان، اساطیر خاور نزدیک، ترجمه: باجلان فرخی. تهران:انتشارات اساطیر ١٣٧٨
١٣- کاوندیش، ریچارد کاوندیش،اسطوره شناسی:دایرەالمعارف مصور اساطیر و ادیان مشهور جهان، ترجمەی رقیه بهزادی، تهران، نشر علم،چاپ اول،١٣٨٧
١٤-بلان، یانیک، پژوهش در ناگزیری مرگ گیلگمش، ترجمه: جلال ستاری، تهران: نشر مرکز ١٣٨٤

١٥- کەمانگەر، گوڵاڵە، مەم و زین، گۆڤاری هەنار، ژمارەی ٧٢، ڕێبەندانی ٢٧١١
١٦-رابرتسون، آرچیبالد، عیسی اسطوره یا تاریخ، ترجمه: حسن توفیقی، قم: مرکز مطالعات و تحقیقات ادیان و مذاهب ١٣٧٨
١٧-جلالی نائینی،سید محمد رضا؛ هند در یک نگاه؛ تهران: نشر شیرازه،١٣٧٥
١٨-وارنر، رکس؛دانشنامه ی اساطیر؛ ترجمه ابوالقاسم اسماعیل پور، تهران: نشر اسطوره، ١٣٨٦
١٩-ورستاندینگ،آندره؛ امپراطوری اشکانیان؛ ترجمه محمود بهفروزی، تهران: جامی، ١٣٨٦
٢٠-اوستای کهن، ترجمه رضا مرادی غیاث آبادی، شیراز: انتشارات نوید شیراز،١٣٨٢
٢١-آموزگار، ژاله؛ تاریخ اساطیری ایران؛ چاپ دوم، تهران: سمت،١٣٧٦
٢٢-رضی،هاشم؛آئین مهر(پژوهشی در آئین راز آمیز میترایی)؛ تهران: انتشارات بهجت،١٣٨١
٢٣- ------- ؛آئین مغان(پژوهشی در باره ی دین های ایرانی)؛ تهران: سخن،
٢٤- ------- ؛دین و فرهنگ ایرانی پیش از عصر زرتشت؛ تهران:سخن، ١٣٨٢
٢٥----------تاریخ ادیان، جلد دوم (میتولوژی اساطیر و افسانه ها)، تهران: انتشارات کاوه
٢٦- کومن، فرانتس، ترجمه: احمد آجودانی، تهران: نشر ثالث ١٣٨٦
٢٧-یاحقی،محمد جعفر؛ فرهنگ اساطیر و اشارات داستانی؛ تهران: سروش و پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، ١٣٨٥
٢٨- ایونس، ورونیکا؛اساطیر هند؛ تهران: اساطیر،١٣٧٣
٢٩- سرخوش کرتیس،وستا؛ اسطوره های ایرانی؛ ترجمه عباس مخبر، چاپ دوم، تهران: مرکز،١٣٧٦
٣٠- بهار، مهرداد، پژوهشی در اساطیر ایران، تهران: نشر آگه ١٣٨٦
٣١-گاربارینو، مروین؛ نظریه های مردم شناسی؛ ترجمه عباس محمدی اصل، تهران: مؤسسه انتشارات آوای نور، ١٣٧٧

٣٢-قورشی، امان الله، آب و کوه در اساطیر هندوایرانی، تهران: انتشارات هرمس ١٣٨٩

٣٣-اوستا ، گزارش جلیل دوستخواه، تهران: نشر مروارید ١٣٧٩

٣٤-دورکیم، امیل، صور بنیانی حیات دینی، ترجمه: باقر پرهام، تهران: نشر مرکز ١٣٨٣

٣٥-فریزر، سر جیمز، شاخه زرین، ترجمه: کاظم فیرزمند، تهران: انتشارات آگه ١٣٨٦

٣٦- فضایی، یوسف، بنیانهای اجتماعی ادیان ابتدایی، تهران: انشارات پویان١٣٨٤

٣٧-کراپ، الکساندر؛ جهان اسطوره شناسی؛ ترجمه جلال ستاری، چاپ دوم، تهران: مرکز،١٣٨١

٣٨-رید، ائولین؛فمنیسم و مردمشناسی؛ ترجمه افشنگ محمودی، تهران: نشر گل آذین،١٣٨٤

٣٩-------- ؛انسان در عصر توحش؛ ترجمه محمود عنایت؛ تهران: انتشارات هاشمی،١٣٦٣

٤٠- نتسلی،پاتریشیا؛ عصر حجر؛ ترجمه عسگر بهرامی، چاپ سوم، تهران: نشر ققنوس،١٣٨٤

٤١- مشکور، محمد جواد؛ خلاصه ی ادیان؛ چاپ پنجم، تهران: انتشارات شرق، ١٣٧٧

٤٢- بتیس،دانیل- پلاگ،فرد؛ انسان شناسی فرهنگی؛ ترجمه محسن ثلاثی، چاپ سوم، تهران: انتشارات علمی،١٣٨٥

٤٣- کتاک،کنراد فیلیپ؛ انسان شناسی(کشف تفاوت های انسانی)؛ ترجمه محسن ثلاثی، تهران: انتشارات علمی، ١٣٨٦

٤٤- گرین،راجر لنسلین؛اساطیر یونان؛ ترجمه عباس آقاجانی، تهران: سروش، ١٣٦٦

٤٥- طبري، محمد بن جرير. تاريخ طبري (تاريخ الرسل و الملوك). ترجمەي ابو القاسم پاينده. تهران: انتشارات اساطير، ١٣٦٥

٤٦- سی، مارتین، پیشینەی مطالعات اسلامی در غرب، آیینەی پژوهش، شماره ٥٤، بهمن و اسفند ١٣٧٧

٤٧- آنجلیکا نۆیۆرت، قران پژوهی در غرب، مجله هفت آسمان، تابستان ١٣٨٦، شماره ٣٤

٤٨- آذرتاش آذرنوش، راههای نفوذ فرهنگ فارسی در فرهنگ و زبان جاهلی، انتشارات توس، ١٣٧٤
٤٩-غفاری، اصلان، پذیرش اسلام در ایران، دالاس، تگزاس ١٩٩٠
٥٠- دوبوکور، مونیک، رمزهای زنده جان، ترجمه: جلال ستاری، تهران: نشر مرکز ١٣٨٧
٥١- روتون، ک ک ، ترجمه: ابولقاسم اسماعیل پور، تهران: نشر مرکز ١٣٨٥
٥٢- قران (وەرگێڕانی مامۆستا هەژار)
٥٣- تورات
٥٤- سالتز، آدین اشتاین، سیری در تلمود. ترجمه: باقر طالبی دارابی، قم: مرکز مطالعات و تحقیقات ادیان و مذاهب، ١٣٨٣
٥٥- پارەهای انسان شناسی، ناصر فکوهی، نشر نی، ١٣٨٥
٥٦- انجیل
٥٧- بهار، مهرداد، جستاری چند در فرهنگ ایران، انتشارات فکر روز، ١٣٧٣
٥٨- بهار، مهرداد، از اسطوره تا تاریخ، نشر چشمه،١٣٨٧
٥٩- روشبلاو، آن ماری و بورفیون، ادیل؛ روانشناسی اجتماعی، سیدمحمد دادگران، تهران، مروارید، ١٣٧١
٦٠- پارسا، محمد؛ زمینه روانشناسی نوین، تهران، بعثت، ١٣٨٣
٦١- روشنگر، الله اکبر، سانفرانسیسکو، انتشارات پارس ١٣٧٥
٦٢- زمردی، حمیرا؛ نقد تطبیقی ادیان و اساطیر؛ تهران: زوار،١٣٨٢
٦٣- مقصودی، منیژه؛ انسان شناسی خانواده و خویشاوندی؛ تهران: شیرازه،١٣٨٦
٦٤- وایزمن،بوریس؛لوی استروس(قدم اول)؛ ترجمه نورالدین رحمانیان، ١٣٧٦

٦٥- مسعودي، مروج الذهب و معادن الجوهر، ترجمه ابوالقاسم پاینده، (تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب ، ١٣٥٦

٦٦- زندگانی پیامبر اسلام (ترجمه سيرة النبوية ابن هشام ) ترجمه سید هاشم رسولی ، کتابفروشی اسلامیه ، تهران: ١٣٦٤
٦٧-مفرد کهلان، جواد، سرزمین اساطیری دیلمون، سایت بنیاد فرهنگ ایران www. Farhangiran.com

٦٨- انصاری، مسعود، روز قیامت در اسلام، واشنگتن ١٣٧٩
٦٩- روشنگر، الله اکبر، سانفرانسیسکو، انتشارات پارس ١٣٧٥
٧٠- عەلی دەشتی/ بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی/ لاپەڕەی ٢٩
٧١- یحیی نوری، اسلام و عقاید و آراء بشری، چاپ نهم، ١٣٦٠، ص ٢٨٦

٧٢-Abraham .i. katash, judism and islam biblical and talmudis backgrownds of the Quran, new york univ, press, ١٩٤٥, p١٧

٧٣-A.springer, foreign words occurring in the Quran,jornal of the Asiatic society of Bengal ٢١, ١٨٥٢,pp ١٠٩-١١١

٧٤-A. mingana,syriac influence on the style of the Koran, in ibn warraq, ed. What the Koran really say. Amherst: Prometheus books, ٢٠٠٢, pp ١٧٤-١٧٥

٧٥- Macdonald, M.C.A.; Nehmé, Laila. "al-ʿUzzā." Encyclopaedia of Islam, Second Edition. , ٢٠١٢.

٧٦- A. Jeffrey, *Islam: Mohammed and His Religion*, Liberal Arts Press. ١٩٥٨.

٧٧- Campo, Juan Eduardo. “Allah”. J. Gordon Melton. In *Encyclopedia of Islam (Encyclopedia of World Religions)*. ١st ed. Facts on File, ٢٠٠٩.